

AVAYeBUF.com

# زایەڵەی بێدەنگی

توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە
هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان

کامیل ئەحمەدی

# زایەڵەی بڕیدەنگی

## توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت
## بە هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان

کامیل ئەحمەدی

چاپخانەی ئاڤای بووف ١٤٠١
هەتاوی / ٢٠٢٢ زایینی / ٢٧٢٢ کوردی
© AVAYE BUF - 2021

AVAYeBUF .com    avaye.buf@gmail.com

# An Echo of Silence

A Comprehensive Research Study On Early Child Marriage (ECM)

**By: kameel Ahmady**

Publication Technician: Ghasem Gharehdaghi
Publisher: Avaye Buf

# زایەڵەی بێدەنگی

**توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان**

**نووسەر: کامیل ئەحمەدی**

**کاروباری تەکنیکی و بڵاوکردنەوە:**
قاسم قەرەداغی

**چاپخانەی :** ئاڤای بووف

ISBN: 9788794295130
©2021 Avaye Buf
avaye.buf@gmail.com - www.avayebuf.com

| | |
|---|---|
| نووسەر | :کامیل ئەحمەدی |
| ناو و ناوی نووسەر | : زایەڵەی بێدەنگی -[کتێب] / توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە ئێران / نووسەر: کامیل ئەحمەدی |
| زانیارییەکانی چاپخانە | : دانیمارک<br>١٤٠٠ هەتاوی، ٢٠٢٢ زایینی / ٢٧٢٢ کوردی |
| کاروباری تەکنیکی و بڵاوکردنەوە: | : قاسم قەرەداغی |
| زانیارییە ڕوواڵەتییەکان | : ٣٨١ ل.؛ ٢١×٥/١٤ سم. |
| ژمارەی ئەسپاردن | : چاپخانەی ئەنتەرنێتی: ٩٧٨٨٧٩٤٢٩٥١٣٠ |
| پێرستنووسی: بە پێی زانیارییەکانی فیبا | 9788794295130 |
| بابەت | : ئامار/ کۆمەڵناسی / زمانی کوردی |
| DK5 | 30.13: |
| ژمارەی کتێبناسیی نیشتمانی | : 9788794295130 |

- ناوی کتێب: زایەڵەی بێدەنگی
- لە نووسینی: کامیل ئەحمەدی
- چاپی یەکەم: ١٤٠٠ هەتاوی / ٢٠٢١ زایینی / ٢٧٢١ کوردی
- تیراژ: چاپخانەی ئەنتەرنێتی
- چاپەمەنییەکان: ئاڤای بووف - دانیمارک
- ژمارەی ئەسپاردن: ٩٧٨٨٧٩٤٢٩٥١٣٠
- نرخ: بێ‌بەرامبەر
- فایل: PDF + EPUB



ئاماژە بە سەرچاوە بکرێ کێشەی نییە.

بۆ هاواهەنگی کەڵکوەرگرتن لەم بەرهەمە بە هەر شێوەیەک (چاپ، بڵاوکردنەوە، و وەرگێڕان و هەر بەکارهێنانێکی دیکە) تکایە نامە بۆ ئەم ئیمەیلە بنێرن:

لینکی دەستڕاگەیشتنی ئۆنلاینی بە بەرهەمەکان: WWW.AVAYEBUF.COM

**سەرپەرشت و ڕێکخەر:** کامیل ئەحمەدی
**تیمی مەیدانی و گرووپی شیکاری:** فەریبا ئەڵماسی، دکتۆر مەعسوومە مەعارف وەند، ئەحمەد بەساکی، خورەم حافزی، مەهتاب ئەحمەدپوور، فەرهاد ئەسلانی، نەسرین ساڵحی، شلێر فەتاحی
**هەڵەچن:** عەباس شامرادی
**دووبارەخوێندنەوەی دەق:** لۆرێن کووجە، دکتۆر مەعسوومە مەعارف وەند
**ڕاوێژکاران چاودێرانی توێژینەوە:** حومێرا ناز، لۆرێن کووجە
**ڕازێنەری بەرگ:** چیا سە ر سپی
**خشتە و چارتەکان:** محەمەد (جەماڵ) حسێنی
**وە رگێر:** نە سیم غولا می
**پەڕبەندی:** ئومید موقەددەس
**وێنەگری ڕووبەرگ:** موبینا قادرزادە

# پێڕست


سپاس و پێزانین ........................................................ ٩

پێشکیی بڵاڤکەر........................................................ ١٧

پێشەکی ........................................................ ٢١

**بەشی یەکەم: هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان، پێناسە و چەمکەکان ٢٥**

پێشەکییەک لە سەر هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان.................. ٢٧

سەقەتکردنی ئەندامی زایەندیی ژنان و هاوسەرگیری پێشوەختە................. ٣٣

سەقەتکردنی ئەندامی زایەندیی ژنان و منداڵ هاوسەری ـ تێگەیشتنی دوو بگۆڕ ٣٥

یەکسانبوونی ئاخێزگەی سەقەتکردنی ئەندامی زایەندیی ژنان و هاوسەرگیریی پێشوەختە........................................................ ٤١

هاوسەرگیریی پێشوەختە و چەن هاوسەری........................................ ٥٤

چاوخشاندنێک بە پەرەسەندنی جیهانی منداڵ هاوسەری.......................... ٥٩

پێداچوونەوەیەک بە ئەدەبیاتی لێکۆڵینەوە........................................ ٦٦

باوبوونی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە ئێران.......................... ٧١

ئامارەکانی هاوسەرگیریی منداڵان لە وڵاتی ئێران .............................. ٧٤

ڕیشە مێژووییەکانی هاوسەرگیری پێشوەختە لە وڵاتی ئێران ..................... ٧٨

باس و ئەنجامی کۆتایی........................................................ ٨٠

**بەشی دووهەم: یاسا، ئاین و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان ................ ٨٣**

ڕوانینی گشتی، تەمەنی ڕەزامەندی هاوسەرگیری پێشوەختە لە بەستێنی یاسای جیهانی ........................................................ ٨٤

هاوسەرگیری منداڵان ........................................................ ٨٥

تەمەن........................................................ ٨٦

هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە شەڕ و ململانێ .......................... ٨٩

سووریا ........................................................ ٩٤

عێراق........................................................ ٩٦

لوبنان ........................................................ ٩٧
کەمپی پەنابەری............................................................. ٩٨
ژنان و کچانی کوردی ئێزدی.................................................. ١٠٠
تەمەنی لانیکەم لە ئەورووپا............................................... ١٠٢
لانیکەمی تەمەنی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست..................................... ١٠٥
بەستێنی یاسایی لانیکەمی تەمەنی هاوسەرگیری ................................ ١٠٧
دەسەڵاتی ئایین ............................................................. ١٠٩
ئایینی ئیسلام............................................................. ١١٢
بگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ......................................................... ١١٤
هاوسەرگیری بەرنامە بۆ داڕێژراو، هاوسەرگیریی زۆرەملێ و ژن بە ژن ......... ١١٨
ئاڵوگۆڕی ژنان (ژن بە ژن) ................................................... ١١٩
هاوسەرگیری زۆرەملێ ـ هاوسەرگیری بە بەرنامە.................................... ١١٩
گورگان، پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات........................................... ١٢٠
گوندی عەلیاوای قشلاق، مەلەکان، پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات....... ١٢١
تەندروستی دەروونی ........................................................... ١٢٤
ئاستی خوێندن ................................................................ ١٢٦
خوێندن و ژێرخانی کۆمەڵایەتی کەلتووری .......................................... ١٢٩
تەڵاق و منداڵ بێوەیی ............................................................ ١٣٢
هاوسەرگیری منداڵان لە وڵاتی ئێران ............................................ ١٣٦
هاوسەرگیری پێشوەختە وەک جۆرێک توندوتیژی بە پێی زایەند............... ١٣٦
تەمەنی ڕەزامەندی / هاوسەرگیری لە وڵاتی ئێران ............................. ١٤٠
کورە منداڵەکان.............................................................. ١٤٧
ڕۆڵی ئایین لە بەهێز کردنەوەی منداڵ هاوسەری.................................... ١٤٨
ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی ئێرانی.................................................... ١٥٠
ئەنجامی کۆتایی ............................................................. ١٥١
**بەشی سێیەم: ئەنجام و دەستکەوتەکانی توێژینەوە ................. ١٥٣**
پێش زەمینەی لێکۆڵینەوە ......................................................... ١٥٥
ئاراستەی لێکۆڵینەوە ............................................................ ١٦٠
لێکۆڵینەوەی پارێزگایی ........................................................ ١٧٤
پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی...................................................... ١٨٠

مشکان، سەبزەوار ........................................................ ١٨٤
ئەنجامی پێوانەکان........................................................ ١٨٨
پێش زەمینە................................................................ ١٩١
زک و زای ژنان ........................................................... ١٩٣
بە باوک بوونی پیاوان ................................................... ١٩٥
هاوسەرگیری و بڕیاردان.................................................. ١٩٦
ڕووبەڕووبوونەوە لەگـەڵ ڕاهێنـانی زایەنـدی و پـەیامی ڕێگریانـە لـە هاوسـەرگیری منداڵان......................................................... ١٩٨
ڕوانگەکان لەسەر زایەند................................................... ٢٠٠
٢. پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات ....................................... ٢٠٢
پێداچوونەوەیەک بە بەڵگەکان............................................... ٢٠٤
ئەنجامی پێوانەکان........................................................ ٢٠٧
پێش زەمینە................................................................ ٢٠٨
زک و زای ژنان ........................................................... ٢١٠
بە باوک بوونی پیاوان ................................................... ٢١١
هاوسەرگیری و بڕیاردان.................................................. ٢١١
بینینی ڕاهێنانی زایەندی و پەیامی ڕێگیرانە لە هاوسەرگیری منداڵان .......... ٢١٤
ڕوانگە زایەندییەکان........................................................ ٢١٤
توند و تیژی ناوماڵی پیاوان............................................... ٢١٧
٣. پارێزگای خووزستان ...................................................... ٢١٩
پێداچوونەوەیەک بە سەر بینراوەکان....................................... ٢٢١
دەستکەوتەکانی ئەندازە گرتن.............................................. ٢٢٦
پێش زەمینە................................................................ ٢٢٧
زک و زای ژنان ........................................................... ٢٢٩
بە باوک بوونی پیاوان ................................................... ٢٣٠
هاوسەرگیری و بڕیاردان.................................................. ٢٣٠
بینینی ڕاهێنانی زایەندی و پەیامی ڕێگرییانە لە هاوسەرگیری منداڵان......... ٢٣٣
ڕوانگە زایەندییەکان........................................................ ٢٣٤
توند و تیژی زایەندیی ژنان ............................................... ٢٣٨
توند و تیژی ناو ماڵی پیاوان............................................... ٢٤٠

٤. سیستان و بەلووچستان........................................................ ٢٤١
پێداچوونەوەیەک بە بەڵگەکان...................................................... ٢٤٢
دەستکەوتەکانی پێوان ................................................................ ٢٤٨
زک و زای ژنان ........................................................................ ٢٥٢
بە باوک بوونی پیاوان ............................................................... ٢٥٣
هاوسەرگیری و بڕیاردان.............................................................. ٢٥٣
ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕاهێنانی زایەندی و پەیامی ڕێگرییانە لە هاوسەرگیری منداڵان............................................................................. ٢٥٦
ڕوانگە زایەندییەکان.................................................................... ٢٥٧
توند و تیژی زایەندیی دژ بە ژنان .................................................... ٢٥٨
توند و تیژی ناو ماڵی پیاوان........................................................... ٢٥٩
٤. ئازەربایجانی ڕۆژاوا (ورمێ)...................................................... ٢٦٠
پێداچوونەوەیەک بە بەڵگەکان...................................................... ٢٦٢
دەستکەوتەکانی پێوانەکان............................................................ ٢٦٨
زک و زای ژنان ........................................................................ ٢٧٢
بە باوک بوونی پیاوان ............................................................... ٢٧٣
هاوسەرگیری و بڕیاردان.............................................................. ٢٧٣
ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕاهێنانی زایەندیی و پەیامی ڕێگریانە لە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان .................................................................. ٢٧٥
ڕوانگە جنسییەکان.................................................................... ٢٧٦
توند و تیژی جنسی دژ بە ژنان ...................................................... ٢٧٩
توند و تیژی ناو ماڵی پیاوان........................................................... ٢٨٠
٦. هورمزگان.............................................................................. ٢٨١
پێداچوونەوەیەک بە بەڵگەکان...................................................... ٢٨٢
دەستکەوتەکانی پێوانەکان............................................................ ٢٨٤
پێش زەمینە............................................................................. ٢٨٦
بە باوک بوونی پیاوان ............................................................... ٢٨٨
هاوسەرگیری و بڕیاردان.............................................................. ٢٨٩
ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕاهێنانی زایەندیی و پەیامی ڕێگرییانە لە هاوسەرگیری منداڵان............................................................................. ٢٩١

ڕوانگە زایەندییەکان............................................................ ٢٩٢
توند و تیژی زایەندی بەرامبەر بە ژن ........................................ ٢٩٣
توند و تیژی ناو ماڵی پیاوان.................................................... ٢٩٤
٧. ئیسفەهان ........................................................................ ٢٩٥
ئەنجامەکانی پێوانەکان ........................................................... ٢٩٧
پێش زەمینە........................................................................ ٢٩٨
بە باوک بوونی پیاوان ............................................................ ٣٠٠
هاوسەرگیری و بڕیاردان.......................................................... ٣٠٠
ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ ڕاهێنانی زایەندی و پەیامی ڕێگرییانە لە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان ................................................................ ٣٠٢
توند و تیژی زایەندی دژ بە ژنان.................................................. ٣٠٣
ڕوانگە زایەندییەکان............................................................ ٣٠٤
توند و تیژی ناو ماڵ.............................................................. ٣٠٥
توند و تیژی زایەندی بەرامبەر بە ژن ........................................ ٣٠٥
توند و تیژی ناو ماڵی پیاوان.................................................... ٣٠٦

**بەشی چوارەم: ڕێکار و ئەنجامەکان ........................ ٣٠٧**
ئەنجام گرتن........................................................................ ٣٠٩
دەست ڕاگەیشتن بە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان ........................ ٣٢٢
هۆکارە سەرەکییەکانی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان ...................... ٣٢٩
هاوسەرگیریی پێشوەختە و خەسارهەڵگری ئامانجەکانی گەشەی هەزارە..... ٣٣٣
پێشنیارەکان ......................................................................... ٣٤٠
سەرچاوە............................................................................ ٣٦١

## سپاس و پێزانین

سەرەڕای ئەوەی ئەم توێژینـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ دوو سـاڵ بـەر لـە ئێسـتا، کاتێکی زۆرم بۆ ئەم کتێبە تـەرخان کـرد بـۆ ئـەوەی گـڕ و تینـی خـۆم بـۆ گەیشتن بە زانسـتێکی قـووڵتر سـەبارەت بـە هاوسـەرگیریی پێشـوەختەی منداڵان دابمرکێنم. ئەم قۆناغە بۆ من سەفەرێکی سەرنجڕاکێش و لێوانلێـو لـە فێربـوون لـە هـەر دوو بـواری تاکەکەسـی و کـاریی بـوو. مـن ئـەم توێژینەوەیە بە سـەفەرێک دەزانـم کـە تێیـدا هـەڵقوڵینی هەسـتەکانم لـە هـەڵبژاردنی شووناسـی کارەکـە، وەک بزوێنـەرێک لـە تـەواوکردن و ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە یارمەتی دام.

توێژینەوە سەبارەت بە هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان ڕیشـەیەکی قووڵی هەیە لە توێژینەوە و کتێبەکەی پێشووم[1] کە سـەبارەت بـە خەتەنـەی ژنان بوو؛ ئـەو کاتـەی وا پـاش تێپـەڕینی چەنـدین سـاڵ لـە ئـەورووپاوە گەڕامـەوە بـۆ زێدەکـەم واتـە کوردسـتانی ئێـران، وەک لـە بەرهەمەکـەی پێشوومدا لە ساڵی ١٣٩٤[2] سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران دەبینرێ.

من لە هەندێ لە ناوچە گوندنشینەکانی ئێراندا هاوسەرگیریی منداڵانم

1. http://kameelahmady.com/

2 ـ ئەحمەدی، کامیل (١٣٩٤)، بە ناوی نەریت، توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران، چاپخانەی شیرازە .

بەدی کـردووە و زانـیم کـە هـەر دوو پرسـی هاوسـەرگیریی پێشـوەختەی منداڵان و خەتەنەی ژنان بـە جۆرێـک هاوپەیوەنـدن و هەنـدێ جـار بـە شـێوەی هاوکـات وەک تونـد و تیژییـەک لـە دژی ژنـان دەسـەپێندرێن. خەتەنەی ژنان و هاوسەرگیریی منداڵان لە ناوچەی کوردستان و تەنانـەت لە ناو زۆرێک لە خزم و کەس و بنەماڵەکەم بابەتێکی نامۆ و نـوێ نـەبووە. لە کاتی کاری مەیدانی سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە وڵاتی ئێران کـە لـە سەر ئاستی هەر چوار پارێزگا کە زیاترین ڕێژەی خەتەنەی ژنانیان لە خـۆ گرتبوو،[3] بۆم دەرکـەوت کۆمـەڵێکی زۆری بەشـداربووانی لێدوانەکـە ئـەو مێرمنداڵانە بوون وا لە تەمەنێکی زۆر کەمـدا هاوسـەرگیریان کردبـوو. نـە تەنیا ئەم کچە کەم تەمەنانە ئێستا هاوسەر و دایک بوون، بـەڵکوو زۆرێـک لە کوڕانیش باوک و مێرد بوون. ئەمە ئەنگێزەی منی بۆ زیاتر زانین لـە مـەڕ هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان بزوواند بۆ ئەوەی وڵامی ئـەم پرسـیارە بدەمەوە کە ئایا لە نێوان ئەم دوو دیاردەیە پەیوەندییەکی لۆژیکی هەیە یـان نا؟ و خۆم بۆ ئەم توێژینەوە - کە ئێستا بە شـانازییەوە پێشکەشـی دەکـەم - ئامادە بکەم. قەبارەیەکی زۆری زانیاری لەم توێژینەوەدا کۆ کـردوە و هـەتا هەنووکە شرۆڤەی تەواویان بەردەوامە و ئـەم کتێبـە لـە لایـەن چاپخانـەی NOVA[4] بە زمانی ئینگلیزی چاپ کراوە و ئەو پەڕی هەوڵم ئەوە بـووە کـە بە زمانی فارسی و کوردیش چاپی بکەم.

مزگێنییـەکی خـۆش ئەوەیـە کـە ڕێـژەی هاوسـەرگیریی پێشـوەختەی منداڵان لە زۆرێک لـە وڵاتـان لەوانـە وڵاتـی ئێـران، ڕووی لـە دابەزینـە. سەرەڕای ئەوە هێشتا بۆ بردنە سەرەوەی تەمەنی هاوسەرگیری و بنەبڕکردنی

---

3. http://kameelahmady.com/fa/fgm-in-iran

4. http://kameelahmady.com/fa/fgm-in-iran

منداڵان وەک هاوسەر دەبێ زۆر کار بکرێت.

من وێڕای زۆرێک لە توێژەرە هاوبیرەکانم پێمان خۆشە دەستی هاوکاری خۆمان بەرەو لای دەوڵەت درێژ بکەینەوە و ئامادەیی خۆمان ڕابگەیێنین بۆ ئەوەی لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری سەبارەت بە هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە ئێران هەوڵی نیشتمانی خۆمان بخەینە گەڕ و هاوکاری بنوێنین بۆ ئەوەی بنەبڕکردنی هاوسەرگیریی منداڵان و بەرزکردنەوەی تەمەنی هاوسەرگیری بچێتە بواری جێبەجێ کردن، لە نێوان فاکتەرە پەیوەستەکانی گوتارێک ساز ببێت و هەر هەنگاوێک لەگەڵ پەیمانەکانی مافەکانی مرۆڤ هاوئاهەنگ ببێت.

دەوڵەتی ئێران یەکێک لە واژۆکەرانی ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی مافەکانی منداڵە و دەبێ هەموو پەیماننامە وەدواکەوتووەکانیش لەم بوارەدا پەسند بکات و هەروەها ڕێبازێکی کردەیی و گشتگیر بۆ بەرەنگار بوونەوەی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان گەڵاڵە بکات. وەها بەرنامەیەک دەبێ گشتگیر بێ و تەنیا بۆ ئەم مژارانە سنووردار نەکرێتەوە:

پابەندێتی و گیرۆدە کردنی کەسایەتییە کاریگەرەکان ، خۆجێیی و ئاینییەکان (بە پێی سرووشتی هەستیار و کلتووری ئەم بابەتە)

گەڵاڵە و جێبەجێ کردنی بەرنامەیەکی ڕاهێنانی نیشتمانی کە پتر لە هەر شتێک دەبێ بەرزکەرەوەی ئاستی وشیاری سەبارەت بە مەترسییەکانی منداڵ هاوسەری بێت.

کۆمەڵێک یاسای نوێ بۆ هەڵکشاندنی تەمەنی هاوسەرگیری و تەنانەت بە تاوان ناسینی پەسند بکرێت (بۆ لێکۆڵینەوەی ڕێکاری زیاتر بڕوانە بەشی چواری کتێب).

دەوڵەت دەتوانێ لە ڕێگەی ئەزموونی نێودەوڵەتیی جۆراوجۆرەوە و

سەرکەوتنی بەرەنگار بوونەوەی منداڵ هاوسەری بـۆ نموونـە بەرنامـەکانی یوونیسێف و هەروەها لـە ڕێگـەی لێهـاتوویی شـاراوەی ئەنجوومەنـەکان لەوانە NGOـکان و ڕێکخراوە خۆماڵییەکانی ئێران، لە دژی هاوسەرگیری پێشـوەختەی منـداڵ دژایـەتی خـۆی ڕابگـەیێنێت. بـۆ ئەنجامـدانی ئـەم لێکۆڵینەوەیە پێویستە پێـزانین و دەستخۆشـی خـۆم ئاراسـتەی زۆر کـەس بکەم کە لەم توێژینەوەدا و لە ماوەیەکی کاتیدا پاڵپشتیان کردم. حەزم لێیـە بەتایبەتی سپاسی شەفەق ڕەحمانی بکەم کە لە هەموو قۆناغە دژوارەکـانی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەگەڵم بوو و هەمە چەشنە هاندەرم بوو و تـا دوا هـەنگاو هاوکاری کردم و هەروەها ئەو دۆست و هاوڕێیانەی کە بـۆ درێـژەدان بـەم توێژینەوە هانیان دام.

سپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم وا کـۆ بوونـەوە و گێڕانـەوەکانی ئـەم کارەیان کۆ کردەوە و تاوتوێیان کرد بۆ ئەوەی لەم ڕێگەوە بتوانم ڕاپۆڕتێکی گشتگیر بخەمە ڕوو. ئەو پـەڕی دەستخۆشـی خـۆم ئاراسـتەی هەڵـەگیرە ئینگلیزی زمانەکەم واتە لۆرێن کانس دەکەم بۆ پێداچوونەوە و هەڵـەچنی. بەتایبەتی سپاسی یاریدەدەر و هاوکارانم، فەریبا ئەڵماسی و حومێرا ناز لـە وڵاتی پاکستان دەکەم کە لە هەموو قۆناغەکانی ئـەم توێژینـەوەدا لەگـەڵم بوو و نەک وەک یاریدەدەر بەڵکوو وەرگێڕ، لێکۆڵـەری بەشـی مەیـدانی و ڕاوێژکار یارمەتیان دام. هەروەها دەستخۆشی لە هـەموو ئەوانـە دەکـەم وا ویستیان ناویان لێرەدا نەیەت، بۆ ئەو هاوکاری و چاکەییەی کە لە درێژەی ئەم توێزینەوەدا بوویان.

لە سەرتاسەری ئەم توێژینەوەدا زۆر کەس و ڕێکخراو بۆ تـەواوکردنی ئەم پڕۆژەیە هاوکاریان نواند. ئـەم توێژینـەوە بەتایبـەت لـە بەشـی کـاری مەیدانیدا، تەنیا بە لێکۆڵینەوەی دەرخستن، ڕاهێنانی مەیدانی، پشتیوانی و

هاوکاری ئەوان بەدی هات. لەم بارەوە سپاسی فەریبا ئەڵماسـی، حـومێرا ناز و دکتۆر مەعسوومە مەعارف وەند دەکەم. هەر هـەموو خـزم و کـەس، دۆستان لە سەر ئاستی حەوت پارێزگاکـە کـە ئیشـی توێژینـەوەییان تێـدا ئـەنجام درا، بـۆ پاڵپشـتی، میـوانگری و ڕا و بۆچـوونی هزرمەندانـە و پێشنیارەکانیان دەستخۆشیان لێ دەکەم و لێـرەوە ئەوپـەڕی سپاسـی خـۆم ئاراستەی ئەم کەسانەی ژێرەوە دەکەم:

لە پارێزگای هورمزگان؛ شـیرین تەلنـدە، مەولـەوی ئامینـە ڕەسـتگار، ئەحمەد بەساکی و خوڕەم حافزی.

بـە دڵ سپاسـی ئـەو کەسـانە دەکـەم وا لـە پارێزگـای ئیسـفەهان لـەم توێژینەوەدا پاڵپشتیان نواند، بەتایبەت گۆلیتـا حسـێن پـوور ئیسـفەهانی، جەمیلە هاشـمیان، سـادق هومافـەر، عەبـدولقادر ئەحمـەدی، مـەهتاب ئەحمەدپوور و پەروین فەرهەنگ.

لە پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی، لە یارمەتی بەتین و دۆسـتانەی فاتمـە بونەسیری، مەولەوی عەلیڕەزا ئیلخانی فەرەح ئابادی، فـەرهاد ئەسـڵانی، نەسرین ساڵەحی و پەریسا ئەرغیانی سوودمەند بووین. سپاسیان بکەم.

ئـەم لێکۆڵینەوەیـە قـەرزداری هاوکـاری و یارمـەتی کەسـانێکی وەک سدیقە عاشقی، میرئیبراهیم حسێنی، کوورش دووچانی و هاوسەرەکەی، پۆیا ڕەستگار و ئومێد ڕەحمانی لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات. لـە پارێزگای خوزستان مەنسـوور ئیسـکەندەری، سـیرووس خـانزادە، لـەیلا خۆشکام، موجتەبا گەهسـتوونی، نـەرگس نـازمی نیـا، ئـەمیر هۆشـەنگ عارفیـان، عیزەتـوڵا جەعفـەری، کـەریم ئـەبووخانی، مەرزییـە لـۆرکی، سـەمەندەر ئەبوودەولـە، زەهـرا خزاعیـل و فـەریبا زەنگەنـە پشـتیوانانی پایەبەرزی ئەم توێژینەوەیە بوون.

لــە پارێزگــای سیســتان و بەلووچســتان لــە نووســینگەی مــەولانا عەبدولحەمیــد ئیســماعیل زێهــی، حــاج فــەیزوڵا ڕیگــی، مەولــەوی عەبدولسەمەد محەمەدی جزینکی، عەبدولباقی ئەحمەدی، ڕەسوول نــام، مەولوود ئیسماعیل زێهی و فریشتە سەربازی و لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا مەلا حەسەن واژی، شلێر فەتاحی، محەمەد ڕەسوول ئازین، کەریم ڕەحمان پوور، ژینا تەبەسووم، پەروین عەبدوڵاهی و نازدار حسێنی لە بەر پشتیوانییە ماندوو نەناسانەکەیان دەستخۆشیان لێ دەکەم.

هەروەها ئەوپەڕی پێزانینم هەیە بۆ لوتفوڵا موحسێنی، کازم عــەلیزادە، مەنسوور تەوەکولی، مینا پووری، شەیما قۆشە، زیبــا جــەلالی، مــەهتاب مەردفەرد، نوورهیم ئادلیس، فابین متیۆ، جان چووا، غەزەل ئاریان، کەسرا پاڵەوانی، محەمەد حسێنی و پێــدرام وەرشــۆیی بــۆ پشــتیوانی کــردنم بــۆ ڕوونوێنی کردن لەم توێژینەوەیە. هەروەها دەستخۆشی لە هەموو زانایــانی ئاینی، ناوەندە ئاینییەکان و دیکەی ئەو کەسایەتییە ناسراوانە دەکەم کە لــەم توێژینــەوەدا هاوکــارم بــوون. بەتایبــەتی سپاســی مــەولانا عەبدولحەمیــد ئیسماعیل زێهی و هاوکارەکانی، حــاجی مــەلا محەمــەد حەســەن واژی، مەولەوی عەلیڕەزا ئیلخانی فەرەحابادی و هاوســەرەکەی مەولــەوی فاتمــە بوونەسیری،  مەلا ڕەحمەتوڵڵا، مەولەوی عەبولسەمەد محەمەد جزینکی، حاج ئەحمەد پەناهی، شێخ محەمەد تنۆ، عەلیڕەزا نووری و حاجی نــوور محەمەد محەمەدی دەکەم بۆ ئەو پشتیوانییە مەزنەی کــە لــەم توێژینــەوەدا گرتبوویانــە ئەســتۆ. هــەروەها سپاســی مەولــەوی ئامینــە ڕەســتگار و قوتابخانــەی حــەوزەی عیلمییــەی مەشــهەد و زانایــانی ناوەنــدەکانی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا و ئیسفەهان دەکەم.

دەســتی مانــدووبوونی بــەڕێزان ســیرووس خــانزاد و مــەلا محەمــەد

ڕەسووڵ ئـازین دەگووشـم کـە وەک ڕێبـەرانی ئـاینی ئتنیکیـی و هـۆزیی زانیاری بەسوودیان پـێ بەخشـین. بەتایبـەت سپاسـی وەزارەتخانـەکان و نوێنەران لەوانە کەسانی بـەرپرس لـە خزمەتگوزارییـە کۆمەڵایەتییـەکان، تەندروستیی و زانکۆیی زانستە پزیشـکییەکان دەکـەم چوونکـە زانسـت و زانیارییەکانی خۆیان بۆ تەواو کردنی ئەم پڕۆژەیە لە ئێمە نەشـاردەوە، بـەو هیوایـەی دەوڵـەت بـۆ زانسـتێکی تـەواوتر و گشـتگیرتر سـەبارەت بـە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان هان بدات و گرینگی خەبات لـە دژی ئەم دیاردە گرینگەیان وەبیر بهێنینەوە.

**کامیل ئەحمەدی**

١١ـی ئۆکتۆبری ٢٠١٦ هاوکات لەگەڵ

٢٠ـی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٥

ڕۆژی جیهانیی کچۆڵەکان

## پیشکیی بڵاڤکەر

ئێران وڵاتێکە کە لە کۆنەوە پێکهێنانی بنەماڵە وەک بنیاتنانی ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی و کۆڵەکەیەکی گرینگ و پیرۆزی لە ناو خـەڵک بـووە و هـەر لەبەر ئەمەش پێگەی هاوسەرگیری بە شێوەی ئەرکێکی ئـاینی بایـەخی لـە کارکردی کۆمەڵایەتی زیاتر بووە و کۆمـەڵگا پەسـندی کـردووە. دیـاردەی هاوسەرگیری لە ڕۆژگارێک کە لە کۆمەڵگاکانی هێند و ئەورووپایی، ژنان دەڕفێنران و کڕین و فرۆشتیان پێوە دەکرا، لە وڵاتی ئێران وەک گرێبەستێک و لە چوارچێوەی دیسیپلین و یاسای ئاینی پیـرۆزی زەردەشـت هـەبووە و ڕێزی بووە. دەسەڵاتداران و دەوڵەت بە شـێوەی سیسـتماتیک پشـتیوانیان لەم ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و ئاینییە دەکـرد و چ لـە ڕووی دارایـی و چ لـە ڕووی مەعنەوییەوە ئامادەکاری و  مارە بڕینی هاوسـەرە گەنجـەکانیان بـە ئەرکی خۆیان دەزانی. بەم شێوەیە ئەم پڕۆسـەیە بـەردەوام و تۆکمـە بـوو و تەنیا ئەم ئەرکە لە گەردنی بنەماڵە نەبوو تا لە بـارودۆخی نالـەباردا دەسـت بدەنە ئەو شێوازانەی وا ئێستا بەدی دەکەین. پێکهێنـانی بنەماڵـە ئـەرکێکی پیرۆزە بەڵام لە هەژاری و ناوشیاری و بێپشتیوانیدا ڕێگەیـەکی ناچارییـە کە دەبێ بە هەر چەشن و فێڵێکی جـوان بـێ ئـەنجام بـدرێ و هـەر ئـەم هەەنگاوە دەبێتە هۆکاری زۆرێک لە ڕفتارە خەساربەخشـەکان. یـەکێکیان هاوسەر منداڵی یان هاوسـەرگیریی پێشـوەختەیە. ئامـاری هاوسـەرگیری پێشوەختە لە جیهاندا سەرسامهێنەرە: ساڵانە بۆ ١٥ ملیۆن کـچ، واتـە ٢٨

کچ لە هەر خوولەکێک و کچێک لە دوو چرکەدا هاوسەرگیریی پێشوەختە ڕوو دەدات. ئـەم ئامـارە لـە ئـەمریکای باشـوور لـە مـاوەی پـانزە سـاڵی ڕابردوودا گەیشتە ٢٠٠ هەزار منداڵ کە ڕێژە ڕاستەقینەکەی لەوە زیاترە.

هاوسەرگیریی پێشوەختە واتە هاوسەرگیری زووتر لە تەمەنی یاسایی و ئەمە لە حاڵێکدایە کە هاوسـەرگیری ژێـر تەمـەنی یاسـایی، پێشـێلکردنی مافـەکانی مرۆڤـە کـە کۆمـەڵگا و دەوڵـەت بـۆ ئـەم بابەتـە بێدەنگییـەکی سەرتاسـەریان هـەڵبژاردووە. لـە ولاتـی ئـەمریکا کـەمترین تەمـەنی هاوسەرگیری ١٨ ساڵانە بەڵام هـەر ویلایـەتێک بـۆ خـۆی لێخۆشـبوونی وەک دووگیانی منداڵ و یان ڕەزامەندی دایک و باوکی هەیە کە دەبێتە هۆی منـداڵ هاوسـەری. لـە دوای هەڵمـەتی ڕێگـری بـێ پـێچ و پـەنای هاوسەرگیری پێشوەختە، ویلایەتەکان بەرهەڵەستی نەریتی ئێتنیکی و ئاینی خەڵک دەبوونەوە.

تەنانەت لە ئامۆژگارییە نەریتییەکانیشدا لە کاتی هاوسەرگیری کچـان و کوڕانی مێرمنداڵ هەندێ تایبەتمەنـدی بـە پێویسـت زانـراوە. چوونکـە هاوسەرگیری و پێکهێنانی بنەماڵە بەر لە باڵقبوون و پێگەیشـتنی زایەنـدیی پێویستی بە بـاڵقبوون و پێگەیشـتنی عـەقڵی و کۆمەڵایەتییـە. پاراسـتن و درێـژەدان بـەم ناوەنـدە بەنـدە بـە بـوونی وشـیاری پێویسـت و هەسـتی بەرپرسایەتی دوو لایەنی پێکهێنەر. ناتوانین چاوەڕێی مۆعجیزە لـە کـچ و کوڕێک بکەین کە لـە چـەمکی ڕاسـتەقینەی بنەماڵـە، یاسـا و ئەرکـەکانی بێئاگان، نەخوازە ئەرکی دایک و باوکایەتی. بەدەر لەوەش بە هۆی منـداڵ هاوسەرییەوە دوگیانبوونی منداڵان لەو مەترسیانەیە کە هەم دایکی منداڵ و هەمیش منداڵەکەی دەگرێتەوە. منداڵ هاوسەری بەرهەمی هەژارییە کـە لە شارەکاندا کەمتر لە گوندەکان ڕوو دەدات.

لە هەلومەرجی ئـابووری و کۆمەڵایـەتی نالـەبارەوە کۆمـەڵگای ئێمـە بێ‌گومان هەڵگری دیاردەی کۆمەڵایەتی ڕوو لە زیادبوونە و هـەمووجۆرە دەبێتـەوە و لێرەدایـە کـە ئـەرکی ڕێکخـراوە کاربەدەسـتەکانی کاروبـاری هاوسـەرگیری و پێکهێنـانی بنەماڵـە گرینگتـر دەبـێ و دەبـێ پێشـەکی پێداویستییەکانی هاوسەرگیرییەکی ئاسان دابین بکـەن. پێشـەکییەک کـە نـەک تـەنیا مادییـە بـەڵکوو لایـەنی فێرکـاری و پشـتیوانی گونجـاوی بـۆ هەڵگرتنی بەرپرسایەتی گرینگی بنەماڵەی لە خۆ گرتووە.

ئەوەی لە چوارچێـوەی بـەڕێوە بردنـی دەوڵـەت و لـەم بـوارەدا بـەدی دەکرێت، گرینگی نەدانە بە گوتـاری هاوسـەرگیری و پێویسـتییەکانی کـە زیاتر هێمای شـانۆیی و دروشـمییە و بـە بـێ ڕەچـاوگرتنی ڕاسـتییەکان و گۆڕانکارییـە کۆمەڵایـەتی و کلتوورییـەکان تـەنیا بـە هانـدانی گوتـار بـۆ هاوسەرگیری کۆتایی پێ دێت. تەنانەت بوونی کۆمەڵێ زۆری ناوەند لـەم بوارەدا و ئەو شان بە شانییانەی کە لەم کاروبارەدا بەرپرسـن، تـەنیا لەسـەر ڕەد کردنەوەی غەرەزی ئەم کارە چالاکن .

لەوانەیـە بـۆ پتـەوکردنی بنـەمای بنەماڵـەی مـۆدێرن و ئـەوڕۆیی سەرپەرشتێکی چاکخواز و پسپۆڕێکی دیاریکراومـان نـەبێت و هـەر ئـەم بۆشـاییە ئـەنگێزەی سـەرەکی بـۆ پێکهێنـانی زەعیـف کـردووە و بـەرەو چەواشەی بردووە. ئاماری لـە ڕادە بـەدەری هاوسـەرگیری پێشـوەختە لـە کۆمەڵگای ئێمەدا تەنیا یەکێک لە دەرهاویشتەکانیەتی.

نووسـەری ئـەم کتێبـە هـەموو لایەنـە جۆراوجۆرەکـانی دیـاردەی هاوسـەرگیری پێشـوەختەی لێـک داوەتـەوە و هەوڵەیـەتی لـە بـوارێکی دەسـتلێنەدراوی توێژینـەوە و لێکۆڵینـەوەی زانسـتی، ئاخێزگـەی دیـار و نادیاری تاوتوێ بکات. هیوامان وایە ئەم توێژینەوە هەنگاوێک بێ لە پێناو

ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگا و خاوەن ڕاکانی ئەم بوارە.

زیبا جەلالی نائینی

## پێشەکی

لە ڕوانگەی زۆرێک لە کارناسان، منـداڵ هاوسـەری یـان هاوسـەرگیریی پێشوەختە کاریگەری لە سەر ژیـانی منـداڵان دادەنێـت و بـە کاریگـەری زیانبەخش بۆ سەر تەندروسـتی، ئـاڵۆزتری دەکـات و لـە هـەر ئاسـتێکی پێشـکەوتن، گەشـەدان، بپێشـڕەوی تاکـە کەسـی دەیخاتـە ژێـر ڕکێفـی خۆیەوە. لە هەندێ لە وڵاتانی ڕوو لە گەشە، هاوسەرگیری پێشوەختە وەک ئامرازێکی ئابووری دادەنرێت کە دەتوانێ بـاروودۆخی ئـابووری بنەماڵـە باشـتر بکـات، دەتـوانێ پەیوەندییـە خێزانییـەکان پتـەوتر بکـات و دەسـتەبەرییەک بـێ بـۆ کچێتـی کچـان بـەر لـە هاوسـەرگیری چوونکـە ئارەزووی زایەندییان کۆنترۆڵ دەکات و دەتـوانێ ڕێگـری لـە چوونـە نـاو تەمـەنێک بکـات کـە کچـان لـە ڕووی زایەندییـەوە [5] وەک هاوسـەر سەرنجڕاکێش نەبن (ئەلمۆ، ١٣٨٦). لە لایەکی دیکەوە کێشـەی ئـاڵۆزی دووگیان بوون گرینگترین هۆکاری مەرگی کچانی نێوان تەمەنی ١٥ بۆ ١٩ساڵەیە (سندووقی حەشیمەتی ڕێکخراوی نەتەوە یـەکگرتووەکان ١٣٩١). هەروەها، ئەم چەشنە کێشانە لەو ئەنجامە ئەگەرییانەن کە کچـان دەخاتـە بەر مەترسی نەخۆشیەکانی جووتبوونی نێر و مێ وەک ئایدز.

بە پێی ئاراستەی کۆمەڵایەتی، ئەمە کۆتایی هاتنێکی بێ بەزەییانەیە بـە خوێندن و سەربەخۆبوونی کچان کە هـەتا ئاسـتی کاڵایـەکی ڕیکلامـی

5. sexuality

لاوازیان دەکات. هاوسەرگیریی پێشوەختە یان منداڵ هاوسەریی، بە هەر چەشنە هاوسەرگیرییەک دەوترێ کە ژێر تەمەنی ١٨ ساڵان بێت (یوونیسێف، ١٣٨٠). ئەمە لە بەهای نەریتی و عورفییەوە هەڵقووڵاوە و لە سەر ئاستی هەر دوو ناوچەی شاری و گوندی زۆر بەرچاوە. منداڵ هاوسەریی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دیاردەیەکی نوێ نییە و ئێستاش سەرنجی گشتی، لەوانە بنەماڵەکان و هەروەها توێژەران، گرووپەکانی پارێزەری مافەکانی منداڵان، ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان و زۆرێک لە سیستەمەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی بەرەو لای خۆی ڕاکێشاوە.

بێگومان سەرمایەگوزاریی کۆمەڵایەتی لە سەر کچان، پەرەپێدانی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەوان و دەستەبەر کردنی ڕاهێنان و تەندروستی بۆ کچان هێمایەکی ڕوونە لە یەکسانی زایەندی (جنسی) کە بوار بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگا بەهێزترەکان دەڕەخسێنێت. بە پێی توێژینەوە ئەنجام دراوەکان، خوێندن وەک هۆکارێک بۆ ڕێگری لە هاوسەرگیری پێشوەختە سەیر دەکرێت (یوونیسێف، ١٣٨٣). ژنانی خوێندەوار تەندروستتر و لە بازاڕی کاردا چالاکترن، داهاتێکی پتر دەست دەخەن، منداڵی کەمتر دەخەنەوە و لە چاو ئەو ژنانەی وا ئاستی خوێندنیان کەمترە، خزمەتگوزاری فێرکاری و تەندروستی گونجاوتر بۆ ڕۆڵەکانی خۆیان دابین دەکەن (کلاگمەن و هاوکاران، ١٣٩٣). بە پشتیوانی و سەرنجی جیهانی بۆ ئەم دیاردیە، ڕێژەی هاوسەرگیریی پێشوەختە بە تەواوەتی ملی لە کەمبوونەوە ناوە. ئەگەرچی ڕێژەیەکی زۆری منداڵان هێشتا لە تەمەنی خوار تەمەنی یاسایی کۆمەڵگاکەی خۆیان هاوسەرگیری دەکەن. نموونەیەکی ڕوون و بەرچاو لەم دیاردە، کۆمەڵگای

ئێرانە.

بە ئاوڕدانــەوە لــە پێکهاتــەی ئــاینی زاڵ بــە ســەر ئێرانــدا، بــاڵقبوون و دەســتپێکی یەکــەم ســووڕیی مانگانــە وەک ســەرەتای بــازدان لــە تــافی منداڵییەوە بۆ گەورەیی ڕەچاو دەکرێــت. گەیشــتن بــەم ســەرەتا فیزیــایی و بایۆلۆجیکییە بــە واتــای شــیاوبوونی تــاک بــۆ هاوســەرگیرییە بــە بــێ لــە بەرچاوگرتنی تەمەنی ڕاستەقینەی ئەو کەسە. سەرەڕای ئەوەی هاوسەرگیری پێشوەختە هەر دوو کچ و کوڕ دەگرێتەوە، بەڵام ڕاستییەکی تاڵی کۆمەڵگا، دەرخەری ئەوەیە کە لێکەوتە و ئاسەواری دیــاردەی منــداڵ هاوســەری بــۆ کچۆڵەکان جیدیتر و مەترسیدارترە.

دیاردەی منداڵ هاوسەری بابەتێکی جیهانییە؛ بەڵام ئامار و ڕێژەکانی، هەم لە ناو سنووری وڵاتێــک و هــەمیش لــە نــاو کۆمــەڵگا جیاوازەکانــدا، جیاوازە. بــەو حاڵــەوە لــە ســۆنگەی ڕێژەییــەوە، زیــاترین ڕێــژەی منــداڵ هاوسەری لە گوندەکانی ئەفریقای باشوور و و باشووری ئاسیا ڕوو دەدات (یوونیسێف، ١٣٩٢). ئەگــەرچی لــە نــەبوونی توێژینــەوەی ســەربەخۆ و پڕبایەخ سەبارەت بە منداڵ هاوسەری لە وڵاتی ئێــران، زانیارییــەکی کــەم لەم بارەوە هەیە، ئاماری فەرمی و دەوڵەتی ئێران گوزارشتە لــەوەی ســاڵانە دەیان هەزار کچ و کوڕی ژێر تەمەن ١٥ ســاڵ لــە لایــەن بنەماڵەکانیانــەوە ناچار بە هاوسەرگیری دەکرێن. لە ڕاستیدا ڕێژەی ڕاستەقینەی ئەم منداڵانە زیاتر لەمەیە. هەندێ لە بنەماڵەکان لە وڵاتی ئێران هاوسەرگیری لە تەمەنی کەمدا تۆمار ناکەن و یان بە شێوەی نایاسایی تۆماری دەکەن. بــە گــوێرەی ڕاپۆرتی ئەنجوومەنی داکۆکی لە مافەکانی منداڵ لــە ئێــران،[6] ڕێــژەی ئــەو

6. Association of Children’s Rights

کچانەی وا خوار تەمەنی ١٥ساڵان هاوسەرگیریان کردووە لە ٣٣ هەزار و ٣٨٣ کەس لە ساڵی ١٣٨٥ بۆ ٤٣ هەزار و ٤٥٩ کەس لە ساڵی ١٣٨٨ بەرز بووەتەوە واتە لە ماوەی سێ ساڵدا ٣٠ لە سەد بەرز بوونەوەی بە خۆوە بینیوە. وەها بەرزبوونەوەیەک بەرهەمی هەژاری و هۆگری دایک و باوک بۆ کۆنترۆڵ کردنی پەیوەندی کچەکانیانە. ئەم توێژینەوە، بۆ یەکەم جار بە نیازە لە سەر ئاستی حەوت پارێزگای ئێران بە پێداگری کردن لە سەر فاکتەرە زاڵە کۆمەڵایەتی ـ کلتوورییەکان باوبوونی منداڵ هاوسەریی شرۆڤە بکات؛ ئەو فاکتەرانەی وا ڕەنگدانەوەی نایەکسانی قووڵی زایەندێتی درێژەپێدەری ئەم دیاردەن. هۆکاری ئەقڵانی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، ڕوونکردنەوەی بەڵگە و پەرەسەندنی ئەم ڕفتارە زیانبەخشە لە ئێران و یارمەتیدانی بڕیاردەرانی دەوڵەتییە بۆ ئەوەی لە سەر پشتیوانی داهاتوو لە مافە مرۆییەکانی کچان چڕ ببنەوە. ڕێز و گرینگیدان بە مافەکانی منداڵ پێویستی بە ڕێگری و بنەبڕکردنی منداڵ هاوسەری و پشتیوانی چالاکانە لەو کچانەیە وا هەنووکە هاوسەرگیریان کردووە. ئەمە تاکە ڕێگەیەکە کە لە ڕێگەی ئەوەوە دەتوانین پێشگری لە تراژێدیای مرۆیی هاوسەرگیریی پێشوەختە بکەین. ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ دەرخستن و ناساندنی قووڵی پرسی منداڵ هاوسەریی لە ئێران.

## بەشی یەکەم:

# هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان، پێناسە و چەمکەکان

**«لێرە هەموو زوو هاوسەرگیری دەکەن.**
**بووکەکانمان دووگیان دەبن و سنۆگرافی دەکەن،**
**ئەگەر کۆرپەلە کچ بێت لە زکی دایکیدا مارە / ناوکبڕی دەکەین»**
وڵامی پیاوێکی تەمەن ٤٠ ساڵە
گوندی گەیلەکاوا (سەراب) ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات

ئەم توێژینەوەیە ئەو کۆمەڵە منداڵ و کەسانە دەکاتە ئامانج کە نـاتوانن بـە ڕەزامەنــدیی تــەواو و بــە ئازادییــەوە ڕای خۆیــان ســەبارەت بــەوەی کــە هاوسەرگیری لەگەڵ کێ بکەن، دەرببڕن چوونکە پێویستییەکانی کۆمەڵگا دژی ئەمــەیان بــە ســەردا دەســەپێنێت. هــەوڵ دەدرێ هۆکــار و لێکەوتــە جیاوازەکانی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان شی بکرێتەوە، بۆ ئـەوەی ئەم توێژینەوە ململانێ لەگـەڵ ڕاسـتییە نکـۆڵی لێکراوەکـان بکـات و لـە هەمووی گرینگتر دەنگێک بێ لە لایەن کۆمەڵگای بێدەنگەوە.

ئەم کتێبە بۆ سەر چوار بەش دابەش کراوە. بەشی یەکەم پێشەکییەکە لە سەر هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان، ئەدەبیاتی لێکۆڵینەوە و باوبوونـە جیهانییەکەی. بەدەر لەوە هەر لەم بەشەدا کورتە پێشەکییەک تەرخان کراوە بە باوبوونی هاوسەرگیری منداڵان لە مێـژووی ئێـران و بنچینـە مێژووییـە پەیوەستەکانی.

بەشی دووهـەم عەقڵانییـەتی شـاراوە لـە هاوسـەرگیریی پێشـوەختەی منداڵان و یاسا و سیاسەتە زاڵەکان وەک ئامرازی گۆڕانی کۆمەڵایـەتی بـۆ سنووردار کردنی باوبوونی منداڵ هاوسەری شی دەکاتەوە.

بەشی سێیەم بەتایبەتی بە دەرخستنی ڕاستییە هەسـت پێنـەکراوەکان و نەبیستراوەکان و گێڕانـەوە و زانیارییـە نوێیـەکان کـە لـە لایـەن دەوڵەتـەوە نەبینراو و نەبیستراوە، ئەم دیاردەیە پیشان دەداتەوە. ئەم بەشـەی ڕاپۆڕتەکـە

ڕوانینێکی تایبەتی بۆ سەر هۆکارەکانی هەڵکشانی منداڵ هاوسەری لە هەندێ لە ناوچەکانی ئێران هەیە. هۆکارە کاریگەر و بگۆڕە پەیوەستەکانی ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی کێشانەوەی مۆدێلێکی شیکاریی گشتگیر خراونەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

بەشی چوارەم و کۆتایی تەرخان کراوە بە دەستکەوت و خستنە ڕووی کۆمەڵێ ڕێکار بۆ داهاتوو. ئەم بەشە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە و ڕێگەی دەرباز بوون لە کێشەی هاوسەرگیری پێشوەختە شی دەکاتەوە بۆ ئەوەی بۆ سیاسەتمەداران، بەرنامەداڕێژەران و بەرگریکاران ڕێنوێن و هاندەرێک بێ کە لە ململانێ نەهێشتنی و ڕاستکردنەوەی ئەم ڕێگە چەوتەدان. هەروەها ئەم بەرهەمە دەڕوانێتە ئەو کێشانەی وا هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان پێویست دەکات، لەوانە پەیوەندی نێوان منداڵ هاوسەری، خەتەنەی مێینە و چەن هاوسەری.

## پێشەکییەک لە سەر هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان

بە گوێرەی ناوەڕۆکی کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵ[٧] منداڵ بە کەسێک دەوترێت کە تەمەنی لە نێوان لە دایکبوونەوە هەتا ١٨ ساڵانە. بەڵام لە هەندێ لە وڵاتاندا بە پێی یاسا تایبەتەکانی ئەو وڵاتە ئەم تەمەنە بگۆڕە. سندووقی حەشیمەتی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی[٨]هاوسەرگیری منداڵان بە هەر چەشنە هاوسەرگیرییەکی ژێر تەمەن ١٨ ساڵ بەر لەوەی کچ لە سۆنگەی جەستە و دەروونییەوە ئامادەی قبوڵ کردنی بەرپرسایەتی ژن و مێردی و منداڵ بە خێوکردن بێت، دەوترێت. ڕێکخراوی تەندروستی

7. Convention of Rights of the Child

8. UNFPA

جیهانی[٩] منداڵی هەتا تەمەنی ١٥ساڵان پێناسە کردووە. هەر بەم پێیە لەو حاڵەتانەی وا منداڵێک خوار ئەم تەمەنە بێت، هاوسەرگیری منداڵ ڕووی داوە؛ هاوسەرگیرییەک کە لە لایەن باوک یان باپیری منداڵەوە بە سەری سەپێندراوە و تێیدا هیچ گرنگییەک بە کەمترین تەمەنی یاسایی هاوسەرگیری نەدراوە.



بنەماڵەیەکی هەژار و خێوەت نشین لە سیستان و بەلووچستان

وێنە: م. مەعارف وەند

هاوسەرگیری منداڵان جۆرێک هاوسەرگیرییە کە تێیدا لانیکەم یەکێک لە لایەنەکان تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر بێت. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەوە کچە کە هێشتا منداڵە. وەک پێشتریش باس کرا، لە وڵاتی ئێران گەیشتن بە سەرەتای بایۆلۆژی و جەستەیی بە بێ ڕەچاوگرتنی تەمەن، ڕاپۆرتێکە بۆ شیاوبوونی هاوسەرگیری (لویزا و ڤانگ، ١٣٩١).

«دایکم کارەکەری ماڵان بوو، نەمدەتوانی وانەکانم بخوێنم. خۆم ئێستا کارەکەری دەکەم. ئەو کات تەنیا بیرم لەوە دەکردەوە کە نانەخۆرێک کەم بکەمەوە. لام وابوو باشترین چاکە دەر حەق بنەماڵەکەم دەکەم. تەنانەت نەمدەزانی شوو بە کێ

9. The World Health Organization (WHO)

دەکەم.»
ولّامدەری ژن، ٣٢ ساڵە ـ گەڕەکی ئێل سافی، ئەهواز

لە ڕوانگەی زایەندی یـا جنسـی و مافـەکانی مرۆڤـەوە هاوسـەرگیری پێشوەختەی منداڵان لێکەوتەی دیاری سەرکوتکردنی زایەنـدی و ئاکـاری ڕووخێنەری نەریتییە کە دەبێتە هۆی نایەکسانی زایەندێتی و سەرکوتکردنی زیاتر. لە جیهانی ڕوو لـە گەشـە سـەندن، پرسـی ئـاڵۆزی هاوسـەرگیری پێشوەختەی منداڵان بە هەڵکشانی ڕێژەی حەشیمەتی گەنجان ڕووی لـە بەرزبوونەوەیە و هۆکاری سەرەکی بەرپرس لەم پرسـە هەڵکشـانی ئاسـتی هەژاری، نەبوونی زانست و خوێندەواری و ملکەجێتی بۆ پێویسـتییەکانی کلتووری پیاوسالاری و ئەو باوەڕانەی کە بە هەڵە وا دەزانن ناچـار کردنـی کچان بۆ هاوسەرگیری زۆرەملێ بۆ پشتیوانی و پاراستنی خۆیانە. مەخابن سەرباری دەرهاویشتەی جەسـتەیی و هـەڵاواردنی بـەردەوام لـە هەمبـەر کچانی کەم تەمەن، لە پێناو کۆتایی هێنان بە هاوسـەرگیریی پێشـوەختەی منداڵان لە ئێران هەنگاوی کەم هاوێژراوە.

لێکەوتەکانی هاوسەرگیریی پێشوەختە لە سەر کچۆڵـەکان ناسـراوترە، چوونکە کاریگەرییەکانی ئەم دیاردەیە بە توندی و قووڵییـەکی زۆرەوە کـار دەکاتە سەریان، بەڵام بە داخەوە ئەو دیوی دیکەی ئـەم سـکەیە هێشـتا بـۆ هەموو خەڵکی جیهان بـە نەناسـراوی ماوەتـەوە. توێژینـەوەی گشـتگیر و شیاوی متمانەی زۆر کەم لە سەر لێکەوتەکانی هاوسەرگیری پێشوەختە لە سەر پیاوان ئەنجام دراوە شرۆڤەی ڕەهەند و کاریگەرییەکانی هاوسەرگیری پێشـوەختە لـە سـەر کـوڕە منداڵـەکان، تەنانـەت لـە لایـەن کارناسـانی نێودەوڵەتی کە لە دژی هاوسەرگیری پێشـوەختەی منـداڵان ئـیش دەکـەن

پشتگوێ خراوە (لەوانە یوونیسێف، ئەنجوومەنی کچان نەک بووکەکان؛[10] و ئەنجوومەنی حەشیمەت[11] و ناوەندی نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوە لە سەر ژنان)[12].

کەمی ئەم داتا ئەزموونییانە بۆتە هۆی نەبوونی زانست سەبارەت بە تەنگەژەکانی هاوسەرگیریی بۆ کورە منداڵەکان. ئەوان زۆر جار ناچار بە وازهێنان لە خوێندن و گرتنە بەری پیشەیەکی ئاست نزم دەکرێن بۆ ئەوەی خەرجی ئەم بنەماڵە نوێیە وەدەست بێنن. ئەم هاوسەرگیری و ژن و مێردایەتییەی بەر لە باڵقبوونە درێژەپێدەری پرۆسەی هەژارییە کە لە سەرەتاوە خۆی هۆکاری هاوسەرگیری بووە. ئەمە تراژێدیایەک نییە کە لە درێژەی ژیانی کوڕاندا بەردەوام بێت، بەڵکوو پرۆسەیەکی مشتومڕی گشتییە بۆ دەرهێنانی منداڵ هاوسەران لەم نەریتە قۆڵبڕانە. ئامارەکان لەم بارەوە دڵتەزێنن. بە پێی دوایین داتاکانی یوونیسێف، ١٥٦ ملیۆن پیاو ئێستا زیندوون و لە هەرەتی منداڵیاندا هاوسەرگیریان کردووە. بە پێچەوانەی ئەم ڕێژە بەرزە کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زۆرە، هێشتا لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەبارەت بە مێردە منداڵەکان کەم ئەنجام دراوە. واتە دەیان ملیۆن کوڕی منداڵ لە توێژینەوەی سەر هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان، بەرگریکاران و هەوڵە پێشگرییەکانی ئەم دوایییە، پشتگوێ خراون.

تراژێدیای هاوسەرگیری پێشوەختە کاریگەری لە سەر ژیانی کوڕان و شێوازە بایۆلۆژیکییەکانیان دادەنێت و دەبێتە بارگرانییەک بۆ سەر دیاردەی

---

10. Girls Not Brides

11. The Population Council

12. International Center for Research on Women (ICRW)

ترسناکی هاوسەرگیری پێشـوەخت؛ دیاردەیـەک کـە نـەبوونی بـاڵقبوونی جەسـتەیی و زەینـی گوزارشـتە لـە بابـەتی جیـدیتر و قـەیراناویتر لـە هاوسەرگیری کە لە دروستبوونیدا دەورێکی ئەوتۆیان نەبووە.

وەک لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی١٣٢٧ی هەتاوی پەسـند کراوە، هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان وەک لادان لە مافەکانی مـرۆڤ پێناسە کراوە. ئەمە لە پەیماننامـە نێودەوڵـەتی و خـۆجێیی و کۆبوونـەوەی سەرکەوتووی مافە مرۆییەکانیش ئامادە کراوە چوونکە کچێک یان کوڕێک لە زۆرێک لە مافە سەرەتاییەکانی خۆیـان بێبـەش دەکـات، لەوانـە مـافی ڕەزامەندی تـەواو و سەربەسـتانە لـە هـەڵبژاردنی دایکایـەتی و باوکایـەتی پێشوەختە. ناجۆرتر لەم بابەتە، ئەوەی کە تافی منداڵی لـە ژیـانی ئەوانـدا بوونی نییـە. لـە زۆرێـک لـە کۆمـەڵگا و کەلتوورەکانـدا کـە گەورەسـاڵی ڕێژەیـەکی زۆری دەرفـەت و هـەل بـۆ کچـان و کـوڕان دەڕەخسـێنێت، هاوسـەرگیریی پێشـوەختە بـە شـێوەیەکی زۆر بێبەزەییانـە ئازادییـە تاکایەتییەکان زەوت دەکـەن و لـە ڕەوتـی سرووشـتیدا دەرفـەتی گەشـە و سەرکەوتن لەو منداڵانە دەگرێت (منچ، ١٣٧٧: ١٧).

زۆریان لە دەوری منداڵێکـەوە دەچنـە نـاو دەوری دایـک یـان بـاوک. هاوسەرگیری منداڵان ڕێگری لـە وەدیهـاتنی مافـەکانی مـرۆڤ، گەشـە، یەکسانی، تەندروسـتی و خوێنـدنی منـداڵان دەکـات. ئەمـە ئاسـەواری خراپی جەستەیی، دەروونـی و ئێحساسـی لـە خـۆ دەگـرێ کـە چانسـی گەشەی تاکایەتی بۆ هەر دوو زایەندەکە کەم دەکاتەوە. بـەو پێیـەی ڕێـژە و توندی ئەم پرسە سەبارەت بە کچۆڵەکان زیـاترە، نیگـەرانی سـەبارەت بـە دووگیانی پێش لە باڵقبوون و منداڵخسـتنەوە لـە کاتێکـدا کـە لەشـیان بـە تەواوەتی ئامادەیی ئەوتۆی نییـە، پرسـێکی ترسـناک و جێـی سـەرنجدانە

(یوونیسێف، ١٣٩٥). لە هاوسەرگیریی پێشوەختەدا کچۆڵەکان لە بەردەم هێرش و ئازاری زایەندی، دەستدرێژی، توند و تیژیی ناو ماڵ، خراپ بە کارهێنان و دەرکراندان.

لەو وڵات و کۆمەڵگایانەی وا هاوسەرگیری منداڵان زیاترە، هەژاری وەک هۆکاری سەرەکی کاریگەر لە سەر پەرەسەندنی منداڵ هاوسەریی سەیر دەکرێت. کە واتە ڕەهەندی ئابووری هاوسەرگیری منداڵان دەورێکی بەرچاوی لە درێژەکێشانی ئەم نەریتە لەو وڵات و ناوچانەدا هەیە کە کچان وەک باری زیادەی ئابووری بە سەر بنەماڵە و سەرچاوە کەمەکەی سەیر دەکرێت. لەم پێکهاتەدا سەرچاوەی سنووورداری بنەماڵە و گەیشتن بە دەستەبەرییەک لە دژی هەژاری لە ڕادەبەدەر، دەبێتە هۆی نیگەرانی و ئەم کچۆڵانە لە ژێر ناوی ستراتیژی پاراستنی ژیان دەبنە ژنی ئەو پیاوانەی وا زۆر لە خۆیان بە تەمەنترن. لە توێژینەوەیەکدا کە لە لایەن وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی میسر[3] لە سەر ئاستی پێنج گوندی هەژارنشین ئەنجام درا، ئەنجامەکان دەرخەری ئەوە بوون کە لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەراست و لە ڕێگەی دەڵاڵانەوە کچان شوو بە پیاوانێک دەکەن کە تەمەنیان دوو هێندەی تەمەنی خۆیانە (یوونیسێف، ١٣٨٧).

ئیبنی قوودامە یەکێک لە ڕێبەرانی فیقهی ئەهلی سوننە، پێداگری کردەوە کە باوک ئەو دەسەڵات و باڵادەستییەی هەیە کە کچەکەی بدا بە کەسێکی شیاو و باش، تەنانەت ئەگەر کچەکەی تەمەنی ژێر ٩ ساڵان بێت (سەحیحولبوخاری، گێڕانەوەی ٣٦٣٨ و ٣٦٠٦). وەها نەریت و تێگەیشتنێک لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەراست کە تێیدا هەژاری باڵی بە

1 . Ministry of Social Affairs in Egypt

سەر ناوچەکەدا کێشاوە، زۆر باوە. بە هەمان شێوە لە کۆمەڵگا نەریتخوازەکانی باشووری بیابانی ئەفریقا، بنەماڵەکان بە شێوەی پارە یان ئاژەڵ مارەیی لە بنەماڵەی زاوا وەردەگرن. لەم وڵاتانەدا وەک ئامرازێک بۆ تۆکمە کردنی کۆڵەکەی لاوازی کۆمەڵگا سوود لە هاوسەرگیری پێشوەختە دەبینن (بارت، ١٣٧٣). بەدەر لەمە هاوسەرگیریی پێشوەختە شێوازێکە بۆ سەرکووتکردنی ژنان لە ڕەواڵەتی پشتیوانی و پاراستنیان بۆ ئەوەی بیانخاتە ژێر ڕکێفی پیاوانەوە. ئەم بڕیارانە دەستەبەری ئەوەن کە ڕۆڵەکانیان شەرعی بن و هی ئەو پیاوانە بن وا لە ڕووی یاساییەوە ژنیانن. ئەم دەستەبەرییە، جێگە و پێگەی بایەخدار بە ژنان لە کۆمەڵگا تایبەتەکەیان دەدات (دەبی، ١٣٧٢ بە گێڕانەوە لە ڕاپۆرتی کومیسیۆنی پاکستان لە بارودۆخی ژنان، ١٣٦٨). لەم چەشنە کۆمەڵگایانە کچان لە تەمەنی کەمەوە فێر دەبن کە لە چوونە دەرەوە خۆ بپارێزن و پیاوان بەرەو لای خۆیان ڕانەکێشن. دایک و باوک پاڵنەری ئەم ئاراستە کۆڵدەرییەن بۆ ئەوەی بیکەن بە بووکێکی بەبایەخ و خوازراو (کلدۆل و کلدۆل، ١: ١٣٧٦).

## سەقەتکردنی ئەندامی زایەندیی ژنان و هاوسەرگیری پێشوەختە

ئەوەی بە شێوەی بەردەوام قسەی لە سەر کرا، پەیوەندیی ئاڵۆزی نێوان هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان و ئاکاری دیکەی دژە ژنانە وەک سەقەتکردنی ئەندامی زایەندییە[١٤]. کۆمەڵە ئەنجامی توێژینەوەی ئاستی گشتگیری ڕابردوو سەبارەت بە باوبوونی خەتەنەی ژنان لە ئێران[١٥]

14. Female Genital Mutilation

15. Ahmady, K. 2016. In the Name of Tradition. Female Genital Mutilation in Iran. Frankfurt am Main: UnCUT/VOICES Press. And ئەحمەدی، کامیل (١٣٩٤)، بە ناوی نەریت، توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە

دەرخەری هاوپەیوەندیی نێوان باوبوونی ئەم دیاردەیە لە سەر ئاستی چوار پارێزگای ئێرانە کە لە توێژینەوەکانی ڕابردوودا سەرنجی خراوەتە سەر. حەوت دەڤەری سەرەکیی بە زیاترین ئاماری هاوسەرگیریی منداڵان، ڕێژەی تا ڕادەیەک زۆری خەتەنەی مێینەیان لە خۆدا هەڵگرتبوو؛ لەوانە خوراسانی ڕەزەوی، ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، خووزستان، سیستان و بەلووچستان، ئازەربایجانی ڕۆژاوا، هورمزگان و ئیسفەهان.



ئەو خەتەنەچییە (بی‌بی) خۆجێیەیانەی کە لە پارێزگای هورمزگان ژنانیان خەتەنە دەکرد.

وێنە : ش. تەلندە

تەنگەژە و کەڵکەڵەی سەدەی بیستەم درێژەی نایەکسانییە زایەندییەکانە کە پێکهاتەی ناسکی ئەکتیڤی و ڕەزامەندیی ئازادانە لە ژنان زەوت دەکات.

---

خەتەنەی ژ نان لە ئێران، تاران، چاپخانەی شیرازە

لە وڵاتانی دواکەوتوو و هەژارنشین، دیارترین ئاکاری زیانبەخشی نەریتی و کەلتووری کە مافەکانی ژنان و کچان بۆ ژیانێکی سەربەستانە پێشێل دەکات، سەقەتکردنی ئەندامی زایەندیی ژنان و هاوسەرگیری پێشوەختەیە. ئەو جیهان بینییە پیاوسالارییەی کە لە ڕێگەی عەیبدارکردنی ئەندامی زایەندیی ژنان و هاوسەرگیری پێشوەختە بە سەر ژناندا سەپێنراوە، نموونەیەکی ڕوونە لە نەبوونی کۆمەڵە هەڵبژاردنێک کە خەڵک دەبێ لە بواری هاوسەرگیری و کۆمەڵگاپەسندی هەیانبێت.

لە درێژایی مێژووی زایەندیی مافەکانی مرۆڤدا، هەمیشە بۆ پاساوی توند و تیژیی زایەندیی پەنا براوەتە بەر داب و نەریت و کەلتوور. جیهان شێوازی فرەچەشنی توند و تیژی دژ بە ژنانی - تەنیا لەبەر ئەوەی ژنن - ناسیوەتەوە و لە هەر وڵاتێکدا ژنان بە هۆی شێوازە جۆراوجۆرەکانی توند و تیژییەوە دەناڵێنن. توند و تیژی دژ بە ژنان زۆر جار خۆی لە ئاکاری نەریتی و عورفی زیانبەخشدا دەنوێنێ کە کچان هەتا ئاستی کاڵایەکی ڕیکلامی نزم دەکاتەوە. داب و نەریتی وەک منداڵ هاوسەریی و خەتەنەی ژنان.


ئەم بەشە تێدەکۆشێ پەیوەندیی شاراوەی نێوان ئاکاری خەتەنەی ژنان و هاوسەرگیری پێشوەختە بدۆزێتەوە. هیوامان وایە ئەم ڕاپۆرتە دڵخوازی ئەو کارگێڕانە بێ کە لە بواری گەشەی ڕێبازەکان، بەرنامە دارشتن و سەرمایەگوزاری لە سەر دەستێوەردەرەکانی نزیک لەم دوو سەرکووتکەرانە چالاکی دەکەن.

## سەقەتکردنی ئەندامی زایەندیی ژنان و منداڵ هاوسەری - تێگەیشتنی دوو بگۆڕ

مێژووی دیاردەی خەتەنەی ژنان ناڕوونە بەڵام دەوترێ ئەم کارە لە ئەفریقا

و هەندێ ناوچـەی خۆرهـەڵاتی نـاڤین زۆرە. هەنـدێ لـە لێکدانـەوەکان سەرەتای مێژوویی ئەم دیاردەیان گەڕاندووەتەوە بۆ پتر لە ٢٠٠٠ ساڵ بـەر لە ئێستا (ئەحمەدی، ١٣٩٥). ژنان لە ئەفریقا، خۆرهـەڵاتی ناوەراسـت و ئەندۆنێسیا نزیکەی نیوەی حەشیمەتی کۆمەڵگاکەیان پێک دێنن. ئەم نە بە واتـای بـەتواناکردنی کۆمەڵایـەتی - سیاسـی و نـە بـە واتـای ئازادییـە ئابوورییەکان، بەڵکوو دەرخـەری ڕیسـک و مەترسـییەکی زۆرە چوونکـە زۆربەی ژنان لەم کۆمەڵگایانەدا خەسارهەڵگرترین توێژی کۆمەڵگاکـەیان پێـک دێـنن. هەنـدێکیان لـەو کۆمەڵگایانـەدا دەژیـن وا پێویسـتییە بنەڕەتییەکانی کلتووری پیاوسـالارانە، خوازیـاری سـەقەتکردنی هێمـای دەرەکی ژنانە - ئەندامی دەرەکی زایەندیان - و سەرەڕای ئەوەی خەتەنـەی ژنانە وەک نـەریتێک لـە خۆرهـەڵاتی ناوەراسـت، ئەندۆنسـیا، هـەرێمی کوردستان، ئێران و یەمەن ئەنجام دەدرێت زیـاترین ڕێـژەی ئـەم کـارە لـە وڵاتی ئەفریقایـە. سـەقەتکردنی ئەنـدامی زایەنـدیی ژنـان لـە ٢٩ وڵاتـی ئەفریقادا بەدی دەکرێ کە زۆربەیان لە ڕۆژاوای ئەفریقا ،کەم تا کورتێک لە نزیک ناوچەکانی سنێگال لە ڕۆژاوا، هەتا شاخی ئەفریقا لە ڕۆژهەڵاتدان.

**ڕێژەی وتوێژ لە گەڵ ژنانێک کە خەتەنە کراون**




**ڕێژەی ژنانی خەتەنە کراو لە سەر ئاستی چوار پارێزگای وڵات**

توێژینەوەکان ئەوە پیشان دەدەن کە لانیکەم ١٢٥ ملیۆن کچ لە وڵاتی ئەفریقا و خۆرهەڵاتی ناوەراست خەتەنە کراون و پتر لە ٣٠ ملیۆن کچی ژێر تەمەن ١٥ساڵ لەوانەیە لە دەیەی داهاتوودا هێشتا لە بەر دەم مەترسی ئەم دیاردە بن. ئەمە ئەوە دەگەیێنێت کە لە ماوەی هەر ١٠ چرکەدا ژنێک یان کچێک ئەندامی زایەندی عەیبدار دەکرێ (یوونیسێف، ١٣٩٢). خەتەنە بە بێ ڕەزامەندی تەواو و ئازادانەی کچە ئەنجام دەدرێت.

ئەم توێژینەوەی دوایی نووسەر لە بواری پێکهاتەی ئێران لە تەوەری چوار پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا، کوردستان، کرماشان و هورمزگان کۆمەڵێ ئەنجامی دەست خست؛ لەوانە کچێتی ژنێک گرینگترین دابینکەری داهاتووی ئەو و شیاوبوونی بۆ مێردداریيە. ئەگەر ژنێک نەتوانێ پەردەی کچێتی خۆی بپارێزێ، ئەوە ئابڕوو و متمانەی بنەماڵەی خۆی لە ناو بردووە. پاراستنی ئابڕوو و گەورەیی بارێکە لە سەر شانی ئەو و بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ژنان لە ناو بنەماڵەدا درێژە بە نەریتی خەتەنە دەدەن (ئەحمەدی، ١٣٩٥).

لە ئێران ئەو ژنانەی وا ئەندامی زایەبەندیان عەیبدار دەکرێ، لە ڕاستیدا جۆری یەک و هەندێ جار جۆری دوویان لە سەر ئەنجام دەدرێت (دێهقان، ١٣٩٤). بەم حاڵەوە جۆرەکانی خەتەنە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازە. بۆ نموونە لە هەندێ لە گوندەکانی کرماشان و کوردستان، ژنان پێیان وایە ڕێژەیەکی کەمی خوێنی بڕین پێویستە لە حاڵێکدا لە دیکەی ناوچەکانی وەک هورمزگان لەوانەیە ئەندامی زایەندی قووڵتر ببڕدرێت.

خەتەنەی ژنان تەنیا کارێک نییە کە بێبەزەییانە جەستە و ژیانی ڕۆژانەی ژنان تووشی زیان بکات (کۆلێژی تەندروستیی و پزیشکی لەندەن، ١٣٩٢). پرسی خەتەنەی ژنان تا ڕادەیەکی پاساودار ئێمە دەلکێنێ بە کارێکی ڕووخێنەری دیکەوە؛ هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان. هەر دووی ئەم کارانە زیانبەخش‌ترین و باوترین نەریتەکانن کە لە ئێستادا کاریگەری لە سەر ژیانی ملیۆنان کچ و ژن دادەنێن. کە واتە جیاکردنەوەی تەواوی ئەم دوو نەریتە دڕندانەیە ناموومیکنە (گەلاڵەی بریتانیا، ١٣٩٣). هەر کام لەم داب و نەریتانە بە تەنیا ڕووخێنەرن، بەڵام کاتێک هەر دووکیان لەگەڵ یەکتر لە یەک بەستێندا بن، ڕێژەی ڕووخێنەری و وێرانکارییەکەیان ترسناکترە. لە وڵاتی ئێتیۆپی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان و سەقەت کردنی ئەندامی زایەندی وەک باوترین شێوەکانی ئاکاری زیانبەخشی نەریتی[6] ناسراون کە سنووردارکردنەوەیان لە سەر مێکانیزمی ستراتیژی نیشتمانی و بەرنامەدارڕشتنی کردەیی لە سەر ئاکارە زیانبەخشە نەریتییەکان لە دژی

1 . Harmful Traditional Practice

منداڵان و ژنان لە پلەی یەکەم دایە. لە سەرتاسەری دنیادا زۆرن ئـەو ژن و کچانەی کە بە زۆرەملێ ناچار کراون کۆڵ بۆ ژیانێک بدەن کە ئاسـەواری ڕووخێنەری هەر دوو دیاردەی سەقەتکردن و هاوسەرگیری پێشوەختەی لە خۆدا هەڵگرتبێت. هەر دووکیان لە بـەها بـەهێزەکانن. هـەر دووکیـان لـە لایەن چەمکی زەمەن و نەریتەوە پاڵپشتی دەکرێن. هەر دووکیـان ئاکـاری ڕیشەداری نەریتین. هەر دووکیان لادانن لە مافەکانی ژنان و کچان و هەر دووکیـان بــە پێچەوانــەی خواســت و هــەڵبژاردنی تــاک بــە ســەریان دەسەپێندرێت.

هاوشێوەی دیاردەی خەتەنەی ژنان هاوسەرگیری منداڵانیش پرسـێکی جیهانییە کە سنوورەکانی وڵاتیی، نیشتمانی، ئایینی و ئێتنیکی تێپەڕانـدووە. بووکە کەم تەمەنەکان لە هەموو شوێن و ناوچەکانی جیهان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە بگرە هـەتا ئـەمریکای لاتـین، باشـووری ڕۆهـەڵاتی ئاسـیا و ئەورووپا بەدی دەکرێت. هەموو ساڵێک ١٥ ملیۆن کچی ژێـر تەمـەن ١٨ ساڵ هاوسەرگیری دەکەن و ئەمە یەکسانە لەگەڵ هاوسەرگیری ٢٨ کچ لـە خوولەکێکدا.

بە ئاوڕدانەوە لە پێناسەی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، یوونیسێف و سندووقی حەشیمەتی ڕێکخراوی نەتەوە یـەکگرتووەکان، سـەقەتکردنی ژنان بە واتای هەر چەشنە نەهێشتن یـان هـەڵگرتنی تـەواو یـان بەشـێکی دەرەکی ئەندامی زایەندیی ژنـان یـان هـەر چەشـنە زیـان گەیانـدنێک بـە ئەنــدامی زایەنــدییان بــە هــەر هۆکــارێکی کــەلتووری و ناپزیشــکییە (ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، ١٣٧٧). کە واتـە سـەقەتکردنی ژنـان چــەمکێکی گشــتی، هاوبــەش و گشــتییە بــۆ ڕێــژە جیاوازەکــانی بڕینــی کۆئەندامی زایەندیی دەرەکی پێناسە کراوە کە چوار جۆرە و هـەر چواریـان

شوناسێکی سرووشتی بێبەزەییانەیان هەیە. جۆری چوارەمەکـەی بریتییـە لە بڕینی بەلۆکە (میتکە) کە هەنـدێک لـە ژێـر نـاوی خەتەنـە نـاوبردەی دەکەن، سووتاندن یان بڕینی ئەندامی زایەندی و یان ڕۆکردنی شـتێک بـۆ ناو زێ بە مەبەستی تەنگکردنەوە و کێشراویی لچـەکانی. لـە نـاو هـەموو جۆرەکانی سەقەتکردنی ئەنـدامی زایەنـدی، بـاوترین و ترسـناکترینەکان ڕووخێنەرترینەکەیانە، کە هەڵگرتنی هەموو بەشەکانی بەلۆکەیە.

یـەکێک لـە بنـەما ئەقڵانییـەکانی سـەقەتکردنی ژنـان لـە کۆمـەڵگا نەریتییەکان ئەوەیە کە ئەم کارە بۆ هاوسەرگیری ئامادەیان دەکات چوونکـە پەردەی کچێتی کچە دەستەبەر دەکات. ڕاستییەکی تاڵ ئەوەیە کە پیاوانیش خوازیاری دیاردەی خەتەنەی ژنانن و لەوانەیە ئامادە نەبن کچێک بێنن کە پەردەی کچێتییەکـەی لـە ڕێگـەی خەتەنـەوە دەسـتەبەر نـەکرا بێـت یـان مارەییەکەی نەدەن. لێرەدا خەتەنە کران بەڵگەیە بۆ کچێتی بووکی داهـاتوو کە دەستەبەری ئەوە دەکات ئەم کچە بـەر لـە هاوسـەرگیری هـیچ کـات لەگەڵ هیچ پیاوێکدا جووت نەبووە. بەم دەستەبەرکردن و متمانـە، پیـاوان زیاتر هۆگری هێنانیانن و بۆ ئەم کچـە پێیـان خۆشـە بـڕە پارەیـەکی زیـاتر بدەن.

پەیوەندی نێوان پەردەی کچێتی و سەقتکردنی ئەندامی زایەندیی ژنـان وەها توند و تۆڵە کـە کچێـک کـە خەتەنـە نـەکرابێت شانسـێکی وای بـۆ شووکردن نییە. ئەوان گڵاو و عەیبدارن و هەنـدێ جـاریش گاڵتـەیان پـێ دەکرێت. دیارە ئەم دیاردەیە کچان دەخاتـە بـەر دەم مەترسـی گـەورەتری وەک هەژاری و نێوەنیتکەی کۆمەڵایـەتی. لـە کۆمـەڵگا نەریتییەکانـدا کـە هاوسەرگیری بۆ ژنان سەرچاوەی دیاری مانەوەی ئابووری و دابین کردنـی

بژێوییە، ئەم بێبایەخی و نێوەنیتکە کۆمەڵایەتییە،[17] کە بە هۆی خەتەنە نەکرانە، زۆر زیانیان پێ دەگەیێنێت. کچێکی خەتەنە کراو هۆگری زیاترە و ئەگەری هاوسەرگیری زۆرەملێ یان پێشوەختە بۆ ئەو زۆرە چوونکە پیاوان بەستێنی پیاوسالارانەی کۆمەڵگا دەقۆزنەوە و پێیان خۆشە بووکێکی «پاک»[18] و دەستلێنەدراویان هەبێت (هیلاری بووریگ، ١٣٩٤: ٥٣).

## یەکسانبوونی ئاخێزگەی سەقەتکردنی ئەندامی زایەندیی ژنان و هاوسەرگیریی پێشوەختە

بە شێوەی گشتی لە نێوان سەقەتکردنی کۆئەندامی زایەندیی ژنان و هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان کۆمەڵێ لێکچوون هەیە. کاکڵی ناوەندی هەر دوو کارەکە، نەبوونی ڕەزامەندی و هەڵبژاردنی تاکەکانە. مافی ڕەزامەندی تەواو و ئازادانە بۆ هاوسەرگیری لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە. وەها ڕەزامەندییەک کە یەکێک لە لایەنەکان هێشتا بە تەواوەتی باڵق نەبووە کە سەبارەت بە ژیانی هاوبەشی بڕیارێکی ئاگادارانە دەربکات، ناتوانێ ڕەزامەندییەکی تەواو و ئازادانە بێت.[19]

کۆنوانسیۆنی نەهێشتنی هەموو شێوازەکانی هەڵاواردن لە دژی ژنان[20] لە بڕگەی شانزەهەمی خۆیدا ئاماژە دەکا بە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان کە: دەزگیرانداری و هاوسەرگیری کچێک نابێ یاسایی بێ و

---

17. Social stigma
18. pure
19. Free and Full consent
20. CEDAW

هـەموو ڕێکـارە پێویسـتەکانی وەک یاسـادانانی پەیوەندیـدار دەبـێ لـە ئاراستەی دیاریکردنی کەمترین ئاستی تەمەن ئەنجام بدرێت.

بێگومـان زەختـە کۆمەڵایـەتی و کلتوورییـەکان بـۆ سـەپاندنی سـەقەتکردنی کۆئەنـدامی زایەنـدیی ژنـان و هاوسـەرگیری پێشـوەختەی منداڵان بەهێز و بەردەوامن، سەلماندنی ئەم بابەتە کە ژنێـک خـۆی ڕازی بە خەتەنە هەیە یان نا ئەستەمە. بە ڕەچاوگرتنی ئەوەی کە خەتەنە لە یەکـەم ساتە وەختی لە دایکبوونەوە دەست پـێ دەکـات هـەتا کـاتی بـاڵقبوون و دوای ئەویش و هەروەها ئەوەی کە لـە نیـوەی ئـەو وڵاتانـەی وا و ئامـاری نیشتمانییان لەبەر دەستە و کچان بەر لە چوونـە نـاو تەمـەنی ٥ سـاڵانەوە کەمئەندام دەکـرێن (یوونیسـێف، ١٣٩٢)، دەتـوانین ئـەم تێگەیشـتنەمان هەبێت کە چەمکی ڕەزامەندی نادیارە.

ڕەزامەندی لە هاوسەرگیری پـلان بـۆ دارێـژراوی پێشـوەختەش جێـی گومانە، چوونکە هەمیشە بابەتی کێشەسازی ڕەزامەندی تەواو و ئازادانـە و ئەوەی کە ئایا کچۆڵەکان هەموو ڕاستی و زانیارییەکی تـەواویان سـەبارەت بە هاوسەرگیری پێگەیشتووە یان نا، لە ئارادایە. لە وڵاتـانی ڕوو لـە گەشـە یەک لە سەر سێی کچانی ژێر تەمەن ١٨ ساڵان و لـە کـۆی هـەر ٩ کـچ، کچێک بەر لە گەیشتن بە تەمەنی ١٥ ساڵان هاوسەرگیری دەکات. ئـەوان بـە مانـای وشـە دەبـن بـە کۆیلـەی سێکسـی کـەم تەمـەن (هـیلاری بوریگ، ١٣٩٤: ٥٣).

هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان بە پێی عورف لـە لایـەن بنەماڵـەی منداڵەوە ئامادەکاری بۆ دەکرێ و زۆر جار بریتییە لە بڕیـار و ڕێککـەوتنی نێوان بنەماڵەکان لە کاتێکدا منداڵان خۆیان تەمەنیان لەوە کەمترە کـە لـەم هاوسەرگیرییانەدا ئیرادە و بڕیاریان هەبێت. لە هـەر دوو پرسـی خەتەنـەی

ژنان و هاوسەرگیری پێشوەختە، لە جیاتی کەسەکە، ڕەزامەنـدی کەسـانی دیکە ڕەچاو دەگیرێت.

خەتەنەی ژنان و هاوسەرگیری منداڵان هەر دووکیان لادانێکی ڕوونن لە مافە مرۆییەکانی کچـان و ژنـان و شـێوازێکە لـە تونـد و تیـژی دژ بـە ئافرەتان. توند و تیژی دژ بە ژنان پەتایەکە کە ساڵانە کاریگـەری لـە سـەر ژیانی ملیۆنان ژن دادەنێت. وەها مەزەنە کراوە کە لە کـۆی هـەر سـێ ژن، ژنێک لـە درێژایـی ژیانیـدا بـەرەو ڕووی تونـد و تیـژی زایەنـدی بۆتـەوە. سـەقەتکردنی ئەنـدامی زایەنـدی و هاوسـەرگیری پێشـوەختەی منـداڵان نواندنەوەی ئەم توند و تیژییانـەن. ئـەم دوو جـۆرە - وەک لـە ڕێککـەوتنی چەندیانەی نێودەوڵەتی پەسند کـراوە - لـە سـەر ئاسـتی نێودەوڵـەتی وەک لادان و پێشێل کردنی مافە سەرەتاییەکانی ژنان و کچان ناسراون.

زۆرێک لـە کۆنواسـیۆنەکانی ڕێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان ئـەم هەڵوێستە گرینگ و بنیاتییـەیان بـەهێز کـردووە. لـە بڕگـەی شـانزەهەمی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ[1]هاتووە:[2]

(١) پیاوان و ژنانی گەورە مافی هاوسەرگیری و پێکهێنـانی بنەماڵـەیان هەیە و مافی یەکسانی بـۆ هاوسـەرگیری، لـە کـاتی هاوسـەرگیری و یـان هەڵوەشانەوەی دەخرێتە پاڵیان.

(٢) هاوسەرگیری تەنیا بە ڕەزامەنـدی تـەواو و ئازادانـەی هـەر دوو لا دەبێ ئەنجام بدرێت.

مـەرجی هاوشـێوە لـە پەیماننامـەی نێونەتـەوەیی سـاڵی١٣٤٥ی هـەتاوی(١٩٦٦زایینـی) سـەبارەت بـە مافـە ئـابووری، کـەلتووری و

2 . UDHR

1

کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها پەیماننامەی نێودەوڵەتی ساڵی ١٣٤٥ بۆ مافی هاووڵاتی و سیاسی پەسند کراون.

برگەی یەکەمی ڕێککەوتنامەی تەواوکەری ساڵی ١٣٣٥(١٩٥٦) سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی، [٢٢] بازرگانی کۆیلە و نەریت و ئاکاری هاوشێوەی کۆیلەداری.

مادەی (C) ١: ئەو داب و نەریتەی کە بە هۆیەوە ژنێک بە بێ ئەوەی ماف و توانای بەرهەڵستی هەبێت بۆ کەسێک دانرابێت و یان لە هەمبەر بڕە پارەیەک و یان وەک چاکییەک لە لایەن بنەماڵە، دایک و باوک و یان سەرپەرشتەکەی بە شوو بدرێ ...

مادەکانی ١ و ٢ و ٣ی پەیماننامەی ساڵی ١٣٣٣(١٩٥٤) سەبارەت بە ڕەزامەندی نواندن بۆ هاوسەرگیری.[٢٣]

لانیکەمی تەمەنی هاوسەرگیری و دۆخی تۆمار کردنی مارەیی

١)هیچ هاوسەرگیرییەک بە بێ ڕەزامەندی تەواو و ئازادانەی هەر دوو لا لە ڕووی یاساییەوە نابێ سەر بگرێت. وەک لە یاسادا هاتووە وەها ڕەزامەندییەک دەبێ لە لایەن خۆیانەوە بە شێوەی تایبەتی دەرببڕێت. ٢) حیزبە دەوڵەتییە پابەندەکانی ئێستا دەبێ لانیکەمی تەمەن بۆ هاوسەرگیری دیاری بکەن (بە پێی پێشنیارە ئازادەکانی پەیوەستی ئەم ڕێککەوتنامە نابێ ئەم لانیکەمی تەمەنییە لە ١٥ ساڵ کەمتر بێت) بە گوێرەی یاسا هیچ هاوسەرگیرییەک خوار ئەم تەمەنە نابێ سەر بگرێت، مەگەر ئەو کاتەی کەسێکی خاوەن دەسەڵات و شیاو بۆ بەرژەوەندی هەر دوو لا و بە بەڵگەی جیدییەوە، داوای لێبووردن لەم مەرجە تەمەنییە بکات.٣) هەر

---

22. Supplementary Convention on the Abolition of Slavery

23. Convention on Consent to Marriage

هەموو هاوسەرگیرییەکان دەبێ لە لایەن بەرپرسێکی شیاوەوە تۆمار بکرێن.

مادەی ١٦٠١ ڕێککەوتنامەی نەهێشتنی هەموو شێوازەکانی هەڵاواردنی دژ بە ژنان[4] لە ساڵی ١٣٥٨(١٩٧٩) بە شێوەی یەکسان بنەماکانی ژێرەوە بۆ پیاوان و ژنان ڕەچاو دەکات:

ئـ: مافی یەکسان بۆ هاوسەرگیری.

ب: مافی یەکسان بۆ هەڵبژاردنی ئازادانەی هاوژینی ژیان و هاوسەرگیری تەنیا لە حاڵەتی ڕەزامەندیی تەواو و ئازادانە.

مادەی ١٦٠٢ بریتییە لە: دەزگیرانی و هاوسەرگیریی منداڵ هیچ سەرچاوەیەکی یاسایی نەبووە و هەموو هەنگاوە پێویستەکان بۆ نموونە یاسادانان دەبێ لە ئاراستەی دیاری کردنی لانیکەمی تەمەنی هاوسەرگیری بێت.

لە مادەی بیست و یەکی جاڕنامەی ئەفریقایی ساڵی ١٣٦٩(١٩٩٠) سەبارەت بە ماف و خۆشگوزەرانی منداڵان[5] پەسند کراوە کە: هاوسەرگیری منداڵان و دەزگیرانی کچان و کوڕانی منداڵ دەبێ قەدەغە بکرێ و هەنگاوی پێویستی وەک یاسادانان، لە پێناو دیاریکردنی تەمەنی ١٨ ساڵان وەک کەمترین تەمەن بۆ هاوسەرگیری بهاوێژرێت.

کومیتەی مافەکانی منداڵ لە کۆبوونەوەکانی سەرتاسەری ئەفریقا لە دژی بەکارهێنانی جنسی منداڵان، بەردەوام هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان وەک بەکارهێنانی جنسی بازرگانی پێناسە کردووە (میخاییل ئێس، ١٣٨١: ٤٣ – ٤٩).

---

2[4]. Convention on the Elimination of All Forms of Discrimination against Women

2[5]. African Charter on the Rights and Welfare of the Child

خەتەنەی ژنان و هاوسەرگیری منداڵان لە ژێر تەمـەنی بـاڵقبوون ڕوو دەدات و ئەمە تایبەتمەندی کۆتایی هاتنی دڵهەژێنی هەرەتی منداڵی و لـە ناکاو چوونە ناو تافی گەورەساڵی و هاوسەرگیرییە.

کچان بەر لە گەیشتن بە باڵقبوونی جەسـتەیی و ئێحساسـی پـاڵ پیـوە دەنرێ بۆ دنیای گەورەکان کە ناچاریان دەکا بۆ قبووڵ کردنی لێکەوتەکانی تەندروستی جەستەیی و هەستیاریەکانی دووگیانی لە تەمەنی کـەم و یـان زک و زای پەیتا پـەیتا. هـەرچی کـچ لـە کـاتی هاوسـەرگیریدا گـەنج‌تر و منداڵ‌تر بێت، مەترسی خراپ بە کارهێنان لـە جەسـتەی بـۆ جووتبـوونی پێشوەختە و زۆرەملێ زیاترە.

وەک پێشتریش باسی کرا، لە کۆمەڵگای ئەفریقا هیچ ئافرەتێک نییە کە نـەتوانێ شـوو بکـات چوونکـە لێروانینـی کـەلتووری و بـەهاکان هـیچ پێگەیەکیان بۆ ژنی سـەڵت یـان بـێ منـداڵ ڕەچـاو نـەکردووە. هـەروەها خەڵک لەو بڕوایەدان کە هیچ کەس هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی خەتەنـە نەکراودا ناکات. کە واتە خەتەنە نەکرانی کچ، داهاتوویەکی شووم بۆ بەدی دێنێت و سەقەتکردنی ئەندامی زایەندی بۆ شووکردن پێویسـتە.لە درێـژەدا دوو جۆر لە باوترین شێوازەکانی ئاکاری زیانبەخشی نەریتیی ئاوێتە دەبـن و دەبنە هۆی بەردەوام بوونی توند و تیژی لە دژی ژنان.

لــە هەنــدێ لــە وڵاتانــدا ســەقەتکردنی ئەنــدامی زایەنــدی ژنــان، هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵانی لێ دەکەوێتەوە. لە هەندێ حاڵەتدا لە کۆمەڵگا نەریتییەکاندا پـاش خەتەنـە کـردن هاوسـەرگیریی منـداڵ ڕووی داوە.

بە گوێرەی بنیاتی پاراستنی کچان،[26] چاوەڕوانی ئەوە لە کچۆڵەکان دەکرێ کە پاش خەتەنە کردنیان لە تەمەنی کەم، بتوانن ڕۆڵی هاوسەر و دایکایەتی بگرنە ئەستۆ. بە پێی ڕاپۆرتی چاودێری مافە مرۆییەکان[27] لە هەندێ لە چین و توێژە ئتنیکییەکان کچان بە زۆرەملی خەتەنە دەکرێن بۆ ئەوەی بۆ هاوسەرگیری ئامادە بن. ژنانیش هاوشێوەی مندالان بەو باوەڕە گەیشتوون کە خەتەنە نەریتێکە کە بەڵگەیە بۆ سەر هاوسەرگیری پێشوەختەی مندالان. لەم دوو نەریتەدا مندالان بە شێوەی تراژێدیایی تێک دەشکێن و ئەمە پێشەکییەکی توندازۆ و قێزەونە بۆ نزیکایەتی جنسی.


هەر دووکیان لە سەر ئاستێکی بەربلاو گرێ دراون بە پێگەی کۆمەلایەتی، بەرپرسایەتی و ئابڕووی بنەماڵەیی - کە بە بایەخی ژن و مێردی کچ وەدەست دێن - . لە هەندێ لە گوندەکانی کنیای ناوەندی کچان وەک سەرچاوەی بژێوی و داهاتێکی هێندەی ئاژەڵ سەیر دەکرێن و جەرگبڕتر ئەوەیە کە کچێکی خەتەنە کراو لە ڕوانگەی گشتییەوە بایەخی پترە و بەو پێیەش مارەیی و نرخیان بەرزتر دەبێتەوە.

**ڕێژەی ئەو کەسانەی وا بۆ خەتەنە بڕیار دەدەن (پیاوان و ژنان)**

---

26. Keep the Girls Safe Foundation

27. HRW




زۆرێـک لـەو کۆمەڵگایانـەی کـە نـەریتی خەتەنـەی ژنـان پـارێزەر و نوێنەرەوەی ئابڕووی باوکەکانیانن هاوسەرگیری تەنیا گرێبەستی نێوان دوو کەس نییە بەڵکوو بڕیار و پەیمانی نێوان بنەماڵەکانە. وەها تێگەیشتنێک لـە

ئابڕوو و وەجی بنەماڵە پەیوەستە بە پاکداوێنی، کچێتی و ڕفتاری جـوانی ئەو ژنانـەی کـە لـە ڕێگـەی کـۆنترۆڵی تونـدی ڕفتـاری کۆمەڵایـەتیی و جنسییان بەرهەم هاتووە. ئەمە ورده ورده بۆتە هێمای شانازی بۆ بنەماڵـەی بـووکی منـداڵ و بنەماڵـەی وەرگـری مـارەیی (موقـەدەم، ١٣٨٣: ١٣٧ - ١٦٢).

سـەقەتکردنی ژنــان و هاوســەرگیری پێشــوەختە لەگــەڵ هــەژاری و خەسارهەڵگری جنسی لە پەیوەندیدان لە حاڵێکدا دایـک و باوکـەکان لـە هەمبـەر زەختـی ئـابووری و کۆمەڵایـەتی هـۆگری پشـتیوانی کـردن لـە کچەکانیانن. بنەماڵەکان ئەم دوو نەریتە وەک ڕێکـارێکی ئـەرێنی بـۆ زاڵ بوون بە سەر هەژاری لە پێکهاتەیەکدا سەیر دەکەن کـە ژنـان دەرفـەتێکی ئەوتۆی ئابووریی و پشتوانیی کۆمەڵایەتییان نییە. بەم شێوە بنەماڵـەکان لـە ڕێگەی خەتەنەی کچان و هاوسەرگیریی منداڵان بە نیازن کچـەکانیان لـە هەمبەر ئەم مەترسییانە بپارێزن.

هــەژاری، هۆکــاری ژێرخــانی ئــەقڵانی هاوســەرگیری پێشــوەختەی منداڵانە. بە ڕەچاو کردنی جیازاتی کەمی خوێندن بـۆ کچـان و دەرفـەتی سنووورداری ڕاهێنان و پیشە، دایک و باوک و هەندێ جار کچان خۆیـان، وەک بژاردەیەکی ئەقڵانی لە منداڵ هاوسەریی دەڕوانن. خەرج لـە لایـەن بنەماڵەی زاوا، دەتوانێ ببێتە یارمەتییەکی دارایـی بـۆ بنەماڵـەی کچـە؛ بـۆ نمونەی تێچووی «خۆشگوزەرانی بووک» کە لـە باشـووری ئێتیـۆپی زۆر باوە. ئەو کچانەی وا لە تەمەنی کەمدا شوو دەکەن بە ئەگـەری زۆر هـەژار بوون و هەژاریش دەمێننەوە و زۆرینـەی ئـەو کچانـەی وا قوربـانی منـداڵ هاوسەرین ناچار بە ژیانێکن کـە لـە سـۆنگەی دارایـی و کۆمەڵایەتییـەوە نەپارێزراو و لەقن. ئەم لێکدژییە ئاشکرایە لە سیستەمی زۆری ئەو دایک و

باوکانەدایە کە کچەکانی خۆیان لە تەمـەنێکی زۆر کـەم دەدەن بـە شـوو و پێیان وایە ئەمە ڕادەی ئاسایشی کچە و کـۆی بنەماڵـە بـەرز دەکاتـەوە. لـە کۆتاییدا هەژاریی پەرە بە منداڵ هاوسەریی دەدات کە ئەمەش دەبێتە هۆی مێینە سازی هەژاری. هاوسەرگیریی پێشوەختە بەشی دانەبڕاوی سیستەمی کـۆنترۆڵی پیاوسـالارانەی زایەنـدێتی ژنـە. لـە پێکهاتـەی زایەنـدی خەسـارهەڵگری تێگـەیێنراو، دایـک و باوکـەکان وا هەسـت دەکـەن کـە ڕیسـکی گیرۆدەبـوونی کچـەکانیان لـە پەیوەنـدی سێکسـی بـەر لـە هاوسەرگیری، نەخۆشییەکانی پەیوەندیدار بە جووتبوون وەک (HIV یـان ئایدز)، دووگیـانبوون، حـەیاچوون و لەکـەداربوونی ڕێـزی کۆمەڵایـەتی دەهێننە خوارەوە. لە بوارێکی کۆمەڵایـەتی بـە ڕادەی چـاوەڕوانی کـەم لـە ژیان، دایک و باوکەکان پێیان خۆشە هەتا ئەو کاتە خۆیان لە ژیاندا مـاون کچەکانیان بدەن بە کەسانێکی شیاو. هەڵبەت بابەتێکی لاوەکی دیکە لـەم نێوەندەدا بوونی هەیە ئـەویش ئەوەیـە کـە دایـک و بـاوک بـە شـوو دانـی پێشوەختەی کچەکانیان، هیواداران کە لە نەبوونی ئاسایشێکی کۆمەڵایەتی بەدیل، ئەوە نەوەکانیان بن کە لە تەمەنی پیریدا چاودێریـان بکـەن. منـداڵ هاوسەریی ژنان و کچان دەخاتە بەر دەم مەترسیگەلی تایبەتی وەک تونـد و تیژی جەسـتەیی، دەروونـی و زایەندی(جنسـی) لـە درێـژەی ژیانیـان. هاوشـێوەی پرسـی هاوسـەرگیری پێشـوەختەی منـداڵان، سـەقەتکردنی ئەندامی زایەندیی ژنانیش بەشێکە لە سیستەمی کۆنترۆڵی پیاوسـالارانەیە بۆ دامرکاندنی ئارەزوی زایەندیی ژنانە کە هـەوڵێتی سرووشـتی بـوونیی زایەند و ئارەزووی زایەندی لە پرۆسەی گەشە و ژنێتـی پشـتگوێ خـات. یەکێک لە گرنگترین لێکەوتەکانی سەقەتکردنی کۆئەندامی زایەندیی ژنان ئەوەیە کە ئەو ژنانەی وا قبووڵیان کردووە لە ئارەزووی جنسی، جەستەیی و

دەروونی بێبەشیان کراون. ئـەم ئـارەزووە زایەندیـە زۆرە کـە بەتایبـەت لـە پێکهاتەی ژیانی خانەدانیی و ڕەچەڵەکیی پێویسـتی بـە کۆنترۆڵـە، ئێسـتا وەک هەڕەشەیەکی جیدی لە قەڵەم دەدرێت. خەتەنەی ژنان لـەم بـوارەدا، دەوری ئامرازی کۆنترۆڵ کردنی ئارەزووی جنسی دەبینێت. کچان بەر لـە باڵقبوون خەتەنە دەکرێن و بەم شێوە دەبنە ملکەج و کۆڵەدەری مێردەکانیان (هیلاری بووریگ، ١٣٩٤: ٥٣). دایک و باوکـەکان هـەر بـەم هۆکارانـە خەتەنـەی ژنـان بـە سـوودمەند دەزانـن. پشـتیوانیش لـە هاوسـەرگیری پێشوەختە دەکەن بۆ ئەوەی ئارەزووی جنسی کچـەکانیان و بـە واتایـەکی دیکە لە ڕێگەی هاوسەرگیرییەوە ناموسـیان بپـارێزن. مـەخابن هـەر دوو نەریتەکە لە ڕاستیدا لە سۆنگەی کلتووری و ئابوورییەوە پشتڕاسـتکەرەوەی پیدۆفیلایە[8][2](هۆگری بۆ جووتبوون لەگەڵ منداڵان).

ـ سەقەتکردنی کۆئەندامی زایەندیی ژنان و هاوسەرگیری پێشـوەختەی منداڵان تەندروستیی دووگیانبوونی ژن دەخاتە مەترسییەوە.

ـــ لینجـەی ئەنـدامی زایەنـدیی ژنـان سیسـتەمێکی بەرگرییـە کـە کارکردەکەی چالاکردنەوەی وڵامە بەرگرییـەکانی خانەکانـە لـە ئەنـدامی زایەندی و ڕووکاری زاەرکی منداڵدان. ئەو هەلومەرجەی وا تێیدا کچە کەم تەمەنـــەکان نزیکـــی زایەنـــدی تـــاقی دەکەنـــەوە لەوانەیـــە ڕادەی خەسارهەڵگرییان بە هۆی هەوکردنەوە بەرز بکاتەوە. تێکـەڵبوونی جنسـی بەپەلە و دوور لە ڕێککەوتنی دوو لایانە دەتوانێ ڕێگری لـە دروسـتبوونی لینجە بکات کە ئەمەش بەش بە حاڵی خۆی دەتوانێ ببێتە هۆی دزەی ئەو ڤایرۆسانەی لینجە ڕێگری لە دزە کردنیان دەکرد . ئەمە زیانلێکەوتوویی و

2 . paedophilia 8

دڕانی بەرگی کۆئەندامی زایەندی لێ دەکەوتێەوە و ئاسـانکاری بـۆ هـاتنی ڤایرۆسەکان دەکات. ئەندامی زایەنـدیی ژنـە گەنجـەکان لـە کاتێـک کـە سووڕی مانگانە دەست پێ دەکات هێشتا بە تەواوەتی گەشەی نەکردووە و باڵق نەبووە. ئەگەرچی لینجەی دیوارەی پەردە لە لۆیەکی ناسـکی یەکـەی خانەیی بۆ دیوارەیەکی چەندلۆ و ئەستوور گـۆڕانی بـە سـەر دێـت، وەهـا وەرچەرخانێک هەتا کۆتایی مێرمنـداڵی و دەسـتپێکی دەیـەی دووهـەمی ژیانیان بەتەواوی گەشە ناکات (ڕێید و بیلی، ١٣٧٦).

ئێش لە کاتی جووتبوون و نەزۆکی لێکەوتەکانی دیکەی هاوسـەرگیری پێشوەختەی منداڵانە. هەرچی کچ لە یەکەم کـاتی جووتبوونیـدا گـەنجتر بێ، لە ئەزموونی پەیوەندی جنسی زۆرەملێ، پێشوەختە و پەیتا پەیتا کە بە ئەگەری کەمتر ڕێککەوتن و ڕەزایەتی هەردوولای لەگەڵە ،زۆرتر بە هـۆی ئازار، زیـانی جەسـتەیی، خەسـارەت و لێکەوتـەی دڕان دەناڵێنێـت. بـەو حاڵەوە ڕاستی وشـک و ڕەقـی پزیشـکی ئاسـەواری دڵتـەزێنی تێپـەڕینی منداڵێک کە لـە ڕووی جەسـتەییەوە نابالْقـە بـۆ دنیـای نزیـک بوونـەوەی زایەندی بە تێر و تەسەلی شی ناکاتـەوە. لـە باشـووری ئاسـیا کـە سـاڵانە ملیۆنان کچۆڵە شوو بە پیاوانێکی چەند ساڵ لە خۆیان بەتەمەنتر دەکـەن، مەترسی بە هۆی چالاکی جنسی پێشوەختە و ناچاری، وەک دووگیانبوون بەرۆکیان دەگرێت (میسۆر و هاوکاران، ١٣٨٢).

لە حاڵەتەکانی خەتەنەدا، ڕێژەی گشتی دووگیانبوون و ڕێـژەی مردنـی ساواکان لەو دایکانەی وا خەتەنە کراون بە پێی جۆری خەتەنە بـە شـێوەی مانادار و بەرچاو زیاتر لە ڕێـژەی ئاسـاییە (تۆبیـا، ١٣٧٣: ٧١٢ – ٧١٦). توێژینەوەیەکی دیکە هەڵکشانی خواست بۆ ژیاندنەوەی ئەو منداڵانەی وا دایکیان خەتەنەی جۆری سێیەم کراوە، بە شێوەیەکی سەرسام هێنەر ٦٦ لە

سەد هەڵسەنگاند. بە هەمان شێوە ڕێژەی مردنـی ئـەو سـاوایانەی کـە لـە دایکانی خەتەنە کراوەوە لە دایک دەبن لە کاتی زایـن یـان دەسـت بـەجێ پاش ئەو لە منداڵانی دیکە زیاترە. کێشـەی سـاوایان زیـاتر لـە ئـەنجامی وەستاندنی زایـین[29] یـان زایینـی درێژمـاوە[30] ڕوو دەدات کـە ئەگـەر تـاوتوێ نەکرێ، لەوانەیـە ببێتـە هـۆی دیستریێسـی کۆرپەلـە[31] کـەمیی ئۆکسـیجن گەیاندن بە شانەکانی لەش و بەداخەوە مەرگی کۆرپەلە.

هاوســەرگیری پێشــوەختەی منــداڵان و ســەقەتکردنی کۆئەنــدامی زایەندیی ژنان پایەدارترین نەیارانی پێگە و ئاسایشی ژنن کە هاوکـات دوو دەسەڵاتی پاراستن - زاڵێتی پیاوانە و ڕاگرتنی سەرکووتکەرانەی ژنانە. هـەر دووکیان لە ژێر دەمامکی هەندێ نەریتدا پەرە بە توند و تیژی بەپێی زایەند دەدەن کە بە درێژایی زەمـەن لـە نـاو کـەلتوورێکی پیاوسـالارانەدا بـەدی هاتوون.

کاتی ئەوە هـاتووە کـە خەتەنـەی مێینـە و هاوسـەرگیری پێشـوەختەی منداڵان بخەینە ڕیزی جۆرەکانی توند و تیـژي لـە دژی ژنـان. ئامارەکـان ئەوە دەردەخەن کە ٤٢ لە سەدی ژنان لە ئەفریقا کە لـە گرووپـی تەمـەنی ١٥ بۆ ٢٤ساڵانن، بەر لە گەیشتن بە ١٨ ساڵان هاوسەرگیریان کـردووە و ٤٨ لـە سـەدی ژنـان لـە باشـووری ئاسـیاش لـە هـەمان بارودۆخـدان (یوونیسێف، ١٣٨٤). بە ڕەچاوکردنی ئـەوەی کـە ئـەم کچانـە لـە پێشـدا خەتەنە کراون و ئینجا هاوسەرگیریان کردووە، دەستخستنی ئەم تێگەیشتنە دڵتەزێنە کـە خەتەنـەی ژنـان ڕێخۆشـکەری هاوسـەرگیری پێشـوەختەی

---

29. Obstructed
30. prolonged labour
31. foetal distress

منداڵانە، حاشاهەڵنەگر دەکات.

ئەوەی دیارە ئەوەیە کە ناتوانرێ بە تەنیا داب و نەریتی خەتەنەی مێینە و منداڵ هاوسەریی لێک بدەینەوە چوونکە یەکێکیان پێویستی ئەوی تریانە. خەتەنـەی ژنـان و هاوسـەرگیری منـداڵان نـە هۆکـاری نایەکسـانیەکانی زایەندی بەڵکوو هۆداریانە.

## هاوسەرگیریی پێشوەختە و چەن هاوسەری[32]

هاوسـەرگیری هەمیشـە خـاڵی گرینگـی ژیـانی هـەموو کەسـێکە و بـە ساتەوەختی شادی و ئاهەنگی ئەو سەیر دەکرێـت. هاوسـەرگیری کـردن، سەرچەشنێکی جێگیرە کە بە ئامانجی یەکێتی و پشتبەستنی دوو لایەنە بـۆ وەدیهێنانی پەیوەندی سۆزداریی بنەماڵە پێک دێت (بـانکۆڵ و هاوکـاران، ١٣٨٤). «یەک هاوسەری»[33] بە پەیوەنـدی ژن و مێـردی نێـوان دوو کـەس دەوترێت و لە بەرامبەردا «فرەهاوسەری»ـــمان هەیـە واتـە هاوسـەرگیری لەگەڵ چەندین هاوسەر (دۆگلاس، ١٣٩٥). بە پێچەوانەی هاوسـەرگیری کە هەمیشە تێکەڵ بـە ئاهـەنگ و ڕێورەسـمی تایبەتـە، لـە هاوسـەرگیری پێشوەختەی منداڵان و فرەهاوسەری ئەم ئاهەنگانە بوونیـان نییـە. هێنـانی چەند ژن لە زۆرێک لە وڵاتان بەتایبـەت لـە ئـەفریقا (هەڵبـەت نـە تـەنیا ئەفریقا) زۆر بەرچاوە.

لە زۆربەی وڵاتانی ئەفریقایی جگە لە ئۆگاندا (کە تێیدا ٣٦ لە سـەدی ژنان لە شارەکاندا هەوێیان هەیە، لە چاو ئاماری ناوچە گوندییەکانـدا ٣٢ لە سەدە)، ڕێژەی فرە هاوسەری لە گوندەکاندا زیاترە تا لە شارەکاندا. ئـەم

---

3 . polymagy — 2

3 . monogamy — 3

چەشنە هاوسەرگیرییانە زیاتر لە ناو ژنانی ٢٠ لە سەد هەژاردا ڕوو دەدا تا ژنانی ٢٠ لە سەد دەوڵەمەندی چینی سەرەوەی کۆمەڵگا. کەمخوێندەواری زۆر لەگەڵ فرەهاوسەری هاوپەیوەندە. ئەو ژنانەی خوێندەوار نین لە چاو ئەو ئافرەتانەی وا لانیکەم خوێندنی سەرەتاییان هەیە، ئەگەری ئەوەی کە کەوتبێتنە ناو ژیانی هەوێیەتییەوە زۆرترە، هاوکات لەگەڵ هەڵکشانی ئاستی خوێندەواریی کچان، ڕێژەیان لە هاوسەرگیرییە فرەژنییەکاندا دادەبەزێت. زۆربوونی مەودای تەمەنی نێوان ژن و مێرد لە هاوسەرگیری چەن هاوسەری، زۆر لە هاوسەرگیری تاک هاوسەری زیاترە. لە وڵاتی نیپاڵ تەنیا ٣ لە سەدی ئەو ژنانەی کە دایک و باوکیان مەودای تەمەنیان ٠ – ٤ ساڵە، لە ژیانێکی چەن هاوسەریدا دەژیان.

لە حاڵێکدا ئەم ڕێژەیە بۆ ئەو ژنانەی کە مەودای تەمەنی دایک و باوکیان ١٠ ـ ١٤ ساڵ گەورەتر بوو و ئەو ژنانەی وا مەودای تەمەنی دایک و باوکیان ١٥ ساڵە، بە ڕیز ٩ و ٢٠ لە سەدە. لە ماداگاسکار و نامیبیا ڕێژەیەکی زۆری کچان لە چاو پشکی گشتیی ژنان لە حەشیمەت، چووبوونە ژیانی چەن هاوسەرییەوە، ئەمە ئەوە دەگەیێنێ کە وەها نەریتێک لەم وڵاتە ناوزەدکراوانەدا ڕووی لە زیادبوونە.

کاتێک لە ڕوانگەی هاوسەرگیری منداڵانەوە لە چەن هاوسەری دەڕوانین، ئەم نەریتە وەک مۆڵەتێک بۆ بەرەڵایی جنسی و لادانی بەرچاو لە مافەکانی ژن خۆی دەنوێنێ. کومیتەی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی ڕوونی دەکاتەوە کە چەن هاوسەری دژی ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی سەبارەت بە مافە سیاسی و مەدەنییەکانە. لە نەریتی چەن هاوسەریدا مافی یەکسانی لە هاوسەرگیری ڕەچاو ناکرێت، واتە لە

کردەوەدا، فرەهاوسەری لە فرەژنیدا تەسک دەبێتەوە و ئەمە پێشێلکردنی پێگە و ڕێزی ژن بووە و دەبێ نەمێنێت.[٣٤] سەیرە ئەوە بزانین کە زۆرێک لە وڵاتانی موسڵمان نشین کە فرەهاوسەری تێیدا باوە، وەک عەرەبستانی سعوودی، ویلایەتە یەکگرتووەکانی عەرەبی، قەتەر، مالیزی، برۆنێیی، عومان و سوودانی باشووری ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی مافە سیاسی و مەدەنییەکان[٣٥]یان واژۆ نەکردووە. فرەهاوسەری و هاوسەرگیری پێشوەختە بە واتای ژیانێکی پڕ لە ملکەجی زایەندی، کۆیلایەتی ئابووریی و ئەنجامدانی بڕێکی زۆری ئیشە قورسەکانی ناو ماڵە.ئاسەواری ڕووخێنەری منداڵ هاوسەری و فرەهاوسەری سەرەڕای ڕاستییە زیانبەخشەکانی، پشتگوێ خراوە. پانتای ئاسەوارە نەرێنییەکانی لە وازهێنان لە خوێندن و لێزەوتبوونی هەر چەشنە دەرفەتێکەوە بگرە تا دەگاتە دەستنەخستنی لێهاتوویی بۆ بردنە سەری ژیان و پیشە، کەمبوونەوەی ئاستیی تەندروستیی پێویست و کۆتایی هاتنی ژیانێک کە دەیتوانی بە پێی تەمەن و سۆزیی ژن و مێردیی بەدی هاتبایەت. پەیوەندیی سەپێنراوی فرەهاوسەریی، تێکەڵبوونی زایەندی دەکا بە خزمەت و کاڵایەکی چاوەڕوان کراو. کچان دەبنە خاوەن چەندین منداڵ و کوڕ. پیاوێک لە جیهانی میانەڕۆی پیاوسالاری خۆیدا بە بوونی چەندین ژن ڕێز و پێگەی دەبێ و سوودی خاوەندارێتی چەندین ژن دەبێتە پێگەیەک کە لە ڕێگەی ئەوەوە سوودی ئابووری وەدەست خات. ژنان دەخرێنە پاڵ چینێکی ئاست نزم لە کۆمەڵگادا کە ڕێزیان تەنیا بە هۆی ئیشی ناوماڵ و

---

٣٤ـ یەکسانی مافەکانی نێوان ژنان و پیاوان / زانکۆی مینە سۆتا، کتێبخانەی مافە مرۆییەکان
.

3 . ICCPR 5

زک و زایە.

شوناسی فرەهاوسەری خاڵێکی وەرچەرخانی تەوەرییـە بـۆ تـوێژەرانی بــواری هاوســەرگیریی منــداڵان؛ چوونکــە ئــەم بابەتــە بگــۆڕێکی دەستێوەردەرانە بە پلەیەکی زۆر لە ئاسەواری نەرێنی توند و تیژی ناو ماڵ، ڕێژەی زۆری زک و زا و کەوتنە بەر نەخۆشـییەکانی کـاتی جووتبـوون بـە هۆی ڕێژەی زۆری ژنەکانیەوە. ئەو کچانـەی وا نـازانن چـۆن ڕێگـری لـە ئایدز (HIV) بکەن، لە چاو ئەو کەسانەی وا لەم بارەوە ئاسـتی وشـیاریان بەرزترە، ئەگەری زۆرە تووشی وەسڵەتی چەن هاوسەری ببنەوە.

ڕیسـکی زۆری خـراپ بـە کارهێنـانی پەیوەنـدی جنسـی زیـاتر لـەو حاڵەتانەدا بەدی دەکرێ وا کچان شـوو بـە پیاوێـک دەکـەن کـە ئـەویش هاوشێوەی خۆیان منداڵە. بە سەرنج خستنە سەر منـداڵبوونی زاوا، دیـارە کــچ زۆر پــارێزراو نییــە و ئەمــە بــە تونــدی دەیخاتــە بــەر دەم زیانــە تونداژۆییەکان، خراپ بە کارهێنـانی پەیوەنـدیی زایەنـدی و بێڕێـزی لـە لایەن پیاوە گـەورەکانی نـاو بنەماڵـە وەک خـەزوور، شـووبرا و مامـەکان (یوونیسێف، ڕاپـۆرتی زنجیـرەی ١١٣٨٤ - ١٣٨٥). زۆرێـک لـە کچـان ڕووبەڕووی بڕیاری زۆرەملێ، نزم بوونەوەی چانسی درێـژەدان بـە ژیـان و گۆڕانی خێرا دەبنەوە کە لە کچۆڵەیەکەوە کـە ئێسـتا هاوسـەرێکی منداڵـە، دەیانکا بـە دایکـانێکی منـداڵ. دیـاردەی گشـتگیری فرەژنـی کچۆڵـەکان لایەنێکی پەستی چەن هاوسـەرییە. هاوسـەرگیری پێشـوەختەی منـداڵان ڕێگەی گێڕانەوەی چەن هاوسەری خۆش دەکـات. بـەو پێیـەی لـە نێـوان چەن هاوسەری و هاوسەرگیری پێشوەختە و هەژاری پەیوەندییەکی پتەو لە ئارادایە، ئاماژە کردن بەم خاڵە کە ئـەم گێڕانەوانـە گرێـدراون بـە یـەکترەوە کەمتر لە پیاوەتی نییە و هەروەها ئەوەش گرینگە کە پیداگری بکەمـەوە کـە

لە زۆرێک لە وڵاتان کە پرسەکانی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان و چەن هاوسەری بە شێوەی هاوکات و بە ڕەزامەندی نابەدڵ بەدی دەکرێت، گۆڕانی خێرای هەرێمیش دەبێتە هۆی قاتی خۆراک، زیادبوونی هەژاریی و هەڵکشانی حەشیمەت و هەر هەموو ئەمانە بارگرانییەکی دووقاتن بۆ سەر ژێرخانی سستی ئابووری کۆمەڵگا (بنیاتی فۆرد، ١٣٩٢). نەریتی چەن هاوسەری زۆر لێکەوتەی کۆمەڵایەتی لێ دەکەوێتەوە چوونکە نەک هەر ڕێژەی ئەندامانی بنەماڵە زۆر دەبێت بەڵکوو باری سەر شانی دایک و باوکیش قورستر دەبێت و لە ئەنجامدا ناچاریان دەکات بۆ دەرباز بوون لەم دۆخە کچە پێنەگەیشتووەکانیان بدەن بە شوو. هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان و چەن هاوسەری لێرەدا وەک ستراتیژی بەرەنگار بوونەوەی ئابووریی و سووککردنی سەری بنەماڵە دێتە هەژمار.

بە هەمان شێوە لە کەلتوورە نەریتخوازەکاندا هاوسەرگیری منداڵان هۆکاری دیاری پەیوەندییە ناڕەواکانی دەرەوەی بنەماڵەیە. کوڕان لە قۆناغێکی ژیانیاندا دەگەنە ئەو باوەڕەی کە لە هەڕەتی منداڵیدا هیچ چێژێکیان لە ژیان نەبردووە و ئێستا لە پەیوەندی دەرەوەی ژن و مێردی دەوروژێن و ڕوو دەکەنە نۆڕمە نائەخلاقییەکانی کۆمەڵگا. هەر کات کوڕان باڵق دەبن و بە نیازی دۆزینەوەی هەلی کارێک گوند بەرەو شار بە جێ دێڵن، لەوانەیە هۆگری کچێکی دیکە بن. و ئەمە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی حاڵەتی دووژنی یان چەن هاوسەری. لەم حاڵەتانەدا هاوسەری یەکەم - کە لە تەمەنی منداڵیدا شووی پێ کردووە - زۆر جار لە ماڵەوە دەردەکرێ و بێڕێزی پێ دەکرێ. ئەمە ئەو کاتەیە کە منداڵ هاوسەری و چەن هاوسەری هەڵوێستێکی بێبەزەییانەتر دەگرێتە خۆی. هاوسەرگیری پێشوەختە هۆکاری سەپاندنی هەموو جۆرەکانی توند و تیژی

دژ بە ژنانە (یوونیسێف، ڕاپۆرتی زنجیرەی ١٣٨٤ - ١٣٨٥).

زۆرێک لە پیاوان بە نهێنی هاوسەرگیری لەگەڵ ژنانی دیکە دەکەن، کە ئەمە بابەتی لێکدانەوەی وردی دۆخی چەن هاوسەری ئەستەم دەکات. لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە لانیکەمی تەمەنی هاوسەرگیری دیاری کراوە، زۆرێک لە حاڵەتەکانی فرەژنیی و زۆربەی هاوسەرگیرییە پێشوەختەکانی منداڵان بە شێوەی فەرمی تۆمار ناکرێن (یوونیسێف، ١٣٨٤) و هەندێ لە دایک و باوکەکان تەمەنی کچەکانیان دەگۆڕن. شانسی چەن هاوسەری لەم ڕێگەوە بۆ پیاو بەرز دەبێتەوە چوونکە ئەو دەتوانێ بەدەر لە کچێکی گەنج چەند ژنی دیکەش بێنێت. ئەم چەشنە کارانە لە ناوچە گوندییەکان کە زۆر جار بەڵگەی لە دایکبوون بوونی نییە یان ڕاست تۆمار نەکراوە زۆر ئاسانتر ڕوو دەدات (یوونیسێف، ٢٣٨٤). بە پێی ئەوەی کە بەڵگەی هاوسەرگیری بەڵگەیەکی شوناسی و ناسینەوەی گرینگە، نەبوونی وەها بەڵگەگەلێک زیاتر لێکەوتەی دڵتەزێنی منداڵ هاوسەری و چەن هاوسەری لێ دەکەوێتەوە.

لە پێداچوونەوەی یاسا و ستراتیژە یاساییەکان بۆ بەرەنگار بوونەوەی منداڵ هاوسەری و چەن هاوسەری، پێویستە ئەزموونی تاڵی ژنان کە لە یاسادا ڕەچاو ناکرێت، پیشان بدرێت.

## چاوخشاندنێک بە پەرەسەندندنی جیهانی منداڵ هاوسەری

منداڵ هاوسەری پرسێکی جیهانییە کە لە هەر سووچێکی ئەم جیهانەدا، لە خۆرهەڵاتی ناوەراستەوە بگرە تا دەگاتە ئەمریکای لاتین، باشووری ئاسیا و ئەورووپا بەدی دەکرێت. توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن ئەمە نەک هەر لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا بوونی هەیە، بەڵکوو سەپێنەرەکانی، بە ڕووگەشی و بە دڵەوە ئەم کارە دەکەن چوونکە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەم

داب و نەریتـە پێگـەی هەیـە (گـافنی ڕەیـس، ١٣٨٩). بـە پێـی ڕاپـۆڕتی ڕێکخـراوی «کـچ نـە بـووک»[٣٦]، ئەگـەر ڕەوتـی هاوسـەرگیری منـداڵ دانەبـەزێت، لـە سـاڵی ٢٠٥٠ ئامـاری جیهـانی هاوسـەرگیری منـداڵان دەگاتـە١٫٢ مليـارد. بـەم حاڵـەوە لـە بـاری ڕێـژەوە، زیـاترین ڕێـژەی هاوسەرگیری منداڵان لە باشووری بیابانی ئەفریقا و باشووری ئاسـیا چـڕ بۆتەوە. ئەم دوو ناوچە وەک ناوەند و تـەوەری هاوسـەرگیری پێشـوەختەی منـداڵان ناسـراون. لـە وڵاتـانی ڕوو لـە گەشـە، ڕەوتـی هاوسـەرگیری مێرمنداڵان بـاوە و تـا دێـت زیـاتریش دەبێـت. بـەها کۆمەڵایەتییـەکان و چەمکی چوارچێوەیی دۆخـی خـوازراو وای کـردووە ژنـانی گـەورەتر بـۆ هاوسەرگیری دڵخواز و پەسندکراو نەبن. بە پێی سەرژمێری سـاڵی ١٣٦٩ لە هێندوستان، نزیکەی ٥ لە سەدی کچان لە نێوان ١٠ – ١٤ ساڵان و پتر لە ٣٥ لە سەدی کچان لە تەمەنی ١٥ – ١٩ ساڵان هاوسەرگیریان کردووە. بە گوێرەی سندووقی حەشیمەتی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی، ٥١ لـە سـەدی ژنان لە بەنگلادش و ٧٤ لە سەدی ژنـان لـە نـەیجر بـەر لـە تەمـەنی ١٨ ساڵان شوویان کردووە (سندووقی حەشیمەتی ڕێکخـراوی نێونەتـەوەیی، ١٣٩١). لە هەندێ بەشی تایبەتی ڕۆژاوای ئەفریقا، ڕۆژهەڵاتی ئـەفریقا و باشووری ئاسیا هاوسەرگیری بـەر لـە بـاڵقبوون پرسـێکی نائاسـایی نییـە (پێشەنگی نێودەوڵەتی، ١٣٨٥). لە باکووری ئەفریقا، خۆرهەڵاتی ناڤین و دیکەی ناوچەکانی ئاسیا هاوسەرگیری دەستبەجێ پاش باڵقبوون بەشـێکە لە نەریت و تا ڕادەیەکی زۆر لـە نـاو دڵـی کلتـووردا خـۆی حەشـار داوە. ئەمریکای لاتین و ئەورووپای ڕۆژهەڵاتیش لەم نەریتە بەدەر نین و لـەوێ

---

3 . Girls, not brides 6

کچانی مێرمنداڵ لە تەمەنی ١٦ بۆ ١٨ ساڵان هاوسەرگیری دەکەن. ئەم چەشنە هاوسەرگیرییانە زیاتر وەک هاوسەرگیریی زۆرەملێ سەیر دەکرێن چوونکە ئەم مێرمنداڵانە بە بێ ڕەزامەندی لە هەڵبژاردنی هاوژینی ژیانیان ناچار بە هاوسەرگیری دەکرێن. هەر بۆیە، هاوسەرگیری پێشوەختە بە هاوسەرگیری زۆرەملێ و سەپێنراو ناوزەد دەکرێت (کلارک، چ.ن).

بەڵگە ئامارییەکان ئەوە دەردەخەن کە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان ڕووی لە داکشانە بەڵام ئەم پرۆسە ڕوو لە کەمییە لە ناوچە و وڵاتە جیاوازەکاندا نایەکسانە. لە خۆرهەڵاتی ناوەراست و ئەفریقای باکوور ڕێژەی ئەو ژنانەی وا لە خوار تەمەنی ١٨ ساڵان هاوسەرگیریان کردووە لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا هەتا ئاستی نیوە دابەزینی بە خۆوە بینیوە، واتە لە ٣٤ لە سەدەوە گەیشتووەتە ١٨ لە سەد. لە باشووری ئاسیا ئاماری هاوسەرگیری پەیوەست بە کچانی ژێر تەمەن ١٥ ساڵ لە ٣٢ لە سەدەوە بۆ ١٧ لە سەد داتەپیوە، بەڵام سەرباری ئەمە هاوسەرگیری کچانی ژێر تەمەنی ١٨ ساڵ هێشتا بەردەوامە. سەرەڕای ئەوەی بە گشتی لە ئەمریکای لاتین و دوورگەکانی کاراییب ڕێژەی هاوسەرگیری منداڵان کەمترە، بەڵام لە ئەنجام و ڕێژەی منداڵ هاوسەری هیچ جیاوازی و گۆڕانێکی ئەوتۆی مانادار بەدی نەکراوە. لە ئەندۆنسیا و قاهیرە مەترسی هاوسەرگیری ژێر تەمەنی ١٨ ساڵ لە چاو سێ دەیەی ڕابردوو بۆ پتر لە ٥٠ لە سەد کەم بۆتەوە. لە ئێتیۆپی تەمەنی هاوسەرگیریی ژنان ٢٠ بۆ ٢٤ ساڵە، لە چاو ژنانی هاوتەمەنیان لە سێ دەیەی ڕابردوودا، بۆ سێ ساڵ بەرز بووەتەوە (یوونیسێف). سەرەڕای قازانجەکانی کەمبوونەوەی ئاماری هاوسەرگیری منداڵ، خێرایی دابەزینی ڕێژەکان هێندەی پێویست خێرا نین کە لەگەڵ هەڵکشانی ڕێژەی حەشیمەت یەکسان بێت، بۆ نموونە لە هەندێ لەو

وڵاتانەی کـە هاوسـەرگیری منـداڵان بـاوە، وەک بۆرکینافاسـۆ و نـەیجر، مامناوەندی تەمەنی یەکەمین هاوسەرگیری گۆڕانێکی ماناداری نەبووە. لـە بۆرکینافاسۆ بڕەوی منداڵ هاوسەری لە درێژەی سێ دەیـەی ڕابـردوودا لـە ٥٠ لە سەددا جێگیر بووە. ئەگەر ئەم ڕەوتە هەروا بمێنێتەوە، ڕێژەی بووکـە منداڵەکان لەگەڵ هەڵکشانی حەشیمەت لە ساڵانی دواتـر بـەرز دەبێتـەوە (هەمان). لەو وڵاتانـەی کـە داب و نـەریتی منـداڵ هاوسـەری بڕەوێکـی زۆری هەیە، خێرایی دابەزینی سەپاندنی ئەم کارە دەبێ وەها بـەرز بێتـەوە کە بتوانێ زۆربوونی ڕێژەی حەشیمەت هاوسەنگ بکـات. ڕێـژەی زۆری هاوسەرگیری منداڵان هێشتاش لە ناو هەژارترین کۆمەڵگاکاندا هەر هەیـە (یوونیسێف، ١٣٩٤). سەیرە هاوسەرگیری پێشـوەختەی منـداڵان هێشـتا هەر دیاردەیەکی باوە. لە سـاڵانی ١٣٦٤، ٣٣ لـە سـەدی کچـان بـەر لـە چوونە ناو تەمەنی ١٨ ساڵان و ١٢ لە سـەدی کچـان بـەر لـە ١٥ سـاڵان هاوسەرگیریان کردووە. لە ساڵانی ١٣٨٤ هەتا ١٣٨٥ پتر لە دوو لـە سـەر پێنجی ژنانی تەمەن ٢٠ بۆ ٢٤٢٤ ساڵە بەر لە ١٨ سـاڵان هاوسـەرگیریان کردووە. هەتا ساڵی ١٣٨٩ ئەم ڕێژە بە ڕیز بـۆ ٢٦ لـە سـەد و ٨ لـە سـەد دابەزی. (گـافنی ڕەیـس، ١٣٩٠). ئەمـە کچـە مێرمنداڵـەکانن کـە دەبنـە قوربانی بەرگە گرتن لە هەمبەر بەرکەوتنی فیزیایی و ئێحساسی ئەم نەریتـە پیاوسالاریی و دڵڕەقانـە، چوونکـە ئـەوان لـە دۆخێکـدا نـین کـە بتـوانن ڕەزامەندی یان ناڕەزامەندی خۆیان دەرببڕن.

ئامارەکـان بـارودۆخێکی دڵتـەواز پیشـان نـادەن، بـە پێـی ڕاپـۆڕتی سندووقی حەشیمەتی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی، لە وڵاتانی ڕوو لە گەشە لە کۆی هەر سێ کچ کچێک لە مێرمنداڵیدا هاوسەرگیری دەکات، کە دەبێتە ٣٤ لە سەدی حەشیمەتی ئەم گرووپە تەمەنییە. بە ڕەچاوکردنی ئەم ڕەوتە،

وەها مەزەندە کراوە کە هەتا ساڵی ٢٠٢٠، ١٤٠ ملیۆن کچی ژێر تەمەن ١٨ ساڵ و ١٥ ملیۆن کەسیان خوار تەمەنی ١٥ ساڵان هاوسەرگیری دەکەن. هەموو ساڵێک ١٤ ملیۆن و هەموو ڕۆژێ ٣٩ هەزار کچ شوو دەکەن. لە وڵاتانی ڕوو لە گەشە لە کۆی هەر ٩ کچ، یەکێکیان بەر لە تەمەنی ١٥ ساڵان شوو دەکات. ئەنجامی بەراوردەکان ئەوە دەخەنە ڕوو کە ئەگەر سەرچەشنی هاوسەرگیری بە نەگۆڕیی بمێنێتەوە، لە ماوەی ١٠ ساڵدا زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن ئافرەتی کەم تەمەن لە تافی مێرمنداڵیاندان (بەر لە تەمەنی ١٨ ساڵان) هاوسەرگیری دەکەن و بە شێوەی مەزەندە کراو ١٤ ملیۆنیان تەمەنیان خوار ١٥ ساڵ دەبێت. سندووقی حەشیمەتی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی، ڕایگەیاندووە کە لە نێوان ساڵانی ٢٠١١ هەتا ٢٠٢٠، پتر لە ١٤٠ ملیۆن کچ دەبن بە بووکی کەم تەمەن (سندووقی حەشیمەتی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی، ٢٠١٢).

ئەورۆ لە جیهاندا، بە شێوەی مەزەندەیی ٥٨٠ ملیۆن کچی مێرمنداڵ هەن کە ٨٨ لە سەدیان لە وڵاتانی ڕوو لە گەشە دەژین. لە ئێستادا لەم وڵاتانەدا ٢٠ هەزار کچی ژێر تەمەنی ١٨ ساڵان هاوسەرگیریان کردووە. ئەگەر ئەم کارە بە ڕەوتێکی یەکسانەوە بڕواتە پێشەوە، بە ئەگەری زۆر هەتا ساڵی ٢٠٣٠، ١٥ ملیۆن منداڵ دەبنە دایکانێکی کەم تەمەن.

لە هاوسەرگیری پێشوەختە، کچان زیاتر لە بەر دەم مەترسی هەژاری و ناتەندروستیت زایەندی و دووگیانین. توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن کە زۆربەی ئەو کچانەی وا لە تەمەنی کەمدا شوو دەکەن، چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکرێ کە دەستبەجێ دووگیان بن، ئەوان لە ژێر زەختی توند بۆ خستنەوەی منداڵ - باشتر وایە کوڕ بێ – دان. بۆ ئەوەی بایەخی دووگیانبوونی خۆیان بسەلمێنن. ئەمە تراژێدیایەکی دڵهەژێنە بۆ ژیانی

دایکان (کە خۆشیان هێشتا منـداڵن) و بـۆ منداڵـەکانیان (نـوور ٢٠٠٦). ساڵانە ٧٠٣ ملیۆن کچی ژێر ١٨ ساڵ منداڵ دەخەنـەوە و لـە ناویانـدا ٢ ملیۆن کەسیان تەمەنیان ژێـر ١٤ سـاڵە. لـە سـۆنگەی ئاماریـیـەوە مـەرگی دایکان لە کاتی زایندا لـە چـاو ئـەو ژنانـەی کـە خـوارتر لـە تەمـەنی ٢٠ ساڵاندا منداڵیان بووە، ٥٠ لە سـەد پتـرە. سـاڵانە ٧٠ هـەزار کـەس لـەم ساوایانە کەمێک پاش لە دایکبوون دەمرن و ٣٠٢ ملیـۆن منـداڵ ناچـارن منداڵ لە بار ببەن.


دە وڵات زیاترین ڕێژەی هاوسەرگیری منداڵ لـە خـۆ دەگـرن: نـەیجر ٧٥ لە سەد، چاد و کۆماری ئەفریقای ناوەندی ٦٨ لـە سـەد، بـەنگلادش ٦٦ لە سەد، غینا ٦٣ لە سەد، موزامبیک ٥٦ لە سەد، مالی ٥٥ لـە سـەد، بۆرکینافاسۆ و باشووری سـوودانی ٥٢ لـە سـەد و مـالاوی ٥٠ لـە سـەد. ئەگەرچی باوبوونی منـداڵ هاوسـەری لـە وڵاتـی هێندوسـتان، ڕکـۆڕدی بەرزترین ڕێژەی تۆمارکراوی هاوسەرگیری منداڵانی نییە، بەڵام ڕەهەنـدی پەتی حەشیمەتەکەی ئەوە دەگەیێنێ کە وڵاتـی هیندسـتان یـەک لـە سـەر سێی منداڵ هاوسەرانی دنیای بۆ خۆی مسـۆگەر کـردووە - واتـە زیـاترین ڕێژەی لە کۆی وڵاتانی دیکەی دنیا (کلاگمەن و هاوکاران، ٢٠١٤).

«خەسووم پێی وتم تۆ نەزۆکی، سوێند دەخۆم. منیش بۆ متمانە کردن بە وتەکانی ئیتر حەبەکانم نەخوارد و پاش دوو مانگ دووگیان بووم. دواتر زانیم بە قەستی ئەم قسەی کردووە بۆ ئەوەی منداڵم ببێت. پێم خۆش بوو لە دۆخێکی جیاوازدا منداڵم ببێ نەک لەم هەژارییەدا و حەزم لێ بوو منداڵەکەم بە ئاواتەکانی بگات. خۆم کەمخوێنم و زۆر لاوازم.»

وڵامدەری ژن، ٣٢ ساڵە

ئەهواز، گەڕەکی ئال سافی

**دە وڵات بە زیاترین ڕێژەی منداڵ هاوسەری**



## پێداچوونەوەیەک بە ئەدەبیاتی لێکۆڵینەوە

سەبارەت بە ئاماری زۆری منداڵ هاوسەری لە هەژارترین یان گەشەنەسەندووترین وڵاتان، بەتایبەت لە ناو چینی نزم بە سەرچاوەی کەمی لەبەردەستیان، بەرهەم و نووسراوەی زۆر کەم و سنوورداره. خەڵک لەم کۆمەڵگا و کلتوورانەدا «کوڕان» لە یەکەمایەتیدا دادەنێن، کە واتە هاوسەرگیری پێشوەختە بە کردنی کچان بە بەرپرسی ئابووری مێردەکانیان، وەک تاکە ڕێگەی لوواو بۆ کەمکردنەوەی دەردەسەری ئابووری سەیر دەکرێن. لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا سەبارەت بە هاوسەرگیری منداڵان زۆر لێکۆڵینەوەی باش ئەنجام دراون کە تێکۆشاون لەم دیاردە تێبگەن و بەرەنگاری بنەوە و هەندێ لە هۆکارە کاریگەرەکان و لێکەوتەکانی شرۆڤە بکەن (گلاکمەن و هاوکاران، ۲۰۱٤/۱۳۹۳). توێژینەوەکان ئەوە دەر دەخەن کە بەها کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان لەوانە بەهای پەیوەست بە ئاین، کاریگەری لە سەر ئەو تەمەنە دادەنێ کە چاوەڕوانی هاوسەرگیری لە کچان دەکات. بەدەر لەمە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئاستی خوێندن و زەمینەی کۆمەڵایەتی کاریگەری لە سەر ئەگەری هاوسەرگیری پێشوەختەی کچان دادەنێن. سەبارەت بەو پێکهاتەی کە تێیدا کچان خۆیان لە سەر هاوسەرگیری خۆیان بڕیار دەدەن، هیچ زانیارییەک لە بەر دەستدا نییە. توێژەران فرەیان هەوڵ داوە کە چالاکانە پرسی هاوژینە کەم تەمەنەکان تاوتوێ بکەن. سەرباری ئەمە وەک یوونیسێف لە ڕاپۆرتی «هاوسەرگیریی پێشوەختە، هاوسەرە منداڵەکان»[37] لە ساڵی ۱۳۸۰ (۲۰۰۱) گەڵاڵەی کرد، بە پێی ئاڵۆزی ئەم

37. Early Marriage, Child Spouses

پرسە، هێشتا هاوسەرگیری منداڵان وەک کێشـەیەکی گشـتگیر بەردەوامـە (یوونیسێف، ١٣٨٠).

ڕاپۆڕتێکی ناسراو و پڕبایەخی دیکە کە لە لایەن بانکی جیهانی لە ژێـر ناوی «دەنگ و ئاژانس: بەتواناکردنی کچان و ژنان بۆ گەشەی گشتی» لـە سـاڵی ١٣٩٣(٢٠١٤)، ئـەم ڕاسـتییە پشتڕاسـت دەکاتـەوە کـە هۆکـاری هاوسەرگیری منداڵان لە ناوچە جۆراوجۆرەکاندا بگۆڕە (بانکی جیهـانی. ١٣٩٣). جارنامەی بانکی جیهانی جیاوازی تەمەنی ژن و مێرد بە خـاڵی هاوبەشی حاڵەتەکانی منـداڵ هاوسـەری لـە قەڵـەم دەدا. ئـەم جیـاوازی تەمەنە کاریگەری ژن بە سەر مێـرد لـە ژن زەوت دەکـات و دەبێتـە هـۆی دروستبوونی پێکهاتەی دەسەڵات لـە ماڵـەوە کـە ئەمـەش تونـد و تیـژی خێزانی لێ دەکەوێتەوە (هەمان). ڕاپۆڕتی یوونیسـێفیش گوتـاری تونـد و تیژیی ناو مـاڵ پشتڕاسـت دەکاتـەوە و ڕوونـی دەکاتـەوە کـە بـارودۆخی نالەباری ناو ماڵ وا دەکات کچان لە دەسـت مێردەکانیـان ڕا بکـەن. ئەمـە وەک کارێکی زۆر قێزەون لێی دەروانرێ و لە باشووری ئاسیا، بەتایبەت لە وڵاتانی موسڵمان نشین، وەک تاوانێکی گەورە دێتە هەژمار. زۆرێـک لـەم کچانە کاتێک کە هەوڵ دەدەن لەم هاوسەرگیرییە نەخوازراو و زۆرەملێیە ڕا بکەن، دەکەونە بەر تونـد و تیـژی ئابڕووتەوەرانـە چوونکـە بـە بۆچـوونی خەڵک ئابڕوو و گەورەیی بنەماڵەی خۆیانیان بەزاندووە. بنەماڵەکان لە نـاو کەلتوورە تایبەتەکانی خۆیاندا ئەم چەشـنە ڕفتـارە ناشـیرینانە بـە نوانـدنی هەڵسـووکەوتی خـراپ لـە دژی کچـەکانیان و لـە کۆتاییـدا بـە «قـەتڵی نامووسی» وڵام دەدەنەوە (یوونیسێف، ٢٠٠١/١٣٨٠). قـەتڵی نامووسـی لـە بـەنگلادش، میسـر، ئـۆردۆن، لوبنـان، پاکسـتان، تورکیـا و دیکـەی ناوچەکاندا ڕوو دەدات (یوونیسێف، ٢٠٠٠/١٣٧٩).

سـەـندووقی حەشـــیمەتی ڕێکخـــراوی نێونەتـــەوەیی لــــە ســـاڵی ١٣٩٢(٢٠١٣) لە ڕاپۆرتێکدا لە ژێر ناوی «زۆر زوو هاوسەرگیری کـردن: کۆتـایی هاوسـەرگیری منـداڵان»[3] لـە مـەڕ منـداڵ هاوسـەری ئـەنجامی هاوشـێوەی وەدەســت هێنــا (ســندووقی حەشـــیمەتی ڕێکخـــراوەی نێونەتەوەیی، ٢٠١٢/١٣٩١).

ئەم ڕاپۆرتـە دەڕوانێتـە پێکهاتـەی هۆکـار و ئاسـەواری هاوسـەرگیری پێشوەختەی منداڵان و خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکان و ئـەم جیاوازییانـە پیشان دەداتەوە و ناسازگاری بارودۆخی ئـابووری و جوگرافیـایی جیـاواز دەخەنە ڕوو. پێشینەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە هاوسـەرگیری پێشـوەختەی منداڵان، زیاتر سەرنجی خستووەتە سەر برەوی ئەم دیاردە لـە کۆمـەڵگای موسڵمان نشین و باشووری ئاسیا، بەڵام ڕاستی حاشاهەڵنەگر ئەوەیـە کـە داب و نەریتەکانی هاوسەرگیری نادادپەروەرانە، تونـد و تیـژی نـاو مـاڵ و دیکەی شێوازەکانی توند و تیژی بە پێی زایەند لە زۆرێک لە کۆمەڵگاکاندا زۆرە. ئەم توند و تیژییە لەوانەیە لە سۆنگەی پێوەر و ڕادەوە بگۆڕ بێ بـەڵام جـۆر و شوناسـەکە لـە هـەموو کۆمەڵگاکانـدا یەکسـانە. لـە کۆمـەڵگا پیشەسازییەکاندا، ئەم توند و تیژییە خۆی لە مۆسیقا، گاڵتە کردن بە ژنان، ئازردانی زایەندی و زەختی کۆمەڵایەتیدا دەنوێنێـت. لـە وڵاتـانی ڕوو لـە گەشە داب و نەریتی توند و تیژی وەک سـەقەتکردنی ئەنـدامی زایەنـدیی ژنان و هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان بە شێوەیەکی زۆر بەهێز بە ناوی داب و نەریتەوە جێبەجێ دەکرێ و بۆ ئـەم ئاکـاری قێـزەون و نامرۆڤانەیـە داب و نەریت وەک پاساو دەگۆزرێتەوە. «نەریت» دوژمنی دێرینی پێگە و

---

3 . Marrying too young: End Child Marriage

ئاسایشی ژنانە و هەوڵی پاراستنی دەسەڵاتی پیاو و ملکەجکردنی ژنانی هەیە. توند و تیژی دژ بە ژنان مەسەلەیەکی جیهانییە کە لە سەر ئاستی هەر هەموو ناوچەکان، وڵاتان، کۆمەڵگا و کلتوورەکان بە ڕادەی جۆراوجۆرەوە بەدی دەکرێ و بەدەر لە ئێتنیک، ڕەچەڵەک، چین و داهات بە بێ جیاوازی کاریگەری لە سەر هەموو ژنان دادەنێت. زۆر لێکۆڵینەوە ئەم ڕاستییە پشتڕاست دەکەنەوە. وەک مایەر (١٩٩٥/١٣٧٤) ڕوونی دەکاتەوە بەها نێونەتەوەییە پەسندکراوەکانی جاڕنامەی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر مافەکانی مرۆڤ، دژی هەموو ئەم داب و نەریتە پڕ لە جیاکارییەکانن کە بۆ ماوەیەکی زۆرە لە سیستەمی داد (لەوانە ڕۆژاوا) جێگیر بوون. بە باوەڕی کاملا سارۆ، توند و تیژی لە سەر بنەمای زایەندێتی بەشێکە لە پرسە جیهانییەکان کە پەیوەستە بە پەیوەندی نەریتی زنجیرە پلەکانی دەسەڵاتی نێوان پیاوان - ژنان و دایک و باوک - ڕۆڵەکانیان و لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە ئەم پەیوەندییە هەیە دەتوانێ ڕوو بدات (خانووم، ٢٠٠٨/١٣٨٧). کاملا سارۆپ، ڕۆژنامەوانی نیپاڵی، باس لە ئاسەواری زیانبەخشی ئەزموونی کچێکی مێرمنداڵ لە هاوسەرگیری پێشوەختەدا دەکات. بە ڕای ناوبراو، کەمخوێندەواری، دووگیان بوونی پێشوەختە، کێشەی تەندروستیی، پەیوەندی زایەندیی زۆرەملێ، قبووڵ نەکردنی ئازادی و گەشەی تاکایەتی، تەڵاقی پێشوەختە و دەرکراویی، زیاتر تووشی کچان دەبێ چوونکە ئەوان هێشتا منداڵ و خەسارهەڵگر و کۆڵدەرن (سارۆپ، ٢٠٠٩/١٣٨٨).

بە وتەی نۆڤال.ئێم،نوور. ١٣٨٥(٢٠٠٥)، ئەو کچە عازەبانەی وا خوار تەمەنی ٢٠ ساڵان شوو دەکەن، لە بەر دەم مەترسی تووشبوون بە ئایدزن، ئەم وتە لە لایەن چەند توێژینەوەی دیکە لە کۆمەڵگای ئەفریقا

پشتڕاست کراوەتەوە. کچە منداڵـەکان کـە هاوسـەرگیری لەگـەڵ پیـاوانی گەورە دەکەن (کە لە ڕووی جنسییەوە بە ئەزموونترن) وناتوانن سەبارەت بە جووتبوونی پارێزاو و کارامە ڕا دەرببڕن، لە هەمبەر توشبوون بە نەخۆشـییە نزیکییەکان خەسارهەڵگرترن. توێژینەوەیەک لە وڵاتـی کنیـا ئـەوە پیشـان دەدا کە ئەگەری تووشبوونی کچانی مێردار بە نەخۆشی ئایدز ٥٠ لە سەد زیاتر لەم ئەگەرە بۆ کچانی سەڵتە. ئەگەری ئەم ڕیسکە تەنانەت لـە زامبیـا زۆرتر بوو (٥٩ لە سەد). لە وڵاتی ئۆگاندا ڕێژەی پەرەسەندنی ئایدز لە ناو کچان ١٥ بۆ ١٩ ساڵەی مێردار (٨٩ لە سەد) زیـاتر لـە کچـانی سـەڵت (٦٦ لە سەد) بوو؛ ڕێژەی تووشبوون بە ئایدز بۆ کچانی ١٥ بۆ ٢٩ سـاڵی مێردار و سەڵت بە ڕیز ٢٨ لە سـەد و ١٥ لـە سـەد بـوو. بـەدەر لەمـە بـە گێڕانەوە لە نوور، جیاوازی تەمـەنی نێـوان هاوژینـەکان وەک فاکتـەرێکی دیاریکەرەوە و بناغەیی بۆ توشبوونی ژنـان بـە ئایـدز ناسـراوە. گریمانـەی پەیوەست بەم ئەنجامانە بەم شـێوەیە کـە کچێکـی کـەم تەمـەن لـە ڕووی فیزیۆلۆجییەوە بە هۆی ئەوەی زێ یا دۆڵان هێشتا خانەی پارێزەری نییە و لەوانەیە زارکی منداڵدانی بەهاسانی زیانی لێبکەوێت ، زیاتر دەکەوێتە بەر دەم تووشبوون بە ئایدز. هەموو ئەم لێکۆڵینەوانە گوزارشتن لـەوەی کچـان لە لایەن مێردەکانیانەوە تووش دەبن. هەر بۆیە بە شێوەی چاوەڕوان نەکراو ئەمە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵانە وا دەکات تووشی نەخۆشی ئایدز ببنەوە.

کۆمـــەڵێ توێژینـــەوە ئـــەم تێگەیشـــتنانەیان دروســـت کـــردووە کـــە هاوسەرگیری لە تەمەنی سەرتر نەک هەر بۆ هاوسەران خۆیان، بەڵکوو بـۆ نـــەوەکانی داهـــاتووش بەســـوودە چوونکـــە بـــە جۆرێـــک دەســـتەبەری داهاتوویـــەکی لـــەبارتر و تەندروســـت بـــۆ بنەماڵـــە دەکـــات. درەنگتـــر

هاوسەرگیری کردن ئازادی زیاتر بە تاک دەدا و بواری دەربڕینی ڕەزامەندی بۆ هاوسەرگیری (کە لە هەموو زیانەکانی منداڵ هاوسەریی دەیپارێزێ) دابین دەکات. ڕاپۆڕتی یوونیسێف هاوسەرگیری لە تەمەنی سەرتر بە ئاستی بەرزی خوێندەوارییەوە، وەک بەتوانایی، پشت بە خۆبەستوویی و چوونە ناو بەستێنی هێزی کاری فەرمی پەیوەست ڕاگەیاند (یوونیسێف، ١٣٩٠). بانکی جیهانیش ڕوونی دەکاتەوە کە درەنگتر شوو کردن و سوودمەندبوون لە هەموو ئەم قازانجانە خۆشگوزەرانی زیاتر و بەرەنگار بوونەوەی هەژاری لە سەر ئاستی هەموو کۆمەڵگاکانی لێ دەکەوێتەوە (بانکی جیهانی، ١٣٩٥ یا ٢٠١٨ی ز). حەقیقەتی تاڵی ژیانی ١٥ ملیۆن کچ لە سەر تاسەری جیهان ئەوەیە کە ئەوان هەرگیز ناتوانن زانیاری لە مەڕ سوودەکانی هاوسەرگیری لە تەمەنی سەرتردا دەست بخەن.

## باوبوونی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە ئێران

ڕێژەیەکی بەرچاوی منداڵان و گەنجان لە وڵاتی ئێران خوار تەمەنی ١٥ساڵان هاوسەرگیری دەکەن. سەبارەت بە دیاردەی منداڵ هاوسەری لە ئێران زانیارییەک ئەوتۆمان لە بەر دەستدا نییە. بەو پێیەی زۆرێک لە حاڵەتەکانی هاوسەرگیری منداڵان تۆمار ناکرێت، دیاریکردنی چەندایەتی باوبوونی ئەو دیاردە لە وڵاتی ئێراندا زۆر چەتوونە. ئەوەی دۆخەکە ناجۆرتر دەکا ئەوەیە کە لە ناوچە گوندییەکاندا هەندێ جار بەرواری لە دایکبوونیش تۆماری ناکرێ و ئەمە دیاریکردنی تەمەنی دروستی کەسەکە لە کاتی هاوسەرگیریدا ناموومکین دەکات. بەم حاڵەوە شکی تێدا نییە کە نەریتی منداڵ هاوسەری لە ئێراندا لە سەر ئاستی هەر ٣١ پارێزگاکەدا بوونی هەیە. گرنگە ئەوەمان لە بیر بێ کە هاوسەرگیریی

پێشـوەختە دیاردەیـەکی تـەنیا ژنانـە نییـە بـەڵکوو هاوسـەرگیری کـوڕانی منداڵیش لـەو کۆمەڵگایانـەدا دەگرێتـەوە وا هاوسـەرگیری پێشـوەختە لـە سۆنگەی کۆمەڵایەتییەوە پەسندکراو و باوە. لێرەدا سەرنجدان بـە لێکـدژی ڕەوتەکانی هاوسەرگیری لە ئێران سەرنجڕاکێشە، ڕەوتـی هاوسـەرگیری لـە وڵاتی ئێراندا پێوەرێکی دوو جەمسەرییە. لە جەمسـەرێکی، حەشـیمەتی گەنج و چالاک بەدی دەکرێن کە هاوسەرگیری دەخەنـە تەمـەنی پیـری و جەمسـەرەکەی دیکـە، کچـان و کـوڕانی کـەم تەمـەنن کـە ئامـانج یـان قوربانیـانی منـداڵ هاوسـەرین. فاکتەرگـەلی وەک گەشـەی ڕێژەیـی و هێدییانە، وەدەسـتهێانی شـێوازی ژیـانی مـۆدێرن و کێشـە ئابوورییـەکان نـەوەی نـوێ ناچـار دەکـات هاوسـەرگیری بخاتـە کـاتی پیـری. یاسـای سـەختگیرانە، ئـابڕووی بنەماڵـە و حـەزی سێکسـی وای کـردووە کـە هاوسەرگیری تاکە شێوازی پەسندکراوی پەیوەندی زایەندی بێـت. بـوونی نزیکی جنسی لە دەرەوەی پەیوەندی ژن و مێـردی کێشەسـازە، بەتایبـەت لەم سۆنگەوە کە هیچ ڕێگەیەکی دیکە بۆ ڕەواندنەوەی ئەم خواستە بـوونی نییە. تاکەکان هان دەدرێن بۆ ئەوەی لە تەمەنی کەمدا هاوسەرگیری بکـەن بـۆ ئـەوەی دیسـیپلینی کۆمەڵایـەتی و سیسـتەمی کـۆنترۆڵ کۆمەڵایـەتی ڕابگرن. پاش شۆڕشی ئیسلامی لە وڵاتی ئێران، کۆمەڵێ یاسا کە ڕێگـری لە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان دەکرد، گـۆڕا و بـە دژی شـەریعەتی ئـاینی ئیسـلام لـە قەڵـەم درا. لـە زۆرێـک لـە یاسـاکانی پەیوەسـت بـە هاوسەرگیری کۆمەڵێ پێداچوونەوە کرا و هاوسەرگیریی منـداڵان مۆڵـەتی پێ درا.




بەڕێوەچوونی پیشانگای هاوسەرگیری لە ئێران لە ژێر چاودێری دەوڵەت
وێنە: کامیل ئەحمەدی

فاکتەرە کاریگەر و دیاریکەرەوەکانی ڕوودانی منداڵ هاوسەری بە خستنە ڕووی مۆدێلێکی شیکاری لە بەشی دواییدا بە تێر و تەسەلی قسەیان لە سەر کراوە. بگۆڕی سەربەخۆی مۆدێلی شیکاری بریتییە لە سەرمایەی کلتووری[39](لەوانە بەها و داب و نەریتەکان)، باوەڕە ئاینییەکان، پێگەی کۆمەڵایەتی، سەرمایەی ئابووری و ئاستی خوێندەواری. بگۆڕەکانی کۆنترۆڵ، زایەند(جنس) و شوێنی نیشتەجێبوون (گوند نشینی یان شارنشینی). بگۆڕی منداڵ هاوسەری خۆی بۆ بگۆڕە وابەستەکانی مۆدێل

39. Cultural capital

دەوری بگۆڕێکی سەربەخۆ دەگێڕێت کە بریتین لە توند و تیژی ناو ماڵ و زایەندی؛[4] هەژاری کەلتووریی، هەژاری ئابووری و ڕیسکی تەندروستیی و لەش ساغی. لەم پێکهاتەدا، تێگەیشتنی باشتر لە پێداویستییەکانی منداڵان و مێرمنداڵان بۆ سوودمەند بوون لەو بەرنامانەی کە هەلومەرجی تایبەتی ئەوان و خەسارهەڵگریان لەبەر چاو دەگرێت، پێویست و گرنگە. ئەنجامدانی سەدان لێکۆڵینەوە و ئەندازەکردن بۆ ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهان بە مەبەستی پێناسەی ڕێژە و بەربڵاوبوونی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان بەڵگەیە بۆ ئەوەی جیهان سەبارەت بە دیاردەی منداڵ هاوسەری ئاگادارتر و هەستیارتر بووە. لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بە هەڵکشانی میکانیزمی جیهانی بۆ ئەم دیاردە، توێژینەوەی خۆجێیی و کۆمەڵێ تێزی زانکۆیی، پشتڕاستکەرەوەی گرینگ بوونی گشتی ئەم بابەتە بوون.

## ئامارەکانی هاوسەرگیریی منداڵان لە وڵاتی ئێران

ئامارە فەرمی و دەوڵەتییەکان (ساڵنامەی ئاماری تۆمارکردنی ناو، ١٣٩٣ یا ٢٠١٤ ز) دەرخەری ئەوەن کە پتر لە ٧٠٧ لە سەدی کچان لە شاری تاران و ٤٠ لە سەد لە سیستان و بەلووچستان بەر لە تەمەنی ١٨ ساڵان شوویان کردووە. ڕێژەی هاوسەرگیری مێرمنداڵان لە ناوچە شاریی و گوندییەکان بە ڕێز ١٣٠٧ لە سەد و ١٩/٦١٩٠٦ لە سەدە (مەتڵەبی و هاوکاران، ١٣٩٢ یا ٢٠١٣ز: ٢٢٧ - ٢٢٩). بە گوێرەی دوا سەرژمێری وڵاتی ئێران لە ساڵی ١٣٩٤(٢٠١٥)، زیاترین ڕێژەی هاوسەرگیری

4 . Domestic and sexual violence

تۆمارکراو، هی ژنانی ١٥ بۆ ١٩ ساڵان بوو (ساڵنامەی ئاماری تۆمارکردنی ناو، ١٣٩٣). هەروەها دوا داتاکان سەبارەت بە زۆری هاوسەرگیری لە ساڵی ١٣٩٤ ئەوەی پیشانی دا کە کۆی هاوسەرگیریی کچان و کوڕانی ژێر تەمەنی ١٨ ساڵ دووسەد و هەشتا و حەوت هەزار و حەفتاوحەوت (٢٨٧٫٠٧٧) حاڵەت بووە، واتە دووسەد و پەنجا و چوار هەزار و چوارسەد و نەوەد (٢٥٤٫٤٩٠) کچ و سی و دوو هەزار و پێنسەد وهەشتا وحەوت (٣٢٫٥٨٧) کوڕ. بەم حاڵەوە هیچ ڕێژەیەکی ورد بۆ ئەم دیاردە لە بەر دەستدا نییە، چوونکە لە زۆرێک لە ناوچەکان ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری لە ناو بنەماڵەدا ئەنجام دەدرێ و بە شێوەی فەرمی تۆمار ناکرێت. لانیکەم چل و هەشت هەزار و پێنسەد و هەشتا (٤٨٫٥٨٠) کچی تەمەن ١٠ بۆ ١٤ ساڵ لە ساڵی ١٣٩٠(٢٠١١) هاوسەرگیریان کردووە کە لە ناویاندا چل و هەشت هەزار و ٥٥٦٧ (٤٨٫٥٦٧) کەسیان هەتا بەر لە تەمەنی ١٥ ساڵان لانیکەم جارێک منداڵیان بووە. نزیکەی چل هەزار و ٦٣٥ (٤٠٫٦٣٥) حاڵەتی هاوسەرگیری کچانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵیش نێوان مانگی ڕەشەمەی ١٣٩٠ هەتا ڕەشەمەی ١٣٩١ تۆمار کرا کە تێیدا پتر لە ٨ هەزار حاڵەتیان مێردەکە زیاتر لە ١٠ ساڵ لە ژنە منداڵەکەی گەورەتر بوو، بەدەر لەمە، لە ساڵی ١٣٩١(٢٠١٢)، لانیکەم ١٫٥٣٧ حاڵەتی هاوسەرگیری ژێر تەمەنی ١٠ ساڵان تۆمار کراوە کە لە بەرامبەردا ئاماری هاوسەرگیری ئەم گرووپە تەمەنییە لە ساڵی ڕابردودا (٧٧١٦ حاڵەت) هەڵکشانێکی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە. ڕێژەی تەڵاقی تۆمارکراوی کچانی ژێر تەمەن ١٥ ساڵ، بە شێوەی بەردەوام لە ساڵی ١٣٩١ بە دواوە ڕووی لە هەڵکشان کردووە. وڵامی دەوڵەت بۆ ئەم کێشە ئەوە بوو کە یاسای هاوسەرگیری زۆرەملێی قەدەغە کردووە. لە

حاڵێکدا لە هاوسەرگیریدا کێشەی دەروونی و جەستەیی زۆر کچۆڵـەکان دەکاتە قوربانی، ژیانی کوڕە کەم تەمەنییەکانیش هەر بەم شێوە لـە بـەر دەم مەترسییە. سەرەڕای ئەوەی ئەزموونی ئەم چەشنە کێشانە بۆ کوڕان زۆری و ڕێژەکەی کـەمترە، چوونکـە هاوسـەرگیری پێشـوەختە بـۆ ئـەوان لایـەنی چەوسێنەرانە یان زیـانی جەسـتەیی کـەمتری لـە چـاو کچـان هەیـە، لـە کۆتاییدا ئەم دیاردە بۆ هەر دوو جنسەکە شیاوی قبووڵ کردن نییـە. کـوڕان پاش هاوسەرگیری لە تەمەنی کەمدا، شانسی خوێندن لە ئاستی بەرزتر لە کـیس دەدەن کـە نـەک تـەنیا لـە فێربـوونی بابـەت و وانـە ئاکادمییـەکان بێبەشیان دەکات، بەڵکوو چوونـە ئـەو شـوێنەیان لـێ زەوت دەکـات کـە دەیانتوانی گرینگی ڕێزنان لە مافەکانی کچان فێر بن. هەندێ ناچـارن واز لە خوێنـدن بێـنن بـۆ ئـەوەی بتـوانن تێچـووی ئاهـەنگی هاوسـەرگیری، پشتیوانی لە دایک و باوک، دابین کردنی هاوسەر و منداڵەکانیان وەدەست بێنن. زۆریان بە هۆی چاوەڕوانی بنەماڵە و زەختی ئـابووریی ناچـارن لـە منداڵییەوە هاوسەرگیری بکەن. بەدەر لەمانە، نکۆڵی کردن لە تافی منداڵی و مێرمنداڵی، بازدان بۆ تافی گـەورەیی لـە تەمـەنی کـەم، بـۆ بـەدیهێنانی خواسـتە ئابوورییـەکانی بنەماڵـە ناچـارن ئـیش بکـەن، لـە گرینگتـرین بەربەسـتەکانی بـەر دەم کوڕانـە. ئـەوان لـە بـری تێپەڕانـدنی قۆناغـە نۆڕماڵەکانی منداڵی، لە ناکاو دەچنە ژێـر بـاری بەرپرسـایەتی نـاو مـاڵ، باوکایەتی و پەیوەندی زایەندسی. داتاکان سەبارەت بە ڕێژەی ئەو کوڕانەی کە کارتێکراوی هاوسەرگیری منـداڵانن، کەمـە و ئەمـە بـۆ خسـتنە ڕووی ئەنجامی پڕبایەخ و هەلوومەرجی منداڵ هاوسـەری ئیشـەکەمان ئەسـتەم دەکات. بـەو حاڵـەوە زانیارییـەکان پشتڕاسـتکەرەوەی ئـەم ڕاسـتییەن کـە ئەگەری ئەوەی کە کوڕانی ناوچەیەک لە چـاو کچـانی هـەمان ناوچـە لـە

تەمــەنی خــوار ١٨ ســاڵان هاوســەرگیری بکــەن، کەمــە. لــە ســاڵی ١٣٩٣(٢٠١٤)، کــۆی ٣٢/٥٨٧ کــوڕ هاوســەرگیریان کــرد و ١/٣٧٢ حاڵەتی ژێر تەمەنی ١٨ ساڵان تەڵاقیان وەرگرتووە.

ڕێژەی منداڵ دایکەکان لە چاو منداڵ باوکەکان ٥٠٦ قات بەرز بۆتەوە کە دەریدەخات کچان لە مەودای تەمەنی ١٠ بۆ ١٨ ســاڵان (واتــە ٨٥ لــە ســەدی حەشــیمەت) شــوویان کــردووە بــە پیــاوی تەمــەن ١٨ ســاڵە یــان گەورەتر. تەنیا ١٥ لە سەدیان شوویان بە پیاوی هاوتەمەنی خۆیان کردووە. وەک لە بەشی دواییدا شی دەکرێتەوە، پرسی تــەڵاقیش یــەکێک لــە پرســە پەیوەستەکانی منداڵ هاوســەرییە. ڕێــژەی تــەڵاق لــە ئێــران لــەم گرووپــە تەمەنییەدا (١٠ بۆ ١٨ ساڵ) بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو هەڵکشانی بە خۆوە بینیوە. بە پێی دوائامارەکانی حەشیمەتناســی ٢١/١٤٩کــچ و کــوڕی ژێــر تەمەن ١٨ ساڵ لە ساڵی ١٣٩٣ لێک جیا بوونەتەوە.



بنەماڵەی لوڕی خووزستان کە بۆ پاراستنی کچێتی و پاکداوێنی ڕۆڵەکانیان لایەنگری هاوسەرگیریی پێشوەختەن.

وێنە: کامیل ئەحمەدی

**ڕیشە مێژووییەکانی هاوسەرگیری پێشوەختە لە وڵاتی ئێران**

ئێران وەک وڵاتێکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوام بەشێک لە ژیانی هاوشێوەی کەلتووری دیکەی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەب بووە. سەرەڕای ئەوەی ئێران وڵاتێکی عەرەبی نییە، بەڵام لێکچوونێکی دێرین و قووڵی لەگەڵ جیهانیی عەرەبی ئیسلامی هەیە. ئەمە ئێمە بەرەو گرینگی و کاریگەری زمانی عەرەبی لە مێژووی ئێران پەلکێش دەکات هەر بۆیە تێگەیشتنی ڕیشە مێژووییەکانی منداڵ هاوسەری، گرینگیدان بە هەستیاری و ئاڵۆزی جیهانیی ڕۆژاوا پێویست دەکات. وڵاتانی عەرەبی کەوتوونەتە ناوچە ئوستواییەکان، شوێنێک کە پلەی بەرزی گەرما یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی باڵقبوونی پێشوەختەی کچان و کوڕان و ئەمە بەڵگەیەکی تەواوە بۆ بوونی هاوسەرگیری پێشوەختە بە نەریتێکی کۆمەڵایەتی پەسندکراو کە لە لایەن زانایانی ئاینی و ڕێبەرانی ئاینی جەختی لە سەر کراوە. هاوسەرگیری پێشوەختە لە هەرێمە گەرمەسێرەکاندا لەم ڕووەوە پاساوداره کە گەشەی لەش خێراترە و تەنانەت ئارەزووی زایەندیش زۆرترە. ئەم بەڵگەهێنانەوە لە لایەن کەسانێک کە لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی ئێراندا دەژین بە گشتی قبووڵ کراوە و قسەی لە سەر دەکرێت. وەک لە وتووێژەکانی دوالێکۆڵینەوەی نووسەر لە سەر خەتەنەی ژنان ئەنجام دراوە[٤١] پشتڕاستکەرەوەی ئەم باوەڕەیە. سەرەڕای ئەوەی ئەم باوەڕە بایۆلۆجیکییە تەنیا لە ناوچەی جوگرافیایی هەرێمی گەرمەسێری بوونی هەیە، بەڵام نەریتە پەیوەستەکەی بە پەرەسەندن و بانگەشەی ئیسلام سنوورەکانی جیهانیی عەرەبی بەرەو

4 . http://kameelahmady.com/fgm-in-iran/

ناوچەکانی دیکە بەزانـد. ئامـاژە بـەم خاڵـە گرینگـە کـە لـە ناوچـەکانی باشووری ئێران زیـاتر شـوێنی نیشـتەجێبوونی عەرەبـە ئێرانییەکانـە، ئـەم تایبەتمەندییە کەلتوورییە لە کاتی ئیشی مەیدانی بەدی کـرا کـە زیـاتر لـە کلتووری عەرەبییەوە نزیک بوو تا لە کلتـووری ئێرانـی. هـەر بۆیـە داب و نەریتی هاوسـەرگیری و تەمـەنی هاوسـەرگیری پەسـندکراو ڕەنگدانـەوەی ئێتنیکی بوو نەک شوێنی جوگرافیایی لە سەر خەریتـە واتـە وڵاتـی ئێـران. وەهـا حاڵـەتێک لـە ناوچـە جۆراوجۆرەکـانی خووزسـتان کـە دەکەوێتـە باشووری ڕۆژاوای ئێـرانیش بینـرا. ئـەو گوندانـەی وا لـە ڕووی ئێتنیکـەوە عەرەب، فـارس و لـوڕ بـوون عەرەبـەکان زیـاترین ڕێـژەی هاوسـەرگیری پێشوەختە و سەرکوتکردنی ژنانیان لە خۆدا هەڵگرتبوو. فەرمانی ڕێبـەرانی ئاینی و گێڕانەوە کۆنەکان لە شێوازی ژیانی پێغەمبەران وەک سەرچەشن و نموونەیەک بۆ ژیانی خـەڵک پێناسـە و وەرگیـراو و دەستخسـتنی خـوو و خدەی ئەم کەسانە لە هەموو قۆناغەکانی ژیـانی تـاک سـتایش و پێشـنیار کراوە. هەرچی کچ گەنجتر بێ ئەگەری کچ بوونی زیاترە و لـەم سـۆنگەوە پیاوە گەورەساڵەکان ئەم کچە کەم تەمەنانەیان زیاتر بە دڵە (فلۆر،١٣٨٩ یا ٢٠١٠ز: ٤٨ - ٤٩).

پاکداوێنی و پەردەی کچێتیش لە ژیانی کچان و ڕێز و بایەخی بنەماڵە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیاندا دەورێکی گرینگی هەیە. داب و نەریتی دێرین و کۆنی ئێرانی پێداگرییەکی زۆری لە سەر خۆبواردن لە پەیوەنـدیی زایەندیی بەر لە هاوسەرگیری هەیە. لە زۆربەی ئەو پارێزگایانەی وا ئیشـی مەیدانیان تێدا ئەنجام درا وەک سیستان و بەلووچستان مەلافەیەکی سـپی و نوێ لە ناوەڕاستی پێخەفی بووک و زاوا لە یەکەم شـەوی هاوسـەرگیریان دادەنن، چوونکـە کۆتـاڵی پەڵـەی خـوێن لـێ نیشـتووی شـەوی یەکـەم

سەلمێنەری کچبوونی بووکە. لە هەندێ لە حاڵەتەکاندا بووک بە هۆکاری جیاواز پەردەی کچێتییەکەی خوێنرێژی ناکات، پرسی بێ‌متمانەیی و کێشەی ناموسی دێتە گۆڕەوە کە هەندێ جار هەتا کۆتایی ژیانی لەگەڵیەتی و لە هەندێ حاڵەتدا لە ڕۆژی دوای هاوسەرگیری و دەستبەجێ پاش تەڵاقدانی بووک دەنێردرێتەوە بۆ ماڵی باوکی. لە کەلتووری ئێرانی بۆ کچێتی زەختێکی کۆمەڵایەتی زۆر بەدی دەکرێ کە ئەمەش وای کردووە لە ئێراندا چاککردنەوەی پەردەی کچێتی ببێتە بابەتێکی باو. ئەو ئافرەتانەی وا پێشتر پەیوەندیی جنسیان بووە، بەر لە هاوسەرگیری پەردەی کچێتیان دیسان دەدوورنەوە یان چاکی دەکەنەوە.

## باس و ئەنجامی کۆتایی

ئامانجی بەشەکەی پێشوو وەدەستهێنانی ئاگاداری سەبارەت بە هۆکاری بەستێنی هاوسەرگیری منداڵان بە گشتی، بە چاو خشاندنێک بە سەر ئێران وەک نموونەیەک کە تا ڕادەیەک زۆر هەڵگری منداڵ هاوسەرییە. لەم بەشدا دیاردەی منداڵ هاوسەری بە تێر و تەسەلی پێناسە کرا و باوبوونی جیهانی و کۆمەڵێ شرۆڤەی زۆر لە فاکتەرە زەمینەییەکان گەڵاڵە کران. ئەم بەشە هەروەها پێداچوونەوەیەکی لە سەر ئەدەبیاتی لێکۆڵینەوە دەبێت کە تێیدا هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان بە شێوەی دیاریکراو وەک کۆسپی بەر دەم گەشەسەندن ڕەچاو کراوە. بوونی منداڵ هاوسەری و یان ڕەوتی ڕوو لە هەڵکشانی ئەم دیاردە گێڕانەوەیەکی ئاڵۆزە کە پێویستی بە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زیاترە بۆ تێگەیشتن و خەبات لە دژی ئەم نەریتە ڕەنجبەخش و بنچینەدارە. نووسەر باوبوونی منداڵ هاوسەری لە وڵاتی ئێران، زانیاری ئاماری لە بەردەست و بنچینە مێژووییەکانی ئەم دیاردە بە

دابین کردنی نموونەگەلێک لە بەرهەمی مێژووناسـان و تـوێژەران شـرۆڤە دەکـات. وردەکـاری زیـاتر سـەبارەت بـە هاوسـەرگیری پێشـوەختە لـە پێکهاتەی کۆمەڵگای ئێران، لە بەشەکانی دواییدا تاوتوێ کردووە.

# بەشی دووهەم:
# یاسا، ئاین و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان

«لە کاروون زۆربەی هاوسەرگیرییەکان عەشیرەتی و خزمایەتین. زێنەب ناچار بوو زوو شوو بکات بۆ ئەوەی نەیدەن بە ئامۆزا بیرکۆڵەکەی. ئێمە دەبێ داب و نەریتی کۆنی خۆمانمان هەبێ لە بەر ئەوەی لە خوێن و دەمارماندایە و دەبێ ببێت. خەسووی کچەکەم، خوشکمە. ڕاستە کچەکەم منداڵە بەڵام دەبێ دوو و سێ منداڵی هەبێ بۆ ئەوەی لە ژیان تێبگات.»

مەڵێ «ناچارم»! بڵێ «ئەرکی سەر شانمە»!

دایکی زێنەب، تەمەن ٤٢ ساڵ.

کاروون، پارێزگای خووزستان.

## ڕوانینی گشتی، تەمەنی ڕەزامەندی هاوسەرگیری پێشوەختە لە بەستێنی یاسای جیهانی

هاوسەرگیری پەیمانێکی فەرمی و کۆمەڵایەتی قبووڵ کراوە یان گرێبەستێکی یاسایی نێوان ژن و مێردە کە ماف و پابەندییەکانی نێوانیان، منداڵ و بنەماڵەکانیان دەورووژێنێت. سەرەڕای ئەوەی پێناسەی هاوسەرگیری لە کەلتوورێکەوە بۆ کەلتورێکی جیاوازە، بەڵام لە بنەڕەتدا وەک ڕێکخراوێکی کەلتووریی جیهانی پێناسە کراوە کە تێیدا پەیوەندی نێوان تاکەکان دانی پێدا نراوە (هاڤیلەند و هاوکاران، ١٣٩٠). ڕووانگەی کۆمەڵایەتی بۆ هاوسەرگیری لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوو گۆڕانی بە سەردا هاتووە. ئەم گۆڕانە زیاتر لە ڕوانگەی تەمەنی هاوسەرگیریدا خۆی دەنوێنێت. لە ڕابردوودا هاوسەرگیری لە تەمەنی کەمدا باو بوو. لە ڕاستیدا بەر لە سەدەی نۆزدەهەم زۆرینەی خەڵکی دنیا لە شوێنێکدا دەژیان و ئیشیان دەکرد. ماڵ کارخانەیەکی بچووک بوو، ناوەندێکی بەرهەمهێنانی پڕ لە قرم و قاڵ بوو. ئەم نزیکایەتیی شوێنی ژیان و شوێنی ئیشە کاریگەرییەکی سەیری لە سەر ڕوانگەی ژن و مێرد سەبارەت بە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر هەبوو. بەم حاڵەوە هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی

شۆڕشی پیشەسازی لە باکووری ئەمریکا، ئەورووپا و دیکەی بەشە پیشەسازییەکانی جیهان، خەڵک بە شێوەی ڕوو لە زیادبوو وازیان لە ژیانی گوندنشینی هێنا و بەرەو ناوەندەکانی شار کۆچیان کرد. وەرچەرخان لە ئابووری کشتوکاڵەوە بەرەو پیشەسازی و ئابووری خزمەت تەوەر، پێکهاتەی بنەماڵەی گۆڕی و ئەوەی دەست کەوت جیابوونەوەی ماڵەکان لە یەکتر و لە لایەکی تریشەوە ئەزموونی ژیانی ئەو خەڵکانە بوو وا لە جیهانی پیشەسازیدا ژیابوو. شۆڕشی پیشەسازی بۆ خولقاندنی دەرفەتی پیشەیی هاریکاری هەموو ئەندامانی بنەماڵەی کرد. بۆ نموونە ژیانی چینێکی بەربڵاو لە حەشیمەتی بریتانیای مەزن کەوتنە بەر وەرچەرخانی زۆر لە کاتی شۆڕشی پیشەسازیدا. بەڵام قووڵترین کاریگەرییەکەی لە سەر بنیاتی بنەماڵە بوو، چوونکە ڕێژە و کاتبەندی هاوسەرگیری کەوتە بەر کاریگەری نەرێنی ڕەوتی کۆچبەر ناردنی زاڵ بە سەر ژنان و لە ئەنجامدا ڕێژەی گشتی زک و زا وێڕای هەڵکشانی کۆچکردن ڕووی لە دابەزین کرد.

## هاوسەرگیری منداڵان

هاوسەرگیری منداڵان لە ڕووی مێژووییەوە لە سەرتاسەری دنیادا باوە. منداڵ هاوسەری بە درێژیی تەمەنی مام ناوەند ٤٠ بۆ ٤٥ساڵ بابەتێکی ئاسایی و باو بووە. لە کۆمەڵگا کۆنەکان و سەدەکانی ناوەڕاستدا هاوسەرگیری کچان یان دەزگیراندار بوونیان بەر لە باڵقبوون بووە (لیۆ، ١٣٦٧). لە وڵاتی ئیسڕائیلی کۆن ڕێککەوتنی گرێبەستی لە سەر کچە عازەبەکان، وەک خاڵێکی جەماوەرپەسند بۆ باوکی کچە سەیر دەکرا. ئەوان بەر لە تەمەنی ١٥ ساڵان و زۆر جار دەستبەجێ پاش باڵقبوون بە

شوو دەدران (فریدمەن، ١٣٥٩). توێژینـەوەکان ئـەوە دەردەخـەن کـە لـە سەدەی شانزەهەمدا زۆر گەڕاونەتەوە سەر ئـەدەبیاتی منـداڵ هاوسـەری و دیکەی سەرچاوەکان، واتە منداڵ هاوسـەری ئەوەنـدە بـاو بـووە کـە وەک بەهایەکی لێ هاتبوو و لە چاوی خەڵک کچێکی تەمـەن دوانـزە سـاڵە لـە هەموو دیو و لایەنێکەوە گـەورە بـوو (لامـدێن، ١٣٧٩: ٤٧). لـە یۆنـان، هاوسـەرگیری پێشـوەختە و دایکبـوونی کچـە منداڵـەکان سـتایش دەکـرا (دێمێند، ١٣٧٣: ١٠١ – ١٠٤). لە ڕۆمی کۆن چاوەڕوانی ئـەوە لـە کـوڕە منداڵەکان دەکرا کە لە مێرمنداڵیدا ژن بێنن، واتە کچان لە تەمەنی ١٢ساڵ بەرەو ژوور و کوڕان لە تەمەنی ١٤ ساڵ بـەرەو سـەرەوە خێزانـدار دەبـوون (دێهێل، ١٣٨٩). لە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا، لـە ژێـر دەسـەڵاتی یاسـای مەدەنی ئینگلیزی هاوسەرگیری ژێر تەمەنی ١٦ ساڵان باو بـوو. هـەروەها لە ئیمپڕاتۆری چینیش هاوسەرگیری پێشوەختە ڕووی داوە (ژائۆ، ١٣٧٦). تەنیا لە سەدەی بیستەم بەم لاوە هاوسەرگیری پێشـوەختەی منـداڵ چـووە ژێر پرسیارەوە. مام ناوەند تەمەنی یەکەم هاوسەرگیری خەڵک لە زۆربـەی وڵاتان هەڵکشا و زۆرێک لە وڵاتان لانیکەمی تەمەنی هاوسەرگیریان بەرز کردەوە.

**تەمەن**

زۆرێک لە دەزگاکانی داد، لانیکەمی تەمەن بۆ هاسەرگیری دیاری دەکەن، واتە تاک دەبێ بگاتە تەمەنێکی تایبەت (تەمەنی ١٨ سـاڵ) بـۆ ئـەوەی لـە ڕووی یاساییەوە مۆڵەتی هاوسەرگیری پێ بدرێت. تەمەنێک کە تێیدا تاک لـە سـۆنگەی یاسـاییەوە دەتـوانێ هاوسـەرگیری بکـات، لەگـەڵ تەمـەنی

ڕەزامەندی[٤٢] جیاوازە.[٤٣] لەو دەزگا دادانەی وا تەمەنی شیاوی هاوسەرگیری لە تەمەنی ڕەزامەندی بۆ هاوسەرگیری کەمترە، یاساکان لەو حاڵەتەدا یەکێک لە هاوسەرەکانی ژێر تەمەنی ڕەزامەندی بە هەند وەرناگرێ و یاسای تەمەنی هاوسەرگیری لە یاسای تەمەنی ڕەزامەندی سەرتر دەبێت. سیستەمەکانی دیکەی داد شێوازەکانی پەیوەندیی جنسیی لە دەرەوەی هاوسەرگیری بە بێ ڕەچاو کردنی تەمەن ڕەت دەکەنەوە و قەدەغە دەکەن. زانیاری پشت پێبەستوو سەبارەت بە تەمەنی هاوسەرگیری ئەوتۆ نین. بۆ نموونە لە بریتانیا زانیاری متمانە پێکراو لە ئامارە سەرەتاییەکانی سەردەمی نوێ تەنیا لە ئاماری داراییەکانی تاک لە پاش مەرگ وەدەست دێت. نەک هەر ئامار و زانیارییەکان دەگمەنن، بەڵکوو لە داتاکاندا تەمەنی کەسەکە تۆمار نەکراوە. بەم حاڵەوە وێدەچێ هەرچی تۆماری زانیاری ئاماری تەواوتر و وردتر بێ، زیاتر ڕەهەندەکانی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان دەردەکەوێت. مێژووناسان هەندێ جار ئامادە نین دان بە بەڵگەکانی تەمەنی کەمی هاوسەرگیریدا بنێن چوونکە بەڵگەی ئەوە دەهێننەوە کە ئەم ئامارانە لە لایەن نووسەرەکانی پاش ئەوان بە هەڵە خوێنرا و نووسراوەتەوە.

توێژینەوە لە سەر ٤٠ ئەندازە گرتنی حەشیمەت ناسانەی تەندروستی گوزارشتە لە بوونی پشکی بەرچاوی ژنان لە وڵاتانی ڕوو لە پێشکەوتنە کە هێشتاش لە تەمەنی مێرمنداڵیدا هاوسەرگیری دەکەن. توێژینەوکان

4 . Age of consent 2

٤٣ـ تەمەنی ڕەزامەندی بە پەیوەندیی جنسیی و تەمەنی دەوترێت کە تێیدا تاک لە ڕووی یاساییەوە دەتوانێ بۆ تێکەڵبوونی جنسی ڕەزامەندی پیشان بدا . واتە تەمەنی لانیکەمی کەسێک تێیدا لە ڕووی یاساییەوە ئیزنی چوونە ناو پەیوەندیی جنسیی هەیە .

ئەوەیان دەرخستووە کە زیاترین ڕێژەی هاوسەرگیری منداڵان لە باشووری بیابانی ئەفریقا، خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـت و باشـووری ئاسـیا و کـەمترین ڕێژەکەی لە باکووری ئەفریقا و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیایە. کچێک کە دەنێردرێتە قوتابخانـەی دواناوەنـدی، ئەگـەری هاوسـەرگیری کردنـی لـە مێرمنداڵیـدا زۆر کەمـە، لـەو کۆمەڵگایانـەی وا ڕێژەیـەکی زۆری ژنـان چوونەتە قوتابخانـەی مامناوەنـدی، پشـکی هاوسـەرگیرییان لـە تەمـەنی کەمدا، زۆر کەمە (سینگ و ڕێنە، ١٣٧٥).

لـە سـەدەی دوانزەهەمـدا، گرایتـان (ئیمپڕاتـۆری ڕۆمـا)[٤] بنیاتنـەری یاسای کلیسای کاسۆلیکی لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەورووپا پەسـندی کرد کە تەمەنی باڵقی پێویست بۆ هاوسەرگیری دەبێ ١٢ساڵ بۆ کچـان و ١٤ سـاڵ بـۆ کـوڕان بـێ. سـەرەڕای ئەمـە نـاوبراو لـەو بـاوەڕەدا بـوو کـە ڕەزامەندیی بۆ هاوسەرگیری لە تەمەنی کەمتریشدا ڕوو دەدات. هـەر بۆیـە هەتا ئەو کاتـەی هـیچ کـام لـە لایەنـەکانی هاوسـەرگیری خـوار تەمـەنی دیاریکراو ژێر تەمـەنی بـاڵقبوون نـەبن، دەتـوانرێ هاوسـەرگیری ئـەنجام بدرێت. دادوەرەکان لە هەندێ لە حاڵەتدا بە پێی ڕەزامەندی دوو لایەنـەی منداڵانی ژێر تەمەنی ٧ ساڵ پاڵنەری هاوسەرگیری بوون. بـە پێچەوانـەی یاسای کلیسای کاتۆلیک، هاوسەرگیری منـداڵانی ٢ و ٣ سـاڵەش تۆمـار کراوە.

«دایکم وتی ئەگەر شوو نەکەم، خۆی دەکووژێ. بۆم گرنگ بوو کە شوو بە کێ بکەم کە دواتر ڕەواڵەتبازی نەنوێنم و خۆم هەڵنەفریونم. نازانم تەمەنی هاوسەرگیرییەکەم چ کاتێ بوو چوونکە کاتی شەڕ شوناسی خوشکەکەمیان لە سەر دانا.»

---

4 . Gratian 4

زارا، تەمەن ٣٥ ساڵ ـ ئابادان، خوزستان

لە کاتی قەیرانە مرۆییەکانی وەک کارەساتی سروشتی یان جەنگ، ڕێژەی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان بەرز دەبێتەوە. هاوسەرگیری پێشوەختە ستراتیژی مانەوەی ئابوورییە کە بە واتای بە دیل گرتن و دابین کردنی خۆراک و پۆشاک و خوێندنی کەسێکی کەمترە. ئەو بنەماڵانەی وا لە دۆخی نالەباردان، هاوسەرگیری منداڵان بە تاکە ڕێکاری بەرەنگار بوونەوەی هەژاری، کێشمەکێش و توند و تیژی دەزانن. شایەنی ئاماژەیە هاوسەرگیری منداڵان لە ٨ وڵات کە بارودۆخێکی ناجیگیریان[٤٥] هەیە زۆرە. ئەم ڕاستییە، پەیوەندی و هاوئاهەنگی دەروونی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لەگەڵ هەژاری، پیشاندەری کێشمەکێش و توند و تیژییە (لێمۆن، ١٣٩٣)؛[٤٦] هەوراز و نشێوی کۆمەڵایەتی وەک توند و تیژی ناوچەیی، شەڕ و دژایەتی، هاوسەرگیری منداڵان دەگوازێتەوە بۆ ئاستێکی دیکە، تەمەنی منداڵ بێدەروەست و بێ مانا دەکات.

## هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە شەڕ و ململانێ

هاوسەرگیریی منداڵان ڕاستییەکی ترسناکی جیهانییە بۆ زۆرێک لە کچە کەم تەمەنەکان کە لە ئەنجامی فاکتەرگەلی وەک چەمکی ئابڕوو و سەربەرزی، ڕوانگەی چەواشە بۆ زایەند، هەژاری لە ڕادە بەدەر، دارمانی ژێرخانی بنەماڵە، کەمخوێندەواری، دەرفەتی ئیشی کەم، شەڕ و ململانێ

---

4 . fragile states 5

٤٦ نەیجر، کۆماری ئەفریقای ناوەندی، چاد، بەنگلادش، مالی، سوودانی باشووری، غینا و مالاوی لە پێرستی وڵاتانی لاواز و هەستیاردان کە لە لایەن ڕێکخراوی هاوکاری ئابووری و گەشەدا پێناسە کراون . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە

definition in states of fragility 2015: meeting post-2015 ambitions.revised edition,2015

درێژەی کێشاوە. ژێرخانی لاواز و توند و تیژی و هێرشی جنسی یا زایەندی کە خۆی لە خۆیدا هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان بەهێز دەکات، لە کاتی شەڕ و پێکدادانی چەکداریدا زۆرتر دەبێت. وڵامە مرۆڤدۆستی و داهێنەرییە هاوکارییەکان لە کاتی جەنگ و بشێویدا، مەترسی هاوسەرگیری کچۆڵەکان پشتگوێ دەخەن. لە وەها هەلومەرجێکدا، منداڵ هاوسەری حەقیقەتە. لە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتیدا، جیهان زۆر جەنگ و شەڕی چەکدارانەی بە خۆو بینیوە. ئەم جەنگە چەکدارییانە شاراوەن و تراژێدیای نادیاریان لێ کەوتۆتەوە. ژیانی لە ناو برد و کۆمەڵگا و گەڕەکەکانیان لێک هەڵوەشاندەوە. بەڵام لە قووڵایی کاولکارییەکانی شەڕی چەکدارانە - خۆی لە خۆیدا نەهامەتبارن - کارەساتێکی دیکە بەدی دەکرێت. توند و تیژی بە پێی زایەند لە کاتی شەڕ و بشێوی بە شێوەی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان پەرە دەستێنێت. وەک لێکەوتەیەکی ئەم ململانێیانە، منداڵ هاوسەری زۆر پەرەی دەگرێت. سروشتی ڕوو لە پێشکەوتن و بەرفراوانی منداڵ هاوسەری و دژایەتیکردنی ژیانی کچان و ژنان، لە سەروبەندی پاش جەنگیش لە بنەمای سیستەمی دەرەکی لە کەمپی ڕزگاری[٤٧] بە ڕەواڵەت پارێزراو، کەمپی پەنابەران[٤٨] و بێشوێنەکان[٤٩] درێژە دەکێشێت. ڕوودانی منداڵ هاوسەری وەبیرهێنەرەوەی ئەم ڕاستییە قێزەونەیە کە شەڕە سەربازییەکان چ پێش و پاش ڕوودانیان زیاتر کاریگەریی لە سەر کچان و ژنانی کەم تەمەن دادەنن.

---

47. Safe Rescue Camps

48. Camps For Refugees

49. Displaced People

ژنان و کچانی کەم تەمەن کە خۆیان لە سەروبەندی شەڕی چەکداری و ئاراستەی سـەربازی قورسـی گرووپـە تونـداژۆکانی وەک ملیشـیاکانی بۆکۆحـەرام و دەوڵـەتی ئیسـلامیدا دەبیننـەوە، ڕووبـەڕووی زاڵبـوونی دڕندانەی تونـد و تیـژی بـە پێـی زایەنـد دەبنـەوە کـە لـە لایـەن گرووپـە توندڕەوەکانی بە ناوی تاکتیکی ترۆرەوە دەگۆزرێتـەوە. میـدیاکان ڕاپـۆڕتی جەرگبڕیان سەبارەت بە دەستدرێژی، کۆیلایەتی جنسیی و هاوسـەرگیری منداڵان کە لە لایەن توندڕەوەکانەوە دەسەپێنرا، پێشکەش کردنی کچە کەم تەمەنەکان وەک هاوسەر بە شەڕکەرە سەربازییەکان، بڵاو دەکردەوە.

وتارێک لەم ماوەی دوایدا بڵاو بۆتـەوە لـە لایـەن لێژنـەی پەیوەندییـە دەرەکییـەکان لـە ژێـر نـاوی «بـارودۆخی نـاجێگیر؛ ژیـانی لاواز: هاوسەرگیری منـداڵان لـە نـاو جـەنگ و کارەسـات»[5]؛ پەیوەنـدیی نێـوان باوبوونی منداڵ هاوسەری و دۆخی هەستیاری ناوچەکان تاوتوێ بکات. زانیاریی لە بەردەست و بەڵگەی کوالێتی بەم تێگەیشتنە نەخوازراوە کۆتایی پـێ دێـت: ئـەو وڵاتانـەی وا ڕێـژەی هاوسـەرگیری منداڵـەکانیان زۆرە، هەسـتیارترین، لاوازتـرین و نـاجێگیرترین وڵاتـانی جیهـانن. ئامارەکـان پیشاندەری ئەوەن کە لە کۆی هـەر دە وڵاتێـک کـە ئامـاری هاسـەرگیریی منداڵان لەوێ زۆرە، نۆ وڵات بە پێی لیستی ڕێکخراوی هاوکاری ئابووری و گەشە[15] وڵاتانی هەستیار و ناجێگیرین. لە کـۆی دە وڵات سـێ وڵاتـی باشی دنیا ڕێژەی هاوسەرگیری منداڵ ٥٠ لە سەد بوو. ٩ وڵاتی کۆتایی لە کۆی ١١ وڵاتی دیاری گەشەی مرۆیی، ڕێژەی منداڵ هاوسەری ژوور ٤٠

---

5 . Fragile States, Fragile Lives: Child Marriage Amid Disaster and Conflict

5 . OECD 1

لــە ســەد بــوو. هەلوومــەرجی نــاجێگیر و هــەژاری، فاکتــەری تــەوەریی هاوسەرگیری منداڵانن کە لە کاتی شەڕ و بشێوی خراپتر دەبێت.

بە چوونە ســەرەوەی ئاســتی تونــد و تیــژی زایەنــدی لــە کــاتی شــەڕو نائارامیدا، بنەماڵەکان وەک ڕێگەیەک بۆ پاراستنی منداڵەکانیان لە هەمبەر سەربازبووندا پەنا دەبەنە بەر هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان (لێمــۆن، ١٣٩٣یا ٢٠١٤). ژیان لەو ناوچانــەی وا شــەڕ وێرانــی کــردووە دایــک و باوکەکان دێنێتە سەر ئەو ڕایە کە لە ڕێگەی بە شــوودانیان، کچــەکانیان لــە مەترســی دەســتدرێژی جنســی بپــارێزن. لێکۆڵینەوەیــەک لــە لایــەن ڕێکخــراوەی منــداڵپارێزی[2] هــەواڵی هەڵکشــانی ڕوو لــە زیــادبووی هەواڵەکانی هاوسەرگیری منداڵان بڵاو دەکاتەوە، بەتایبەت ئەو کاتەی کــە دایک و باوکەکان هەوڵ دەدەن کچەکانیان لە هەمبەر توند و تیژی زایەندی بپارێزن (ئابێرت، ١٣٩٢). ناوچــەی بــەر شــەڕ کــەوتووی وەک وڵاتــانی ئەفغانستان، بڕۆندی، ئۆگاندای باکووری یان سۆمالی، کچ لەوانەیە ببێتــە ژنی شەڕکەرێک یــان ژنــی کەســایەتییەکی خــاوەن دەســەڵاتی دیکــە کــە دەتوانێ دەستەبەری ئەو بکات کە ئەو و بنەماڵەکەی لــە جــەنگ پــاێرزراو بن. لە کۆماری دیموکراسی کۆنگۆ و شوێنەکانی دیکە، کچــان لــە لایــەن هێزە ســەربازییەکان دەڕفێنــرێن یــان کــەڵکیان لــێ وەردەگیرێــت و دەبنــە هاوســەری شــەڕکەر و فەرمانــدەکان (یوونیســێف، ١٣٨٤ یــا ٢٠٠٥). تێهەڵچوونی سەربازی هاوســەرگیری منــداڵان خراپتــر دەکــات چوونکــە دایک و باوکەکان خوازیاری سووک کردنــی بــاری ئــابوورین و بــە هــۆی ناسەقامگیرییەکانی شــەڕ دەترســن. لــە نــەیجر، بــەنگلادش، ســۆمالی و

---

5 . Save the children organization

ئۆگاندا هاوسەرگیری پێشوەختە ڕێکـار و سـتراتیژی پاراسـتنی مانـەوە لـە کاتی قاتی و نائاسایشی خواردەمەنی بـووە. بـەدەر لەمـە، بنەماڵـەکان لـە لیبریا و سیرالیۆن، بە هۆی هـەژاری زۆری ئـابووری و تونـد و تیـژی نـاو کەمپی پەنابەران ڕوویان کردۆتە هاوسەرگیری پێشوەختە (هەمان).

«زۆرێک لە کچان بە هۆی کێشەی ئەمنی و ئابووری لە ساڵانی دوور و درێژی شەڕدا ناچار بوون هاوسەرگیری زۆرەملێ و پێشوەختە بکەن. لێرەدا بنەماڵەکان وەک میکانیزمی پارێزراو بوون لە هەمبەر توند و تیژییەکانی شەڕ - کە کێشەی گەورەتری کەسانی بێ‌جێ و ئاوارەیە هاوسەرگیری بە کار دەبەن. گرووپە سەربازییەکان وەک چەکی شەڕ پەلاماری کچان دەدەن هەر لەبەر ئەمە هاوسەرگیری منداڵان ڕێکارێکە بۆ بنەماڵەکان.»
دامەزراوەی خێرخوازیی ڕزگارکردنی منداڵان ـ ئارام شاکر

بەر لە دەستپێکی گرژییەکان لە وڵاتی سووریا، ١٣ لـە سـەدی ژنـانی سووری لە تەمەنی ٢٠ بۆ ٢٥ سـاڵ، بـەر لـە ١٨ سـاڵان شـوویان دەکـرد (یوونیسێف، ١٣٩٠ یا ٢٠١١). پتر لە ٢٥٠ هەزار سـووریایی لـە مـاوەی پێکدادانە چەکدارییەکاندا گیانی خۆیان لە دەست دا، پێکدادانێک کە بـە نارەزایەتی لە دژی حکومـەت دەسـتی پێکـرد و دواتـر بـوو بـە شـەڕێکی مەدەنی گەورەی بەربڵاو. ملیۆنان کەس ناچار بوون وەک هێزی وەفاداری بەشار ئەسەد لە دژی نەیارانی حکومەتەکـەی و میلیشـیا جیهادیسـتەکانی دەوڵەتی ئیسـلامی بـە شـەڕ بـێن (بی.بی.سـی ١٣٩٥). پێکـدادانی ئـەم ململانێگەلە لەو ناوچانەی وا شەڕ بۆتە هەڕەشەیەکی ڕوو لـە زیـادبوو بـۆ سەر کچان (وەک سووریا، کۆمەڵگا پەنابەرەکانی ئۆردۆن، لوبنان، عێـراق و میسر) زیاتر پەرەی بە منداڵ هاوسەری بەخشیوە (کچان نـە بووکـەکان: ١٣٩٥). هەنـدێ لـە ڕاپۆڕتـەکان گوزارشـتن لـەوەی کـە گرووپـە

سەربازییەکانی ناو سووریا و دراوسێکانی وڵاتی عێراق وەک چەکی شەڕ هاوسەرگیری منداڵانیان بە کار دەهێنا بۆ ئەوەی خەڵک بتۆقێنن و لێکیان هەڵببڕن. (وایتسۆن، ۱۳۹۵).

## سووریا

سووریا نموونەیەکە لە چۆنیەتی درووستبوون و پەرەسەندنی دیاردەی هاوسەرگیری منداڵان لە کاتی نائارامی و تێهەڵچوونە سەربازییەکاندا. لەم وڵاتەدا پتر لە نیوەی ۲٫۵ ملیۆن سووریی پەنابەر مەزەندە کراوە، کە لە ژێر تەمەنی ۱۸ساڵاندان، دەستدرێژیش بابەتێکە کە خۆی لە خۆیدا لە سووریا بواری بۆ هەڵکشانی ڕێژەی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان دابین کردووە. لە وڵاتی سووریا وەک چەکی شەڕ توند و تیژی جنسی بە کار دەبرێ کە لەم ڕێگەوە حیزبە بەرهەڵستکارەکان یەکتر دەبەزێنن و شوناس و پێگەی یەکتر و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی بنەماڵەکان لە ناو دەبەن (دەیڤیس، ۱۳۹۲) بە گێڕانەوە لە ژنان و کچانی پەنابەر، ترس لە دەستدرێژی یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی کۆچ کردن لە سووریایە (هەمان: ۱۰) بەڵام توند و تیژی جنسی تا ڕادەیەکی زۆر بێبەڵگەیە کە ناونیتکەی کۆمەڵایەتی و ئاستەنگی دابین کردنی سەرچاوەی پزیشکی و دەروونناسی بەدی دێنێت (هەمان: ۸).

ئێستا هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان گەیشتۆتە قوناغی نائاسایی و مەترسیداری نوێ. قەیرانی سووریا زەختێکی زۆر دەخاتە سەر منداڵان و دایک و باوکیان بۆ ئەوەی ئامادەکاری بۆ ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری بەر لە تەمەنی ۱۸ ساڵانی منداڵەکانیان بکەن (ڕزگاری منداڵان، ۱۳۹۳). بەڵگەی زۆر بەهێز لە ئارادایە کە بە هۆی نائارامی، هاوسەرگیری منداڵان

بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو هەڵکشـانی بـە خـۆوە بینـوە و یـان لـە هەنـدێ ناوچەدا ڕێژەکە دووقات بووە. لە وڵاتی سووریا، دواندنی پەنابەران ئەوەی نیشان دا کە هاوسەرگیری پێشوەختە بە هۆی «پاراستنی حەیای کـچ»[٣]کـە لە دەستدرێژی ڕزگار بووە یان مەترسـی دەسـتدرێژی لـە سـەرە، ئـەنجام دەدرێـت (دەیڤـیس، ١٣٩٢: ١٢). زۆر حاڵـەتی هاوسـەرگیری کچـانی سووری هەیە کە بنەماڵە هەژارە پەنابەرەکانی سووریا بـە مەبەسـتی دابـین کردنـی بژێـوی بنەماڵـەکانیان شـوویان کـردووە (فرەنکلـز، ٢٠١٤). هاوسـەرگیری پێشـوەختەی منـداڵان بۆتـە ئـامرازی بـەرگری ئـابووری. ڕاپۆرتێک لە ڕێکخراوەی نێونەتەوەیی گوزارشتە لەوەی کە سەرەڕای ئەوەی هاوسەرگیری منداڵان لە ناوچە گوندییەکانی سووریا بەر لە سـاڵی ١٣٩٠ ڕووی داوە، بەڵام کەمی هەلی کار و سەرچاوەی دارایی وای کـردووە زۆر بنەماڵە ڕوو بکەن منداڵ هاوسـەری (ڕێکخـراوی نێونەتـەوەیی، ١٣٩٢). ڕێکخـراوەی خێرخـوازیی Mercy Crops، زۆر گێڕانـەوە و چیرۆکـی سـەبارەت بـە سـەرچاوەی دارایـی کـەم و زەحمەتـی ڕوو لـە زیـادبوو بـۆ هاوسـەرگیری ڕۆڵـەکانیان بـە هـۆی نائـارامی و داهـاتووی وێرانکـراوی بنەماڵەکان دەگێڕێتەوە. ٢٠ لە سەد لە هاوسەرگیرییە تۆمارکراوەکانی ژنانی پەنابەری سووری لە وڵاتی ئۆردۆن بریتییە لە هاوسـەرگیری ژێـر تەمـەنی ١٨ ساڵان. سەرەڕای ئەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لـە ململانێکی ڕەوتداردا تۆمـار ناکرێـت؛ بـەڵام مەزەنـدەکانی نووسـینگەی سەرچاوەی حەشیمەت لە ساڵی ١٣٩٠ پیشـاندەری هەڵکشـانی ئامـاری ١١ لە سەدی هاوسـەرگیری منداڵانـە (ڕەشـاد، ١٣٨٤). بـە واتایـەکی تـر

3 . save the honour 5

زۆرێک لە پەنابەران بـە هـۆی گیرۆدەبـوون بـە ململانێکـان، نـاتوانن بـە شـێوەی فـەرمی ئاهـەنگی هاوسـەرگیری تۆمـار بکـەن. گرێبەسـتی هاوسەرگیری بەم شێوە لە لایەن هیچ بەرپرسێکی دەوڵەتییـەوە بـە فـەرمی ناناسرێتەوە و ئەمـە لـە کـاتی تـەڵاق یـان جیابوونـەوە ژنـان و کچـان بـە خەسارهەڵگرتر دەمێننەوە (لێمۆن، ١٣٩٣).

## عێراق

هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان بەدەر لـە پاراسـتنی کچـان لێکەوتـەی نەرێنی بەربڵاوتری لێ دەبێتەوە کە یەکێکیان خـۆی لـە ڕێـژەی زک و زادا پیشـان دەدات. والێریـا کێتـۆرلی لێکۆڵینەوەیـەکی حەشیمەتناسـی لـە قوتابخانەی ئابووری لەندەن ئەنجامدا کە یەکەمین هەڵسـەنگاندنی تێـر و پڕی شەڕی ٨ ساڵەی باشـوور و کاریگەرییەکـەی لـە سـەر زک و زا بـوو. توێژینەوەکانی والێریا کێتۆرلی پیشانیدا کە بەر لە شـەڕ لـە سـاڵی ١٣٧٦ (١٩٩٧) هەتا ساڵی ١٣٨٢(٢٠٠٣)، ڕێـژەی زک و زای مێرمنـداڵان لـە وڵاتی عێراق بە ڕێژەی ٧٠ زاین بۆ هەر هەزار کچ لە مـەودای تەمـەنی ١٥ بۆ ١٩ ساڵ سەلمێنرا. بەم حاڵەوە دەستبەجێ پاش دەستپێکی شەڕ ڕێـژەی زک و زای مێرمنداڵان بۆ پتـر لـە ٣٠ لـە سـەد بـەرز بـووەوە و لـە سـاڵی (٢٠١٠)١٣٨٩ ئەم ڕێژە بۆ هـەر هـەزار کـچ ٩٥ زایـن بـەرز بـووەوە. بـە گـــوێرەی ئەنجامـــەکانی لێکۆڵینـــەوەی کێتـــۆرلی،[٤][٥] هـــۆی شـــاراوەی بەرزبونەوەی ڕێژەی زک و زا، هەڵکشانی ڕێژەی هاوسەرگیری منداڵان لـە ناو کەمخوێندەوارترین چینی کچان بوو. بانکی جیهانیش ئامـاژەی بـەوە کردووە کە «ڕێژەی هاوسەرگیری پێشوەختە و دووگیانبوونی مێرمنداڵان لە

5 . Cetorelli 4

شوێنە نائارامەکاندا زۆر لە سەرە» (تێمبۆن و فۆرت، ١٣٨٧). پاش دەستپێکی شەڕ لە ساڵی ١٣٨٢، زۆرێک لە ژنان و کچان لە بەشداری لە چالاکی کۆمەڵایەتی و تەنانەت بۆ لە ماڵەوە چوونە دەرەوە بە بێ پیاو ڕێگریان لێ کرا. ئەمە بە هۆی بوونی ئەگەری مەترسی ئازاردان، مزاحیم بوون و زیانی جەستەیی و هەروەها بووژانەوەی نەریتە کۆمەڵایەتییە مەحافزەکارییەکان بوو. لە وەها پێکهاتەیەکدا، بنەماڵەکان لەوانەیە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان بە باشترین ڕێگە بۆ پاراستنیان و ڕاگرتنی ئابڕووی بنەماڵە بزانن.

## لوبنان

لە کاتی دەستپێکی شەڕی ناوخۆی وڵاتی سوریا، ئاژانس و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان هەوڵیان داوە سەرنجی گشتی بەرەو لای ڕێژەی ڕوو لە زیاد بووی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە ناو پەنابەرانی سووری لە وڵاتی لوبنان ڕابکێشن. لە ساڵی ١٣٩٣ ئەندازەکان ئەوەی دەرخست کە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە ڕێژەی سەرتردا بە بەراورد لەگەڵ کاتی بەر لە قەیرانە مرۆییەکان پەرەی سەندووە کە بە هۆی ئەوەوە ژنانی کەم تەمەن لە تەمەنی ١٥ بۆ ١٨ساڵان هاوسەرگیریان کردبوو. لە سۆنگەی مێژوویەوە پەیوەندییەکی توند و تۆڵ لە نێوان لوبنان و سووریادا بەدی دەکرێ و لەبەر ئەمە بنەماڵە سوورییەکان پێیان خۆشە کچەکانیان بدەن بە کوڕانی سووریی یان لوبنانی (گلارت، ١٣٩٥).

٥ ٥

## کەمپی پەنابەری

هاوسەرگیری منـداڵان لـە کـەمپی پەنابـەرانی سـووریی لـە هـەولێر و لوبنـان هەڵکشانێکی زۆری هەبووە. لـە هـەر دوو وڵاتـی میسـر و تورکیـاش ڕاپـۆرتی سەبارەت بە دیاردەی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە ناو کچانی سووریدا بەدی دەکرێ، ڕاپۆرتە وەدەست هاتووەکانی کەمپی پەنابەران لە وڵاتی ئـۆردن، پیشاندەری ئەگەری ڕوو لە هەڵکشانی هاوسەرگیری کچانی کەم تەمەن لەگەڵ پیاوانێکە کە تەمەنیان زۆر لە خۆیـان زیـاترە. ئـەوان لـەو بـاوەڕەدان کـە وەهـا پیاوانێک دەتوانن ببنە پاڵپشتی مادی و سەقامگیریان. (دەیویس، ١٣٩٢: ١٢).
بێشک دەتوانین ئەم تێگەیشتنەمان هەبێ کە زۆرێک لە کچان بووکی نابەدڵ و ناچارین. لە ئەنجوومەنە پەنابەرییەکانی سووریا لـە وڵاتـی ئـۆردن لـە مـاوەی چەندین سـاڵ ڕێـژەی هاوسـەرگیری منـداڵان بـە شـێوەیە زۆر بـەرچاو بـەرز بووەتەوە. لە ساڵی ١٣٩٠، ١٢ لە سەدی هاوسەرگیرییە تۆمار کراوەکـان بریتـی بووە لە کچێکی خوار تەمەن ١٨ ساڵان. ئـەم ئامـارە بـۆ سـاڵی دواتـر (١٣٩١) گەیشتە ١٨ لە سەد، لە ساڵی ١٣٩٣ بۆ ٢٥ لە سەد و تەنیا لە چارەکی یەکـەمی سـاڵی ١٣٩٣ هـەتا سـنووری ٣٢ لـە سـەد بەرزبوونـەوەی بـە خـۆوە بینـی (یوونیسێف، ١٣٩٣). بە ئاوڕدانەوە لەوەی کە زۆربەی هاوسەرگیرییەکان تۆمار نەکراون، دەتوانین گریمانەی ئەوەی بکەین کە تەنانەت ئەم ئامارانەش ورد نـین و ڕێژەی ڕاستەقینەی هاوسەرگیری منداڵان لەم ڕێژانە زۆر زیاترە.

لـە هـەموو بێبـەزەییتر ئەوەیـە کـە هاوسـەرگیری منـداڵان بـۆ پەنابـەران قازانجێکی هەیە. زۆرێک لە کچە مێرمنداڵەکان بە هاوسەرگیری کردن لەگـەڵ مێـردە ئۆردۆنییـەکانیان هـەلێکی پشـتیوانی بـۆ خۆیـان مسـۆگەر دەکـەن. پشتیوانییەک کە ڕێگە بە کچ و بنەماڵەکانیان دەدا کە بگوازرێنـەوە بـۆ دەرەوەی کەمپـەکان (ڕزگـاریی منـداڵان، ١٣٩٣). هاوسـەرگیری ئافرەتـانی پەنابـەری

---

5 . refugee camps 5

سووریی لە کەمپە پەنابەرەکانی za’atari لەگەڵ پیاوانی ئۆردۆنی لـە دەرەوەی کەمپەکان، وەک ڕێگەیەک بۆ وەدەستهێنانی پشـتیوانی و ژیـان لـە کۆمـەڵگای وەرگر سەیر دەکرێت. بەدەر لەمە هەندێ لە کچـانی سـووریی بـەر لـە بـەجێ هێشتنی سووریا ناچار بە شووکردن دەکرێن چوونکە پیاو لە حاڵەتی خێزانـدار بووندا ئەگەری زیاترە کە بتوانێ بچێتە وڵاتـی دراوسـێ یـان ببێتـە بەشـێک لـە بنەماڵەیەک (هەمان).

## ژنان و کچانی کوردی ئێزدی

ئێزدییەکان[5][6] کۆمەڵگایەکی ئـاینی کوردزمـانن و لـە دانیشـتووانی ڕەسـەنی میزۆپۆتامیای باکوورین. سەرەڕای ئەوەی لە ڕووی ئتنیکەوە کوردن، بەڵام کۆمەڵگایەکی ئاین جیاواز و سەربەخۆن و کـەلتووری تایبـەتی خۆیانیـان هەیە (ئاتۆڤیل، ١٣٨٦). ئەوان لـە سـەرەتادا لـە نەینـەوای وڵاتـی ئێراقـدا دەژیان و دواتر لە کۆمەڵگاکانی دیکـەی ئەرمـەنیا، گورجسـتان، تورکیـا، ئێران و سووریاش ژیاون.

لە ساڵی ١٣٩٣ داگیرکارییە دڕنـدەکانی دەوڵـەتی ئیسـلامیی داعـش، ئتنیکی ئێزدییەکانی عێراقی گۆڕی. لە گەڵ ئەوەی هێزەکـانی پێشـمەرگەی کوردستان چیتر نەیانتوانی پێش بە پێشڕەوییەکانی داعـش بگـرن، شـاری شـنگال چـۆڵ بـوو (لاوودی، ١٣٩٤). ملیشـیاییێتی دەوڵـەتی ئیسـلامیی داعش ترسێنەرترین جینایەتی لە دژی کوردە ئێزدییەکانی عێراق ئەنجامدا کە گێڕانەوەی بەسەرهاتی بە موسڵمان کردنـی زۆرەملـێ و هاوسـەرگیری پێشوەختەی منداڵانە. ڕێژەیەکی زۆریان گیرۆدەی ئەم هەلومەرجە نامۆیـە بوون چوونکـە زۆرینـەی ئێزدییـەکان (وەک مەسـیحییەکان، شـێعەکان و تورکەمەنەکان) بەرەو ناوچە جیاوازەکانی عێراق و وڵاتانی دراوسـێ ڕایـان کرد. دەوڵەتی ئیسـلامی داعـش پـاش داگیرکردنـی مووسـڵ کۆمەڵگـەی کەمینەکانی عێراقی وەک ئێزدییەکانی کردە ئامانجی هێرشـەکانی خـۆی. زۆرینەی بەندکراوانی داعش، پیاوان، ژنان و منداڵانی ئێزدی بوون کە لـە زیندانی کاتی و فەرمییەکانی عێراق و سووریا بەند کرا بوون.

---

5 . Yezidis

6

لە سەرەتادا دیلە ئێزدییـەکانیان پێکـەوە ڕاگرتبـوو؛ بـەڵام لـە کۆتاییـدا داعـش بـە شـێوەی سیسـتماتیک ژنـە گـەنج و کچـە مێرمنداڵـەکانی لـە بنەماڵەکانیان جیا کردەوە. هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان خێرا پـەرەی دەسەند. بە جۆرێک کە زۆرێک لە کچان بە زۆرەملێ دەدران بە شەڕکەر و میلیشیاکانی دەوڵـەتی ئیسـلامی داعـش (چـاودێری مافـەکانی مـرۆڤ، ١٣٩٣). وەک لە شەڕ و ململانێیەکان شتێکی باوە؛ ئەم ژنـە دیلانـە وەک کۆیلەی جنس٣ی و غەنیمەتی شەڕی لێیان دەڕوانرا. ئـەو ژن و کچانـەی کە بە زۆری موسڵمان کرا بوون وەک بووک دەفرۆشران و ئەگەر ئافرەتێـک سەرپێچی بکردایە دەکەوتە بـەر ئەشـکەنجە و دەسـتڕێژی و لـە کۆتاییـدا دەکوژرا (نێـل، ١٣٩٣). وتـووێژ لەگـەڵ ئـەو ژنانـەی وا توانیبوویـان لـە بندەستی هێزەکانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش ڕا بکەن ئەوەی دەرخست کە داعش ژنـان و منـداڵانی یـەکجێ لـە گەورێکـدا ڕادەگـرت، ئەوانـەی وا تەمەنیان ٥ ساڵان بوو لە هـۆڵ و دیکـەی زیندانەکانـدا دەهێڵدرانـەوە بـۆ ئـــەوەی وردە ور دە وەک غەنیمـــەتی شـــەڕ بفرۆشـــرێن بـــە شـــەڕکەر و میلیشـیاکان (وۆن دێـن بێـرگ، ١٣٩٥). ئـەو کچۆڵـە تەمـەن ١٠ سـاڵانە هاوسەرگیریان لەگەڵ شەڕکەرەکان دەکرد. ئەم هاوسـەرگیرییە پێشـوەختانە هاوسەرگیری کاتی بوون چوونکە هەر کات شەڕکەر لەگەڵ ئـەم کچۆڵانـە بخەوتایـــە، دەدرا بـــە شـــەڕکەر و ملیشـــیاکانی دیکـــە (بێرکـــە، ١٣٩٣)، هەندێکیان دەبران بۆ بازاڕەکانی مووسڵ، ڕەقە و سووریا ئێتیکێتی نرخیـان لە سـەر دەدرا (واتسـۆن، ١٣٩٣). بـە گێڕانـەوە لـە چـاودێری مافـەکانی مرۆڤ، ڕێژەی وردی ئەو ژن و کچانەی کـە کـران بـە کۆیلـە و ناچـار بـە هاوسەرگیری دەکران نادیارە. ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی بە گوێرەی وتووێژ لەگەڵ ٤٠ بەندکراوی پێشوو لە ناو سەدان کچـی ئێـزدی

زیندانی داعش لە کاتی داگیرکردنی شـوێنی نیشـتەجێبوونیان لـە شـاری شنگال؛ دەری خست کە کچانی تەمەن ١٠ بۆ ١٢ ساڵە بوونەتـە قوربـانی دەســـترێژی و هاوســـەرگیری پێشـــوەختە (ڕێکخـــراوی لێبـــووردنی نێودەوڵەتی).

شەڕ و پێکـدادانی چەکدارانـە ئەگـەری هاوسـەرگیری منـداڵان بـەرز دەکاتــەوە. لــە وەهــا هەلومەرجێکــدا کچــە ســەڵتەکان ڕووبــەڕووی هاوســەرگیری پێشــوەختە دەبنــەوە چوونکــە ئەمــە بــۆ دایــک و بــاوک و بنەماڵەکان کـە هـەڵوەدای پاراسـتنی کچـەکانیانن بژاردەیـەکی دڵخـوازە. ئەوانەی لە کۆمەڵگادا خەسارهەڵگرترن و ئەگەری زیانبەرکەوتنیان زیـاترە، ئەم ژن و کچە گەنجانەن کە لە دۆخێکی مەترسیداردا، دەچەوسێنرێنەوە و کەڵکیان لێ وەردەگیرێ و خەسارهەڵگرترن.

## تەمەنی لانیکەم لە ئەورووپا

ویلایەتە ژێردەستەکان بە درێژەدان بە نـەریتی ئـەورووپایی یاسـایان وەک ڕێنوێنێک بە کار هێنا. لە سەدەی شانزەهەم ڕێژەیەکی کـەمی نەتـەوەکانی ئەڵمان و ئیتالیا بۆ ئاوێتەبوونی زایەندیی کچـەکانیان لانیکـەمی تەمـەنیان ڕەچاو کرد. هەتا سەدەی هەژدەهەم  وڵاتانی دیکەی ئەورووپایش دەستیان کرد بە بەهێز کردنی ئەم یاسایانە. یەکـەمین یاسـای بنـەڕەتی فەڕەنســە لــە ساڵی ١١٧٠(١٧٩١ز)، تەمەنی ١١ ساڵانی وەک لانیکەمی تەمەن پەسـند کرد. پرتوگاڵ، ئیسپانیا، دانیمارک و ویلایەتەکانی سوویسرا تەمەنی ١٠ بـۆ ١٢ ساڵیان کرد بە لانیکەمی تەمـەن (ڕابێرتسـۆن، ١٣٩٤). یاسـای بـاوی بریتانیا بە شێوەی نەریتخوزانە تەمەنی ڕەزامەندی بـۆ پەیوەنـدی زایەنـدی نێـوان تەمـەنی ١٠ بـۆ ١٢ سـاڵان دیـاری کـرد بـوو، بـەڵام لـە سـاڵی

١٢٥٤(١٨٧٥ز)، ئەم لانیکەمی تەمەنە بۆ ١٣ ساڵ بەرز بووەوە. هەر لەم دەیەدا، فەڕەنسە، پرتوگاڵ، ئیسپانیا، دانیمارک و ویلایەتەکانی سوویسڕا و دیکەی وڵاتان ئەم تەمەنی لانیکەمەیان لە نێوان ١٣ ساڵ بۆ ١٦ ساڵ دیاری کرد (هەمان).

لە وڵاتی فەڕەنسەی ژێر ڕکێفی یاسای ناپلیۆنی لە ساڵی ١٢١١(١٨٣٢ز)، لانیکەمی تەمەنی ڕەزامەندیی بۆ پەیوەندیی زایەندی ١١ ساڵان ڕەچاو کرا و لە ساڵی ١٢٤٢ بۆ تەمەنی ١٣ ساڵان بەرز بووەوە. ئەم تەمەنە لە ساڵی ١٣٢٤(١٩٤٥ز)، ١٥ ساڵان پەسند کرا. لە وڵاتی ئیسپانیا لە ساڵی ١١٩٩(١٨٢٠) «تەمەنی باڵقبوون» وەک لانیکەمی تەمەن دیاری کرا و لە ساڵی ١٢٤٩(١٨٧٠ز) ئەم تەمەنە بۆ ١٢ ساڵان گۆڕانی بە سەردا هات هەتا ئەوەی کە لە ساڵی ١٣٧٨(١٩٩٩) لانیکەمی تەمەنی ڕەزامەندی بۆ ١٣ ساڵان بەرز بووەوە. لە ساڵی ١٣٩٤(٢٠١٥) ئەم تەمەنە گەیشتە ١٦ ساڵان. مێژووی ئەم وەرچەرخان و گۆڕانانە لە تەمەنی ڕەزامەندی بۆ پەیوەندی جنسی لە جیهان پیشاندەری زۆربوون و هەڵکێشانی ئەم تەمەنەیە.

لەم ماوەی دواییدا چەندین وڵاتی ڕۆژاوایش لە وڵاتی خۆیاندا تەمەنی ڕەزامەندییان بەرز کردەوە. لەوانە وڵاتی کانەدا (لە ساڵی ١٣٧٨(١٩٩٩ز) لە تەمەنی ١٤ ساڵانەوە بۆ تەمەنی ١٦ ساڵان) و لە ئەورووپا، ئیسلەند (لە ساڵی ١٣٨٦(٢٠٠٧ز) لە تەمەنی ١٤ ساڵانەوە بۆ تەمەنی ١٥ ساڵان)، لە کۆماری لیتوانی (لە ساڵی ١٣٨٩ لە تەمەنی ١٤ ساڵانەوە بۆ تەمەنی ١٦ ساڵان) لە کرۆواتی (لە ساڵی ١٣٩٢ لە تەمەنی ١٤ ساڵانەوە بۆ تەمەنی ١٥ ساڵان) و لە وڵاتی ئیسپانیا (لە ساڵی ١٣٩٤ لە١٣ ساڵانەوە بۆ تەمەنی ١٦ ساڵان). دیارە ئەوەی بە ڕوونی دەرکەوت، هەڵکێشانی تەمەنی

ڕەزامەندی بۆ پەیوەندی جنسی و بە دوایدا تەمەنی هاوسەرگیری، لـە ژێـر ڕکێفی یاسای کلیسـایە. لـەم مـاوەی دواییـدا لـە زۆربـەی ویلایەتـەکانی ئەمریکای باکووری، وڵاتـی کانـەدا و وڵاتـانی ئـەورووپایی ئـەم تەمەنـە گەیشتووەتە تەمەنی ۱۸ ساڵان.

لـە نیـوەی دوویـەمی سـەدەی هەژدەهـەم، بەشـگەلێکی بـەربڵاو لـە ڕۆژاوای ئەورووپا بەرزبوونەوەی ڕێژەی حەشـیمەتی بـە خۆیـەوە بینیـوە. ئەمە دەکرێ گرێ بدەینەوە بە داکشانی مام ناوەندی تەمەنی هاوسـەرگیری و هەڵکێشانی ڕێژەی مردن لە دەیەکانی کۆتایی سـەدەی ۱۸. بەڵگەیـەکی دیکە ئەوەیە کە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان بۆ پەیوەنـدی زایەنـدی ماوەیەکی دوور و درێژتر دابین دەکات، کە هـەلی خسـتنەوەی ڕێژەیـەکی زیاتری منداڵ بۆ هاوسەرەکان دەڕەخسێنێت. ژنان بە دەگمەن دەستیان بـە کەرەسەی پێشگری لە دووگیانبوون دەگات کە ئەمەش خۆی هەڵکێشـانی ڕێژەی حەشیمەتی لێ دەکەوێتەوە. لە ماوەی ئەم مەودا زەمەنییانە، تەمەنی گشتی بۆ هاوسەرگیری بە هیچ چەشنێک نەگۆڕ نەبووە (پیپینگ، ۱۳۸٦ یا ۲۰۰۷)، یوونسکۆ ڕوونی دەکاتەوە کە لە نێوان هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان و زاینی پێشوەختە لەو وڵاتانەی وا ڕێژەی هاوسەرگیری پێشوەختە باوە، پەیوەندییەکی زۆر توند و تۆڵ لە ئارادایە. بۆ نموونـە تـەنیا لـە وڵاتـی ئاسیا و ناوچەکانی ئۆقیانووسییە ساڵانە نزیکەی شـەش ملیـۆن سـاوا لـە دایکانی مێرمنداڵەوە لە دایک دەبن.

لە وڵاتانی ئیتالیا و ئالبانی، تەمەنی ڕەزامەندی بۆ چوونە ناو پەیوەنـدی جنسی ١٤ ساڵانە و ئەم تەمەنە ٤ ساڵ لە تەمـەنی یاسـایی هاوسـەرگیری واتە ۱۸ ساڵان کەمترە. سەرەڕای ئەمە زۆر ویلایـەت هـەن کـە هێشـتا بـۆ هاوسەرگیری تەمەنی لانیکەمی دیـاری نـەکردووە (ملکـۆری، ۱۳۸۹ یـا

٢٠١٠).

لە وڵاتانی یەکگرتووی بریتانیا هاوسەرگیری ژن و پیاوێک کە هەر دووکیان ژوور تەمەنی ١٦ ساڵانن، یان سەڵتن، یان بێوە یان تەڵاقدراون، یاساییە. کەسانی کەم تەمەن کە تەمەنیان ١٦ یان ١٧ ساڵانە، دەبێ بۆ ئەم کارە ڕەزامەندی دایک و باوکیان وەدەست بێنن. لانیکەمی تەمەنی یاسایی هاوسەرگیری لە زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژاوایی نێوان ١٦ ساڵ بۆ ١٨ ساڵە. سەرەڕای ئەوەی دەزگیران بوون لە دۆخێکی ڕێککەوتنانەدا، لە تەمەنی خوارتریشدا بەدی کراوە (ئەلحەکەم و مەک لالین، ١٣٩٥).

سەرباری ئەوەی تەمەنی وردی هاوسەرگیری لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە، لە ڕۆژاوا ئەوە تەمەنە کە ڕێگر و سنووردارکەرەوەی پەیوەندی جنسییە و لانیکەمی یاسایی تەمەن بۆ ڕەزامەندی پەیوەندی جنسی دێتە هەژمار. پاش گەیشتن بەم لانیکەمی تەمەنە یاساییە، پەیوەندی جنسی ڕێگە پێدراوە. ئێتیۆپی لە ساڵ ١٣٧٩(٢٠٠٠) لە یاسای بنەماڵەییدا لانیکەمی تەمەنی هاوسەرگیری بۆ ١٨ ساڵ گۆڕی و ڕەزامەندی تەواو و ئاگادارانەی هەر دوو هاوسەرەکەی زەرووری کرد. یاسای سزای نوێی ساڵی ١٣٨٤(٢٠٠٥) زۆرەکەی سێ ساڵ زیندانی بۆ هاوسەرگیری کچانی تەمەن ١٣ بۆ ١٧ ساڵ و لانیکەم ٧ ساڵ زیندانی بۆ ئەو حاڵەتە پەسند کرد کە کچە تەمەنی ژێر ١٣ ساڵە (گێیج، ١٣٩٢).

### لانیکەمی تەمەنی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

لە وڵاتانی کوێت و لیبی تەمەنێک کە تێیدا کچان هاوسەرگیری دەکەن بە شێوەی زۆر بەرچاو بەرزبوونەوەی بە خۆیەوە بینیوە. نزیکەی ٤٠ لە سەدی ژنانی ١٥ بۆ ١٩ ساڵە لە وڵاتانی لیبی و کوێت لە دەیەی ١٣٥٠

هاوسەرگیریان کردبوو بەڵام هەتا نیوەی دەیەی ٩٠ ئەم ئامارانە دەرخـەری ئەوە بوون کە زۆریـی ئـەم هاوسـەرگیرییانە گەیشـتووە بـە ١ و ٥ لـە سـەد (ڕەشاد و هاوکاران، ١٣٨٤).

زۆرێک لە وڵاتانی موسڵمان وەک ئەلجەزایر، عومان و توونس تەمەنی ١٨ سـاڵیان وەک لانیکـەمی تەمـەنی هاوسـەرگیری دیـاری کـردووە (هێرمانسێم، ١٣٩١ یا ٢٠١٢). وڵاتی عەرەبستانی سعوودی یەکێک لـەو ٧٤ وڵاتەیـە کـە لانیکـەمی تەمـەنی یاسـایی بـۆ هاوسـەرگیری دیـاری نەکردووە، چوونکە لەم چەشنە وڵاتانـەدا بـاڵقبوونی فیزیـایی بـە هێمـای پردی نێوان منداڵی و گـەورەیی لـە قەڵـەم دەدرێـت (ئەلحەکـەم و مـەک لالین، ١٣٩٥).

لـە وڵاتـی عەرەبسـتانی سـعوودی هەنـدێ لـە چالاکڤانـان و ڕێکخراوەکانی مافەکانی مـرۆڤ خوازیـاری دەسـتێوەردانی دەوڵـەت بـە دیاری کردنی لانیکەمی هاوسەرگیری بۆ وەستاندنی منـداڵ هاوسـەری و ڕێگری لە ئازاردانی منداڵان بوون. دیاری کردنی وەها سنوورێکی یاسایی لە تەمەنێک کە کەسێک بتوانێ هاوسەرگیری بکات لە زۆرێک لە وڵاتانـدا باوە (تەنانەت ئەگەر ئەو تەمەنە تایبەتـە لـە وڵاتێکـەوە بـۆ وڵاتێکـی دیکـە جیاواز بێ (هەمان). لەو ڕووەوەی کە هیچ لانیکەمێکی تەمەنی یاسایی بۆ هاوسەرگیری لـە وڵاتـی عەرەبسـتانی سـعوودی بـوونی نییـە، بـاڵقبوونی جەستەیی دەبێتە فاکتەری دیاریکەرەوە لە بڕیـاردان سـەبارەت بـە تەمـەنی گەورەیی ژنان و ئامادەییان بۆ هاوسەرگیری. بە گشتی گریمانەکە ئەوەیە کە ئەگەر کچێک باڵق بوو، ئامادەیی پێویسـتی بـۆ هاوسـەرگیری هەیـە. بـەم حاڵەوە بە دەگمـەن هەڵدەکـەوێت کـە کوڕێـک بـەر لـە کۆتـایی هـاتنی خوێندن و ئاسایشی پیشەیی هاوسەرگیری بکات.

بە پێچەوانەی کۆمەڵگا ڕۆژاواییەکان کە تێیدا تەمـەن دەوری گێـڕەوەی لە پەیوەندییە جنسییەکاندا هەیە. لە کۆمەڵگا ئیسلامی و عەرەبییەکاندا، لە حاڵەتێکدا کە تاکەکان پێکەوە هاوسەرگیرییان کـردووە ئـەم سـنووردارییە بەدی ناکرێت. لە ئەنجامدا تێکـەڵبوونی زایەنـدی لـە سـۆنگە یاسـایی و کلتوورییەوە لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا قبووڵ کراوە، بـەڵام لـە کۆمـەڵگا ڕۆژاواییەکاندا بە نایاسایی و نائەخلاقی پێناسە کراوە.

«لە ئەمڕۆوە، ١٦ـی پووشپەڕیساڵی ١٣٩٥، هاوسەرگیری منداڵان نایاسایی کراوە و لە گامبیا قەدەغە کرا. مێردە گەورە ساڵەکان کە هاوسەرگیریان لەگەڵ منداڵان کردووە ٢٠ ساڵ زیندانیان بۆ بڕاوە و دایک و باوکی منداڵەکان بۆ ٢١ ساڵ زیندان سزا دران و هەموو ئەو کەسانەی وا لە هاوسەرگیری منداڵان ئاگادار بوون بەڵام هیچ کارێکیان نەکردوە ١٠ ساڵ زیندانیان وەک سزا بۆ بڕایەوە.»

یەحیا جەماھ ـ سەرۆک کۆماری گامبیا

## بەستێنی یاسایی لانیکەمی تەمەنی هاوسەرگیری

ئەگەری ئەوە هەیە کە وڵاتی عەرەبستانیش وەکوو یەمـەن بجووڵێتـەوە. لـە وڵاتی یەمەن کە دەکەوێتـە سـنووری باشـووری عەرەبسـتانی سـعوودی، هاوسەرگیری منداڵان ڕووداوێکی باوە و هـیچ لانیکەمێـەکی تەمـەنی بـۆ دیـاری نـەکراوە. حاڵەتـەکانی هاوسـەرگیری منـداڵان و هاوسـەرگیری زۆرەملێ بۆ باس و مشتوومڕی ڕۆژنامەوانی و گشتی لەم بارەوە کۆتایی پێ دێت، بە جۆرێـک کـە ئـەم مشـتوومڕانە لـە وڵاتـی یەمـەن وای کـرد کـە حکومەتی ئەم وڵاتە تەمەنی ١٨ ساڵان وەک لانیکـەمی تەمـەنی یاسـایی هاوسـەرگیری هـەم بـۆ کچـان و هـەمیش بـۆ کـوڕان دیـاری بکـات (ئەبوودایش، ١٣٩٣).

هـەوڵی پێشـەنگە نێونەتەوەییـەکان و سـەرنجدانە جیهانییـەکان بـۆ

هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان وای کرد هەندێ بەرپرس پێداچوونەوەیەک بە یاساکانی پەیوەست بە تەمەنەکانی هاوسەرگیری بکەن و بە پەسند کردنی سزای توند، بۆ سەرپێچیکارانی ئەم یاسایانە کۆمەڵێ سزا پێناسە بکەن. لەم ساڵانەی دواییدا، هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان ویرە ویری وتەی ڕەخنە گرانە و مەحکووم گەرانەی لە زۆرێک لە ناوچەکانی جیهان ورووژاند. بۆ نموونە لە ساڵی ١٣٩٥ پەرلەمانی گوواتمالا بەرز بوونەوەی تەمەنی یاسایی هاوسەرگیری بۆ ١٨ ساڵان پەسند کرد (ویلێر، ١٣٩٤). لە ساڵی ١٣٩١ وڵاتی مالاوی ئەم تەمەنەی هەم بۆ کچان و هەمیش بۆ کوڕان گەیاندە تەمەنی ١٨ ساڵان (پێرێز، ١٣٩٤). لە ساڵی ١٣٩٣ بەرپرسانی بەنگلادشی ڕایانگەیاند کە هەر کەس هاوسەرگیری لەگەڵ کچۆڵەیەکی ژێر تەمەن ١٨ ساڵان بکات بۆ ٢ ساڵ زیندان حوکم دەدرێت (گیلان، ١٣٩٤). لە مانگی پووشپەڕی ساڵی ١٣٩٥ هەر دوو وڵاتی گامبیا و تانزانیا کۆتایی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵانیان بە سزای گرتنی ئەو کەسانەی کە درێژە بەم کارە دەدەن، ڕاگەیاند.

وڵاتی ئەفغانستان مەترسیدارترین وڵاتە بۆ ئەو ژنانەی وا تێدا لە دایک دەبن (باوکۆت، ١٣٩٠). لەم وڵاتەدا ٦٠ بۆ ٨٠ لە سەدی هاوسەرگیرییەکان هاوسەرگیری زۆرەملێ و هاوسەرگیری لە تەمەنی کەمدان. دادگایەک لە پارێزگای غۆر لە وڵاتی ئەفغانستان پیاوێکی تەمەن ٤٢ ساڵی بە هۆی هاوسەرگیری کردن لەگەڵ کچێکی تەمەن ٦ ساڵە بە ناوی غەریب گووڵ بۆ ٧ ساڵ زیندان سزا دا (هەواڵدەری فەڕەنسە، ١٣٩٥). ئەم پیاوە دانی بە تاوانی خۆیدا نا و وتی بە ئامادە بوونی زۆر کەس ئاهەنگی هاوسەرگیری ئەنجام درا. لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان ئەوە

دەردەخەن کە ئەم کچە تەمەن شەشساڵانە لە بەرامبەر بزنێک و کەمێک مادەی خۆراکی دراوە بە پیاوێکی تەمەن ٤٢ ساڵ. ئەم پیاوە ڕایدەگەیێنێت کە بنەماڵەی کچە وەک پێشکەشییەکی ئاینی ئەویان پێ بەخشیوە. دادوەر ٤ ساڵ حوکمی زیندانی بۆ باوکی ئەم کچە بڕییەوە. لە وڵاتی ئەفغانستان سزای هاوسەرگیری لەگەڵ منداڵان بە پێی سیستەمی دادی ئەم وڵاتە زیندانە. ئەم گۆڕانکارییانە دەرخەری ڕەوتی ڕۆشنبیرانە و وشیاری کۆمەڵگا و گواستنەوەی سیستەمی یاسایی داد وەک ئامرازێک بۆ ڕێگری لەم کارەیە.

سەرەڕای ئەم یاسا تازە پەسندکراوانە و ڕەوتی دڵگەرم کەرەوە، هێشتا پاشماوەی زیندووی نکۆڵی و غافڵبوون لە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان بوونی هەیە. لە وڵاتی تورکیا، پەرلەمان یاسای بنەڕەتی ئەم فەرمانەی دەرکرد کە هەر هەموو ئاکارە زایەندیەکان سەبارەت بە منداڵانی ژێر تەمەن ١٥ ساڵە، دەستڕێژی یان خراپ بە کارهێنانی زایەندی نین. بە گوێرەی ئەم پەسندکراوە، منداڵان لە تەمەنی ١٢، ١٣ و ١٤ ساڵان وەک کۆمەڵگەیەکی کەمینە پشتیوانیی یاسایان لە دەست داوە چوونکە بە پێی یاسا ڕەزامەندی ئەوان لە هەمبەر چالاکی جنسی پشتگوێ دەخرێت.

## دەسەڵاتی ئایین

زۆرێک لە ئایینەکان دەستیان لە دیاری کردنی تەمەنی هاوسەرگیریدا هەیە. ئایین بە دەسەڵاتە زاڵەکەیەوە بۆ کۆنترۆڵی بەها و بێچم دان بە کەلتوور فاکتەرێکی کاریگەر و بەرچاوە بۆ ئەو خەڵکانەی کە بۆ بڕیارە سەرەکییەکانیان وەک سەرچەشن پشت بە ئایین دەبەستن. لە هەندێ لە کۆمەڵگاکاندا، خواستە بنەڕەتییەکانی خەڵک و ڕێگەکانی گەیشتن بەم

خواستانە لە ڕێگەی یاسا و وانە ئاینییەکانەوە دیاری کراوە. ئەم بنەما و وانە ئاینییانە زۆر جار مافی تاکەکەسی و سەربەخۆیی تاک بە هەند وەرناگرن. دەسەڵاتی ئاین وەها کاری کردووەتە سەر دەوری دایک و باوک کە بۆتە خاوەنداریێتی منداڵان لە دایک و باوکیانەوە.

لە کۆمەڵگا مەسیحییەکاندا پەیوەندی زایەندی لە دەرەوەی بازنەی هاوسەرگیری قەدەغە کراوە. هەتا کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم سەبارەت بە چەمکی منداڵ تێگەیشتنێکی زۆر کەم لە ئارادا بووە و منداڵان تەنیا وەک گەورەی بچووک سەیر دەکران. لە ڕاستیدا بەر لە سەدەی دوانزەهەم، چەمکێک بە ناوی منداڵی لە گۆڕا نەبوو. بە باوەڕی مەسیحییەت لە ناو تاوانە ڕاستەقینەکاندا منداڵان لە دایک دەبن و بەم چەشنە میراتگری سرووشتی نائەخلاقین. منداڵان مافێکی کەمتریان هەبوو و بەشێک بوون لە دارایی باوک. لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم و بەتایبەت لە سەدەی نۆزدەهەم، ڕوانگەکان گۆڕانیان بە سەردا هات. لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەهەم سەرنجێکی زۆر خرایە سەر خراپ بە کارهێنانی جنسی منداڵان (بۆکسال و هاوکاران، ١٣٩٣).

سیاسەتی ئاژاوەیی کلیسای کاسۆلیکی ڕۆما و ئینجا کلیساکانی دیکەی پڕۆتستان، داکۆکیکاری هاوسەرگیریی نهێنییانە یان هاوسەرگیریی بە بێ ڕەزامەندیی دایک و باوک بوو. لە سەدی شانزەهەم هەر دوو شای فەڕەنسی و کلیسای لۆتێران بە سەرکەوتنێکی کەمەوە هەوڵی وەستاندنی هاوسەرگیری منداڵانیان دەدا. لە زۆرێک لە کۆمەڵگاکانی باکووری ڕۆژاوای ئەورووپا، هاوسەرگیری لە تەمەنی کەمدا دەگمەن بوو. کلیسا فەرمانی دا بوو کە بووک و زاوا دەبێ لانیکەم تەمەنیان ٢١ ساڵ بێت بۆ ئەوەی بتوانن بە بێ ڕەزامەندیی دایک و باوک هاوسەرگیری بکەن.



پەرستن لە حەرەمی ئیمام ڕەزا، مەشهەد / وێنە: کامیل ئەحمەدی

## ئایینی ئیسلام

لە ئـایینی ئیسـلام تەنانـەت کاتێـک کـە لـە بـارووددۆخی جوگرافیـایی و زەمەنییەوە ڕەچاو بکرێن، یاساکانی ژیان بۆ هەر هەموو موسـڵمانانی دنیـا چ ژن و چ پیاو دیاری کراوە بۆ ئـەوەی بیگۆزنـەوە. ئـەم یاسـایانە تەمـەنی باڵقبوون و تەمەنی هاوسەرگیریش دەگرێتەوە.

لە قورئان باس لە باڵقبوونی گەورەکان و گەیشـتن بـە بـاڵقبوون کـراوە (ئایزاک، ١٣٩١: ٩٩ – ١١٨). وشەی مێرمنداڵان لە ئەدەبیاتی ئیسـلامیدا بوونی نییە و لە یاسا ئیسلامییەکانیشدا وشەی «گەنجی و منـداڵی» هـیچ شـوێنێکیان بـۆ نییـە (هێرمانسـم، ١٣٩١). وەک پێشـتریش وتـرا، لـەم ڕوانگەوە دەستپێکی باڵقبوون، هێمای کۆتایی هاتنی تـافی منداڵییـە. بـەم حاڵەوە ئـەم ئاراسـتە لـەش تـەوەرە لـە لایـەن کەسـانێک کـە خوازیـاری ڕوانگەیـەکی زنجیرەیـی کـات بـۆ دیـاریکردنی تێپـەڕین لـە منـداڵی بـۆ گەورەیین کەوتۆتە بەر تیشکی ڕەخنە.

سەرەڕای هەموو ئاڵۆزییەکانی تەمەن و جۆرەکانی باڵق بوون، چالاکی جۆراوجـۆری کۆمەڵایـەتی تەمـەنێکی تایبـەتی گەرەکـە. لـە کۆمـەڵگا ئەوڕۆییەکاندا کە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان بـەربڵاو و گشـتگیر بـوون و بەشـداری ڕوو لـە زیـادبووی تاکـەکانی دەوێ، پێـوەرێکی تایبـەت بـۆ پێناسەی منداڵی و گەورەیی پێویستە.

لە بەرامبەردا تەمەن یـان ڕووداوی تایبـەتی هـەن کـە وەک دیارکـەری گەورەیی سـەیر دەکـرێن. سـەرەڕای ئـەوەی تەمـەنی ١٨ سـاڵان تەمـەنی دەسـتپێکی هەنـدێ چـالاکی وەک هاوسـەرگیری، کردنـەوەی ژمـارەی بـانکی، کێشـانی دوکەڵـەکان و دەنگـدان لـە هەڵبژاردنەکانـدا ڕەچـاو

دەگیرێت، بەڵام ئەم تەمەنە دەتوانێ بە پێی یاساکان گۆڕانی بە سەردا بێت. لە کۆمەڵگا سکۆلارەکاندا دەوڵەت هەڵوێستێکی بێلایەنانە و بێکاریگـەر لە هەمبەر ئاکارە ئاینییەکان دەگرێتە بەر، شوناسی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی لە کۆمەڵە پێکهاتەی جیاوازی بەهایی سەرچاوە دەگرن و پـەرە دەسـتێنن. یاساکان بە پێـی ئـەوەی بەرژەوەنـدی کـۆی کۆمەڵگایـە دیـاری و پەسـند دەکرێن.

سەرەڕای جیاوازی بیر و ڕای بەربڵاو لـە تێگەیشـن و شـرۆڤەی یاسـا ئیسلامییەکان لە کۆمەڵگە موسڵمانەکانی ئەوڕۆیی، ئەوەی لـە ژێـر نـاوی شەریعەتی ئیسلامی بە شێوەی بەرفراوان قبووڵ کراوە ئەوەیە کە ژن و پیاو بە بێ ئامادە بوونی چاودێرێک نابێ چاویان بە یەکتر بکەوێت. ئەم ترسـە هەیە کە هەڵسـووکەوت و ڕووبـەڕوو بوونـەوەی ڕاسـتەوخۆی ژن و پیـاو دەبێتە هۆی دروستبوون و دەستپێکی پەیوەندیی جنسی لە نێوانیانـدا. ئـەو شتەی کە لە دەرەوەی چوارچێوەی بنەماڵەدا قەدەغەیە. (ئەلحەکەم و مـەک لالین، ١٣٩٥).

بە پێی شەریعەتی قوتابخانەی حەنبەلی، باوک بـۆی هەیـە پێشـنیاری خوازبێنی کچەکەی لە لایـەن پیاوێکـەوە قبـووڵ بکـات تەنانـەت ئەگـەر کچەکەی باڵقیش نەبوو بێت. بەم حاڵەوە کچ هەتا کاتی پێگەیشتن و باڵق بـوون لەگـەڵ دایـک و بـاوکی دەژی و لـە کـاتی بـاڵق بوونـدا دەتـوانێ هاوسـەرگرییەکە قبـووڵ بکـات یـان ڕەتـی بکاتـەوە. ئەگـەر کچـە هاوسەرگیرییەکەی قبووڵ نەکرد تەڵاق وەردەگرێ. سەرەڕای ئـەوەی بـاش دەزانین کە لە کردەوەدا ئەم کارە دەگمەنە. دیـارە بنەماڵـە گیرۆدەکـانی ئـەم باس و زەختە کۆمەڵایەتییانە بۆ قبووڵ کردنی هاوسەرگیری و ملکەچ بوون بۆ دایک و باوک لە هەموو کار و بارەکاندا، سەرپێچی کردنی کچێـک لـە

وەها هەلومەرجێکدا زۆر ئەستەم دەبێت.

کاتێک تەمەنی شیاوی هاوسەرگیری بۆ کەسێک بە پێی یاسای ئـایینی خوارتر لە تەمەنی یاسایی هاوسەرگیری لە وڵاتێکدا بێت، یاسای دەوڵەتی باڵادەستە. ١٢٣ حیزب لە کـۆنگرەی تـەواوکردنی سـاڵی ١٣٣٥(١٩٥٦) سەبارەت بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆیلەداری بە دیاری کردن و پەسند کردنی لانیکەمی تەمەن بۆ هاوسەرگیری ڕەزامەندیان نواند. بـەم حاڵـەوە هەنـدێ ئەنجوومەنی ئاینی باڵادەست بوونی یاسای دەوڵەتییان لەم بـارەوە قبـووڵ نییە و ئەمـەش خـۆی لـە خۆیـدا دەبێتـە هـۆی بـەرگری و لایـەنگری لـە هاوسەرگیری منداڵان و هاوسەرگیری زۆرەملێ.

«دەبێ بۆ پرسی هاوسەرگیری پەلە بکرێ و کچ و کوڕ دەبێ هاوسەرگیری بکەن. هەڵبەت من دژی هاوسەرگیری لە کاتی چوون بۆ زانکۆم، بەڵکوو هاوسەرگیری دەبێ لە قۆناغی ئامادەییدا بکرێ چوونکە کچان لە تەمەنی ١٣ ساڵاندا مێردیان دەوێ و ئەو کەسەی وا ئەوی ئافراندووە باش دەزانێ کە چی بۆ ئەو باشترە. لە هەندێ حاڵەتدا دەبێ پەلە بکرێت و یەکێک لەو حاڵەتانە هاوسەرگیری ڕۆڵەکانمانە. کاتێک وەختی هاوسەرگیری کچەکانمانە، دەبێ پەلەی بۆ بکرێ نەک ئەوەی کە بڵێین با خوێندنەکەی تەواو بێ ئینجا. بۆ کوڕیش هەر وایە، کە واتە بۆ هاوسەرگیری و کاروباری خێر دەبێ پەلە بکرێت، چوونکە شەیتان ڕا ڕاییان دەکات.»

حوجەتولئێسلام وەلمۆسلمین مۆحسێن قەرائەتی

٢٦ـی گەلاوێژی ساڵی ١٣٩٥

## بگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

ڕوانگە و خاڵی بۆچوون سەبارەت بە منداڵی لە درێژایی مێـژوودا بـە پێـی ڕوانگەی کۆمەڵگاکان گۆڕانی بە سەردا هاتووە. جیاوازی زۆر بـەرچاو لـە نێوان چەمکی منداڵی لە کاتی هاوچەرخ و چەمکی منداڵی لـە مێـژووی

کۆندا بەدی دەکرێت. کۆمەڵگاکان پەرەیان بە چەمک و پێناسـەی جیـاواز سەبارەت بەوەی کە منداڵ بوون چ واتایەکی هەیە داوە کـە بـێچم دەدا بـە ڕاسـتییە کۆمەڵا یـەتی - ئـابووری و کەلتوورییـە هەمـەجۆرەکان. تـەنیا لـە سەدەی حەڤدەهەم بەم لاوە بوو کە چەمکی منداڵی لە وڵاتانی ڕۆژاواییـدا بەدی هات.



گوندی کوردنشین لە دراوسێیەتی سنووری عێراق، پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا
وێنە: کامیل ئەحمەدی

لە کۆمەڵگای ئێمـەدا بـەر لـە مۆدێرنیتـە و کـەلتووره نارۆژاوايیـەکان، واتايەکی چەن لايەنە بۆ منـداڵی بـوونی هەيـە. سـەرەڕای ئـەوەی هـەموو کۆمەڵگاکان لە نێوان منداڵان و گەورەکان جیاوازی دادەنن، بەڵام منداڵی لە هـەموو شـوێنێکدا وەک يـەک پێناسـە ناکرێـت، چوونکـە پلـەی ئـەم جیـاوازی و چاوەڕوانییـە خراوەتـە ئەسـتۆی تاکـەکان و بـە پێـی ئـەو کۆمەڵگايەی کـە تێیـدا دەژيـن گـۆڕانی بـە سـەردا دێـت (مۆنتگـۆمێری، ١٣٩٢). لـە زۆربـەی ئـەو کۆمەڵگايانـەی وا هاوسـەرگيری پێشـوەختەی منداڵان باوە، لە سەر پێی خۆوەستان و سەربەخۆیی بە تێپـەڕین لـە تـافی منداڵی بۆ تافی گەورەیی بەدی دێت، سەبارەت بـە کچـە کـەم تەمەنـەکان

وەک تایبەتمەندییەکی نەخوازراو دەبیندرێ چوونکە بەردەوام چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکرێ کە کۆڵدەر و ملکەج بن. هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان زۆر سادە و ساکار تافی منداڵی - مێرمنداڵی سروشتی مرۆڤ تێک دەشکێنێت و چەخماخەی سەربەخۆیی تاکایەتی دەکوژێنێتەوە و گەشەی چەمکی «خۆ»ی٥یان تێدا کپ دەکات (یوونیسێف).

قبووڵکراوی و وەرگرتنی کەلتووری و کۆمەڵایەتی هاوسەرگیری پێشوەختە لەوانەیە لەم نێوەندەدا دەوری سەرەکی هەبێت. بۆ نموونە ئەو منداڵانەی کە زوو هاوسەرگیریان کردووە لەوانەیە وا بیر بکەنەوە کە ئەزموونەکەیان تەنیا دووپاتەیەکی کۆمەڵایەتی بێ‌سێ و دوو ئەو شتە بێ کە دایک و خوشکەکانیان لە درێژەی نەوەکاندا تاقیان کردووەتەوە و کە واتە کەلتووری چەسپاو جێبەجێ دەکرێت. وەک پێشتریش کووترا، هەژاری هۆکاری سەرەکی و هەروەها لێکەوتەی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە وڵاتانی نەریتی و هەژارنشینە. تافی منداڵی بە هۆی ئەم هەژاری و بێبەشییەتییە لە قەڵەم دەکەوێ و دەسڕدرێتەوە. زۆر بەڵگە لە ئارادایە کە هەژاری هۆکارێکی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە کە بە پێی جیاوازی لە ئاستە نایەکسانەکاندا کاریگەریی جیاواز لە سەر ژنان و پیاوان دادەنێت. ئەم ڕاستییانە ئەوەمان نیشان دەدەن کە لەو وڵاتانەی وا کچان بە شێوەی دادپەروەرانە دەستیان بە خوێندن، بەهێز کردنەوەی بەهرە و هەلی کار دەگات، هاوسەرگیری پێشوەختە زۆر دەگمەنە (سوویتمەن، ١٣٨٢). سوویتمەن لە کتێبەکەیدا ئەوە دێنێتە بەر باس کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەنیا ٤ لە سەدی کچان خوار تەمەنی ١٩ساڵان

---

5 . self 7

هاوسەرگیری دەکەن. لە وڵاتی کەنەدا ئەم ئامارە دەگاتە ١ لە سەد و لە وڵاتی بریتانیا ٢ لە سەدە (هەمان).

لە هەندێ لە ناوچەکاندا ڕاکردنی مێرمنداڵان و منداڵان لە ماڵەوە حاڵەتێکی باوە، بۆ نموونە لە ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجانی ڕۆژاوا (موکریان) ئەم حاڵەتە لەم ناوچانەدا ڕوو دەدات کە دەسەڵاتی بنەماڵە و زنجیرەی یەک لە دوای یەکی دەسەڵات و ملکەجبوونی ڕەها بەدی دەکرێ و ژن و مێردەکان نەیانتوانیوە بڕیار بۆ خۆیان بدەن. ڕاکردن لە ماڵەوە (هەڵگیران یان ڕەدووکەوتن) و شێوازێک کە بنەماڵەکان لەگەڵ ئەم کارە قبووڵ نەکراوە ڕادێن، لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە و دیکەی پارێزگاکان جیاوازە. لە هەندێ لە ناوچەکاندا (بەتایبەت لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات واتە ورمێ) باوکی کچە لە بەرامبەر بڕە پارەیەک لە زاوا و یان بنەماڵەی زاوا دیسان دەیهێنێتەوە ناو بنەماڵە و ئەم بڕە پارە تەرخانی کڕینی جیاز و یان کەرەسەی ژیانی ژن و مێردەکە دەکرێت. لە هەندێ ناوچەی وەک باکووری ڕۆژاوای پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی، هەر دوو بنەماڵەکان نە تەنیا ژن و مێردەکە وەردەگرنەوە بەڵکوو ماڵ و کەرەسەی پێویستی ژیانیان بۆ دابین دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن لە گەڵ یەکتر بژین. باوبوون و برەوی ئەم حاڵەتە لە بابلاوا (لە نزیک شاری خۆی کە دەکەوێتە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا) ئێستا بۆتە نەریت و بەهایەکی کۆمەڵایەتی کە درێژەکێشانی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵانی لێ دەکەوێتەوە.

## هاوسەرگیری بەرنامە بۆ دارێژراو[58]، هاوسەرگیریی زۆرەملێ[59] و ژن بە ژن[60]

لە دێرزەمانەوە لە کاتی کۆچ نشینی ئاڵوگۆڕی ژنان (ژن بە ژن) وەک ئامرازی کڕین و فرۆشتن لە ناو بنەماڵە نەریت‌خوازەکاندا کارێکی باو بووە (بوونتینگ و هاوکاران، ١٣٩٥). لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا چەمکی هاوسەرگیری زۆرەملێ یان هاوسەرگیری بەرنامە بۆ دارێژراو پەرەی سەندووە و زۆربەی هاوسەرگیری منداڵان لە ناو بنەماڵەدا بێچمی گرتووە (ئێرۆڵکار و ماسنگی، ١٣٨٨: ٦ - ١٤). ئامانجی زۆرێک لە بەرنامە و ڕێکارە پێشگرییەکانی هاوسەرگیری پێشوەختە ئەو کەسانەیە کە لە بنەماڵەکاندا لە هەمبەر منداڵان و مێرمنداڵان لە پێگەی دەسەڵاتدان، بەم شێوە ئەم بەرنامە و ڕێکارانە بەتایبەت دایک و باوکەکان، سەرپەرشت و ئەندامانی کۆمەڵگای خۆجێییان دەخرێنە بەر تیشکی سەرنج.

«لە کاروون زۆربەی هاوسەرگیرییەکان عەشیرەتی و خزمایەتین. زێنەب ناچار بوو زوو شوو بکات بۆ ئەوەی نەیدەن بە ئامۆزا بیرکۆڵەکەی. ئێمە دەبێ داب و نەریتی کۆنی خۆمانمان هەبێ لە بەر ئەوەی لە خوێن و دەمارماندایە و دەبێ ببێت. خەسووی کچەکەم، خوشکمە. ڕاستە کچەکەم منداڵە بەڵام دەبێ دوو و سێ منداڵی هەبێ بۆ ئەوەی لە ژیان تێبگات. مەڵێ «ناچارم»! بڵێ «ئەرکی سەر شانمە»!

دایکی زێنەب، تەمەن ٤٢ ساڵ.

کاروون، پارێزگای خووزستان.

---

58. Arranged marriage

59. Forced marriage

60. Exchanging women

## ئاڵوگۆڕی ژنان (ژن بە ژن)

ئاڵوگۆڕی ژنان یەکێکە لە شێوازە باوەکانی هاوسەرگیری بەتایبەت لە وڵاتی پاکستان. لەم نەریتە کۆمەڵایەتییەدا دوو کچ وەک بەشێک لە ڕیککەوتنی بازرگانی لە نێوان دوو بنەماڵەدا ئاڵووگۆڕ دەبن. ئاڵووگۆڕی نەریتی ژنان ستراتیژ و ڕێکاری چارەسەری ململانێکان بووە. ڕێککەوتنی ئاشتی [1] بە ئاڵووگۆڕی ژنان لە نێوان دوو ئێتنیک و هۆزی دژ بە یەک و بە بێ ڕەزامەندی ژن و پیاو ئەنجام دەدرێت (گاردنێر و ئەلبوشرا، ١٣٨٣ یا ٢٠٠٤). حاڵەتی زۆر کەم هەیە کە لایەنە گیرۆدەکان لە هاوسەرگیریدا توانیبێتیان سەرپێچی بنوێنن. لە ڕاستیدا بە ناوی ئەم هاوسەرگیرییانە ئەو کچانەی وا دەبنە ئامرازی درووستکردنی ئاشتی و ئاشتەوایی، زۆریان کچۆڵە و کەم تەمەنن و زۆر ئەستەمە کە بتوانن مل بەم هاوسەرگیرییە نەدەن، مەگەر ئەوەی کە لە ماڵەوە ڕا بکەن یان لە ناو بنەماڵەی خۆیاندا لە دژی ئەم هاوسەرگیرییە بەرهەڵستی بکەن (موسە ئەحمەد، ١٣٨٣).

## هاوسەرگیری زۆرەملێ ـ هاوسەرگیری بە بەرنامە

لە درێژایی مێژوودا بەتایبەت بەر لە سەدەی هەژدەهەم هاوسەرگیری لە ناو بنەماڵەکاندا جێبەجێ بووە. ئەم کارە خۆی بە پێی کلتووری ناوچەکان بگۆڕ بووە بەڵام بە گشتی بریتییە لە گواستنەوەی وابەستەیی ژنان لە باوکیانەوە بۆ مێردەکانیان. ئازادی ژنان لە سەدەی نۆزدەهەم و بیستەم بوو بە پێویستی گۆڕانی بەرچاو لە یاسا بەتایبەت یاساکانی پەیوەست بە مافی

---

[1] . peace agreement

خاوەنداریێتی و بارودۆخی ئابووریيان.

لە ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم زۆرێک لـە کۆمـەڵگا ڕۆژاواییـەکان، یاسـای یەکسـانی ژن و مێردیـان لــە یاسـای بنەماڵــەدا گونجانــدوە. هاوسەرگیری زۆرەملێ ئەو کاتە دێتە دی کە یەکێک لـە هاوسـەرەکان یـان هەر دووکیان بەم پێک گەیشتنە ڕازی نەبن و لانیکەم هەمبەر بە یـەکێکیان هاوسەرگیری زۆرەملێ سەپێنرا بێت. ئەمە کارێکی وەڕەزهێنـەر و بـەرگری نەخوازە کە لە وڵاتی بریتانیا وەک شێوەیەک لە توند و تیـژی دژ بـە ژنـان، خراپ بە کارهێنان و توند و تیژی لە دژی منـداڵان و دەسـتدرێژی مـافی مرۆیی پێناسە کراوە.

«مێردەکەم منی بە زۆری دەستنیشان کرد. لە بنەماڵەی مێردەکەم لە شاری مەراغە باو بوو کە کچ هەڵبگرن. بەڵام لە بنەماڵەی ئێمەدا لە گوگان ئەمە کارێکی دزێوە و ئەم نەریتەمان نییە. لە ترسی ئەوەی حەیام نەچێ و هەڵمنەگرێ ناچار بووم بەڵێ بڵێم و کۆتایی پێ بێنم.»
وڵامدەری ژن، تەمەن ٣٠ ساڵە

## گورگان، پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات

بـە گـوێرەی بەڵگـەکانی ئاددکـان[62] هاوسـەرگیری منـداڵان بـە هـەر دوو شێوەی جیـاواز جێبـەجێ بـووە. یـەک، جێبـەجێ کردنـی هاوسـەرگیری کچێکی کەم تەمەن لەگەڵ پیاوێکی گەورە کە تەمەنی زۆر لەو زیـاترە، لـە پێکهاتەی زۆرەملێ و ناچاری لە لایەن دایک و باوکی کچە یان کەسـێکی دەسترۆیشتوو و خاوەن دەسەڵات لـە بنەماڵـە و دووهـەم ئامادەکـاری بـۆ هاوسەرگیری داهاتووی منداڵان (ئاددکان و هاوکاران، ١٣٩١). بینینی ئەو کچۆڵە تەمەن ٧ بۆ ١٤ ساڵانە کە دەنێردرێنە ماڵی مێرد بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ

---

62. Adedokun

بنەماڵەی ئەوان بژین شتێکی نائاسایی نییە. مێردە داهاتووەکانیان بە پێی فاکتەرە کۆمەڵایەتی، ئایینی و داراییەکان هەڵدەبژێردرێن ئەوە لە کاتێکدایە کە لەم بارەوە تەمەن وەک فاکتەرێکی گرینگ نایەتە هەژمار.

زەخت و گوشار بۆ سەر کچان بۆ مل دانیان بۆ شوو کردن دەتوانێ جەستەیی (وەک هەڕەشەی جەستەیی و مەترسی جنسی) یان هەستی و دەروونناسانە بێت (باوەڕ پێهێنانی کچان بەوەی کە دەبنە هۆی سەرشۆڕی و نەنگی بنەماڵە). خراپ بە کارهێنانی دارایی (وەرگرتنی پارە و نەدانی هیچ بڕە پارەیەک بە کچ) یەکێک تر لەم خەسارانەیە. ئەمانە لەوانەیە مافی بێدەنگ کردن و باجی سۆزداری بۆ کچ بن، چوونکە لەم ڕێوڕەسمانە کە هەموو ئامادە کاری و ڕێکخستنێک بۆ هەموو کاروبارەکان کراوە زۆر ئەستەم و دژوارە کە کەسێک بتوانێ نا بڵێ.

«لە تەمەنی ١٣ ساڵان بە زۆرداری بنەماڵەکەم بووم بە دەزگیرانی کوڕە خاڵەکەم و چیتر بۆم نەبوو درێژە بە خوێندن بدەم. پاش هاوسەرگیری کردنم ڕاوێژکار و دەرونناسەکانم قسەیان لەگەڵم کرد. ئەزموونم لە بینینان ترس و پەرۆشی و ئیسترێس بوو. لە شێوازی ڕوانینی ڕاوێژکارەکەم دەترسام. دەیکوت ڕێگەیەکی هەڵە هاتووی و دەبوایە هەتا تەمەنی ١٨ ساڵان هاوسەرگیری نەکردبا.»

فاتمە، ١٤ ساڵان

## گوندی عەلیاوای قشلاق، مەلەکان، پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەلات

لە ناوچەکانی باشووری ئاسیا هەندێ لە کچان لە لایەن بنەماڵەکانیانەوە لە سەفەرێکدا دەیانبەن بۆ ناوچەکانی نیمچە وڵات لە کاتێکدا هیچ زانیارییەکیان بۆ بەرنامە و ئامانجی بنەماڵە بۆ بەشوودانیان نییە. پەساپۆرتی ئەم کچانە زەوت دەکرێ بۆ ئەوەی چیتر نەگەڕێنەوە بۆ ماڵی باوکیان. ئەو

کەسانەی کە ناچار بــە هاوســەرگیری دەکــرێن و یــان لــە کەوتنــە دۆخــی هاوسەرگیری زۆرەملێ دەترسن، خــەمۆک دەبــن و ئاســەواری نەخۆشــی دەروونی و جەستەییان لێ دەردەکەوێ و هەندێ لەم کچانە کە دەیانەوێت ڕا بکەن لەم هاوسەرگیرییە نەخوازراوە خۆیان دەکووژن.

بە بۆچوونی هەندێ کــەس، هاوســەرگیری ببــە بەرنامــە جۆرێکــە لــە هاوسەرگیری زۆرەملێ. لە هاوسەرگیری زۆرەملێ یەکێک لە لایەنەکان یان هەر دووکیان بە هۆی تــرس، تۆقانــدن و زەخــت ناچــارن بــە پێچەوانــەی خواستی خۆیان هاوسەرگیری بکەن. بەڵام لە هاوسەرگیری بە بەرنامە هەر دوو لایەنەکــە بــە ڕەزامەنــدی تــەواو و ئاگادارانــە هاوســەرگیری دەکــەن. هاوسەرگیرییەک کە بەرنامەی بۆ دارێژراوە بە واتای هاوسەرگیری زۆرەملێ نییە چوونکە لە یەکەمدا هاوسەرەکان دەرفەتی قبووڵ نــەکردنی پێشــنیاری هاوسەرگیرییان هەیە بەڵام لە هی دووهەمدا نــا. هاوســەرگیری زۆرەملــێ لەگەڵ هاوسەرگیرییەکی بەرنامە بۆ دارێژراو کە لە لایەن خزم و کەس یــان دۆســت و هاوڕێکانــەوە ســاز دەبــێ بــەڵام هاوســەرەکانیش پێــی ڕازیــن جیاوازە.

سەرەڕای ئەمە جیاوازی کەمی نێوان هاوسەرگیری بەرنامە بۆ دارێــژراو و هاوسەرگیری زۆرەملێ زۆر چەتوونە و هەندێ جار ناتوانین لێکیان جیــا بکەینەوە چوونکە لە ڕاستیدا ئەم دوو حاڵەتە زۆر لێــک نــزیکن. نــاتوانین بڵێین ڕەزامەندی کچ لە هاوسەرگیری بەرنامە بۆ دارێــژراو ڕەزامەندییــەکی لێبڕاو و تەواو و بە پێی بژاردەی خۆی بووە. چوونکە ئەم هاوسەرگیرییە لــە ڕێگەی زەختی کۆمەڵایەتی و هەستی لە لایەن دایک و باوک و براکانییەوە بە سەریدا سەپاوە. ئەگەر ژن یان کچێکــی کــەم تەمــەن هــەوڵ بــدات لــە هەمبەر هاوسەرگیری زۆرەملێ یان بەرنامە بــۆ دارێــژراو بەرهەڵســتی بکــا

ڕووبەڕووی کاردانەوەی زۆر توند دەبێتەوە کە لە هەنـدێ لـە ناوچـەکانی دنیادا قەتڵی ناموسی لێ دەکەوێتەوە. بـە هـەمان شـێوە ئـەو ژنانـەی کـە ئامادە نین لە هاوسەرگیرییەکی زۆرەملێیەتیدا بمێننەوە و خوازیاری تـەڵاق دەبن، تووشی هەموو جۆر و شێوازەکانی ئاستەنگ و دوورکردنەوە دەبنەوە. ئەمە ڕوونکردنەوەیەکە بۆ ئەوەی کـە بـۆچی یاسـا ئـاینی و داب و نەریتـە کۆمەڵایەتییەکان پرۆسەی تەڵاق بەتایبەت بۆ ژنان ئاڵۆز و دژوار دەکەن.

«کاتێک منیان دا بە شوو، تەمەنم ٨ساڵان بوو، لە ماڵی مێردەکەم پاش دوو مانگ کەوتمە بێنوێژی. شەوی بووکێنی دەترسام و هیچم نەدەزانی کاتێک مێردەکەم ویستی نزیکیم لەگەڵ بکات دەکشامە دواوە هەتا ئەوەی کە تووڕە و ماندوو بوو و چوو بۆ لای دایکی و وتی ناهێڵێ چی لێ بکەم؟ دایکی هات و دەمی منی بەست، هەر دوو قاچی خستە لای قاچم و پێیەکانمی کردەوە و بە کوڕەکەی وت: تۆ ئیشی خۆت بکە. ئەو شەوە تووشی دۆخێک هاتم کە دوای ئەنجام دانی سێکسەکە منیان برد بۆ نەخۆشخانە. لەو شەوە بە هۆی ئەو کارەی وا لە گەڵ مینیان کرد لێیان بێزارم. لەو کاتەوە هەتا هەنووکە ئاوات بۆ مەرگ دەخوازم و خۆزگە دەخوازم ئیمام حسێن بێت و من لەگەڵ خۆیدا ببات، وەک ئەو کاتەی کە هات و وتی من لەگەڵتم.»
ئێعتسام - تەمەن ٤٠ ساڵە - کاروون، پارێزگای خوزستان

هاوسەرگیری پێشوەختە یەکسان خوازیی کـەمتر و ئاسـتێکی نزمتـری لـە کـوالێتی پەیوەنـدی ژن و مێـردی لــێ دەکەوێتـەوە. لـە هاوســەرگیرییە پێشـوەختەکاندا ژنـان لـە پرۆسـەی بڕیاردانـدا بەشـدار نـین و ئیـرادە و کۆنترۆڵێکیان بە سەر سـەرچاوەکاندا نییـە، هـەروەها تەنانـەت ئەگـەر لـە هاوسەرگیرییەکەیدا ڕووبەڕووی مەترسی توند و تیژی ببێتەوە ناتوانێ لـەو وەسڵەتە بێتە دەرەوە.

بەم وەسفە تەنانەت ئەگـەر کچێـک ڕازی بـە هاوسـەرگیرییەک بێـت،

بەرتەسک بینانەیە ئەگەر پێمـان وابـێ ئـەم ڕەزامەندییـە بـۆ هاوسـەرگیری بەرنامە بۆ داڕێژراو نە بە هۆی زەختی بنەماڵەیی و کەلتووری بەڵکوو تـەنیا خواستی ئازادانەی کەسەکەی خـۆی بـووە. ملکـەجی نوانـدن بـۆ داب و نەریت و باوەڕە بنەماڵەییەکان، ئێتنیکی و هۆزەییەکان دەتوانێ تاک ناچار بە خۆگـوونجێنی بکـات. لـەم سـۆنگەوە جیـاوازی نێـوان ئـەم دوو جـۆرە هاوسەرگیرییە هەرگیز ئاسان نـەبووە، چوونکـە جـۆری دووهـەمیان وەک شێوەیەک لە توند و تیژی ناو ماڵ بەدی دەکـرێ کـە دەتـوانێ داوێنگیـری هەم منداڵان و هەمیش گەورەکان ببێت (گانگۆڵی و چەنتلێر، ١٣٨٨).

لە کۆمەڵگای عـەرەب و خۆرهـەڵاتی ناوەڕاسـتدا، لـە چـاو کۆمـەڵگا نەریتییـەکانی ڕۆژاوا، هاوسـەرگیری لـە نـاو خـزم و تایفـەدا زۆر بـاوترە. ئەگەرچی ئەمە حاڵەتە لە ڕۆژاوا نامۆیە بەڵام لە ڕاستیدا لە پێشدا لە لایـەن هەندێ لە ئەندامانی بنەماڵە وجاغزادەکان لـە مێـژوودا ئـەنجام دەدرا (بـۆ نموونە شاژن ڤیکتۆریا و پڕەنسس ئالبێرتی مێردی پێکـەوە ئـامۆزا بـوون). ئێستا هاوسەرگیری لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵە زۆر زیاتر لە جـاران کـەمتر و دەگمەنترە.

**تەندروستی دەروونی**

هەر ئەم زانیارییە کەمە سەبارەت بە هاوسەرگیری منداڵان دەریدەخات کە زۆربـەی کچـان لـە هاوسـەرگیرییەکی سـەپێنراودا، زۆر خـەمگین و گۆشەگیرن، پەیوەندییان لەگەڵ هاوتەمەنـەکانیان پچـڕاوە، بـۆ هاوپـەیڤین کەسیان نییە چوونکە هەموو ئەو کەسانەی وا لە دەور و بەریانن لـە خـۆی گەورەترن و خۆشیان لە پشتڕاستەکەرەوە و بکـەرانی بـاروودۆخی ئـەوانن. کێشەکانیان لە لایەن کۆمەڵگاکەیانەوە بـە نەناسـراوی و نکـۆڵی لێکـراوی

دەمێنێتەوە و دەیانکا بە قوربانیانی نەبینراو. کۆمەڵگاگریی نەشیاو و نەبوونی بواری درێژەدان بە خوێندن و خەسارەتی دەروونی و جەستەیی ڕووخێنەر بە هۆی منداڵ خستنەوەی یەک لە دوای یەک لەواندا زۆر ورووژێنەرە. کێشە دەروونییەکانیان دڵڕەقانە وەک بەشی دانەبڕاوی ژیانیان سەیر دەکرێ (بورهانە سەلاسی، ١٣٧٢).

کە مـن ئـەو توێژینەوانەی کە کاریگەری دەروونناسی منداڵ هاوسەرییان تاوتوێ کردبێت (گێیج، ١٣٩٢). ئامارەکانی پەیوەست بە خۆکووژی لە ناو کچۆڵەکاندا کە تووشی پێشنیاری هاوسەرگیری دەبنەوە، دووقاتی ئەو کچانەیە کە لە دۆخێکی بەدەرە لەوەن. پەرەسەندنی ڕێژەی سێ مانگەی بیر لە خۆکووژی کردنەوە و هەوڵدان بۆ خۆکووژی بە ڕێژەی دوانزەی مانگەی ڕاپۆرت دراو لە ناو مێرمنداڵانی شارێک ١٥ بۆ ٢٤ ساڵە لە ئاسیا (بە ڕیز ٨٫٤ لە سەد و ٢٫٥ لە سەد) شیاوی بەراورد کردنە بەڵام ئەم ڕێژانە لە چاو ڕێژەکانی خۆکووژی لە باشووری ڕۆژاوای وڵاتی نەیجرییە کەمترە (بەلام و هاوکاران، ١٣٩١: ٣٧ – ٤٤ و ئەمیگبێدۆن و هاوکاران، ١٣٩٠: ٥٢٤ – ٥٣٠). ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە لەگەڵ توێژینەوەیەکی دیکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان هاوئاراستە و یەکسانە کە بە پێی ئەو، ئەو ژنە بە تەمەنانەی وا لە منداڵیدا هاوسەرگیریان کردبوو، بە بەراورد لەگەڵ ئەو ژنانەن کە لە تەمەنی گەورەییدا هاوسەرگیریان کردووە لە ماوەی تەمەنیان ١٫٤١ قات زیاتر ئەگەری پێشینەی کێشەی دەروونیان هەیە. لەو ڕووەوەی کە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی کەم سەبارەت بە ئاڵۆزی تەندروستی دەروونی منداڵ هاوسەران ئەنجام دراوە، توێژینەوەی ئەزموونی و کارکردی زیاتر لەم بارەدا پێویستن.

**ئاستی خوێندن**

هاوپەیوەنــدیی ڕێــژەی ســاڵانی خوێنــدنی کچێــک و وەدواخســتنی هاوسەرگیری لە زۆرێک لە توێژینەوە حەشیمەت ناسی و دووگیانییەکانـدا وەدەست هاتووە. پەیوەندییەکی دەروونی مانـادار لـە نێـوان هاوسـەرگیری پێشـوەختەی منـداڵان و کـەم خوێنـدەواری و ئاسـتی خوێنـدنی نـزم، هۆکـارێکی زەمینـەیی بـۆ تەندروسـتی و کـەمی متمانـە بـە خـۆیی و گۆشەگیری تاکایەتییە. بێ‌گومان هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان خاڵی کۆتایی هاتنی خوێندنی کچانە، بەتایبەت لـەو وڵاتـە هەژارنشـینانەی کـە تێیدا هاوسەرگیری منداڵان باوە (ICRW ،١٣٨٤). هاوسەرگیری منداڵان وەک بەرچاوترین بێچمی نایەکسانی بە پێی تەمەن، دەسەڵات و ئیـرادەی بڕیاردان لە ژنان زەوت دەکات. کچان دەستبەجێ پاش هاوسـەرگیری لـە مانەوە لە قوتابخانە دڵسارد و بێ‌هیوا دەبن و لە بەرامبەردا تەنها و گۆشەگیر لەماڵەوە دەمێننەوە بۆ ئەوەی منداڵانێکی دیکە بخەنـەوە و پێیانبگەیـەنن و بنـە درێژەپێـدەری پرۆسـەی دەروون نـەوەیی هاوسـەرگیری پێشـوەختە. هاوسـەرگیری هـەلی درێـژەدان بـە خوێنـدن لـەم کچانـە زەوت دەکـات چوونکە زۆریان دەستبەجێ پاش هاوسەرگیری واز لە خوێندن دێنن (لـی ڕایف و هاوکاران، ١٣٩١). چوونکە ئێستا هەر هەموو سەرنجیان لە سـەر ئەرکی ناو ماڵی سەپێنراو و منداڵداری تەرخان دەبێت.

بـە پێـی پەیماننامـەی مافـەکانی منـداڵان،[٦٣] ڕێژەکـانی وازهێنـان لـە خوێندن و ڕاهێنان لـە بەشـەکانی ٧٧ و ٧٨ـــی ڕێککەوتنامـەدا هـاتووە.

---

63. Convention on the Rights of the Child

پەیماننامەی کۆمیسیۆنی مافەکانی منداڵان بەتایبەت لەو بەشانەی وا بواری پێشکەوتن لە بەستێنی خوێندندا بوونی هەیە، واتە لەو ناوچانەی کە بە ڕێژەی زۆری ناونووسین لە قۆناغەکانی سەرەتایی و مام ناوەندیدا، پێویستی بە جووڵەی زیاترە. لەم ناوچانەدا ئامارە زۆرەکانی وازهێنانی خوێندنی کچانی عەرەب لە قوتابخانەکانی گونددا دەستبەجێ پاش باڵق بوون لە ئارادایە. چوونکە بە پێی یاساکانی دادگا ئەگەر مێردێک خوێندنی ژن لە دژی بەرژەوەندی بنەماڵە یان ئابڕووی ژن بزانێ دەتوانێ ڕێگری لێ بکات.

لە بنەماکانی ئەم کومیتە هاتووە کە حیزبی دەوڵەت دەستەبەری ئەوە بێ کە کچان و بە کچانی مێرداریشەوە، بە بێ هیچ بەربەستێک لە لایەن مێرد و بنەماڵە و کۆمەڵگاوە دەستی بە خوێندنی قۆناغی یەکەم و کۆتایی بگات و ئاستی وشیاری گشتی سەبارەت بە گرینگی خوێندن بەتایبەت لە کۆمەڵگا خۆجێییەکانی عەرەب بەرز ببێتەوە.

زۆربەی ڕێککەوتن و پەسند کراوە نێودەوڵەتییەکان کاریگەری ڕێگری هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵانیان لە سەر خوێندنی پیشان داوە. هەندێ لە گرینگترین پەیماننامەکان بریتین لە:

لە مانگی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٠، پرۆژە یاسایەکی پەسند کراو لە لایەن کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (a/res/66/170) یازدەهەمی مانگی ئاکتەوبەر هاوکات لەگەڵ ٢٠ـی مانگی ڕەزبەر وەک ڕۆژی جیهانی کچۆڵەکان ناوزەد کرا.

ـ لە ٢٠ـی مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩١، یەکەمین ڕۆژی جیهانیی کچۆڵەکان بەڕێوە چوو و ناوەڕۆکەکەی کۆتایی هێنان بە هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان بوو.

ـ لە ساڵی ١٣٩٢، یەکەمین پەسند کراوی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لە دژی هاوسەرگیری پێشوەختە و زۆرەملێی منداڵان خرایە بواری جێبەجێ کردنەوە کە بە پێی ئەو هاوسەرگیری منداڵان وەک سەرپێچی لە مافەکانی مرۆڤ ناسرا و خەباتی لە دژی خرایە پەیڕەوی کاری ئامانجی گەشەی جیهانی ساڵی ١٣٩٤ (کچان نەک بووکەکان، ).

ـ لە ساڵی ١٣٩٣ پەیماننامەی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان بارودۆخی ژنان بە پەسند کردنی بەڵگەیەیی کۆتایی پێ هات کە بە گوێرەی ئەو لە ناو هەموو کاروبارەکاندا، ڕێککەوتن لە سەر خەبات لە دژی هاوسەرگیری منداڵان کرا.

ڕێکخراوەی تەندروستی جیهانی، بەرزبوونەوەی ئاستی هەلی خوێندن بۆ کچان، زۆر کردنی پێکهاتە کردەییەکان سەبارەت بە یاساکانی لانیکەمی تەمەنی هاوسەرگیری و ئاگادارکردنەوەی دایک و باوکەکان لە مەڕ مەترسییە پەیوەندیدارەکان، وەک هەنگاوی سەرەتایی بەرەنگار بوونەوەی هاسەورگیری منداڵان لە قەڵەم داوە (چەندرا موولی و هاوکاران، ١٣٩٢: ٥١٧ـ٥٢٢).

لە کاتێکدا کە کۆماری ئیسلامی ئێران بەشداربووی زۆرێک لەم پەیماننامە نێودەوڵەتییانەیە، بەڵام هەندێ سیستەمنامەی نیشتمانی و یاساکانی ڕەوا بە هاوسەرگیری منداڵان دەبەخشێ و ڕاشکاوانە دژی ئەم پەیماننامە و ڕێککەوتنامانەیە.

کاتێک هاوسەرگیری پێشوەختە کۆتایی هاتنی خوێندنی فەرمی تاکە، ئەوە کچانن کە بە شێوەی بێبەزەییانە دەکرێنە ئامانج، چوونکە ئەوان لە کاتی ئامادە کاری بۆ هاوسەرگیری و یان کەمێک پاش ئەو واز لە خوێندن

دێنن. دەستڕاگەیشتنی کچانی کەم تەمەن بە خوێندن زۆر سنووردار دەبێتەوە چوونکە ئیشی ناو ماڵ، منداڵداری و زەحمەتی بەها کۆمەڵایەتییەکان، هاوسەرگیری و خوێندن پێکەوە نابینن (میسۆر و هاوکاران، ١٣٩٢). ئەوە تەنیا کچان نین کە باجی هاوسەرگیری پێشوەختە دەدەن. لە کۆتاییدا کۆمەڵگا ئۆباڵی لێکەوتەکانی کەمخوێندەواری ژنانی بێبەش لە ڕەهەندی زۆر بوونی ڕێژەی حەشیمەت، کەمی پشکی کاریگەری داهاتووی بنەماڵە، تێچووی تەندروستی کۆمەڵایەتی و دەرفەتی لە کیسچووی گەشەی مرۆیی دەکەوێتە ئەستۆی.

## خوێندن و ژێرخانی کۆمەڵایەتی کەلتووری

ڕێوڕەسم و نەریتەکان بەشی دانەبڕاوی کۆمەڵگاکانن. ڕیشەی کورت کردنەوەی قۆناغی خوێندن دەچێتەوە سەر ژێرخانە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان کە چوارچێوە و پێکهاتەیان هەیە و گۆڕینیان زۆر ئەستەمە. هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان وەک نەریتێک لە ڕووی کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەوە قبووڵ کراوە و لە کۆمەڵەی بەها نەریتییەکانی کۆمەڵگادا درێژەی بە مانەوەی خۆی دەدات. کۆمەڵە ئاراستەیەکی کەلتووری و کۆمەڵایەتی - ئابووری هەیە کە لە سەر تەوەری هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵانە کە لەو دیو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بۆتە باڵادەست و تا دێت بوونی تۆختر دەبێت. منداڵ هاوسەری لە سەر ئەم باوەڕە هەڵەیە کە کوڕێک لە تەمەنی ١٥ ساڵان و کچێک لە تەمەنی ٩ ساڵاندا باڵقە. کچان لە یەکەم ساتەوەختی لە دایکبوونیاندا وەک بارگرانی و بەرپرسایەتییەک سەیر دەکرێن، بە شێوەی نەریتخوازانە ڕوانگەی کۆمەڵگا لە سەر بنەمای هەرچی زووتر بە شوودانیانە. ئەمە وای کردووە کچان بە پەلە بدرێن بە شوو و هەندێ جار بە نابەدڵی و ناڕەزایەتییەوە مل بە هاوسەرگیریی

پێشوەختە دەدەن. وێدەچێ کورت کردنەوەی پرۆسەی خوێندن بەشێک لە سەرچەشنی چاوەڕوانی نەریتیی کۆمەڵایەتی سەبارەت بەو کچانە بێ کە دەدرێن بە شوو. کچێ لەگەڵ بوونی هەلومەرجی هاوسەرگیری گونجاو، واز لە خوێندن دێنێ. پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی - کەلتوورییەوە زۆربەی ئەم کچە مێرمنداڵانە پێگەیێنراون بۆ ئەوەی زوو هاوسەرگیری بکەن و هەر هەموو تەمەنیان تەرخانی ئیشی ناو ماڵ بکەن (جۆزنز، ١٣٧٦). خوێندن لە ژیانی ئەواندا فاکتەر و بژاردە نییە.

زۆرێک لە بنەماڵەکان لە کۆمەڵگا نەریتییەکاندا لەو باوەڕەدان کە سەرمایەگوزاری لە سەر خوێندنی کچان جۆرێک بە فیڕۆدانی پارەیە چوونکە لە کۆتاییدا هاوسەرگیری دەکات و لە ماڵێکی دیکەدا درێژە بە ئیشەکانی دەدات. هەروەها تێچووی قورسی خوێندن هاندەر و ئەنگێزەیەکە بۆ وازهێنان لە خوێندن لە لایەن کچانەوە (یوونیسێف، ١٣٨٠). بەم حاڵەوە دەبێ باش بزانین کە زۆرێک لە ژنە گەنجەکان کە لە تەمەنی منداڵیدا هاوسەرگیریان کردووە هیچ کات نەچوونەتە قوتابخانە. بۆ نموونە لە وڵاتی مالاوی نزیکەی ٢ لە سەر سێی ژنان هیچ چەشنە خوێندنێکیان فەرمیان نەبینیوە، بوونەتە منداڵ بووک و لە بەرامبەردا ٥ لە سەدی ژنان چوونەتە قوتابخانە یان گەیشتوونەتە ئاستی خوێندنی باڵا. لە وڵاتی ئێتیۆپی زۆربەی ئەو کچانەی وا لە تەمەنی زۆر کەمدا هاوسەرگیریان کردووە، هەرگیز نەنێردراونەتە قوتابخانە (دێرۆڵکار، ١٣٩٢). ئەمە بە واتای کەمیی دەرفەت و نەبوونی سەرمایەگوزاری لە سەر کچانە و نە پرسی پەیوەست بە کوالێتی قوتابخانەکان و ژینگەی پارێزراو و پشتیوانی لەوان. کچان لە وڵاتانی ڕوو لە گەشە دەبێ لە پێناو گەیشتن بە

دەرفەتی خوێندن دەست و پەنجە لەگــەڵ زۆر ئاســتەنگی کۆمەڵا یــەتی و کەلتوورییدا نەرم بکەن.

بە پێی بڕیارەکانی وەزارەتی ڕاهێنــانی و پــەروەردەی ئێـران، کچـان لـە لایەکەوە بۆ هاوسەرگیری هان دەدرێن و لە لایەکی دیکەشەوە ناچار بە واز هێنان لە خوێندن دەکرێن.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی هاوســەرگیری پێشــوەختەی منــداڵا ن پێداگری کردنی لە ڕادەبــەدەر لــە ســەر کچێتــی و پاکــداوێنی ئافرەتــان و خواستی کۆمەڵگا و کۆنترۆڵی ئارەزوویی زایەندییانە. ئــارەزووی زایەنــدی منداڵا نی مێینە نە تەنیا پەیوەستە بە ڕێــز و ســەربەرزی بنەماڵــەوە، بــەڵکوو گرێ دەدرێتەوە بە تایفە، چین و ڕەچەڵەک و گرووپی ئێتنیکییــەوە. نــەریتی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵا ن کە دەســتەبەری کــۆنترۆڵی ئــارەزووی جنسی منداڵا نە، لە درێژایی نەوەکانــدا بــەردەوام بــووە و لــە بنەماڵەیــەکی پیاوسالارەوە گوازراوەتەوە بۆ بنەماڵەیەکی دیکــە (بیتنکــێس، ١٣٩٢). بــێ گومان خوێندن کچان و کوڕانی کەم تەمەن پێکەوە هاوپەیوەنــد دەکــات؛ بابەتێک کە لەم کۆمەڵگایانەدا بۆ ڕێگری لــە هەڵســوکەوت و دانوســتانی کچان دەپسێنرێت. لــەو کۆمەڵگایانــەی وا منــداڵ هاوســەری تێــدا بــاوە، کچان بێچمێکن لە پیشاندانی کۆنترۆڵی خۆیان و ڕێزگرتن لە پیاوان، کــە لە درێژایی ژیاندا - بۆ نموونە لە ژیانی ژن و مێردایەتی - چاوەڕوانیــان لــێ دەکرێت بەم شێوە بن. لە کۆمەڵگا پیاوسالار و بەرگریکارییــەکانی منــداڵ هاوسەری، ڕۆڵی نەریتیی تایبەت تــەرخانی ژنــان کــراوە کــە لــە ڕێگــەی هاوسەرگیریی پێشــوەختەوە، ئاســانکاری بــۆ وەدەســتهێنانی ئــەم ڕۆڵانــە دەکرێ و ڕۆڵی زایەنــدێتی پێشــنیاردراو بــەهێز دەبێــت. کەواتــە کۆمــەڵگا زەختێکی زۆر دەکاتــە ســەر ئەندامــەکانی بــۆ هەڵنەوەشــاندنەوەی منــداڵ

هاوسەری و سنوورداریی زیاتر بۆ وەستاندنی خوێندنی کچان دابین دەکات.

بە پێچەوانەوە، لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا وەک تایوان، کۆریای باشوور و تایلەند هۆکارگەلی وەک گەشەی ئابووری، خولقاندنی کار، هەلی خوێندن و کەم بوونەوەی ڕێژەی منداڵ خستنەوە و مردن بۆتە هۆی دابەزینی ڕێژەی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان (لوتفی، ١٣٨٩).

## تەڵاق و منداڵ بێوەیی ٤

هاوسەرگیری منداڵان دیاردەیەکی زۆر ئاڵۆزە. هەژاری، کەمی ئاستی خوێندن، ئاکاری کەلتووری و نائاسایشیی سەرچاوەکەیەتی و ئەمانە هاریکاری بەردەوامبوونی ئەم دیاردە دەکەن. هاوسەرگیری منداڵان بە ڕیشە قووڵەکانیانەوە لە نایەکسانی زایەندی کاتێک کە تەمەنی مێرد دوو قاتی تەمەنی ژنە، کاریگەریی زیاتر لە سەر کچان دادەنێت. منداڵ هاوسەری پەیوەندی لەگەڵ بە جێهێشتنی هاوسەر ٥هەیە (بڕۆس و هاوکاران، ١٣٧٤).

تەڵاق یان بە جێهێشتنی هاوسەر ئەم کچانە زیاتر تووشی هەژاری دەکات، چوونکە دەبێ بە تەنیایی شان بداتە بەر بەرپرسایەتی منداڵەکانی (یوونسێف، ١٣٨٤). بەو پێیەی زۆرینەی کچان لە تەمەنی زۆر کەمدا و لە کاتێکدا کە هیچ خوێندنێکیان نییە، هاوسەرگیریان کردووە توانای دەست خستنی داهاتی زۆریان زۆر کەمە (ئەگەر هیچیشی نەبێت) و لە

---

4 . Child widowhood 6

5 . abandonment 6

ئەنجامدا ئەمە هەژاری پتری لێ دەبێتەوە. لەو ڕووەوەی کە لە منداڵ هاوسەری تەمەنی کچان زۆر لە تەمەنی مێردەکانیان کەمترە، ئەوان لە تەمەنی زۆر کەمدا تەڵاق دەدرێن، کە واتە لە چاو ئەوانەی وا لە تەمەنی سەرتردا شوو دەکەن، لەوانەیە لە ڕەهەندێکی قووڵتر و بەربڵاوتردا تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری ببنەوە (گافنی ڕەیس، ١٣٩٠). لەو کۆمەڵگایانەی کە هاوسەرگیری منداڵانی تێیدا باوە زیاتر تەڵاقی پێشوەختە و منداڵانی تەڵاق دراو بەدی دەکەین.

تەڵاق زۆر کێشەسازە، زیاترین ئاماری زۆریی تەڵاق لە ناو کچان و ژنانی تەمەن ١٠ بۆ ١٩ ساڵانە. ئەم بابەتە تێماندەگەیێنێ کە تەڵاق لە هاوسەرگیری پێشوەختەدا زیاترە. مەلەک شاهی سەرۆکی کۆمیسیۆنی دادی پەرلەمانی ئێران ڕایگەیاند کە ٧٠ لە سەدی تەڵاقەکان ڕێککەوتنییە و هی هاوسەرگیری پێشوەختە بووە. زۆرێک لەو کەسانەی کە دەچنە دادگا و سکاڵا تۆمار دەکەن ئەوانەن وا زۆر زوو هاوسەرگیرییان کردووە، لە کاتێکدا کە هیچ زەینییەتێکیان سەبارەت بە هاوسەرگیری نەبووە و ئێستا خوازیاری تەڵاقن.

قەبارەی ئەم زەخت و ئیسترێسە زۆر لە سەرە. مەودای تەمەنی زۆر لە نێوان هاوسەرەکاندا، داکۆکی کۆمەڵایەتی کەم بە هۆی پەیوەندیی کەمی ژن، نەبوونی دانووستان لەگەڵ هاوتەمەنەکان، نەخوێندەواری یان کەمخوێندەواری، ڕێژەی مردنی بەر لە باڵقبوون و گۆشەگیری کۆمەڵایەتی، تایبەتمەندی ناوازەی کچانی مێرمنداڵی مێردداره. یەکێک لە نموونەکانی ئەم دواییەی ئەم دیاردە دڵتەزێنە بڕیاری نوێی بڵاو نەکردنەوەی ئامارەکانی تەڵاقە، سەرەڕای ئەوەی ڕێژەی تەڵاق لە وڵاتی ئێران لە ماوەی دەیەی ڕابردوو هەتا ٧٤ لە سەد بەرز بووەتەوە.

لـــە مـــانگی ڕەشـــەممەی ســـاڵی ١٣٩٤ عـــەلی ئەکبـــەر مـــەحزوون بەڕێوەبەری گشتی نووسینگەی زانیارییەکانی ئامار و کۆچی ڕێکخراەوی ناونووسین ڕایگەیاند کە ئەم ڕێکخراوە چیتر بـە شـێوەی مانگانـە ئامـاری پەیوەسـت بـە تـەڵاق بـڵاو ناکاتـەوە و ئـەم ئامـارە زیـاتر ئامانجدارانـە ڕادەگەیێنرێت. ناوبراو ڕایگەیاند کە چوار ئاماری سەرەکی (لە دایکبـوون، مەرگ، هاوسەرگیری و تـەڵاق)، لەمـەو بـە دوا بـۆ سـێ ئامـاری گرینـگ گۆڕانی بە سـەردا دێـت و ئامارەکـانی پەیوەسـت بـە تـەڵاق لـە ناویانـدا دەقرتێنرێت.[٦٦]

ئەزموونی توێژینەوەی نووسەر سەبارەت بە خەتەنەی کچان لە ئێـران، پیشانیدا کە نەک هەر لە بواری ناساندن و ئاشکرا کردنی ڕاستییە دیارەکان بەڵکوو لە کردەوەدا بۆ ناچار کردنی دەوڵەتیش دەبێ زۆر هـەوڵ بـدرێت. تێبینییە کەلتوورییەکان بەردەوام سەبارەت بە سیاسەت دانانی گشتی هـیچ شوێنێکیان بۆ نییە.

هاوسەرگیری پێشوەختە وەک دیاردەیەکی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی و گشتی لە ئێستادا دەبێ لای هەمووان بناسرێ و پێناسە بکرێ و لەگەڵ بەرپرساندا بـە شـێوەی ئازادانـە بخرێتـە بـەر تیشـکی بـاس. کاتێـک بڕیـاردەران و سیاسەتدانەران پلە باڵای وڵات بـۆ پێناسـە کـردن و نواندنـەوەی فاکتـەرە سیستەماتیک و شاراوەکانی منـداڵ هاوسـەری لـە هەمبـەر تەندرووسـتی دووگیانبوون و مافەکانی مرۆڤ دیاری کراون، ئەم ژینگەی ئاشکرا کردنـە ئازادە پێویستتر و گرنگتـرە. خـاوەن دەسـەڵات و تـوێژەرانی دەوڵـەتی بـۆ توێژینـەوە لـەم بـوارە و بـەرز کردنـەوەی ئاسـتی وشـیاری پێویسـت بـۆ

٦٦ـ هەواڵنێری ئیسنا، کۆدی هەواڵ٩٥٠٥٠١٠٦٥٨٨

هەڵوەشاندنەوەی منداڵ هاوسەری هان دراون، گرینگیـدانی لێکۆڵـەران و سیاسەت دارێژەران دەبێ یەکەمایـەتی بەخشـین بـە بـەرەنگار بوونـەوەی هاوسەرگیریی پێشوەختە بن و یەکەم هەنگاو لەم بوارەدا، بە فەرمی ناسینی دیاردەی هاوسەرگیری پێشوەختەیە.

لە ڕوانگەی یاسایی، ئایینی و عورفییەوە هاوسـەرگیری تاکـە شـێوازی قبووڵ کراوی ژیانی کۆمەڵایەتی وەک بنەماڵەیـە و لـە بەرنامەڕێژییـەکانی حەشیمەتناسی بنەماڵەدا هەمیشە فاکتەرێکی سەرەکی لـە سیاسـەتدانانی دەوڵەتیدا بووە. چەمکی بنەماڵە بە تەواوەتی بەندە بە پێکهاتە کۆمەڵایـەتی و بـەها و نۆرمـەکانی کۆمـەڵگاوە (کاگیتسـی باشـی، ١٣٨٦) و هەمیشـە گومـان و تێگەیشـتنێکی هاوبـەش سـەبارەت بـەم دێـڕە هەیـە (والـش و هاوکـاران، ١٣٧٩). لــە کۆمەڵگایــەکی نــەریتخوازی وەک ئێــران هاوسەرگیری تاکە بێچمی قبوڵ کراوی پێکهێنـانی بنەماڵەیـە. کـاتی ئـەوە هاتووە کە هاوسـەرگیری پێشـوەختەی منـداڵان وەک شـێوازێکی هەڵـە و قبووڵ نەکراوی پێکهێنانی بنەماڵە سەیر بکرێت.

لـە تـاوتوێ کردنـی هاوسـەرگیری پێشـوەختەی منـداڵان و پرسـە کۆمەڵایەتییـە دەروەسـتەکانی وەک تـەڵاق، کـورت کردنـەوەی مـاوەی خوێندن و ئاماری زۆری خەمۆکی لـە نـاو منداڵـە بێوەکانـدا، زانیـاری و توێژینەوە دەبێ لە ئاراستەی سیاسـەتدانانی گونجـاو لـە لایـەن دەوڵـەتی ئێرانەوە ڕەچاو بکرێت. بـەڵام ئـەوەی لـە کـردەوەدا ڕوو دەدات، ئاسـایی کردنەوە، چاوپۆشی، یاسایی کردن یان نکۆڵی دیاردەکەیە. لـەم نێوەنـدەدا ئەم نائاساییە کپە درێژە دەدا بە کـاول بـوونی ژیـانی کچـە کـەم تەمـەن و بێتاوانەکان.

## هاوسەرگیری منداڵان لە وڵاتی ئێران

هاوسەرگیری منداڵان سەرەڕای ئاڵۆزی هۆداریی و تێگەیشتنیی دەتـوانرێ لـە چەنـدین ڕوانگـەی جۆراوجـۆر و تەواوکـەرەوە ببینـدرێت. دیوەکـانی یاسای بنەڕەتی، باوەڕی ئایینی، ڕەهەندە زایەندییـەکان و هـەروەها نـۆرم و ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گرینگیان لە هاوسەرگیری پێشوەختەی لـە کۆمەڵگای ئێرانـدا هەیـە. هـەر بۆیـە، ئـەم بەشـە دەڕوانێتـە ئـەو بگـۆڕ و پێوەرانەی کە لە مۆدێلی شیکاری ئەم توێژینەوە دیاریکەرەوە بوون.

## هاوسـەرگیری پێشـوەختە وەک جۆرێـک تونـدوتیژی بـە پێـی زایەند[١]

توند و تیژی بە پێی جنس یا زایەند و توند و تیژی لە دژی ژنان ئەو دێڕانەن کە زۆر جار لە بری یەکتر بـە کـار دەبـرێن. سـەرباری ئەمـە گرینگـە کـە لایەنی جنس تەوەرانەی ئەم توند و تیژییە بپارێزرێت چوونکە پیشاندەری ئەوەیە کـە تونـد و تیـژی لـە دژی ژنـان جۆرێـک دەربڕینـی نایەکسـانی دەسەڵاتی نێوان ژن و پیاو لـە کۆمەڵگایـە. هاوسـەرگیری منـداڵان خـۆی بەرهەم هێنەرەوەی ئەم توند و تیژییەیە.

هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان وەک توند و تیژیی زایەندی ناسراوە چوونکە ژنان و کچان دەخاتە بەر دەم مەترسی تونـد و تیژیـی دەروونـی، جەستەیی و جنسی. سەرەڕای ئەوەی کـوڕانیش قوربانیـانی هاوسـەرگیری پێشوەختەن، بەڵام کچۆڵەکان خەسارەت و زیانی زیاتریان لێ دەکـەوێت و دەبنە قوربانی. ئەمە زنجیرەی کۆڵنەدەریی و ملکەچی و گوێڕایەڵییـە کـە

1. Gender Based Violence

ژنان لە کۆمەڵگای پیاوسالاری ئێراندا ڕووبەڕووی دەبنەوە و ئەم حاڵەتە زیاتر لە هاوسەرگیری منداڵاندا خۆی دەبینێتەوە. منداڵ هاوسەری کاریگەری لە سەر توانای هاوبەشی کۆمەڵایەتی دادەنێت. کەمخوێندەواری و نزم بوونی ئاستی لێهاتوویی کۆمەڵایەتی، دەسەڵاتی ئەوان لە کۆمەڵگادا لاواز دەکات و تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان سنووردار دەکاتەوە. پێوەر و ئاستی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان ئەوە دەگەیێنێ کە لە ناو بردنی بە بێ ڕەچاو کردنی خەسارهەڵگر بوونی کچان لە هەمبەر جۆرە جیاوازەکانی توند و تیژی ناموومیکنە.

ئەو کچانەی وا لە منداڵیدا هاوسەرگیری دەکەن لە لایەن دایک و باوکی خۆیان یان ماڵی خەزووریان توند و تیژیان لەگەڵ دەکرێت. کچۆڵەکان ئەگەری زیاترە لێیان بدرێ یان لە لایەن مێردەکانیانەوە حەڕەشەیان لێ بکرێت. هەرچی مەودای تەمەنی نێوان ژن و مێردەکەی زیاتر بێ ئەگەری ئەزموونی توند و تیژی جنسیش بەرز دەبێتەوە. منداڵ هاوسەران زۆر جار بە هۆی زەختی سۆزدارییەوە لە لایەن بنەماڵەکانیان، مێردەکانیان و ماڵی خەزووریان دەناڵێنن و دەسەڵاتی بڕیاردانیان سەبارەت بە ژیان و لەشیان لێ زەوت کراوە. زۆر جار منداڵ بووکەکان لە یەکەم ئەزموونی سێکس کردنیان وەک سێکسی زۆرەملێ دەڕوانن (کچان نە بووکەکان، ١٣٩٤).

زەختی سۆزداری لێکەوتەی تاقەت پڕووکێنی لێ دەبێتەوە. لە ساڵی ١٣٩٥، کچێکی تەمەن یانزە ساڵان لە شاری کوردنشینی کامیاران لە پارێزگای کرماشان لە لایەن نەنکییەوە ناچار بە هاوسەرگیری پێشوەختە لەگەڵ پیاوێکی تەمەن ٢٥ ساڵە و بیرکۆڵ دەکرێت. بڕیار وا بووە ئەم کچە لە دوو حەوتووی داهاتوودا ژیانی هاوبەشی دەست پێ بکات، هەتا

ئەوەی کە بە چارشێوەکەی نەنکی خۆی خنکاند. ئەو هیچ کات نەهاتــەوە هۆش خۆی و لە نەخۆشخانەی بێعسەتی سنە مرد.

حەشیمەتی ئێران لە درێژەی نیوەی دوویەمی سەدەی بیستەم بەو پەڕی خێراییەوە پەرەی سەند و لە ١٩ ملیۆن کەس لە ساڵی ١٣٣٥(١٩٥٦) بـۆ نزیکەی ٧٥ ملیۆن کەس لە ساڵی ١٣٨٨ (٢٠٠٩)بەرز بووەوە. دیسانەوە دروشمی حەشیمەتیی باوی «منداڵی کـەمتر، ژیـانێکی باشـتر» بـوو بـە سیاسەتی بنـەڕەتی لـە بڕیـاردانی زک و زای بنەماڵـەکان. بـە هاوکـاری و پشتیوانی ڕێکخـراوەی نەتـەوە یـەکگرتووەکان، بانگەشـەیەکی بـەربڵاوی کۆنترۆڵی حەشیمەتی لە هـەموو ناوچـە و دەڤـەرەکانی وڵاتـدا، لـە سـەر نامیلکــە، برووشــور و کتێبــەکان، لــە تەلــەڤیزیۆن، ڕادیــۆ و وتاردانــە خۆجێییەکان و ... ئەنجام درا و بە پێی ئەمـە ئـەم دروشـمی حەشـیمەتییە زیاتر لە جاران پەرەی سـەند. سـاڵانی سـەرەتایی دەیـەی ٧٠ دەسـتپێکی بەرنامە داڕشـتنی کاریگـەر و گشـتگیری بنەماڵـە لـە وڵاتـی ئێـران بـوو. ســەرەڕای ئــەوەی حەشــیمەتی ئێــران لــە نێــوان ســاڵانی ١٣٣٥ هــەتا ١٣٦٥(١٩٨٦) ساڵانە ڕێژەکەی بۆ پتر لە ٣ لە سەد بەرز دەبووەوە، ڕێژەی پەرەسەندنی حەشیمەتی خەڵک لە دەیـەی هـەفتا پـاش ئـەوەی دەوڵـەت دەستی کرد بە گەڵاڵە داڕشـتن و جێبـەجێ کردنـی بەرنامـەی کـۆنترۆڵی حەشیمەت لە وڵاتی ئیران، ڕووی لە کەمبوونەوە نا.

هاوشـێوە و هاوئاراسـتە لەگـەڵ زەختـی دەوڵـەت لـەم دەیـە بـۆ کـەم کردنەوەی ڕێژەی منداڵ خستنەوە، کـەم بوونـەوەی ڕێـژەی هاوسـەرگیری بەدی دەکەین. ڕێژەی ئەو ژنە گەورانەی کە لە ساڵانی شۆڕشدا لە تەمـەنی هاوسەرگیریدا بوون ئێمە بـەم ئەنجامـە دەگـەیێنێ کـە دروشـمی منـداڵی کەمتر ژیانێکی باشتر چ کاریگەرییەکی لە سـەر حەشـیمەت و زک و زای

بنەماڵەکان داناوە.

لە دەیەکانی ڕابردوودا کەمبوونەوەی بەرچاوی ڕێژەی حەشیمەت لە ناو گرووپە تەمەنییەکانی خوارەوەی قووچی تەمەنی، کە لە ڕاستیدا بنەمای قووچی سیلەندەریی چێ کرد، وای کرد سیاسەتەکان لە هەڵوێستی پێشووی خۆیان (کۆنترۆڵی ڕێژەی حەشیمەت) بەرەو پەرەسەندنی حەشیمەت بگۆڕدرێن. ڕێبازە سیاسییەکان بەرەو هەڵکشانی ڕێژەی حەشیمەت ئاراستەیان گۆڕی و هاوسەرگیری بوو بە تاکە ڕێگەی یاسایی منداڵ خستنەوە. تەمەنی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەم سیاسەتە نوێیە سازگار بوو.

لە ساڵانی ڕابردوودا دەوڵەتی ئێران بۆ هاندانی بەرز بوونەوەی ڕێژەی حەشیمەت سیاسەتێکی نوێی دەست پێکرد کە بە پێی ئەو، بەرنامە دارشتنی بنەماڵەکان لە دەیەکانی ڕابردوودا وەک ئایدۆلۆژیایەکی ڕۆژاوایی و نائیسلامی لە قەڵەم دەدرا (هەواڵدەری ئاسۆشەیتد پرێس، ١٣٨٩). بە مەبەستی هاندان بۆ بەرز کردنەوەی ڕێژەی منداڵ خستنەوە بانگەشەیەکی بەربلاوی کرا لەوانەیە پێدانی پشووی شەش مانگە وێڕای مووچە بە دایکان و چەندین حەوتوو پشوو وێڕای مووچە بۆ باوکەکان، پێدانی قەرز بۆ منداڵ خستنەوە و یارانە. لە دەوڵەتەکانی ڕابردوودا بۆ لە دایکبوونی هەر منداڵێک خەڵاتی دارایی ڕەچاو دەکرا. پارە دەخرایە حسێبی ساوای تازە لە دایک بوو و لە تەمەنی ١٨ ساڵان پێی دەدرا. بە کورتی ئەم ڕێبازە بە کەم کردنەوەی ئەوەی سەردەمانێک ڕێگەی دەرچوون لە پەرەسەندنی حەشیمەت دادەنرا، پەکی چەندین گەشەی ئابووری خست.




مامناوەندی تەمەنی هاوسەرگیری بۆ کچان و کوڕانیش کەم بووەوە. یاسای مەدەنی بە پێی شەریعەتی ئیسلام تەمەنی هاوسەرگیری بۆ کچانی کرد بە ١٣ساڵان و تەمەنی هاوسەرگیری بۆ کوڕانیشی کردە ١٥ ساڵ.

## تەمەنی ڕەزامەندی / هاوسەرگیری لە وڵاتی ئێران

چەمکی تەمەنی ڕەزامەندی لە دەق و پەیڕەونامە یاساییەکان بە دەگمەن بەدی دەکرێ (ویتس، ١٣٨٤). لە بەرامبەردا یاسا، تەمەنێکی تایبەتی پەسند کرد کە بە پێی ئەو گیرۆدە بوون بە چالاکیزایەند ی بۆ کەسێک قەدەغە کرا. ئەم بابەتە زۆر جار لەگەڵ واتاکانی دیکەشدا دەگۆزراوە، بۆ نموونە تەمەنێک کە تێیدا تاک دەتوانێ ڕازی بە هاوسەرگیری بێ (وشەنامەی ئۆنلاینی ئۆکسفۆرد). زۆربەی سیستەمەکانی داد تەمەنی ڕەزامەندیی بۆ پەیوەندیی جنسییان لە نێوان تەمەنی ١٤ بۆ ١٨ ساڵان دیاری کردووە. بۆ پاراستنی منداڵان لە خراپ بە کارهێنانی جنسی زۆرێک لە وڵاتان تەمەنێکی لانیکەمیان بۆ پەیوەندیی جنسی دیاری کرد، سەرباری ئەمە زەمینەی وەها ئەندازەگەلێک لە ناو کەلتوورە ئیسلامییەکاندا نابیندرێت. چوونکە بەدەر لە هاوسەرگیری هەموو پەیوەندییەکان هەمیشە نایاسایی بوون (دەهامی و شێخ، ١٣٧٩: ٣٥٢).

بەر لە شۆڕش بە پێی مادەی ٢٣ـی یاسای پشتیوانی بنەماڵە (ساڵی ١٣٥٣) هاوسەرگیری ژنان بەر لە تەمەنی ١٨ ساڵان و هاوسەرگیری پیاوانیش بەر لە کۆتایی تەمەنی ٢٠ ساڵان قەدەغە بوو. گۆڕینی ئەم تەمەنە

پاش شۆڕش لە ئێراندا ڕووی دا. گۆڕانکارییـە سـەرەتاییەکان لـە دەوڵـەتی کاتیدا بێچمی گرت و ئەم مادە بە مادەی ١٠٤١ـی یاسای مەدەنی گۆڕدرا. بە پێی مادەی ١٠٤١ـی یاسای مەدەنیی وڵاتی ئێران تەمەنی هاوسەرگیری بۆ کچان ١٣ ساڵ و بۆ کوڕان ١٥ ساڵان ڕاگەیێنرا. هەر ئەم یاسایە ڕێگە بـە کچان دەدا کە خوار تەمەنی ١٣ ساڵان و کوڕان خوار تەمەنی ١٥ ساڵان بە مەرجی ڕەزامەندی باوک یـان ئیزنـی دادگـا هاوسـەرگیری بکـەن.[١] بـەدەر لەوەی کە ئەگەر سەرپەرشتی منداڵ (باپیر یان نەنک) وەها داواکارییـەکی هەبێ و دادگا بەم ئەنجامە بگات کە بە ڕادەی پێویست باڵق بووە کە بتوانێ هاوسەرگیری بکـات، منـداڵ دەتـوانێ تەنانـەت لـە تەمـەنی خـوارتریش هاوسەرگیری بکات.

بـە پێـی مـادەی چـاککراوی ١٠٤١ لـە سـاڵانی ١٣٦٠(١٩٨١) و ١٣٦٩(١٩٩٠)، پەیوەندیی ژن و مێـردی بـەر لـە گەیشـتن بـە گـەورەیی قەدەغەیە. مادەی ١٠٤١ـی یاسای مەدەنی لە ساڵی ١٣١٣ ڕایگەیاند کە لە وڵاتی ئێران بە پێی یاسای بنەڕەتی و ڕەواداری یاسایی، لە نێـوان کچێکـی ژێـر تەمـەنی ١٥ سـاڵ و کـوڕێکی ژێـر تەمـەنی ١٨ سـاڵ هـیچ هاوسەرگیرییەک نابێ ڕوو بدات، مەگەر ئەوەی کە هەلومەرجەکە تایبەتی بێتە ئاراوە کە تێیدا بایەخی هاوسەرگیری لـە لایـەن دادخـوازێکی گشـتی ڕابگەیێندرێت. ئەم جیاوازییە بۆ ئەو حاڵەتانە نەبوو وا کچ ژێر تەمەنی ١٥ ساڵان و کوڕ خوار تەمەنی ١٨ ساڵان بوو. واتە ئەوان نەیاندەتوانی بە هیچ چەشنێک هاوسەرگیری بکەن. یاسایەکی نوێ لە سـاڵی ١٣٦١ جێبـەجێ

١ . مادەی ١٠٤١ـی یاسای مەدەنی دەڵێ: هاوسەرگیری کچان بەر لە تەمەنی ١٣ ساڵ و کوڕان بەر لە تەمەنی ١٥ ساڵ بە مەرجی ئیزنی سەرپەرشت و بە ڕەچاو گرتنی مەسڵەحەت و بەرژەوەندی منداڵ لە لایەن دادگاوە، ڕێگە پێدراوە .

کرا کە بە پێی ئەو تەمەنی هاوسەرگیری یان تەمەنی باڵقبوون بۆ کچان ٩ ساڵ و بۆ کوڕان ١٥ ساڵ ڕەچاو کرا کە بە پێی ئەو هەر چەشنە هەنگاوێک بۆ هاوسەرگیری کەمتر لەم تەمەنە سەرەتاییە نایاسایی بوو. دواترین گۆڕانکاری لە یاسای مەدەنی لە ساڵی ١٣٨١ پەسند کرا کە بە گوێرەی ئەو ڕەواداری هاوسەرگیری لە نێوان کچان و کوڕانی خوار تەمەنی پێناسە کراوی باڵقبوون (١٣ و ١٥) بە ڕەزامەندیی دادوەرێکی چاکخواز وەک مەرج قبووڵ کرا.

تەمەنی یاسایی هاوسەرگیری بۆ کچان لە وڵاتی ئێران ١٣ ساڵانە، بەڵام ئەو کچانەی کە تەمەنیان ٩ ساڵانە دەتوانن لە سەر ئیزنی دادگا هاوسەرگیری بکەن. لە ساڵی ١٣٩٢ هێزی یاسادانەر، هاوسەرگیری سەرپەرشت لەگەڵ کچە ناوییەکەی بە نایاسایی و نابـاو نـاوزەد کرد. ناوەڕۆکی چاککراوی ئەم یاسایە، ڕەوادارێتی ئەم هاوسەرگیرییەی بەوە مەرجدار کرد کە دادگا شیاوی لێکدانەوەی سوود و بەرژەوەندیی منداڵی هەبێت.

تەڵاق و هاوسەرگیری پێشوەختە لە وڵاتی ئێران بە پێی ئامارە فەرمییەکانیان بەدی دەکرێن. ڕێژەی گشتی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان زۆر سەرسام هێنەرانە لە ڕاستییەکان زیاترن چوونکە زۆرێک لەم هاوسەرگیرییانە لە گوندە بچووکەکان و ناوچە لادێ نشینەکاندا بە شێوەی فەرمی تۆمار ناکرێن و نانووسرێن. لانیکەم چل و هەشت هەزار و ٥٨٠ (٤٨/٥٨٠) کچ لە نێوان تەمەنی ١٠ بۆ ١٤ ساڵی لە ساڵی ١٣٩٠ هاوسەرگیریان کرد. چل و هەشت هەزار و ٥٦٧ (٤٨/٥٦٧) کەسیان بەر لە گەیشتن بە تەمەنی ١٥ ساڵان لانیکەم منداڵێکیان بووە. هاوسەرگیری چل هەزار و٦٣٥ (٤٠/٦٣٥) کچی ژێر تەمەنی ١٥ ساڵ

لە نێوان مانگی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٩١ هەتا ڕەشەممەی ١٣٩٢ تۆمار کراوە کە لە ناویاندا ٨ هەزار حاڵەت بریتییە لە هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو پیاوانەی کە لانیکەم ١٠ ساڵ گەورەتر لە منداڵ بووک بوون. بەدەر لەمە لانیکەم ١/٥٣٧ حاڵەتی هاوسەرگیری کچانی ژێر تەمەنی ١٠ ساڵان لە ساڵی ١٣٩١ تۆمار کرا کە لە چاو ٧١٦ حاڵەتی هاوسەرگیری نێوان مانگی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٨٩ هەتا مانگی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٩٠، بەرزبووونەوەیەکی بەرچاو بەدی دەکرێت.

ڕێژەی تەڵاقە تۆمار کراوەکان بۆ کچانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵانیش هەر بەم شێوە ڕووی لە هەڵکشان کردووە. مادەی ١٠٣٤ یاسای مەدەنی لە سەر ئەم بنەمایەیە کە هەر کچێک کە لە سنووردارێتی هاوسەرگیری بێبەرییە شیاوی خوازبێنی بۆ هاوسەرگیرییە. سێیەمین بەشی یاسای مەدەنی لە مادەی ١٠٤٥ هەتا ١٠٦١ دەڕوانێتە ئەو هەلومەرج و بەربەستانەی وا بە هۆی ئەوانەوە هاوسەرگیریی بێبایەخ و نایاسایی دەبێت، بەڵام منداڵ بوون لە ناو ئەم دۆخەدا وەک فاکتەرێک بۆ هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیری ئاماژەی پێ نەکراوە. بە پێی مادەی ١٠٦٢ـی یاسای مەدەنی، هاوسەرگیری ئەو کاتە بایەخی هەیە کە نیازی هاوسەرگیری لە دێڕ و وشەی ڕووندا هاتبێت. مادەی ١٠٦٣ ڕوونی دەکاتەوە کە ڕێککەوتن و قبووڵ کردنی هاوسەرگیری دەتوانێ لە لایەن پیاو یان ژن خۆیەوە، یان لە لایەن کەسێکی ترەوە لە بری منداڵ ڕابگەیێنرێت (یاسای مەدەنی).

سەرەڕای ئەوەی یاسای هاوسەرگیری هۆکاری هەڵێکشانی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە وڵاتی ئێران نەبووە و ناتوانێ ببێت، بەڵام دەتوانێ وەک فاکتەرێکی کاریگەر لە هاندان و ناچار کردنی

بڕیاردەران بۆ ئەم کارە دەوری هەبێت. بەم حاڵەوە هاوسەرگیری تەنانەت بۆ منداڵانی کەمتر لە ١٣ ساڵ و ١٥ ساڵیش دەتوانێ ڕوو بدات، چوونکە لە یاسای ئیسلامی ڕێگەی دیکە هەیە کە تێیدا منداڵانی کەمتر لەم تەمەنە بە ئیزن بەڵام توانای هاوسەرگیریان دەبێت. بە کورتی کچانی کەم تەمەنی خوار ئەم تەمەنەش بە ویستی سەرپەرشتێکی یاسایی و ڕەزامەندیی دادگاه هێشتا لە بەر دەم مەترسی هاوسەرگیریی پێشوەختەن.

لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٢، بە پشت بەستن بە شۆڕای نگابان، پەرلەمانی ئێران مادەی ٢٧ـی بە پێی پشتیوانیی لە منداڵان و مێرمنداڵانی بێ‌سەرپەرشت و یان بەدسەرپەرشت چاک و پەسند کرد. واتە پەرلـەمانی ئێران هاوسەرگیری دایک و باوک لەگەڵ منداڵـە ناوییـەکانیان بـە یاسـایی ڕاگەیاند. پەرلەمانی مادەی ٢٧ لە ١٧ـی مـانگی ڕەزبـەری سـاڵی ١٣٩٢ پەسند کرد. بەم وەسفە منداڵی ناویی دەتـوانێ هاوسـەرگیری لەگـەڵ ئـەو باوکەی بکا  کە سەرپەرشتیاری ئەوی وەئەستۆ گرتـووە. ئـەم مـادە دەڵـێ: ئەگەر سەرپەرشتی بنەماڵە بیهەوێ لەگەڵ منداڵە ناوییەکەی هاوسەرگیری بکات، دەبێ وردەکاری دۆخی کچە کەم تەمەنەکە بۆ پشتڕاسـت کردنـەوە بنێرێ بۆ دادگا. ئەگەر ئەم هاوسەرگیرییە ئێستا ئەنجام دراوە، ڕێکخـراوەی چاکژیانەوە (بێهزیستی) دەبێ ڕاپۆرتێک لەو بارەوە بنێرێ بۆ دادگـا کـە بـە پێی ئەو بڕیار لە سەر بەردەوامی سەرپەرشتی لە لایەن بنەماڵەی ئێستا یـان وەستاندنی بدرێت.

لە هەمووی تۆقێنەرتر ئەوەیە کە هاوسەرگیری کچۆڵـە لەگـەڵ پیاوێـک کە هەتا هەنووکە بە بـاوکی خـۆی زانیـوە، دەبێتـە هـۆی ناسـەقامگیری و پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتی بنەماڵـە لـە بـار دەبـات و هێمـای پەرەسـەندنی دیاردەی پێدۆفیلیایە. بەدەر لەمـە، ڕێگـە بـە بـاوک دەدا وەک بژاردەیـەکی

زایەندی لە منداڵ بڕوانێ و ئەمە وا دەکات کە دایک وەک مەترسییەک بۆ سەر ژیانی خۆی سەیری ئەو منداڵە ناوییە بکات. ئەم بارووDۆخە دڵهەژێنە لێکەوتەی زیاتری بە دواوەیە. دیارە گۆڕینی ئەم یاسایە و دروست کردنی هەلوومەرجێک کە داکۆکی لە سەر هاوسەرگیری منداڵ لەگەڵ کەسێک دەکات کە بە باوکی خۆی زانیوە، دژی زۆرێک لە ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکانە کە وڵاتی ئێران یەکێکە لە واژۆکەرەکانی.

باوەڕی تۆکمە بە هاوسەرگیری پێشوەختە لە وڵاتی ئێران بەڵگەیە بۆ سەر ئەوەی بەها کۆمەڵایەتییەکان لەم یاسایانە بەهێزترن و هەر ئەمەش درێژە پێدەر و ژیاندنەوەی منداڵ هاوسەری و پەرەپێدانیەتی. یاسای دژی هاوسەرگیری خوار تەمەنی ١٣ ساڵان و سزای یاسایی بۆ ئەو دایک و باوکانەی وا لە تەمەنی کەمتر لە لانیکەمی تەمەنی هاوسەرگیری بە ڕۆڵەکانیان دەکەن، دەرەقەتی منداڵ هاوسەری نەهاتووە و نایەت. ئاسانترین ڕێگە بۆ خۆبوواردن لە سزای یاسایی، وەدوا خستنی تۆمار کردنی فەرمی هاوسەرگیرییە. ئەوەی ڕاستی بێ کاتێک بەها کۆمەڵایەتییەکان و زەختەکان خەڵک بۆ هاوسەرگیری پێکردنی ڕۆڵەکانیان لە تەمەنی کەمدا ناچار دەکەن، پابەندێتی کۆمەڵایەتی و نافەرمی، دەور لێدان و بە هەند نەگرتنی یاسا ئاسانتر دەکاتەوە.

وەک لە بەشی سێیەمدا بە چڕ و پڕی باسی لە سەر دەکرێت، کاردانەوەی بەرچاوی ئەو دایک و باوکانەی وا پێیان خۆشە هاوسەرگیری بە ڕۆڵە کەم تەمەنەکانیان بکەن، ئەوەیە کە بە پێدانی بڕە پارەیەک بۆ ماوەی چەند ساڵی پێویست ساختەکاری و درۆ بە تەمەنی یاسایی هاسەرگیری ئەو دەکەن. ئەم دیاردە لە ژێر ناوی «کڕینی تەمەن» لە هەندێ لە ناوچەکانی پارێزگای خووزستان بینراوە. دایک و باوکەکان بە نیازی دەستەبەری تۆمار کردنی هاوسەرگیری کچۆڵەکانیان، ئەو ساڵانەی وا هەتا تەمەنی یاسایی هاوسەرگیری کەمە، دەکڕنەوە. ئەو بڕە پارەی وا بۆ ئەم کارە تەرخان دەکرێ ١٠٠ بۆ ٥٠٠ هەزار تمەنە.

وەک پێشــتریش وتــرا، ئەگــەر تەمــەنی کچێــک خــوار تەمــەنی فــەرمی هاوسەرگیری یاسایی بێت، بۆ پشتڕاست کردنەوەی تەندروسـتیی جەسـتەیی و دەروونی و باڵقبوونی پێویسـتە لـە لایـەن دادگـاوە نامەیـەک وەربگیرێـت. لـە هەندێ لە دادگا خۆجێییەکانی پارێزگای سیستان و بەلووچستان هاوسـەرگیری کچێک خوار تەمەنی ١٣ ساڵان لە سەر ئیزنی باوکی یاساییە و پرۆسەی دیاری کردن و هەڵسەنگاندنی تەندروستیی کچە تەنیا لە چەنـد پرسـیاری سـنووردار تەسک دەبێتەوە. دادوەری دادگا بۆ هەڵســەنگاندنی هـۆش و بـاڵقبوونی کچـە چەند پرسیاری ئاراستە دەکات، هەندێ جار دوو جـووت گـوارەی پـێ نیشـان دەدا و داوا لە کچە دەکات کە لێکی بداتەوە کامیان زێـڕە و کامیـان سـاختەیە و یان سەباریەت بە نرخی ڕۆژی زێڕ پرسیاری لێ دەکات.

لە کۆمەڵگای زێڕخۆشەویسـتی ئێـران، بـە گـوێرەی پێناسـەی کۆمـەڵگا، لەوانەیە کڕینی زێڕ یەکێک لە گرینگترین ڕەهەندەکانی ژیـانی ئافرەتـان بێـت. ژنان لە ئایینی ئیسلامدا پێگەیـەکی گرینگیـان هـەبووە. ڕوانگـەی کەسـایەتییە ئیسلامییەکان سەبارەت بە ژن ئـەوە بـووە کـە بۆیـان هەیـە زێـڕ بـە خۆیانـەوە هەڵبوواسن (شێخ ئەلمونجید، ١٣٨٠). ئەنجامێک کە لەم پرسیارانە وەدەسـت دێت ئەوەیە کە پێوەری مەزەندە کردنی باڵقبوونی دەروونی ژن نرخی زێـڕ یـان ئەو شتانەیە کە ژنانەیە. ئەم پرۆسەی هەڵسەنگاندنی باڵقبوونی عەقڵە کە تەنیا لە ماوەی چەند خوولەکدا درێژە دەکێشێ زیاتر لە یارییەکی سادەی سـەلیقەیی و تاکەکەسی دەچێ، نە هەڵسەنگاندنێکی ڕاستەقینەی دەروونناسی.

## کوڕە منداڵەکان

لــە بــواری هاوســەرگیری پێشــوەختەی کــوڕان، یــەکێک لــە کۆڵەکــە سەرەکییەکان بۆ پێناسەی باڵقبوون و گەشە کردنیان، چــوون بــۆ خزمــەتی سەربازییە . لە وڵاتی ئێران هەموو پیاوێک بیست و یەک مانگ خزمــەتی ناچاری لە سەربازخانە سەربازییەکاندا تێدەپەڕێنن بــۆ ئــەوەی بتــوانن لــە مافــەکانی هاووڵاتییــەک ســوودمەند بــن. بــۆ نموونــە هــەبوونی مۆڵــەتی شۆفرێتی، پەساپۆڕت، ئیشی دەوڵەتی، مــافی بــوونی ئیشــێکی بیمــەدار و زۆرێک لە قازانجە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە کە هەر هەموویان پەیوەنــدییان بە خزمەتی سەربازییەوە هەیە. خزمەتی سەربازی بــێچم و تایبەتمەنــدیی کەلتووری دروست کردووە کە تێیدا پیاوان لە هەر دوو ناوچەی شــاریی و گوندیی بە پێی ئــەم ئەزموونــە بــەراورد دەکــرێن. دژوارییــەکانی ژیــان لــە سەربازخانە دەیانکا بە پیاو. بەر لە تێپەڕاندنی ئەم خولــە، کــوڕان گــەنجتر لەوەن کە ژن بێنن.

ئەم ڕێبازە سیاسی ـ سەربازییە لە کەلتووریی هاوســەرگیریدا کۆمــەڵێ گۆڕانکاری بەدی هێناوە. ئەوەی لە کاتی کاری مەیدانیدا بەدی کرا، بوونی دوو هێنــدەی هاوســەرگیری پێشــوەختە ســەرباری خزمــەتی ناچــاری سەربازی بوو. بنەماڵــەکان کوڕەکانیــان لــە تەمــەنی زۆر کەمــدا دەنێرێنــە سەربازی بۆ ئەوەی پاش سەربازی بۆ هاوســەرگیری ئامادیــان بکــەن. لــە هەندێ حاڵەتدا هاوسەرگیری پێشوەختە ڕاست بــەر لــە چــوونی کــوڕ بــۆ خزمەتی سەربازیی ئەنجام دەدرێت. ئەم کارە بــە هــۆی خێزانــدار بــوونی کوڕە هەلی کورت کردنەوەی خزمەتی سەربازی دەڕەخسێنێت. هــەروەها ئەگەری ئەوە هەیە کە کوڕە بنێرن بۆ سەربازخانەکانی پارێزگای خــۆجێیی خۆی بۆ ئەوەی بتوانێ پشوو وەربگرێ بچێ بۆ سەردانی ژن و منداڵەکەی.

## ڕۆڵی ئایین لە بەهێز کردنەوەی منداڵ هاوسەری

لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا کە بە پێی قەزاوەتی ئیمامییەیە، بە تەمەنی نێوان منداڵی و گەورەیی دەوترێ مێرمنداڵی (عیبادی، ١٣٦٩). دادوەرانی سەرەتایی ئیمامییە لەو باوەڕەدا بوون کە هاوسەرگیری بۆ کچێک پێویستە (عەللامە حیللی، ١٤١٤: ٨٥٦) و ناتوانرێ بەر لە باڵقبوون ئەم کارە بکرێ. سەرباری ئەمەش هەندێ لە دادوەرەکانی دواتر پێیان وایە ئەگەر چاوپۆشی لە هۆگری و خواستی کچی نابالق بکرێ، ئەوە ئەو هاوسەرگیرییە هەڵوەشاوەیە (هەمەدانی: ١٨٦).



لێدوانی نووسەر لەگەڵ مەولانا عەبدولحەمید ئیسماعیل زێهی بۆ ڕاهێنان و وەرگرتنی پشتیوانی سەبارەت بە هاوسەرگیری ڕوو لە هەڵکشانی منداڵان لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان

وێنە: نووسینگەی مەولانا عەبدولحەمید

سەرەڕای ئەمە کۆمەڵێکی کەم لە دەوڵەتەکانی بۆ نموونە عەرەبستانی سعوودی، یەمەن و ئێران هشتاش بە پێی شەرعەت ئیش دەکەن کە بە گوێرەی ئەوە کەسێک کە گەیشتووەتە تەمەنی باڵقبوون، ئەوە باڵق و عاقڵە.

فتـوای ئەنجوومەنـە ئاینییـەکان و ڕێبـەرانی ئـایینی لـە گێڕانـەوەی وتـەی ڕێبـەرانی ناوچـەیی و لـە نـاو کۆمـەڵگا زاڵـە عەرەبییـەکانی پارێزگاکـانی باشووری وڵاتی ئێران دەستڕۆیشتوویی و کاریگەری بەرچاویان هەیە. بـۆ نموونە پارێزگای خووزسـتان سـێیەمین پێگـەی بـاوبوونی هاوسـەرگیری پێشوەختەی منداڵانی لە خۆ گرتووە. لە پارێزگای سیستان و بەلووچسـتان ڕێبەرانی ئایینی خـۆجێیی زیـاترین پوتانسـییەلی کاریگـەرییان لـە سـەر خەڵکی ناوچەکە هەیە، بەتایبەت لە گەورەترین کەسایەتی ئایینی مـەولانا عەبدولحەمید زێهی[٢] کە نە تەنیا بەرجەستەترین ئیمام و ڕێبەری ئاینییـە لـە پارێزگادا بەڵکوو بە جۆرێک وەک سەرۆکی ڕێبـەرە ئاینییـەکانی کەمینـەی سوننە مەزهەبی ئێرانە لـە باشـووری ڕۆژهـەڵات و ڕۆژاوای وڵاتـی ئێـران دەناسرێت.

نـاکرێ کاریگـەریی ڕێبـەرانی ئـایینی بـە کـەم بـزانین. ئـەم پـڕۆژەی دەستێوەردەرانە لە کاتی کـاری مەیـدانی، یانـەی توێژینـەوەی هـان دا بـۆ بەڕێوە بردنی دانیشتن لەگەڵ ڕێبەرانی ئایینی لە ناوچەکـەدا. بـەم پێیـە لـە حەڤدەهەمی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٩٥ دانیشتنێکی سەرکەوتوانەمان لەگەڵ مەولانا عەبدولحەمید ئیسـماعیل زێهـی لـە پارێزگـای سیسـتان و

٢ـ مەولانا عەبدولحەمید ئیسماعیل زێهی یان شێخولئیسلام عەبدوحەمید ئیسماعیل زێهی زانا و ڕێبەرێکی ئاینی کۆمەڵگەی زانایانی سونە مەزهەبی وڵاتی ئێرانە .بە گێڕانەوە لە بایۆگرافی بڵاو کراوەی ماڵپەڕەکەی خۆیان، ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ١٣٢٦ لە گوندی گلووگای نزیک زاهیدانە و لە قوتابخانەی ئیسلامی حەمدییە بەدرەد ئەلعلووم لە پەنجابی وڵاتی پاکستان خوێندوویەتی .ئێستا قوتابخانە مەکییەکان بەهێزترین قوتابخانە سوننە مەزهەبەکانن لە وڵاتی ئێراندا کە لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە کاریگەرییەکی قووڵیان لە سەر سوننە ەزهەبەکانی وڵاتی ئێران هەیە .مەولانا عەبدولحەمید بە هۆی بەرگری لە مافی سوننەکان لە وڵاتی ئێران بەناوبانگە و لە هەندێ لە ڕاگەیاندنە ئێرانیەکاندا پێی دەوترێ دەنگی میانەڕۆ .

بەلووچستان ڕێک خست. وەک لە بەشەکانی دواتردا زیاتر ڕوون دەکرێتەوە، پارێزگای سیستان و بەلووچستان لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا زیاترین ڕێژەی هاوسەرگیری منداڵانی لە خۆیدا مسۆگەر کردووە. دوو ڕۆژ پاش ئەم دانیشتنە سەرکوتووانەی مەولەوی عەبدولحەمید، لە وتاردانی ڕۆژی هەینیدا کە تێیدا بە هەزاران کەس لە شارەکانی پارێزگا لە شاری زاهیدان کۆ ببوونەوە. سەبارەت بەوەی کە هاوسەرگیری دەبێ لە نزیک تەمەنی ١٨ ساڵان ئەنجام بدرێ دوا. بەدەر لەوە زیادیشی کرد کە دایک و باوکەکان دەبێ ڕێگە بدەن گەنجەکان خۆیان هاوبەشی ژیانیان دەست نیشان بکەن و ئەوان دەتوانن لە بواری خوێندن، دۆزینەوەی هەلی کار و پلەی سەرتری تەندرووستیی دەرونی و جەستەیی هەڵبژاردنی باشتریان هەبێت. لە درێژەی ئەم چاوپێکەوتنەدا کارگەی یەک حەوتوویی لە سەر ئیزنی ئەو، لە ئاستی باڵاتری قوتابخانە ئایینیەکان بەڕێوە چوو. کارمەند و زانایانی ئایینی بەرپرسی وانەبێژی لەم چەشنە قوتابخانانەدا، سەبارەت بە زیانە دەروونیی، پزیشکی و کۆمەڵایەتییەکانی هاوسەرگیری پێشوەختە کۆمەڵێ ڕاهێنانیان بینی، بۆ ئەوەی ئەم زانیارییانە بگوازرێتەوە بۆ هەزاران قوتابی کچ و کوڕ.

## ڕوانگەی دەسەڵاتدارانی ئێرانی

زۆرێک لە حکومەتەکانی ئەو کۆمەڵگایانەی وا هاوسەرگیری منداڵانی تێدا باوە، لە کاتی بە کارهێنانی یاسای نوێ و سیاسەتگوزاری سەرنج ناخەنە سەر تێگەیشتن لە گووشارەکانی منداڵ هاوسەری لە سەر کۆمەڵانی خەلک چوونکە بە شێوەی خۆ بە خۆ نەریت لەم کۆمەڵگایانەدا پەیڕەو دەکرێت. زۆرن ئەو کەسانەی کە بڕیاریان داوە هاوسەرگیری ڕەت

بکەنەوە یان نکۆڵی لێ بکەن، یان کەمیان دانی پێدا دەنن. لە زۆرێک لـەم کۆمەڵگایانە کە هەژاریی لـە ڕادە بـەدەر، شـەڕی نـاوخۆیی و بێـدەرەتانی ناوچەیی زۆر بەشی دانەبڕاوەی ژیـانی ڕۆژانەیـە، هاوسـەرگیری منـداڵان لەوانەیـە لـە یەکەمایـەتی پێڕیسـتی ئـەو خواسـتانە نـەبێ کـە سـەرنجی دەسەڵاتداران بەرەو لای خۆیان ڕادەکێشن. کۆتایی هاوسەرگیری منداڵان هاریکاری لە ناوچوونی پرۆسەی ناو نەوەیی هەژاری دەکـات و یارمـەتی ژنان و کچان دەدا کە لە ناو کۆمەڵگاکەی خۆیاندا چالاکتر بن.

تەنیا کۆمەڵێکی کەم لە ڕێکخراوە نابەرژەوەنـدی و مافـە مەدەنییـەکان یان نێودەوڵەتییەکان هەن کە لە سەر ئەم دیاردە سوور بـن. لـە ڕاسـتیدا بـە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوەی سندووقی نێونەتەوەیی حەشیمەت، وڵاتی ئێـران لــەو وڵاتانەیــە کــە یاســای شــەریعەتی ئیســلام ســەبارەت بــە تەمــەنی هاوسەرگیری بە سەر پابەندیی ئێران بە تەمەنی یاسایی هاوسەرگیریدا زاڵە. لە وڵامی ئەو پرسارانەی کە نوێنەرانی یوونسێف ئاراستەی وڵاتی ئێرانیان کرد، یان دیکەی هەوڵەکانی کۆمەڵگا مەدەنی و کۆمـەڵگاکانی مافـەکانی مرۆڤ، کۆمەڵێ لە بەرپرسانی کۆماری ئیسـلامی ڕای ئـەرێنییان هەیـە و خوازیاری گۆڕانی ئەم یاسایانەن.

## ئەنجامی کۆتایی

بـە پێچەوانـەی ڕێککەوتنـە جیاوازەکـان و پەیماننامـە جیهانییـەکان، هاوسـەرگیری پێشوەختەی منداڵان هێشتا بەردەوامە. سەرەڕای ئەوەی بۆ زۆرێک لە بنەماڵـەکان ئـەم دیاردە لە پێشدا سەرنجڕاکێشە، بەڵام تێچووی زۆری بـە دواوەیـە. نەهێشـتنی منـداڵ هاوسەری دەبێ لە یەکەمایەتی بەرنامەی کاری جیهانیان بـێ بـۆ ئـەوەی ڕێگـری لـە لێکەوتە وێرانکەرەکانی بکرێت.

# بەشی سێیەم: ئەنجام و دەستکەوتەکانی توێژینەوە

## پێش زەمینەی لێکۆڵینەوە

لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە لە مەڕ باوبوونی هاوسەرگیری پێشوەختە لە وڵاتی ئێراندا لە ساڵی ١٣٩٢، کاتێک نووسەری ئەم کتێبە یەکەمین پێوانەی ی گەورە پانتای سەبارەت بە سەقەت کردنی ئەندامی زایەندی لە ئێران[3] ئەنجام دا، دەستی پێکرد. لە زۆربەی ناوچەکان هاوسەرگیری منداڵان لەگەڵ خەتەنەی مێینە بە شێوەی هاوئاراستە و هاوکات بەدی دەکرا (بۆ باس کردنی وردتر لە مەڕ پەیوەندی نێوان ئەم دوو دیاردە بڕوانە بەشی ١). چەخماخەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە هاوسەرگیری منداڵان لە درێژەی پرۆسەی کاری توێژینەوە لە سەر خەتەنەی ژنان لێدرا. لەو کاتەدا نە تەنیا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە بوونی دیاردەی خەتەنەی ئافرەتان بێئاگا بوو، بەڵکوو تەنانەت لە ناوخۆی وڵاتیشدا ئێرانییەکان لە باوبوونی سەقەت کردنی ئەندامی زایەندی ژنان بێئاگا بوون (ئەحمەدی، ١٣٩٥). بەم حاڵەوە لە کاتی توێژینەوە لە سەر خەتەنەی ژنان، دەرکەوت کە دەبێ بۆ هەڵکشاندنی ئاستی وشیاری لە مەڕ هاوسەرگیری منداڵان توێژینەوەیەکی دیکەش ئەنجام بدرێت.

3. http://kameelahmady.com/fa/fgm-in-iran/



کاری مەیدانی لە ناوچە گوندییەکانی حەوت پارێزگای وڵات
وێنە: کامیل ئەحمەدی

ئامانج لەم توێژینەوە، خستنە ڕووی بەڵگەی ئەزموونی وەدەست هاتوو لە پرسیارنامە ماڵییەکانە بۆ ئەوەی بەم شێوە ڕێژەی باوبوونی منداڵ هاوسەری و تێگەیشتن لە سنووری هۆکارە کاریگەرەکانی سەر منداڵ هاوسەری لە وڵاتی ئێران توێژینەوەی و هەڵسەنگاندنی لە سەر بکرێت.

هاوسەرگیری منداڵان یەکێک لە باوترین باسە گەلاڵە کراوەکانی توێژەران و چالاکڤانانی مافەکانی مرۆڤە کە بە شێوەی ماندوونەناسانە لە سەر ئاستی ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان لە سەر فاکتەرە بنچینەییەکانی ئەم دیاردە چالاکیان نواندووە بۆ ئەوەی سەرنجی جیهانی بۆ پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و شان و پێگەی خەسارهەڵگری منداڵان و مێرمنداڵان ڕابکێشن. منداڵ هاوسەری، باوبوون و دڵخواز بوونی، زۆریی و ڕێژە ئەگەرییەکەی، هۆکاری پاڵنەر و ڕەنگدانەوەی نێوان نەوەیی و ناو نەوەیی،

لە لایەن ڕێبەرانی جیهانەوە سەرنجی پێ دراوە بۆ ئەوەی بلە پێناو نەهێشتن و ڕێگری لە پشتیوانی ماڵی، کـاتی و وزەیـی خۆیـان سـەرمایە گـوزاریی بکەن.

لە وڵاتی ئێران سەبارەت بەم بابەتە زانیاری زۆر کەم لە بـەر دەسـتدایە. کەم کەس بۆ دیاری کردنی قووڵیی و زۆریی کێشەکە توێژینەوەیان ئەنجام داوە. داتا دەوڵەتییەکان ناتەواون. وڵاتی ئێران بە ڕێژەی پاڵاوتن لـەم بـەها کۆمەڵایەتی زایەندییە هەرگیز شوێنی ئەنجامدانی هیچ چەشنە شێوازناسی توێژینەوەی قوڵبین لەم بارەوە نەبووە. سەرەڕای ئـەوەی هەنـدێ لـە ئامـارە وەسفییەکان وێنەیەکی گشتی لـە هاوسـەرگیری پێشـوەختە دەخەنـە ڕوو، بــەڵام شــیکارییەکی گشــتگیر لــە ســەر کاریگــەری و هۆکارەکــانی هاوسەرگیری پێشوەختە و مەترسییەکانی ناخەنە بەر بـاس. ئـەم زانیارییـە کەمەی کە خراوەتە ڕوو، لە تێزی زانکۆیی، ڕاپۆرتی قوربانیان، ڕاگەیاندن، نوسەراوەی لاواز و هەندێ ڕاپۆڕت بە شوناسی ناشیکاریی و سەبارەت بـە ئامارەکانی هاوسەرگیری تۆمارکراو قەتیس بۆتەوە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا توێژینەوەی منـداڵ هاوسـەری لـە وڵاتـی ئێرانـدا لـە سـنوری شـیکاری بچـووکی پانتـای خـۆجێیی سـەرتر نـەچووە. ئـەوەی لێـرەدا هەسـت بـە کەمایەسییەکەی دەکرا توێژینەوەیەکی پرس تەوەر لە مەڕ شوناسی منـداڵ هاوسەری لە وڵاتی ئێراندا بوو.

لە درێـژەی مێژوویـی منـداڵ هاوسـەری لـە وڵاتـی ئێـران، نـەبوونی ئاراسـتەیەکی قـووڵبین بــە مەبەسـتی شـەفاف کردنـەوەی دیـاردەی هاوسەرگیری پێشوەختە لە وڵاتی ئێران هەستی پـێ کـراوە و ئـەم خواسـتە لەوەی کە هەتا ئێستا لەم بارەوە ئەنجام دراوە زیاتر دەچێت. ئـەم کچۆڵانـە کە نزیکن لە چوونە ناو تافی ژن بوون، بەشی قەیرانی نەوەی داهاتوو پێک

دێنن، هیوامان وایە دەستکەوتەکانمان بگاتە دەست وەزیرەکانی دەوڵەت و چالاکڤانانی نادەوڵەتی بـۆ ئـەوەی گۆڕانکارییـەک بکەوێتـەوە. بکـەران و جێبەجێکارانی گۆڕانکارییەکان هەڵگری سیاسەتەکانی دەوڵەت و بەرنامـە پلان بۆ دارێژراوەکانن بـۆ بـەهێز کردنـی یەکسـانی زایەنـدی و هـەروەها بەرنامەی گەشەی ڕەچـاو کـراوی ڕێکخـراوە نادەوڵەتییـەکانن[4] بـۆ بـەدی هێنانی ئەم گرینگە قەبارەیەکی بەربڵاوتر لە ئەنجامەکان دەبێ کۆ بکرێنەوە و بدۆزرێنەوە و ڕاستی و داتا ئامارییەکان بخرێنە بەر دەستی خەڵک.

لە پێشدا گەیشتن بـە داتـای لێکۆڵینـەوە لـە مـەڕ ڕێـژەی و سـنووری هاوسەرگیری پێشوەختە دژوار بوو، چوونکە هەندێ لـەم هاوسـەرگیرییانە بە شێوەی فەرمی تۆمار نەدەکران و هەندێ لە دایک و باوکەکان لە تەمەنی کچەکانیاندا فێڵیان دەکرد. هۆی نەبوونی تۆماریی فەرمی هاوسەرگیری لە ناوچە گوندییەکان دەگەڕێتەوە بۆ تۆمار نەکران یان ئاسـانکاری بـۆ تۆمـار کردنی هەڵـەی ئامـاری لـە دایکبـوون. واتـە هاوسـەرگیری پێشـوەختەی منداڵان لە ژێر چاودێری وردی دادگایەکی تایبەتەوە نەبووە هـەر بۆیـە بـۆ داکۆکی لە سەر مافەکانی ئەوان نکۆڵی لە قازانجەکانی پێوەرێکی ئەنـدازە گیـراو دەکـرێ (یوونیسـێف، ١٣٩٣). بـەدەر لـەوە تۆمـار نـەکردنی هاوسەرگیرییەک دەبێتە هۆی نەبوونی داکۆکی یاسایی لە ژن و ڕۆڵـەکـانی داهاتووی.

ڕێکخراوی ناونووسینی وڵاتی ئێران بە پێـی سـەرژمێری حەشـیمەتی هەر ساڵە کۆمەڵێ داتا لە مـەڕ چـوار ڕووداوی حەشـیمەت ناسـی دابـین دەکات: لـە دایکبـوون، مـەرگ، هاوسـەرگیری و تـەڵاق. ئـەم زانیارییانـە

4. NGOs

هەمیشە لە بەر دەستی کۆمەڵانی خەڵک بوون، بەڵام ئەوەی لێرەدا بە نەوتراوی ماوەتەوە ئاماری شاراوەی پشت ئەم داتایانەیە کە لە زانیاری و داتا گشتییەکان زیاترە.

وەک پێشتریش وترا لێکۆڵینەوەی ئاماری وەسفیی وەرگیراو لە تێزی زانکۆیی و لە دیاری کردنی ڕێکارە موومیکینەکاندا شکستیان هێناوە. ئەنجامی هەوڵە زانکۆیی و ئاکادمیکییەکان زۆرینەیان ڕووبەڕووی ڕەت کردنەوە و نکۆڵی لێ کران هاتوون و بە پێچەوانەی پەرەسەندن و بەربڵاوی ئەم دیاردە نەیانتوانی سەرنج و هۆگری بەرپرسانی دەوڵەت ـ کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا پێداگرییان لە سەر هەڵکشانی ڕێژەی حەشیمەت دەکرد و بۆ هەرچی خێراتر کردنی هاوسەرگیری و منداڵ خستنەوە ئەنگێزەی گەنجانیان زۆرتر دەکرد ـ بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن. بەدەر لەمە سەرنجدانی تاکەکەسی لەم بوارەدا لە پشتیوانی دارایی لە ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زیاتریش بە هیچ کوێ نەگەیشت.

لە کاتی لێکۆڵینەوەی ڕابردوو سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە وڵاتی ئێران، بە پەیوەندییەکی نابەهەڵکەوت لە نێوان هاوسەرگیری پێشوەختە و خەتەنەی ژنان دۆزراوە. ئەو کچە کەم تەمەنانەی کە خەتەنە کرابوون، لە تەمەنی مێرمنداڵیدا هاوسەرگیریان دەکرد، و لە لایەکی تریشەوە تەمەنی هاوسەرگیری بۆ دیکەی کچانی سەرتر وەدەست هات. ئەمە ڕاستییەک بوو کە لە دەستپێکی توێژینەوەی دە ساڵەی هەموو ناوچە تاوتوێ کراوەکان بۆ نموونە هەڵگرتنەوە بەدی کرا. ئەم دوو دیاردە، ڕووداوی هاوکاتی بە هەڵکەوت نین. ئەم دوو پرسە سەرکووتکەرە جنسییانە لە ڕووی سرووشتییەوە لە یەکەم قۆناغی نموونە هەڵگرتنەوە و جیا کردنەوەی

توێژینەوەی هاوسەرگیری منداڵان تێهەڵکێشی یەکتر کرابوون. وەک لە بەشی دوهەمدا بە چڕ و پڕی باسمان لێ کرد، ئەم حاڵەتانە لە ناوچە گوندییەکانی وڵاتی ئێران - ئەو جێیەی کە کاری مەیدانی زیاتر لەوێ چڕ ببۆوە - ڕووی دەدا.

## ئاراستەی لێکۆڵینەوە

وەک لە یاسا و ئەخلاقیاتی لێکۆڵینەوەدا دەردەکەوێت، خوێندنەوەیەکی توێژینەوەیی دەبێ لە هەموو قۆناغەکانی کاردا ئاراستەیەکی ئۆبژەیی وەربگرێت. لە یەکەم قۆناغی هەڵبژاردندا بابەتی هاوسەرگیری منداڵان لە وڵاتی ئێران، هۆگرییەکانی پێشووی نووسەر لە ناوەڕۆکی توند و تیژی بە پێی زایەند، بەتوانا کردنی ژنان و ئەزموونی کۆ کردنەوەی زانیاری پەیوەست لە توێژینەوەی خەتەنەی ژنان کاریگەر بوون. لە هەموو قۆناغەکانی دواتردا، هەموو پێش گریمانە قەزاوەتییەکان دەبێ وەلا بنرێن و ئاراستەیەکی ئۆبژەیی و چۆنایەتی بۆ تێگەیشتن لە شووناسی منداڵ هاوسەری بگیرێتە بەر کە لەگەڵ چوارچێوەی یاسایی، کلتووری و ئاینی ناوچە گوندییەکان وڵاتی ئێران سازگار بێت. ئەم حاڵەتە بۆ تێگەیشتنی بێلایەنانەی و نادەمارگرژانە لە منداڵ هاوسەری گرینگ بوو. لێرەدا ئامانج دەست خستنی قووڵایی مانای هاوسەرگیری منداڵان وێڕای هەموو ئاڵۆزییە سرووشتییەکەیەتی.

ئەوەی لە وڵاتی ئێراندا بەدی دەکرێت، بوونی ملکەجی و درێژەدانی تایبەت بە داب و نەریت لە کاردانەوەی منداڵ هاوسەری بە مانای ئامرازی مانەوە بوو. هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان پرسێکی ڕوو لە زیادبووە و زیاتر لە ناوچانە گوندییەکاندا بەدی دەکرێت. هەندێ ئەم

دیاردە بە ڕێکاری بەرگری لە قەڵەم دەدەن کە ژیانێکی باشتر یان ئارامتر بۆ ڕۆڵـەکانیان دابـین دەکـەن، هەنـدێ بـە ملکـەجێتی کردنـی زەختـە کۆمەڵایەتییەکان بۆ هاوسـەرگیری کـردن بـە گـەنجان و بـە واتایـەکی تـر هاوسەرگیری لە کاتی پاکـداوێنی و پـاکی گـەنجێتی لـە قەڵـەمی دەدەن. هەنـدێ بـە بەشـێک لـە ئـەرکی ئـاینی خۆیـان لێـی دەڕوانـن کەواتـە هاوسەرگیریی پێشوەختە بە خواستی خۆیان ئەنجام دەدەن. بـەدەر لەمانـە ئەتکی کۆمەڵایەتی و تابۆی وەک پەیوەندی سـۆزداری و جنسـی بـەر لـە هاوسەرگیری دیوەکانی دیکەی ئەقڵانییەتی هاوسەرگیری پێشوەختە بـێچم دەدەن و ئەوەی کە بۆچی منداڵ هاوسەری هێشتاش بەردەوامە و تەنانـەت ستایشیشـی دەکرێـت. بـە هێنانـە دی توێژینەوەیـەکی لێکۆڵینـەوەیی کـە هەموو جیاوازییە کەلتوورییەکان لە خۆ بگرێ و بە ئامادە بوونێکی تایبەتی لـەو ناوچانـەی کـە بەرنامـەی لـە سـەرە، ئاسـتێکی بـەرز لـە ئـۆبژەیی و واقیع‌خوازی لە لێکۆڵینەوەدا دەستەبەر دەبێت. ئامانجی سەرەکی جیـا لـە ئامانجـەکانی دیکـەی ئـەم توێژینـەوە، وەدەسـتهێنانی زانسـتێکی نـوێ و دادپەروەرانــە ســەبارەت بــە هاوســەرگیری پێشــوەختەی منداڵانــە کــە کاریگەری لە سەر لقە وتراوەکان دادەنێت.

ئاراستەیەکی چۆنایەتی، ڕوونکردنەوەی وەسـفی و ئـەو ڕاسـتییانەی وا سەربەسـتانە سـەلمێنراون خراونەتـە بـەر بـاس. لـە ڕەوتـی بەرنامـەکانی لێکۆڵینەوەدا ستانداردە ئەخلاقییەکان ڕێگری لە هەڵبژاردنی دەمارگرژانەی بڕیارەکان دەکرد. لە ئاراستەی ئەم لێکۆڵینەوەدا، شـێوازی هەڵسـەنگاندنی پرسەکان ئاراستەیەکی مافی مرۆڤانە نییە بەڵکوو ئاراسەیەکی پرس تەوەر و ئەزموونی بوو. بـەم حاڵـەوە سـەرەڕای بـوونی تێبینـی پەیوەسـت بـە کـۆ کردنەوەی داتاکان، ئەم توێژینـەوەی ئێمـە کەمایەسـی تایبـەت بـە خـۆی

هەیە. لە لێکۆڵینـەوەی کـەیفی ئـۆبژەیی هەمیشـە پرسـێک لـە ئارادایـە و هەنـدێ جـار لـە لایـەن تـوێژەرەوە بـە شـێوەی حاشـاهەڵنەگر هەنـدێ دەمارگرژی بە کار دەبرێت. سنووردارێتی زەمەنی و داراییش بـەو مانایەیـە کە قەبارەی نموونە دەبێ بچووک بێت، واتە ئەنجامـەکانی لێکۆڵینـەوە لـە بەر دەم مەترسی گشتگیر نەبوون دابن و لەوانەیە پیشـاندەری حەشـیمەتی گەورەتری ئێران نەبێت. سەرەڕای ئەمە هەموو هەوڵەکان لە سەر ئەوەیە کـە ئەوەندەی دەکرێ ڕێگری لە دەمارگرژی بکرێت. شـێوازی سـەختگرانە و هاوبەشـێتی کـە بـە هـۆی ئـەوەوە پرسـیارەکانی لێکۆڵینـەوە گەڵاڵـە کـرا دەوڵەمەنـد و وشـیارکەرەوە دەبـن. بەشـداربووان لـە نهێنـی بـوونی ئـەو زانیارییانەی کە دەیانخسـتە ڕوو دڵنیـا دەکرانـەوە و شـوێنێکی پـارێزراو و دۆسـتانەیان بـۆ دابـین کـرا کـە تێیـدا ئـەزموونی تایبـەتی و نهێنـی و ڕوانگەکانیان لەگەڵ ئێمە دابەش بکەن. وتە و قسـەی وڵامـدەر بـە ڕەچـاو کردنی ستانداڕەکانی ئەندازە و نهێنی بوونی تەواو، بیستراو و بە وردییـەکی هەرچی زێدەتر وەردەگێڕدرانەوە.

لە سەرتاسەری توێژینەوە، ئەنجامەکان بە تـەنیا بـە پێـی وتـەی وردی بەشداربووەکان بووە و لە سەرتاسەری ڕاپۆڕتەکەدا هەندێ گێڕانەوەیان لـێ هاتووە. ئـەم وتانـە بـۆ پشـکنینی ڕاسـتییەکانی ژیـانی منـداڵ هاوسـەران گۆزراوەتـەوە بـۆ ئـەوەی ببێتـە بایـەخ و ڕەسـەنایەتی لێکۆڵینەوەکـە. ئـەم گێڕانەوانە پانتایەک لە ناوەڕۆکەکان لە خۆ دەگرن؛ بۆ نموونـە تێگەیشـتنی کچان لە هۆکـار و ئەنجامـەکانی هاوسـەرگیری منـداڵان و گەیشـتن بـە زانیاری و خزمەتگوزاری. گێڕانەوەکان بەدەر لەم زانیارییانە، گێڕانەوەیەکی دەوڵەمەند بێچم دەدەن و زیرەکی تایبەت دەبەخشن بـە ژیـانی خـەڵک و تێگەیشـتنیان، هەڵسـوکەوتی دانووسـتانکەر و پەیوەنـدیی دەسـەڵاتی

لاوەکی دەرەخسێنن. ئەوان لە ڕوانگەی ئەم لێکۆڵینەوە، دەرفەتێکی ناوازەن بۆ باس و لێکدانەوەی بابەتە هەستیارەکان. گێڕانەوە ڕۆشنبیرییەکان بۆ گواستنەوەی شوناسی هەر بوارێک دەست نیشان کراون و لە درێژەی ئەم بەرهەمەدا وەک نموونەگەلێک لە باسی گشتی گونجێنراون. لەم توێژینەوەدا لە پاڵ لێکدانەوەی تێگەیشتنی منداڵ بووکەکان لە هاوسەرگیریی منداڵان، وردەکاری ئاسەواری منداڵ هاوسەری لە سەر ژیانی ڕۆژانەی کچانیش خراوەتە ڕوو.

هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان بابەتێکی جێی ئاماژەیە، چوونکە سەبارەت بە باوبوون و دەرکەوتەکانی زانیارییەکی زۆر کەم لە بەر دەستە. داتاکانی هاوسەرگیری منداڵان سنووردار و کەمن و هەر لەبەر ئەمەش یەکەمین پێشەکی لە لێکدانەوەی دیاردەی منداڵ هاوسەری پێویستی بە لێکۆڵینەوە و تێگەیشتنێکی قووڵترە. بۆ پێشکەوتنی بەرچاو لە تێگەیشتنی مەترسییەکانی پەیوەست بە منداڵ هاوسەری و ئەکتیڤ بوونی پرسی هاوسەرگیریی منداڵان زانیاری گشتگیر لەم توێژینەوەدا پێویستە. ئەم ئەندازە گرتنە قەبارەی زانیارییەکانی بە شێوەی بەرچاو بەرز کردەوە و سەبارەت بە هاوسەرگیری منداڵان خواستی لێبڕاوە بۆ داتا ئەزموونییەکان دابین دەکات.



پرسیار و وڵام و دواندنی خەڵکی خۆجێیی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات
وێنە: کامیل ئەحمەدی

چاوپێکەوتنی مەیدانی و دواندنی خەڵکی خۆجێیی ناوچە جۆراوجۆرەکان، کۆمەڵی فاکتەری چەندیانەی ئاشکرا کرد کە دەیانتوانی کاریگەریان لە پاراستن و داکۆکی کردن لە سەر نەریتی منداڵ هاوسەری جیا لە بەربەستە یاساییەکان هەبێت. یەکەم ئەوەی کە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بە بێ خستنە ژێر پرسیاری پەیوەندی و هاوئاهەنگی هاوچەرخیان ملکەجی نەریتەکانی بەر لە خۆیانن. هاوسەرگیری پێشوەختە ڕێگە بە دایک و باوک دەدا کە لە بەرپرسایەتی دابین کردنی ڕۆڵەکانیان خۆ بدزنەوە.



بنەماڵەیەکی لوڕ لە پارێزگای خووزستان کە لایەنگری هاوسەرگیریی پێشوەختەن
وێنە: کامیل ئەحمەدی

دوویەم ئەوەی کە بنەماڵەی گەورە و لە ڕووی ئابوورییەوە لاواز هان دەدرێن بۆ هاوسەرگیریی پێشوەختە چوونکە ئەمە هاریکارییەکە بۆ کەم کردنەوەی کچێک، ئەوە لە کاتێکدایە کە هاوسەرگیری پێشوەختەی کوڕان هێزێکی کاریی زیادی بۆ هاوکاری ئەندامانی بنەماڵە لە ئیشی ناو ماڵ و چالاکییە ئابورییەکان زیاد دەکات.

سێیەم، ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایەی کە هاوسەرگیری منداڵانی تێدا باوە، خوێندنی فەرمی لەوێ کەمە. باوەڕ و ئیمان بە دەقە ئاینییەکان و ئەم باوەڕە باوە کە ئەم دەقانە پێشنیاردەری هاوسەرگیریی پێشوەختەن، وا دەکات بنەماڵەکان ئەم «پابەندییانە» بەدی بێنن.

چوارەم، هاوسەرگیری پێشوەختە دەستەبەری بە کارهێنانی تەواو لە هێز و توانای زک و زایە و لە کۆتاییدا پەیوەندیی بەهێزی چینایەتی بوونی هەیە و ئەوەش لەبەر دەستبوونی هاوژینی گونجاو سنووردار دەکاتەوە.

ئەم توێژینەوە لە کردەوەدا ئاراستەیەکی سەرەتاییە کە زەبر و زەنگ و بێدەنگی دەوروبەری هاوسەرگیری منداڵان و پاشماوەکانیان دێنێتە دەنگ. وەها چوارچێوەیەک دەرفەتێکی دەگمەنە بۆ دەربڕینی ئەو ڕەنج و ئازارانەی کە هیچ کات بە فەرمی نەناسرابوون یان نەبیسترا بوون. بۆ ئەم مەبەستە پرسیارنامەیەک بە کۆمەڵێ پرسیار بە کۆتاییەکی کراوە و ئازاد ئامادە کرا بۆ ئەوەی وڵامدەرەکان بۆ دەربڕینی ئەوەی بە لایانەوە گرینگ بوو ئازاد و ئاسوودە بن.

بەو پێیەی وەدەست خستنی متمانە و نهێنی ڕاگرتن گرینگ و پێویست بوو، ئەندازەگران وەها ڕاهێنرا بوون کە ئەم بابەتە لە شوێنێکی ئاسوودە و دۆستانەدا بەدی بێنن. داتا چۆنایەتییەکان لە ڕێگەی کۆمەڵێک کەسی ئاگادار و لێدوانی نیوە پێکهاتوو وەدەست هات. وڵامدەران لە وڵامدانەوەی پرسیارەکان، لە درێژەدان یان وەستاندنی لێدوان سەرپشک بوون. هەندێ لە وڵامدەریا وایان پێ باش بوو ناویان نەهێنرێت و هەندێ تەنیا ناوی بچووکیان هێنا. بە ڕێزگرتن لە بژاردە، بیر و وتەکانیان ڕاست هاوشێوەی ئەوەی خۆیان وتوویانە، یادداشت کراوە، واتە لە هەندێ حاڵەتدا ناوی وڵامدەرەکانمان نووسیوە و لە هەندێ حاڵەتی دیکەدا تەنیا ئەو زانیارییانەی وا خۆیان ڕێگەیان دابوو لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە. ئەو گێڕانەوانەی کە لە وتە یان بۆچوونە گشتیی و پێشتر بڵاو کراوەکانی سەرۆک کۆمارەکان، ڕێبەران، کەسایەتییە خۆجێییەکان، دەسەڵاتداری ئایینی و دیکەی کەسایەتییە دەوڵەتییەکانیش لە کارەکەدا هاتوون کە

هێنانی ناویان لێرەدا لادان و بەزاندنی ئەخلاقیاتی توێژینەوە نییە.

## شێوازناسیی لێکۆڵینەوە

ئاراستەی شێوازناسی بە کارهێنراو لەم توێژینەوەدا شێوازی چۆنایەتی لە سەر پێوەری کەلان بوو. بەو پێیەی لەم بارەوە پێشتر توێژینەوەیەکمان نەبووە کە بتوانین بچێینەوە سەری یان شێوازێکی ناسراو لە وڵاتی ئێران وەک شیکارییەکی یەکسانسازی بە کار نەهێنرا بوو، شێوازناسییەکی سازگار و یەکسان لەگەڵ ئەم دیاردە لە ئارادا نەبوو کە ئەمە لەو ناوچانەی وڵاتی ئێران کە هەڵگری زیاترین ڕێژەی هاوسەرگیری منداڵانە توێژینەوەیەکی یەکسانسازی پێویست دەکرد بۆ ئەوەی لە تێگەیشتنی لێکچوون و لێکنەچوونەکاندا هاوکاریمان بکات. بە مەبەستی هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی تەواوتر لە هۆکار و مەترسییەکانی هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان پێویستمان بە شیکاریی گشتگیری زیادی دیکەیە.

بە ڕەچاو کردنی ئەوەی کە هیچ توێژینەوەیەکی دیکە ئەم ڕەهەندەی منداڵ هاوسەری لە وڵاتی ئێراندا تاوتوێ نەکردووە، ئەم توێژینەوە بە شێوەی کێشەسازانە ئەرک و بەرپرسایەتییەکەی زۆر دەبێ و شێوازناسیی پەیوەست بەو ئەکتیڤ و داینامیکە. بڕیارەکانی شێوازناسی لەگەڵ بەربەست و ئەو جیاوازییانەی کە لە هەر ناوچەیەکدا ڕووبەڕووی لێکۆڵینەوەکە دەبوو سازگارییەکی تەواوی هەبوو. قەبارەی کۆمەڵگا، قەبارەی نموونە، شێوازی نموونەگیری، ڕێژەی لێدوانە دیاریکەرەوەکان بۆ هەر بەش و ناوچەیەک تەنانەت کاتی تەرخان کراو بۆ هەر پارێزگایەکی تایبەتی ڕەنگدانەوەیەک بووە لە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لەو ناوچەدا. بە ئاوڕدانەوە لە هەموو جیاوازی و هەمە جۆرییەکان، شێوازناسیی لێکۆڵینەوە بۆ بەدیهێنانی ئەوەی پێویستی و داخوازی

توێژینــەوە بــووە، گیراوەتــە بــەر. شــایەنی ئامــاژە پێدانــە کــە بڕیارەکــانی شێوازناسیی تایبەت و تایبەت بەم لێکۆڵینەوە هەستیاری زایەندێتی بوو و بە پێی تایبەتمەندیی ناوازەی هەر ناوچەیەکی ژێر توێژینەوە بە کـار هێنـراوە. هەر بۆیە ئەم بڕیارانە لەوانەیە لە بوارەکانی دیکەدا بەم شێوە کارامە نەبێت.

لە ئاراستەی لێکدانەوەی دیاردەی منداڵ هاوسەری لە وڵاتی ئێران، ئەم لێکۆڵینەوە بۆ تاوتوێ کردنی ناوچــەی دەســت نیشــان کــراو و تایبەتــەکان سنووردار کراوەتــەوە کــە بــە شــرۆڤەی داتاکــانی ڕێکخــراوی ناونووســین وەدەست هـاتوون. هــەوت پارێزگــای بــە بــانترین ڕێــژەی هاوســەرگیری تۆمارکراوی منداڵان هەڵبژێردران.

پارێزگاکان بــە شــیکاری داتاکــانی حەشــیمەت ناســی پەیوەســت بــە ئامارەکانی هاوسەرگیری لە ماوەی یەک دەیەی ڕابــردوودا دەســت نیشــان کران. شایەنی ئاماژە پێدانە کە ڕێزبەندی جێگیربوونی ئەم پارێزگایانــە لــە لیستی مەبەستی ئەم توێژینەوە لەگەڵ ئەو پێڕستانەی کە لە لایەن دەوڵەتەوە بڵاو کراوەتەوە، یەکســان نییــە چوونکــە پێڕســتی بــە کــار هێنــراو بــۆ ئــەم توێژینەوە بە هەڵبژاردنی ئەو پارێزگایانە ئەنجام دراوە کە زیــاترین ئامــاری منداڵ هاوسەریان لە خۆ گرتبوو و لە درێژەی ئەم دە ساڵەدا پتر لە دیکــەی پارێزگاکان دووپات بوونەتەوە. بەم پێیە ئەم هەوت پارێزگایە بریتیین لە:١. خوراسانی ڕەزەوی ٢. ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات ٣. خووزستان ٤. سیستان و بەلووچســتان ٥. ورمــێ یــا ئازەربایجــانی ڕۆژاوا ٦. هورمزگــان ٧. ئیسفەهان

بوار و فاکتەری پەیوەست و دیاریکــەر لــە هاوســەرگیری پێشــوەختەی منداڵان لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا لە سێ گرووپی تەمەنی دەستنیشان و پۆلێنبەندی کران و کێشراونەتەوە کە بریتییە لە کەمتر لــە ١٠ ســاڵ، ١٠ بــۆ

١٤ ساڵ و ١٥ بۆ ١٩ ساڵ.

**خشتەی ٣ـ١. پۆلێنبەندیی شارەکانی وڵات بۆ ڕێژەی هاوسەرگیری. بە پێی زایەند و تەمەن لە ساڵی ١٣٩٣**

| | کەمتر لە ١٠ ساڵ | ١٠ بۆ ١٤ ساڵ | ١٥ بۆ ١٩ ساڵ | | ١٠ بۆ ١٤ ساڵ | ١٥ بۆ ١٩ ساڵ | | ١٠ بۆ ١٤ ساڵ | ١٥ بۆ ١٩ ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سیستان و بەلووچستان ٣٣ | خوراسانی ڕەزەوی ٧٦٢٩ | خوراسانی ڕەزەوی ٢٤٣٦٢ | ١ | خووزستان ٦٥ | خوراسانی ڕەزەوی ٤٧٩٧ | | ئازەربایجانی ڕۆژاوا ٤٢٥٧ | خوراسانی ڕەزەوی ٣١٩٩٤ |
| ٢ | خووزستان ٣١ | ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات ٤٢٤٤ | خووزستان ١٥٣٥٤ | ٢ | سیستان و بەلووچستان ٣٦ | خووزستان ٢٩٥٦ | | خووزستان ٢٣٥٢ | خووزستان ١٨٣١٠ |
| ٣ | زەنجان ١١ | خووزستان ٢٢٥٦ | ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات ١٢٥٦٦ | ٣ | ئازەربایجانی ڕۆژاوا ٣١ | سیستان و بەلووچستان ٢٩٩١ | ٣ | هورمزگان ١٩٠١ | ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات ١٤٥١٦ |
| ٤ | کەهگیلویە و بوویەر ئەحمەد ١٠ | هەمەدان ١٨٩٣ | فارس ١١٤٧٥ | ٤ | زەنجان ٢٨ | ئازەربایجانی ڕۆژاوا ٢٠٣١ | ٤ | فارس ١٨٥٧ | ئازەربایجانی ڕۆژاوا ١٣٣٠٨ |
| ٥ | کرماشان ٩ | سیستان و بەلووچستان ١٨٤١ | ئازەربایجانی ڕۆژاوا ١١٢٧٧ | ٥ | خوراسانی ڕەزەوی ٢١ | ئازەربایجانی ڕۆژاوا ١٩٥٠ | ٥ | ئازەربایجانی ڕۆژاوا ١٦٤٠ | سیستان و بەلووچستان ١٣٢٨٧ |
| ٦ | فارس | فارس | سیستان | ٦ | فارس | گولستان | ٦ | ئەردەبیل | فارس |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٨ | ١٨٢٩ | و بەلووچستان ١٠٢٩٦ | | ٢٠ | ١٤٤٣ | | ١٦٠١ | ١٢٧١٧ |
| ٧ | ------------- | ئازەربایجانی ڕۆژاوا ١٦٠٤ | ئیسفەهان ١٠١٤٧ | ٧ | گولستان ١٩ | فارس ١٢٤٢ | ٧ | زەنجان ١٤٢٠ | ئیسفەهان ١٠٩٠٥ |
| ٨ | ------------- | ئەردەبیل ١٥٩٦ | مازەندەران ٧٨١٤ | ٨ | ------------- | کرمان ١٢١١ | ٨ | مازەندەران ١٣٥٩ | گولستان ٨٤٢٠ |

ڕووبەری ناوچەی ژێر لێکۆڵینەوە، تێبینی کاتی و دارایی و هەروەها کەمیی بوودجەیی، بە کارهێنانی نموونەگیریی هێشوویی کارکردی دەکردەوە.[٥] بە کەڵک وەرگرتن لەم شێوازە، چەندین شار لە باکوور، باشوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای هەر پارێزگایەک بۆ ڕوومالّی یەکەمین هێشوو دەست نیشان کران. بە هەمان شێوە چەندین گوندی هەر شارێکی بۆ کەوتنە ناو هێشووی دووهەم دەست نیشان کران.

ڕێژەی لێدوانەکانی هەر پارێزگایەک بە پێی پلەیان لە خشتەی ١٠ ساڵەی پۆلێنبەندی پارێزگاکان دیاری کران. لەبەر ئەم هۆکارە هەموو ناوچە ڕوومالّ کراوەکان پێویستیان بە ڕێژەی جیاوازی لێدوان بوو. سەرەڕای ئەوەی پرسیارنامە بە کار هێنراوەکان لە هەر ناوچەیەکدا پرسیارنامەیەکی خۆجێیی کراو و خۆماڵی لە پرسیارنامەی ئەندازەی

٥ـ نموونەگری هێشوویی شێوازێکی ئەندازە گرتنە کە تێیدا گرووپە جیاوازەکانی ناو حەشیمەتی ئاماری وەک نموونە دەست نیشان دەکرێ .

حەشیمەتی و تەندرووست[6] بوو، بەڵام زۆربـەی بەشـەکانی هـاتبووە دی. داتای ئەندازە گیراوی وەدەست هـاتوو لـە پرسـیارنامەی مـاڵی DHS بـۆ هەڵسەنگاندنی ئاستەکانی هاوسەرگیری منداڵان بە کارهێنران بـۆ ئـەوەی شیکارییەکی پەرەدارتر لەوەی کە چۆن هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لەگەڵ پێوەرە دیاریکەرەوەکانی خۆی هاوپەیوەند دەبێ دەخاتە ڕوو. DHS ئەندازە گرتنی ماڵی ناسێنەری نیشتمانین کە بۆ پێوانـدنی تەندرووسـتی و باروودۆخی خۆراکی ژنان و منداڵان لـە وڵاتـانی ڕوو لـە گەشـە گەڵاڵـە کراون.[7]

پرســـیارنامەکانی DHS کۆمەڵەیـــەکی بێعـــەیب و ڕێکخـــراو لـــە پرسیارەکانن کە هەڵگری ئەو پـەڕی بایـەخی سـتاندارد و ڕەوایـی پێناسـە کراون. بە ئاوڕدانەوە لە جیاوازییـە تایبـەت و هەمـە جۆرییـەکان لـە هـەر ناوچەیەکدا بەدی دەکرا، سەپاندنی گۆڕانکاری و ئامادە کردنی پرسیار لـە ناوچە ڕووماڵ کراوەکانمان پێویست بوو. بۆ سوودمەند بوون لـە پرسـیارە سـتانداڕدەکانی DHS ئـەم توێژینـەوە، هاوسـەنگ کردنـی سـازگاریی کەلتووری بۆ وەرگێڕانی پرسیارنامە بە زمانی خۆجێیی پێویست بوو.

گوتنە پێکهاتووەکان لە پرسیارنامەکان بەم بابەتانەی ژێـرەوە هـاتوون: پێش زەمینەی وەڵامدەر، هاوسەرگیری، بڕیاردانەکانی هاوسەرگیری، زک و زای ژنان، بەبەر بوونی پیاوان، ڕوانگـەی زایەنـدێتی، ڕووبـەڕوو بوونـەوە لەگەڵ پەیامی پێشگرانەی هاوسەرگیری منداڵان، توند و تیژی جنسی نـاو ماڵی پیاوان. پرسیارنامە لە سەر ڕێژەی باوبوون و هۆکـاری هاوسـەرگیری

6. DHS

٧ـ بۆ زانیاری پتر سەبارەت بە ئەندازە گرتنەکانی DHS سەردانی ئەم ئەدرەسە بکەن:
www.measuredhs.com

منداڵان لە ناوچە ڕووماڵ کراوەکان چڕ ببوە. ئـەم پرسـیارنامە، تـەنیا لـە دواندنی کەسانی خۆجێیی بە کار هێنرا. لێکۆڵینەوەکە هەروەها بریتی بـوو لـــە دوانـــدنی بەرپرســـان، کەســـایەتییە دەوڵـــەتی و ئـــایینی و ڕێبـــەرە خۆجێییەکان. پرسیارە داڕێژراوەکان بـە پێـی ئـەوەی کـە کەسـی وتـووێژ لەگەڵ کراو لە چ بوارێکدا دەستڕۆیشتوو و ئاگادار بـووە، لـە سـەر بـواری تایبەتدا چڕ دەبۆوە و لە سۆنگەی پێکهاتەییەوە ڕەوتی لێدوانـەکان جیـاواز بوون. لە کاتی یەکەمین قۆناغی خەریتە هەڵگرتنـەوە و جیاکـاری هـەموو ناوچەکان، لەگەڵ کەسـانی ئاگـادار و تـۆڕی هاوکـاران کۆمـەڵێ لێـدوان ئەنجام درا بۆ ئەوەی ئاستی تێگەیشتنی ڕوون و گشتی تیمی توێژینەوە لـە مەڕ پارێزگای ڕووماڵ کراو بەرز بکەنەوە. لە بەشەکانی دیکەی ڕاپۆڕتەکەدا ئەم بابەتە وەک قۆناغەکانی جیاکاری بینراو خراونەتە بەر تیشکی باس. لە درێژەی بەشەکانی ژێرەوە زانیاری پەیوەست بە هەر پارێزگایـەک بـۆ سـەر چەند بەشی جیاواز دابەش کراون:

سنووری جوگرافیایی: ئەم بەشە زانیاری گشتی لە مەڕ ناوچەکە دابـین بکـــات و بـــارووودۆخی سیاســـی، کـــەلتووری، حەشـــیمەت ناســـی و کۆمەڵایەتی هەر ناوچەیەک و هەروەها پلە و ئاستی لە ڕێـژەی بـاوبوونی منداڵ هاوسەری دێنێتە بەر باس.

شیکاری بنەکۆک: زانست لە مەڕ بەها کۆمەڵایەتییەکان و نەریتی هـەر شوێنێکی جوگرافیایی تایبەت لەم بەشەدا تاوتوێ کراوە. بە پشکینینی داتـا وەدەست هاتووەکانی پرسیارنامە، سێیەمین و دواهـەمین بـەش تـەرخانی ئەنجامی شیکاری و ئاماری وەسفی و تێگەیشتنی کاری مەیدانی کراوە کە لە درێژەدا وردەکارییەکانی زیاتر شرۆڤە دەکرێ:

## لێکۆڵینەوەی پارێزگایی

پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی

**سنووری جوگرافیایی لێکۆڵینەوە**



پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی یەکەمین ئامانجی ئەو توێژینەوە بووە. پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئێران کە شەش ملیۆن و ۲٦۲ هەزار (٦۲٦۲۰۰۰) کەس لە خۆ دەگرێ (ساڵنامەی ئاماری، ۱۳۹۳) زۆرینەی حەشیمەتەکەی ئێتنیکی فارس و فارس زمانن. خوراسانی ڕەزەوی جەمسەرێکی ڕاکێشانی ئاینییە لە وڵاتی ئێراندا و پێتەختی مەعنەوی شێعەکانە. شێعە تەوەر بوون لەم ناوچەدا بە هۆی بوونی مزارگەی ئیمام ڕەزایە (س.خ). سەرەڕای ئەمە ناوچە سنوورییەکانی پارێزگا سوننە مەزهەبن. ئارامگەی ئیمام ڕەزا بریتییە لە زیارتگەی ئیمام ڕەزا (ئیمامی هەشتەمی شێعەی دوازدە ئیمام). ئەم شوێنە

لـە سـۆنگەی ڕەهەنـدەوە گـەورەترین مزگـەوتی دنیایـە و لـە سـونگەی بەرفراوانیشەوە دووهەمین مزگەوتی گەورەی دنیایە. ئەم مەزارگە و زیارەتگە ئاینییە ڕووگەیەکی ئـایینی و سیاسـی بـە پارێزگـای خوراسـان بەخشـیوە. کەسـانی ئـایینی و چینـە جۆراوجۆرەکـان پشـتیوانی لـە هاوسـەرگیری پێشوەختە دەکەن کە لە نـاو زۆرێـک لـە کۆمـەڵگا ئاینییەکانـدا جێبـەجێ دەکرێت. لەم حاڵەتەدا، شاری مەشهەد زەقترین بێچمی سناریۆکەیە. ئـەم پارێزگایە یەکەمین پلەی لە هاوسەرگیری لە ناو کوڕانی تەمـەن ١٠ بـۆ ١٤ ساڵ و ١٥ بۆ ١٩ ساڵ و هەروەها پلەی یەکەمی لە هاوسـەرگیری کچـانی ١٥ بۆ ١٩ ساڵدا هەیە. کۆی پێنج شار لە شێوازی نموونەگیری هێشووییدا دەستنیشان کراون. یەکەمین هێشوو بریتییە لە شارەکانی خاف، مەشـهەد، سەبزەوار، تایباد، توربەت حەیدەرییە و توربەتی جام. پتر لـە ٤٥ لێـدوان لەگەڵ دانیشتووانی خۆجێیی لە کاتی کاری مەیدانی توێژینـەوەدا ئـەنجام درا. بە سەرنج خستنە سەر جیاوازیی زمانی و کـەلتووری تیمێکـی چـوار کەسی پێکهاتوو لە ئەندازەگرانی پێشتر ڕاهێنـراو، ئاگـادارێکی خـۆجێیی، چاودێرێک و شـۆفێرێک بـۆ مـاوەی هەفتەیـەک ناردرانـە ناوچـە ڕەچـاو کراوەکان. دووهەمین هێشوویی نموونە بریتی بوو لە چەندین گوند لە هەر شارێک؛ لەوانە خێراباد، ڕیزە، ساڵحاباد، حاجیابـاد، خۆشـاب، ڕۆبـات جوز، سەوڵتاناباد، قاسماباد، فەیزاباد، نەشتیفان و مشکان.

زۆرینـەی خـەڵکی پارێزگـای خوراسـانی ڕەزەوی موسـڵمانی شـێعە مەزهەبن. کەسانی خۆجێیی، کۆچبەران و زیارەتکاران بەشێکن لـە هەمـە چەشنی کەلتووریی لەم پارێزگایە. بە پێچەوانەی جەمسـەرێتی ئیسـلامی شێعە لە زۆربەی ناوچەکانی پارێزگا، لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهـەڵات دانیشتووانی سوننە مەزهەب نیشتەجێن کە لە نزیک سنوور لـە شـارەکانی

تایباد و خافدا دەژین. دەمانبینی کە چۆن داب و نەریت و بەهاکان لە هەر بەشێکی توێژینەوەدا پیشاندەر و نوێنەرەوەی جیاوازییەکان بوو. باڵادەستی شێعە لەم پارێزگایە و دەسەڵاتە سیاسییەکەیان بە سەر سوننە مەزهەبەکاندا، بزوێنەری هەندێ ناکۆکی و ناسازگاری ناوچەییە. سەرەڕای ئەم ناکۆکییانە، هاوسەرگیری پێشوەختەی نێوان منداڵ هاوسەری لە ناو پارێزگا لە هەر دوو مەزهەبی شێعە و سوننەدا بەدی دەکرا و بەتایبەت لەو ناوچانەی کە تێیدا هەژاری و بێبەشی لەو پەڕی خۆیدا بوو، زیاتر لە ناوچە سنوورییەکاندا کە سوننە مەزهەبەکان تێیدا نیشتەجێن تۆختر و لە ڕەهەندی زیاتردا دەبینرا. شار و گوندەکانی نزیک سنووری ئەفغانستان و تورکەمەنستان لێکچوونێکی سەرسام هێنەریان لەگەڵ کەلتووریی شارەکانی ئەو دیوی سنوور هەبوو. بۆ نموونە، زاڵبوون خەڵکانی سوننە مەزهەبی حەنەفی لە وڵاتی تورکەمەنستان و هەروەها وڵاتی ئەفغانستان یەکسان و هاوئاراستە لەگەڵ زۆرینە بوونی سوننە مەزهەبەکانی حەنەفی لە شارە سنوورییەکانی وەک خاف و تایبادە. ئەمە فاکتەرێکی گرینگە بۆ تێگەیشتن لە بەها و یاساکانی هاوسەرگیری. سەرەڕای ئەمە، وەک لە بینراوەکانی تیمی توێژینەوەیی دەردەکەوێ و لە لێدوانەکاندا تیشکی خرایە سەر، هاوسەرگیری لەگەڵ کەسانێک لە دەرەوەی ئتنیک حاڵەتێکی نائاساییە و زۆر جار بە قێزەونی لێی دەڕوانرێت.

داکۆکی کردن لە سەر هاوسەرگیری منداڵان لەگەڵ کەسانی شێعە مەزهەب زۆر کەسی هێناوەتە سەر ئەم باوەڕە کە هاوسەرگیری پێشوەختە لە ناو بنەماڵە و تایفە بۆ کچان باشتر لە هاوسەرگیری دەرنگ وەخت لەگەڵ کەسانێکە کە لە دەرەوەی بازنەی ئایدۆلۆژی و کەلتووری یان ئتنیکی بنەماڵەن. سەبارەت بەم بابەتە باوە، هاوسەرگیری منداڵان وەک

وڵامێکی ئەقڵانی و کردەیی ستاندارد بۆ داهاتووی گرینگی کچان سەیر دەکرێت. هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان کە لە کلتوور و نەریتی ئەواندا بنجی داکوتاوە، ئاراستەیەکی پیاوسالارانە و ڕێگە چارەی لۆژیکیی دایک و باوکان و ڕدێن سپییەکانی ئەو کۆمەڵگایەیە کە نیگەرانی داهاتووی کچەکانیانن.

گرینگە دیاردەی منداڵ هاوسەری لە ناو بەستێنی باوک سالاریدا ببینـدرێ و دەرک بکرێت. دەرکەوتەی لە سەر یەک کەڵەکە بووی پیاوسالاری دەبێتە هۆی پتەو بوونی زاڵبوون بە سەر ژنان و ملکەچ کردنیان لە ژێر ناوی چاودێری، پشتیوانی و خۆشگوزەرانی کە لە درێژەی ژیانیاندا وابەستە بە پیاویان دەکات. لە ڕێکخراوێکی پیاوسالارانەدا، هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان بۆ کچان، گەورەیی تەمەنی مێردەکان و باوکی شوێنی هاوسەرگیری تایبەتمەندی سەرەکی دێنێتە بەرهەم.

هاوسەرگیری منداڵان زیاتر لە کۆمەڵگا پیاوسالارییەکاندا دەبینرێت، ئەو شوێنەی کە دایک و باوک و ڕدێن سپییەکانی تایفە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە هەڵبژاردنی مێرد بۆ ڕۆڵەکانیان هەیە و نەوبووکەکان وەک هێزی یارمەتی لە ئیشی ناوماڵدا دەهێنرێنە ماڵەکانیان. دەسەڵاتی بڕیاردانی سەرەکی و گرینگی ژیان لە زۆر یەک لەم کەسانە زەوت کراوە و سەبارەت بە ئامادە کاری هاوسەرگیرییان هیچ شتێک نازانن و ناچار بە هاوسەرگیری دەکرێن، چوونکە ئەوە دایک و باوک یان کەسانی گەورەتری بنەماڵەن کە ئەم بڕیارانە دەدەن. ئەمە ئەوە دەگەیێنێ کە لەگەڵ ئەوەی کەسێکی شیاوی هاوسەرگیری و گونجاو دێتە ناو ژیانیانەوە و یان زۆر جار لە لایەن خزم و کەسەکانەوە دەست نیشان دەکران. ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری وەک باشترین ڕێگە چارە بۆ دەرباز بوون لە ترس لە کچەکانیان سەیر دەکرا.

بێ‌شک هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان ئامرازێک بووە بۆ سازدانی هاوسەنگی لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە ناو بنەماڵەکاندا. ئێمە بینیمان کە زۆرێک لە دایک و باوکەکان لەو بڕوایەدا بوون کە هاوسەرگیری دەستەبەری داهاتووی کچە و بە قازانج و بەرژەوەندیی خۆیەتی کە زوو شوو بکات. مەخابن لە زۆرێک لە شار و گوندە سنوورییەکان بە کارهێنانی مادەی هۆشبەر و قاچاخچیانی مادە دووکەڵییەکان کێشەیەکی گشتگیر و شیاوی سەرنجدان بوو. هەندێ لە پیاوان یان خۆیان گیرۆدەی مادەی هۆشبەر بوون یان خەریکی کاری قاچاخی مادەی هۆشبەر لە سنووری وڵاتی ئەفغانستان بوون. بە ڕەچاو کردنی ئەوەی کە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان، کچۆڵەکان دەخاتە بەر دەم مەترسی زۆری وەک لاوازیی لە قسە و دانوستان سەبارەت بە پەیوەندیی جنسی تەندروست، خەسارهەڵگری لە هەمبەر نەخۆشییە جنسییەکانی وەک ئایدز، زاینی پێشوەختە و خراپ بە کارهێنانیماڵی، ئەگەری هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی تووشبوو بە مادەی هۆشبەر ترسێکی تر بەم کارە قێزەونە زیاد دەکات. هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان کارێکی بنەماڵەییە کە لە ناو تایفە و بنەماڵەدا ڕوو دەدات. خەڵک پێیان خۆشە هاوسەرگیرییەکان بنەماڵەیی بن کە تێیدا دایک و باوکەکان یەکتر دەناسن. بەم پێیە داب و نەریتی وەک ڕێژەی مارەیی دەتوانێ کەمتر بێت. لەو کۆمەڵگایانەی کە ژنان وەک هێزی کاریی و ناندەرهێنەر نایەنە هەژمار بنەماڵەکان زۆر جار وەک بارگرانییەکی ئابووری سەر شانی خۆیان سەیری کچەکانیان دەکەن. شایەنی ئاماژە پێدانە کە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە ناو پێکهاتەی دۆخی دارایی سنووردار یان بارودۆخی ئابووریی لاواز و دارایی کەمدا باوە و هۆکاری ئابووری بووەتە هۆی پەسند کردن، قبووڵ کردن و

درێژەپێدانی ئەم کارە.

جیاز و مارەیی ئەو تێچووانەن کە بە ئامانجی هاوسەرگیری دیاری کراون. مارەیی بڕە پارە یان داراییەکە کە لە لایەن پیاو (زاوا یان بنەماڵەکەی) دەدرێ بە بنەماڵەی ئافرەت (بووک) لە هەمبەر هاوسەرگیری ژن لەگەڵ ئەو پیاوە و مەبەست لە جیاز ئەو بڕە پارە یان داراییەیە کە لە لایەن بووکەوە (یان بنەماڵەکەی) پاش هاوسەرگیری دەهێنرێ بۆ ماڵی هاوسەرەکەی.

مارەیی بابەتێکی گرینگە لە کاتبەندی هاوسەرگیری منداڵیی و گەنج بوون وەک هۆکارێک دیاری دەکرێ کە ڕێزی بووک زیاد دەکات. بووکێکی کەم تەمەن کاتێکی زێدەتر بۆ تەرخان کردن و منداڵ خستنەوە بۆ بنەماڵە نوێکەی هەیە. ئەم ئاڵوگۆڕی ماڵییە وا دەکات کە قەبارەیەکی زێدەتری پارە لەم نێوانەدا دەستاودەست بکرێت. زۆربەی ئەم کچانە لە پێکگەیشتنی ژن و مێردیدا دەفرۆشرێن بە دەوڵەمەندەکان و چارەنووسی وەهەم هێنەری دەستڕێژی ژن و مێردی، توند و تیژی و سەرکووت چاوەڕێیان دەکات (CARE، ١٣٩٤).

ڕێژەی مارەیی لەوانەیە لە هەلومەرجی جیاوازدا بگۆڕ بێ. بۆ نموونە لە هەندێ لە ناوچەکاندا مارەیی پەیوەستە بە ناسینی ماڵی زاواوە. ئەگەر زاوا کەسێکی نامۆ و لە دەرەوەی تایفە بێت، مارەیی لە چاو حاڵەتێک کە یەکێک لە ئامۆزاکان بێ زیاترە. بە گشتی جیا لە ڕێژەی مارەیی، تێچوو بە شێوەی پارە یان زێڕ بە دەگمەن بە بووک دەدرێت. لە هەندێ لە تایفەکاندا بەشێک لە پارە بەر لە هاوسەرگیری دەدرێ بە ماڵی بووک و بەشەکەی دیکەی کە هی بووکە، دەتوانین بڵێین هەرگیز بە بووک نادرێت. بە پێی یاسا ئیسلامییەکان ئەم مارەییە دەبێ لە کاتی داخوازیدا بێ و هەر کات ژن

داوای لە مێرد کرد دەبێ پێی بدرێت، بەڵام ڕاستییەکی تاڵ ئەوەیە کە ژن پشکی یاسایی و شەرعی خۆی تەنیا ئەو کاتە وەردەگرێ وا داوای تەڵاق دەکات و یاسا پیاو ناچار بە پێدانی مارەییەکە بکات.

«فاتمەی کچم تەمەنی ١٤ ساڵانە، لە تەمەنی ١٣ ساڵاندا شووی کرد. زۆر کچی چاکە. باوکی بە هۆی مادەی هۆشبەرەوە ماوەی دە ساڵە لە زیندانە. فاتمەم بە خۆڕایی بەخشی. چوونکە کوڕە وتی کرێکارێکی سادەم. وتم باشە بیگوێزەوە. پێم خۆش بوو نرخەکەی زۆر بێ. لێرە هەرچی کچ تەمەنی کەمتر نرخیشی زیاترە. زۆرەکەی ملیۆنێک دەدەن. هەندێ کەسیش سەد هەزار تمەن، دووسەد هەزار تمەن دەدەن. بەڵام من هەرزان دام.»

وڵامدەری ژن - تایباد

## پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی

ڕێژەی مارەییش بە پێی ناوچەی جوگرافیایی و لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە جیاوازە. بۆ نموونە لە گوندەکانی خێراباد، فەیزاباد، توربەتی جام، کراڕت (تایباد)، نەشتیفان، ساڵحاباد و ڕیزە، زیاتر جیاز لە لایەن زاوا و بنەماڵەکەی دابین دەبێت، بە پێچەوانەی ناوچەکانی وەک قاسماباد کە بنەماڵەی بووک بەرپرسایەتی دابین کردنی کەرەسە و شمەکی ناو ماڵی تازە ژن و مێرد لە ئەستۆ دەگرن.

لەو ڕووەوەی کە سازدانی پەیوەندیی بنەماڵەیی لە ڕێگەی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان ئامرازێکە بۆ توند و تۆڵ کردنی پەیوەندیی بەهێزی نێوان بنەماڵەکان (سندووقی حەشیمەتی ڕێکخراوەی نێونەتەوەیی، ١٣٩٣)، بەردەوامی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان بنەماڵەکان بە گرینگ سەیر دەکرێت. بێگومان ئەمە لە چاو ناوچەکانی دیکەی دەوروبەر مارەییەکی زیاتری لێ دەکەوێتەوە. ئەم تێچووە وەک نرخ لە سەر

بووک دادەنرێت و یان بڕە پارەیەک کە بنەماڵەی زاوا لە هەمبەر شوو کردنی کچە پێی دەدەن. لە ماوەی سەردانی ناوچەیی و کاری مەیدانی و دواندنی کەسانی بەئاگای ناوچەکە، چەندین کەس بە شێوەی جیـاواز بەسـەرهاتی پیاوێکیان بۆ ئێمە گێڕاوە کە کچێکی گەنجی بە نرخی سـەد ملیـۆن تمـەن کڕی بوو. ئەم نەریتی مارەیی و پێدانی تێچووە لە دیکەی ناوچەکانـدا زۆر سەیر و سەمەرە. زۆرێک لە بنەماڵەکان بۆ کچەکانی خۆیان داوای ئەم بـڕە پارە ناکەن. بە پشت بەستن بەو وتووێژەی کە لەگـەڵ دانیشـتووان ئـەنجام درا، بە پێی تەمەنی بـووک ڕێـژەی مـارەیی گـۆڕانی بـە سـەردا دێـت. بـە جۆرێک کە هەرچی بووک کەم تەمەنتر بێ، نرخیشی پترە.

بێدەسەڵاتی ئەم بووکە منداڵانە زۆر و قەیراناوییە، چوونکە ئەم کچۆڵە خاوەن مێردانە، لە هەمبەر بنەماڵەی خەزووریان توانایـەکی ئـەوتۆیان بـۆ چەنە لێدان و بەرەنگاربوونەوە نییە. کچـان نـە لـە هاوسـەرگیری و نـە لـە دیاری کردنی تەمەن یان قبووڵ کردنی خوازبێنی قسـەی کۆتـایی ناکـەن. ئەم بووکە منداڵانە دەبنە خزمەتکاری مێرد و بنەماڵەی خەزووریان و مافی بڕیاردانیان نییە. قێزەونـی و دزێـوی ئـەم بابەتـە زیـاتر لـە تەڵاقـدا خـۆی دەنوێنێ. مافی تەڵاق وەرگرتن و یان قسە کردن لـە سـەر تـەڵاق لـە ژنـان زەوت کراوە. بۆ نموونە ئەم حاڵەتە لە قاسمابادا دەبینرێ کە تێیـدا کچـان لە تەمەنی ١٣ ساڵاندا شوو دەکەن و مافی تەڵاقیان نییە، وەک ئاگـادارانی خۆجێیی باسی دەکەن، ئەمە نارەزایەتی لە ژیانی لـێ کەوتووەتـەوە و بۆتـە هـۆی زۆریـی لـە ڕادەبـەدەری ناپـاکی ژن و مێـردی. لـە سـوڵتانابادیش هاوشێوەی قاسماباد کوڕان زیـاتر لـە تەمـەنی ١٦ سـاڵاندا هاوسـەرگیری دەکەن و پاش ئەوە دەچن بۆ سەربازی.

لە بەر ئەوەی وەک بژاردەیەکی زۆر گرینگ بـۆ مانـەوەی ئـابووری لـە

هاوسەرگیری دەڕوانرێت، هەر بۆیە تەڵاق بژاردەیەکی کردەیی و سەرکەوتوو نابێت. هیچ بەدیلێکی دیکە جیا لە هاوسەرگیری بۆ کچان دیاری نەکراوە. لە تافی منداڵییەوە کچان وەها کۆمەڵگاگر بوون کە باوەڕیان وا بێ کە هاوسەرگیری تاکە مەبەستی ژیانە و دەبێ هۆگرییە تایبەتییەکانیان لە ژێر ڕکێفی خواستی بنەماڵەکەیان بێت. هەر بۆیە، توند و تیژی خێزانی بە شێوەی باو و گشتگیر دەسەپێنرێت. کچە کەم تەمەنەکان لە هەمبەر توند و تیژی خێزانی، خراپ بە کارهێنان و بە جێهێشتنی خەسارهەڵگر دەبن. مەبەست لە توند و تیژی، توند و تیژی جەستەیی، زایەندی یان هەڵسوکەوتی خراپ لەڕووی دەروونییەوە (هەیس و هاوکاران، ١٣٧٣). ئەو کچانەی وا لە تافی منداڵیدا هاوسەرگیریان کردووە، لە بەر دەم مەترسی توند و تیژی لە لایەن مێردەکانیان یان بنەماڵەی مێردەکانیاندان. ئەوان لە چاو ئەو کچانەی کە دواتر هاوسەرگیری دەکەن بەردەوام لە بەر دەم لێدان و حەڕەشەدان. لە نێوەندەدا هەرچی مەودای تەمەنی ژن و مێرد زیاتر بێ ئەگەری ئەزموونی توند و تیژی جنسی بەرز دەبێتەوە (کچان نە بووکەکان، ١٣٩٣). توێژینەوەکانی دیکە هاوپەیوەندی نێوان مەودای تەمەن و لێکەوتەکانی نیشان دەدەن؛ هەرچی کچ لە کاتی هاوسەرگیری کردندا کەم تەمەنتر بێ، مەودا و جیاوازی نێوان ئەو مێردەکەشی قووڵتر دەبێتەوە (گەڵاڵەی بریتانیا، ١٣٩٣). ئەم مەودای تەمەنییە زۆر جار کچان لە هەمبەر توند و تیژی خێزانی و دەستڕێژی ژن و مێردی خەسارهەڵگر دەکات. تەنانەت ئەو کچانەی کە هەلی تەڵاق وەرگرتن لە لایەن مێردە دەستڕێژکەرەکانیان هەیە زۆر لاواز و خەسارهەڵگرن چوونکە توانای وەدەست هێنانی داهات، خوێندن و پشتیوانی داراییان زۆر کەمە. گرووپە مافە مرۆییەکان

حاڵەتگـەلێک دەخەنـە ڕوو کـە کچـان پـاش هەوڵـدان بـۆ ڕا کـردن لـە گرێبەستی هاوسەرگیری دەکەونـە بـەر مەترسـی خـراپ بـە کـار هێنـان. بووکەکانیش ئەگەر لە تەمەنی کەمدا ببنە بێوەژن خۆیان بە لاوە بێ پشتیوان و بێ بەرگریکارە کە بەم شێوە ناتوانن منداڵەکانی خۆیان بە خێو بکەن.

لە بەرامبەردا، ڕێژەی تەڵاق لە توربەتی جام (نەشیفتان) بە شـێوەیەکی سەرنجڕاکێش زۆر لە سەرە و یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانەی کـە کچـان ناتوانن درێژە بـە خوێنـدنی خۆیـان بـدەن. ڕێـژەی زۆری هاوسـەرگیری پێشوەختەی منداڵان لەگەڵ خوێندنی کەمی کچان هاوپەیوەنـدە. کـوڕان زۆر حەزیان لە خوێندن نییە چوونکـە زیـاتر سـەرقاڵی ئیشـی دەسـتی و پیشەی پلە نزمن و بەم چەشنە دەیانهەوێ خواستە داراییـەکانی بنەماڵـەی نوێ دابین بکەن. سەرەڕای ئەوەی کچان بۆیان هەیـە درێـژە بـە خوێنـدن بدەن، بەڵام هێشتاش ناچارن لە تەمەنی کەمدا هاوسەرگیری بکـەن. هـەر لەبەر ئەمەش گەشەی زەینی و خوێنـدنیان هاوئاراسـتە و سـازگار لەگـەڵ پێگەی ئێستای مێردەکانیان نییە و ئەمەش تەڵاقی لێ دەبێتەوە.

«لێرە ژوور تەمەنی ١٨ ساڵان بە بۆچوونی خەڵک پیرە کچە. لە مشکان ئەگەر کوڕێک بە ڕاستی کچێکی بووێ دەتوانێ تەنانەت سەرەڕای دژایەتی، کچە لەگەڵ خۆی بیبات. من تەمەنم ١٥ ساڵان بوو بە زۆرەملی و بە هەڵبژاردنی ماڵی باوکم شووم کرد. هیچ لە هەڵسووکەوتی مێردەکەم و ژیانم ڕازی نیم. گەیشتنە هەر کەس تکام وایە پێی بڵێن زوو شوو نەکات. تەنانەت ئەگەر سەریشیان بڕی زوو شوو نەکات»

وڵامدەر ژن. ١٦ ساڵە

## مشکان، سەبزەوار
## پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی

یەکێکی دیکە لە فاکتەرە زەق و کلیلییەکان، خاوەنـدارێتی ئـاوە. ناوچـەی گەرم و وشک لە پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی گەشەی کشتوکاڵی تووشـی گرفت کردووە و دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەی ئاو لە ڕێگەی خاوەندارێتی ئەو زەوییانەی وا کارێزی ئاوییان هەیە، ئیمتیازێکی گەورەیە. ئـەم فاکتـەرە ژینگەییە دەورێکی گرنگی لە دروسـت بـوون و چەنـدیی و چـۆنی بـەها کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە. بۆ نموونە لە خێراباد، ئەو شـوێنەی کـە زۆربـەی دانیشتوانی کارێزی ئاویان هەیە، هاوسەرگیری پێشوەختە لەگەڵ کەسـانی ناو تایفە برەوێکی زۆریٚ هەیە بۆ ئەوەی بەم شـێوە پلـەداری ڕابـردوو وەک خۆی بپارێزرێت.

بەدەر لەمە، ڕەدووکەوتن یان هەڵگیرانیش لە ناو هەندیٚ لـە هۆزەکانـدا بەدی دەکرێـت، بـەڵام وڵامـی کۆمەڵایـەتی بـۆ ئـەم بابەتـە، زۆر گـرژ و سەرکووتکەرە. لە زۆرێک لە ناوچەکاندا ئەم کارە قێزەونە و وەک تێکدەری سەربەرزی و متمانەی بنەماڵەی لێی دەڕوانرێت کـە دەبێتـە هـۆی تـەمبیٚ کردنی سەخت یان دەرکـران لـە لایـەن بنەماڵـەوە، بـەڵام لـە شـوێنەکانی دیکەی وەک توربەتی جام (ئەو شوێنەی کە نرخی زێڕ هێشـتا هـەر زۆرە) هەڵگیران ئەوەندە ڕووبەڕووی سزا نابێتەوە. ژن و مێردەکان پاش گەڕانـەوە بۆ ئامێزی کۆمەڵگا، وەردەگیرێنـەوە و هەنـدیٚ جـار ماڵێـک و کەرەسـە و مادەی خۆراکیان پیٚ دەدریٚ بۆ ئەوەی بـە یارمـەتی ئـەوان ژیـانی خۆیـان دەست پیٚ بکەن و هان بدرێن بۆ ئەوەی پێکەوە بمێننەوە.

نەریتی ژن بە ژن لـە نـاو ئێتنیکـە تایبەتـەکانی هەنـدیٚ ناوچـەدا بـاوە. نموونەی ئەم ئێتنیکانە تایفەی عەلی شۆیە. کاتێـک دوو ئـافرەت لـە نێـوان

دوو بنەماڵەدا ژن بە ژنیان پێ دەکرێ دەبێ ژیانیان هاوشێوەی یەک بێت. واتە ئەگەر یەکێک لە ژن و مێردەکان پێکەوە شەڕیان بووە و ژنەی لە ماڵەوە دەر کرد، ژن و مێردەکەی دیکەش سەرەڕای نەبوونی هیچ کێشەیەک دەبێ شەڕ بکەن و پیاوە دەبێ ژنەکەی لە ماڵەوە دەر بکات. ئەگەر یەکێک لە ژن و مێردەکان ماڵی بە شەمەکی نوێوە کڕیبێت، ژن و مێردەکەی دیکەش دەبێ هەمان کار بکەن بۆ ئەوەی ژیانێکی هاوشێوەیان هەبێت.

هۆزەکانی دیکە نەریتی هاوسەرگیری تایبەت بە خۆیانیان هەیە. لە تایفەی ناسراوی ڕەجەب عەلی زادە، کچان لە تەمەنی ٩ ساڵاندا شوو دەکەن و بنەماڵە لە سەرەتاوە بڕێک زێڕ کە دەبێ ماڵی زاوا بیکڕن دیاری دەکەن. دواتر کاتێک کە کچە گەیشتە تەمەنی ١٥ ساڵان و هاوسەرگیری کرد ماڵێکی بە کەرەسە و مادەی خۆراکییەوە پێ دەدەن.

هەموو ئەم فاکتەرانە پێکەوە سازاون بۆ ئەوەی کچ بخەنە مەترسی هاوسەرگیری پێشوەختە، لەوانە، بەها جنسییە کۆمەڵایەتییەکان. هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان دەتوانین ببەینەوە سەر پرۆسەی بیر کردنەوەی گشتی، خەڵک درێژە بە کاری هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان دەدەن چوونکە ئەمە تاکە ڕێگەیەک بووە کە لە بنەماڵەکانیاندا ئەم حاڵەتە قبووڵ دەکرا و بە «درووست» لێی دەڕوانرا. لەو ڕووەوەی کە ئەم داب و نەریتە ماوەی چەندین سەدە بەردەوام بووە، زەختی کۆمەڵایەتی لە لایەن کۆمەڵگاوە بۆ هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان بەتایبەت کچانی کەم تەمەن زۆرە. زەختی کۆمەڵایەتی لە ناو بنەماڵەدا لە هۆکارە سەرەکییەکانە کە دایک و باوک ناچار دەکات هاوسەرگیری بە منداڵەکانیان بکەن. هاوسەرگیری منداڵان کارێکی نەریتانەیە کە لە زۆرێک لە ناوچەکاندا تەنیا لە بەر ئەوە بەردەوامە کە لە درێژەی نەوە یەک

لــە دوای یەکەکانــدا ئــەنجام دراوە. کــاری نەریتانــە ناچێتــە ژێــر پرســیار چوونکە هەمیشە بەشێک بووە لە ژیانی کۆمەڵگا و شوناسەکەی (کچان نە بووکەکان، ١٣٨١).


ئەم کچە کەم تەمەنانە زۆر جاری تووشی پێکهاتەی کۆمەڵایـەتی زۆر جیاکارییانە دەبنەوە کە توانا و خۆشگوزەرانی گشـتیان زۆر تووشـی کێشـە دەکات. کچان لە لایەن کۆمەڵگا و بنەماڵەکانیانەوە ڕادەیەک لە زەختیان لە سەرە کە ناچاریان دەکات مل بۆ هاوسەرگیری پێشـوەختە دانـەوێنن تـەنیا لەبەر ئەوەی هاوشێوەی کەسانی دیکە بن. هیچ سەیر نییە کـە چـاوەڕوانی بۆ بەها و ڕفتاری ناو بنەماڵە و دەرەوەی بنەماڵـە، لـە تاکـدا زووتـر گەشـە دەکات. هەر بۆیە تەنانەت لە ناو بنەماڵەیەکیشدا کچان و کـوڕان بـە پێـی بەها و نۆڕمی جیاوازەوە پەروەردە دەکرێن و گەورە دەبن. ئەم چاوەڕوانییانە لە لایەن بەها خۆجێییەکانەوە لە مـەڕ ئـەوەی کـە تایبەتمەنـدی کچێـک / کوڕێک / پیاوێک / ژنێکی باش چییە، ئاراستە دەکرێن کە سەرەڕای ئەوەی لەگەڵ تێپەڕینی زەمەن گۆڕانیان بە سەر دێـت بـەڵام هێشـتا لـە سـەر ئـەم بنەمایە هاوبەشن کە «کچانی باش لە هەڵسووکەوتیاندا لـە دەرەوەی مـاڵ سنووردار و ملکەجن و لەگەڵ ئەو پیاوانەی وا لە دەرەوەی بنەماڵەی ئەوان، هیچ هەڵسووکەوتێکیان نییە.» جیا لەوەی کە کچان لە تەمەنی زۆر کەمـدا گیرۆدەی ئەم بەهایانە دەبن، داب و نەریتەکان تەنانەت ئەو کاتـە بـەهێزتر دەبێت کە کچێک هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێک بکا کە لە دەرەوەی بازنەی خزم و کەسی خۆی بێت؛ لە چەمکی گشتیدا ژنێکی ئایدیال و هەرە باش بە ئافرەتێکی فرە کۆشیار و زۆر ئیشکەر لە ماڵی مێرد، گوێڕایـەڵی مێـرد و بنەماڵەکەی، هەڵسووکەوت نەکردن لەگەڵ پیاوانی دیکە، کەم جووڵـەیی، ڕووخۆشی لەگەڵ دراوسێکان و جل و بەرگی شیاو لە بـەر کـردن (جـل و

بەرگی نەریتی و خۆماڵی) پێناسە کراوە (گیمیرە و سامۆیێلز، ١٣٩٣).

بەدەر لە پابەندی و بەردەوامی بەها کۆمەڵایەتییە ناو نەوەییەکان، ملکەجێتی بۆ بەها نەنووسراو و زەختە کۆمەڵایەتیەکان و پارێز لە ناوەنیتکەی کۆمەڵایەتی، ترس و نەبوونی ئاسایش لە هۆکارەکانی دیکە بزوێنەری هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵانن. سوودی پەیڕەو کردنی بەها و درێژەدان بە نەریتیەکان، زۆر بە قووڵی ڕیشەی لە «کەلتووری یەکسانسازیی»دا هەیە. واتە ئەو چەشنە کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەی کە هەڵگری گۆڕانکاری لە باوەڕ یان ڕفتار بێت بۆ ئەوەی بەم شێوە تاکێک لە گرووپێکدا جێی ببێتەوە (مەک لیوود، ١٣٨٦). ئەمە پاساودەری ئەم ڕاستییەیە کە بۆچی تەمەنی هاوسەرگیری لە شوێنێکدا لێک نزیکن و لە نێوان ئەم تەمەنانەدا هیچ لادانێکی ستانداردی مانادار بەدی ناکرێت. لە جێیەکدا کە هاوسەرگیریی منداڵان دەبێتە بەهایەکی پەسند کراو، خەڵک بە شێوەی خۆ بە خۆ درێژەی پێ دەدەن و بە ناچار کردنی ناڕاستەوخۆی یەکتر بە هاوسەرگیری پێ کردنی ڕۆڵەکانیان لە تەمەنی کەمدا، هانی منداڵ هاوسەری دەدەن. لە ڕووبات جووز کاتێک کەسێک دەگا بە تەمەنی بیست ساڵان، بەو واتایەیە کە ئەو چیتر ناتوانێ هاوسەرگیری بکات. بۆ نموونە لە مشکان (سەبزەوار)، خەڵک بەو کەسانەی کە تەمەنیان هەژدە ساڵانە و هێشتا سەڵتن دەڵێن «ترشاو». ئەم زەختە کۆمەڵایەتییە بۆ هاوسەرگیری کردن، دیکەی ئەو ئەنجامانەی وا پێشتر باسی کرا توندتر دەکا و زیاتر برەو بە منداڵ هاوسەری دەدات.


## ئەنجامی پێوانەکان

ئەم وێنە برەوی هاوسەرگیری پێشوەختە لە ماوەی ئەم دە ساڵەی ڕابردوو لە پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی پیشان دەدات. وەک دیاریکرا هاوسەرگیری منداڵان هێشتا لەو ناوچەدا باوە بەڵام خواست بۆ ئەم چەشنە هاوسەرگیرییە ڕووی لە کز بوونەوەیە. مامناوەندی هاوسەرگیری منداڵان لە ناو کچان لە کوڕان زیاترە.




چارتی ٣ ١ هاوسەرگیری ژێر تەمەنی ١٨ ساڵان لە دەیەی ڕابردوو لە پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی

سەرەڕای دابەزینی کەمی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان، نرخی تەڵاق لەم پارێزگایەدا لە چاو دەیەی ڕابردوو بەرزبوونەوەی بە خۆوە بینیوە.





چارتی ٣ ٢ تەڵاقی ژێر تەمەنی ١٨ ساڵان لە دەیەی ڕابردوو لە پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی

شیکاری وردی هەر دوو چارتەکەی سەرەوە پیشاندەری ئەوەیە کە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان کاریگەریی قووڵتری لە سەر کچان هەیە تا کوڕان. سەرەڕای ئەوەی کە کوڕانیش لە بەر دەم مەترسی هاوسەرگیری پێشوەختەدان، بە بێ هیچ هاوڕێژەییەک لە ژێر کاریگەریی دیاردەی منداڵ هاوسەری بوون و زیاترین قوربانیانی هاوسەرگیری منداڵانن. وەها کاریگەرییەک بۆ کچان زیاتر لە باڵق بوون و گەورەییە (بیگەم، ١٣٩٣). زۆرێک لە دیوەکانی ژیانیان لە لایەن پیاوانێکی بە تەمەنتر لە خۆیان کە وەک کارەکەری ناو ماڵ و کۆیلەی جنسی لێیان دەڕوانێت، کۆنترۆڵ دەکرێت. هەرچی جیاوازی تەمەن زیاتر بێت، ئەگەری بێدەسەڵاتی کچان و مەترسی توند و تیژی، خراپ بە کارهێنان یان چەوساندنەوەیان زیاتر دەبێت. هەندێ جار کێشەی کچان ئەو کاتە دەست پێدەکات کە لەگەڵ منداڵەکانیان دەچنە ناو ماڵێکەوە کە تێیدا بەردەوام لە لایەن مێردەکانیانەوە لێیان دەدرێ (ناوەندی نێودەوڵەتیی توێژینەوە لە سەر ژنان، ١٣٨٦: ١٠).

زاڵترین هێزەکان، چەمکی پیاوسالارانە و خواست بۆ ملکەج کردنی ژنان بە مەبەستی کۆنترۆڵی ئارەزووی زایەندییانە. پرسی ئاڵۆزی منداڵان ڕیشەی نایەکسانیی زایەندی و باوەڕمەند بوون بە دایکایەتی ژنان و کچان لە هەمبەر پیاوان و کوڕانە. هەژاری، کەمخوێندەواری، کاری کەلتووری و نائاسایشی، منداڵ هاوسەری زیاتر و بەهێزتر دەکات چوونکە کچان هێندەی کوڕان پڕبایەخ نین و وەک بارگرانییەک بۆ سەر بنەماڵە سەیر دەکرێن. هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی کەم تەمەن دەتوانێ وەک ڕێگەیەک بۆ کەم کردنەوەی تەنگەژەی ئابووریی، بە خەستنە ئەستۆی ئەم بارگرانییە بۆ سەر شانی کەسێکی دیکە سەیر بکرێت (تامسۆن، ١٣٨٢).

بە هەمان شێوە ڕێژەی تەڵاقیش لە ناو کچانی کەم تەمەندا بـە بـەراورد لەگـەڵ کـوڕان بـە هـۆی هـەمان فاکتـەری چەندیانـە کـە ڕێـژەی کێشـە کۆمەڵایەتییەکانی کچان زۆر دەکات، گەشەیان سەندووە. ڕێژەیـەکی زۆر لە هاوسەرگیرییەکانی تەمەنی کەم بە تەڵاق لە تەمەنی کـەم کۆتاییـان پـێ هاتووە. ئەو کچانەی وا لە تەمەنی کەمدا هاوسەرگیری دەکەن زیاتر لە بەر دەم ئەگـەری تـەڵاق لـە تەمـەنی کەمـدان. منـداڵ بووکـەکان هەمیشـە بێدەسەڵات و وابەستە بە مێردەکانیـانن. سـاڵانە ڕێـژەی تـەڵاق لـە بـەرز بوونەوەدایـە و ئەمـە زیـاتر کچـان ڕووبـەڕووی کێشـە کۆمەڵایەتییـەکان دەکاتەوە؛ کێشە و گرفتێک کـە ئـەو وەک منـداڵێکی بێـوە یـان منـداڵێکی تەڵاقـدراو نـاتوانێ دەسـت و پەنجـەیان لەگـەڵ نـەرم بکـات. ئـەو بەرپرسایەتییانەی کە کچێک بۆ بوونە «هاوسەر»، ئینجا «دایک» و ئینجـا «بێوەژن» لە کۆڵی ناوە، کارەسات بـارە. ئەگـەر ئـەم کچانـە مێردەکانیـان بەجێیان بێڵن، بمرن یان تەڵاقیان بـدەن، لـە هەمبـەر هـەژارییی بـەردەوام خەسـارهەڵگرترن. بـەم پێناسـە کچـان لـە هاوسـەرگیری پێشـوەختە بـە شێوەیەکی زۆر بەرچاو لە مێردەکانیان منداڵترن، زووتر دەبنە بێـوەژن و بـۆ ماوەیەکی زۆر لە ژیانیاندا تووشی کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبنەوە. ڕەهەندەکانی ئەم پرسە لەگەڵ هەڵکشانی ڕێـژەی حەشـیمەتی گـەنج لـە وڵاتانی ڕوو لە گەشە داوێنگیرتر دەبێ (یوونیسێف، ١٣٩٢). هەروەها لـە بـەر ئـەوەی هاوسـەرگیری منـداڵان گرێبەسـتی یـەکێتیی نـاو بنەماڵەیـە، هەڵوەشانەوەی - واتە تەڵاق - لەوانەیە بۆ بنەماڵەکان و بۆ کچان لێکەوتـەی جیدی بە دواوە بێت. تەنانەت ئەو کچانەشی کە دەتوانن تەڵاق لـە مێـردە خراپ بە کارهێنەر و بەدڕەوشتەکەیان وەربگـرن لـە مەترسـیدان چوونکـە توانای دەست خستنی داهات، خوێندن و پشتیوانی داراییان زۆر کەمە.



چارتی ٣ـ٣ ڕێژەی هاوسەرگیری منداڵان لە پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی لە ماوەی دە ساڵ


لێکدانەوەی بەراوردی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە ماوەی دەیەی ڕابردوو گوزارشتە لەوەی کە پشکی هاوسەرگیری منداڵان لە کۆی هاوسەرگیرییەکانی ساڵانە، بەردەوام زیاتر لە ٣٥ لە سەدە. ئەم ڕاستییە، ڕەنگدانەوەی ئەو بەها کەلتوورییانەیە وا لە ناو سیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا لە دایک دەبن بۆ ئەوەی هاوتەریب لەگەڵ منداڵ هاوسەری بچنە پێشەوە. سەرەڕای ئەمە، وەک ئەنجامەکانی خشتەی سێیەمدا پیشانی دەدا، ئەم کارە لە لێژی داکشاندایە.

## پێش زەمینە

زۆرینەی وڵامدەران تەمەنیان لە مەودای نێوان ٢٥ ساڵە بۆ ٣٠ ساڵە بوو. ئەم مەودا تەمەنییە ٨٢ لە سەدی ژنان و ١٨ لە سەد پیاوان پێکیان هێنا بوو کە بە شێوازی نمونەگیریی بەهەڵکەوت دەستنیشان کرا بوون. ٥٢٫٥ لە سەدیان ئێستا هاوسەرگیریان کرد بوو و ٤٢٫٥ لە سەدیان سەڵت و ٥ لە سەدیان تەڵاقیان وەرگرتبوو. ٤٢ لە سەدیان لەگەڵ ژن یان مێردەکانیان و ٤٠ لە سەدیان لەگەڵماڵی خەزووریان دەژیان. وڵامدەران لە ئێتنیکی هەمەجۆر پێک هاتبوون؛ واتە فارس (٥٥ لە سەد)، تورک (٣٥ لە سەد)، کورد (٥ لە سەد) و ئەڤغان (٥ لە سەد). مامناوەندی تەمەنی دەستپێکی واجبی ئاینی لە ناو ٦٥٫٥ لە سەدی وڵامدەران تەمەنی ٩ ساڵان بوو.

هاوسەرگیری منـداڵان پەیوەسـت کراوەتـەوە بـە کۆمـەڵێ لێکەوتـەی نەرێنی بۆ کچۆڵەکان و ئەمە زیاتر لە پرسـی خوێندنـدا خـۆی دەنـوێنێ. هاوسەرگیری منداڵان گەیشتن بە خوێندن و ڕاهێنان لە کچۆڵـەکان زەوت دەکات، ئەم وتانە زۆر بەڵگەمەند و شیاوی سەلماندنن. منداڵ هاوسـەری دژی چوونی کچان بۆ قوتابخانە و مافی خوێندنیانـە کـە ئەمـە خـۆی بـۆ گەشەی تاکەکەسی و پشکی کاریگەریان لە باشـتر کـردن و ڕێکخسـتنی داهاتووی کۆمەڵگا پێویستە.

کچان زوو  واز لە خوێندن دێـنن و گەشـە و پێشـکەوتنی خوێنـدنیان تەواو نابێت. کـەم خوێنـدەواری لـە نـاو کچانـدا بۆتـە هـۆی لاوازیـی و خەسارهەڵگر بوونیان. واز هێنان لە خوێندن بە هۆی هاوسەرگیری، هەلی بوونە کەسێکی پشت بە خۆ بەستوو و سەربەستیان لێ زەوی دەکات. ئـەو کچانەی وا لە هەرەتی کچۆڵەییدا هاوسەرگیری دەکەن، زیاتر ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە لە تەمەنی کەمیشدا تەڵاق بـدرێن. توێژینـەوەکان پیشـانیان داوە کە ٢٧ لە سەدی قوربانیانی هاوسەرگیریی پێشوەختە هێشتا دەخوێنن و هاوسەرگیری هۆکاری سەرەکی واز هێنان لە قوتابخانە بۆ ٤٥ لە سەدیان بوو بۆ ئەوەی بتوان کاری ماڵداری و ئەرکی منداڵ بە خێو کردن ڕابپەڕێنن. زۆرینەی وڵامدەران خوێندنیان تەنیا هەتا ئاستی سەرەتایی بوو و تـەنیا ١٠ لە سەدیان شانسی ئەوەیان بووە کە هەتا پـۆلی دوانزەهـەم خوێندنەکـەیان تەواو بکەن. لە ٥٧٫١ لە سەد لـە حاڵەتەکانـدا ژن بـەر لـە هاوسـەرگیری چووەتە قوتابخانە و لە ٧٤٫١ لە سەدی حاڵەتەکاندا بـەڵێنی درێـژەدان بـە خوێندنیان پاش هاوسەرگیری پێ دراوە بەڵام لە ڕاستیدا ئەم بەڵێنە نەچووە سەر.





چارتی ٣ـ٤ هۆی وازهێنان لە قوتابخانە لە پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی

ئەنجامی نەرێنی دەروەستی هاوسەرگیری منداڵان و واز هێنان لە قوتابخانە کاریگەریی ڕووخێنەری دۆمینەیی نە تەنیا بۆ منداڵ بووکەکان بەڵکوو بۆ ڕۆڵە و بە گشتی بۆ سەر کۆی کۆمەڵگا هەیە. باوبوونی منداڵ هاوسەریی پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ ڕێژەی زۆری حەشیمەت، یەتیمی زیاتر و تەشەنە سەندنی زیاتری نەخۆشییەکان (فیڵد و ئەمبرۆس ١٣٨٧: ٨٨١ - ٩٣٠). کەمخوێندەواری هەروەها کاریگەری لە سەر ڕفتاری زک و زایانە و بە کارهێنانی کەرەسەی پێشگری و تەندرووستیی کۆرپەکان دادەنێت. تەنانەت ئەگەر ژنانێک کە زوو هاوسەرگیریان کردووە بتوانن زیانەکانی هاوسەرگیری منداڵان بناسن، دیسانیش لە بارودۆخێکدا نین کە بۆ منداڵەکانی خۆیان پێش بەم ڕووداوە بگرن.

## زک و زای ژنان

هاوسەرگیری منداڵان زیاترین کاریگەری لە سەر تەندرووستیی زایەندی و زک و زای کچۆڵەکان دادەنێت. جەستەی کچۆڵەکان لە ڕووی فیزیاییەوە بۆ منداڵ خستنەوە و زاین گونجاو نییە و کچە هێندەی پێویست باڵق نییە و لەبەر ئەمەش هەم تەندرووستی دایک و هەمیش تەندروستیی منداڵ

دەکەوێتە بەر مەترسی. هاوسەرگیری منداڵان نە تەنیا تەندرووستیی دایک بەڵکوو تەندرووستیی نەوەی دواییش دەخاتە مەترسییەوە. توێژینـەوە ئـەوە پیشان دەدا کە ٩٧ لە سەدی ژنان کـە جارێـک منـداڵیان خسـتۆتەوە، لـە لایەن بنەماڵەی خۆیان و دایکیانەوە لە کاتی زەیستاندا چـاودێری کـراون. ڕێژەیەکی بەر چاوی وڵامدەران (٤٥ لە سـەد) ڕایانگەیانـد کـە لـە کـاتی منداڵ خستنەوەدا هیچ کێشەیەکیان نەبوو و ٢٧ لە سەدیان وتیـان ژانێکـی ناخۆش و خوێنڕێژییەکی زۆریـان هـەبووە. سـەرەڕای ئـەوەی ٦٩٫٧ لـە سەدی دایکان کەرەسەی پێشگریان بە کار دەهێنا، ٧٢٫٧ لە سـەدیان زۆر هۆگری بە کارهێنانی کاندۆم نەبوون. زانست سەبارەت بە کێشەی گشـتی زاین و پرسەکانی تەندروستیی ژنان لە ناو ژناندا زۆر کەم بـووە. زۆرینـەی وڵامدەران (٣٦ لە سەد) سەبارەت بەم کێشانە هیچ زانیارییەکانی نەبوو.



چارتی ٣ـ٤ تەمەنی ژنان لە کاتی یەکەمین زاین لە پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی

کاتێک کچێک تەمەنی کەمە، گوڵمـگ و بۆریچـەکانی زاینـی هێشـتا بچووکە و گەشەی نەسەندووە. دووگیانی لـە مێرمنـداڵی، بەتایبـەت ژێـر

تەمەنی ١٥ ساڵان مەترسی تووشبوون بە برین یان هەڵدڕانی زۆرتر دەکات چوونکە لەگەنی بچووکیان دەخاتە بەر دەم مەترسی زاینی ئابستره (نوور، ١٣٨٥: ١٦٤٤ – ١٦٤٩). ئەو کچانەی بەر لە تەمەنی ١٥ ساڵان منداڵیان خستۆتەوە هەتا ڕادەی ٨٨ لە سەد ڕیسکی تووشبوون بە برینی هەڵدڕانی زاین[٩]یان هەبوو کە ئەوان لە هەمبەر هەو کردنەکاندا خەسار هەڵگر دەکات. ئێش و هەو کردنێک کە بە درێژایی ژیانیان لەگەڵیانە. سەبارەت بە برینی دڕانی زاین لە ناو ژناندا زانستێکی زۆر کەم لە بەر دەستە. تەنانەت کاتێک بە کەڵک وەرگرتن لە مانا خۆجێییەکان، ڕوونکردنەوەی زیاتریان پێ درا زۆرینەی ژنان تەنانەت ئەوانەی کە لە کاتی زایندا پتر لە ١٥ تەقەڵیان هەڵگرتبوو، نەیاندەزانی لە ڕاستیدا تووشی برینی هەڵددڕانی زاین هاتبوون.

## به باوک بوونی پیاوان

توێژینەوەکان ئەوە پیشان دەدەن کە ٤٢ لە سەدی پیاوە وڵامدەرەکان کاتی لە دایکبوونی یەکەم منداڵ تەمەنیان ١٧ ساڵان بووە و لە کاتی توێژینەوەیاندا خاوەنی دوو منداڵ بوون. ١٤ لە سەدی پیاوانی دیکە کاتێ کە بۆ یەکەم جار بوون بە باوک تەمەنیان ١٦ ساڵان بوو. نزیکەی ٥٧ لە سەدیان سەبارەت بە زاین و مەترسی دووگیان بوون هیچ زانست و زانیارییەکیان نەبوو و زۆربەی وڵامدەران (٤٢٫٩ لە سەد) لاوازی وەک مەترسیدارترین کێشە سەیر دەکەن.


---

8. Obstetric Fistula

٩ـ هەر برینێکی دۆڵان کە لە کاتی زایندا ڕوو دەدا و زیاتر لە شەش تەقەڵ هەڵبگرێ .

## هاوسەرگیری و بڕیاردان

لەو ناوچانەی وا هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵانی تێدا باوە، دایک و باوکەکان لە جیاتی کەسانی دیکە بڕیاری پەیوەست بە هاوسەرگیری دەدەن. لێکۆڵینەوەی ئەندازەیی لە پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی پیشانی دا کە ٣٠ لە سەدی وڵامدەرانی خێزاندار وتوویانە دەستبەجێ پاش مارە بڕین هاوسەرگیرییەکەیان تۆمار کراوە. زۆر بوون ئەو وڵامدەرانەی کە ئەزموونی دەستێوەردان یان ناساندنی کەسێکی ناوبژیوان کە هاوسەرگیرییەکەیانی ڕێک خستبوو دەگێڕاوە (٦٧٫٥ لە سەد). نزیکەی ٧٦٫٢ لە سەد لە کەسانی خێزاندار لە کاتی هاوسەرگیریدا، لە هاوسەرگیری خۆیان ئاگادار بوون بەڵام ٢٣ لە سەدیان سەبارەت بەوەی لەگەڵ کێ هاوسەرگیری دەکەن هیچ زانیارییەکیان نەبوو. ٥٢٫٤ لە سەد لە لە لایەن دایک و باوک یان دیکەی ئەندامانی بنەماڵە بەدەر لە خۆیان بڕیاری هاوسەرگیری دراوە. لە کاتی ڕێکخستنی ئاهەنگی هاوسەرگیری، ٤٢٫٩ لە سەدیان خوازیاری هاسەرگیری نەبوون.




چارتی ٣ـ٥ جۆرەکانی هاوسەرگیری و ڕێژەی باوبوونی لە پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی

لە ٢٤ لە سەدی حاڵەتەکاندا مەودای تەمەنی نێوان ژن و مێردەکان پتر لە ١٠ ساڵ بوو، لە ٢١٫٢ لە سەدی حاڵەتەکاندا ئەم مەودایە کەمتر لە ١٠

ساڵ بوو، بۆ نموونە ١/٥٧ لە سەدی پیاوان ژنانێکیان هەبوو کە زیاتر لە ١٠ ساڵ لە خۆیان منداڵتر بوون. ئەم مەودای تەمەنییە باوە کاتێک کە ژن و مێرد لەگەڵ ماڵی مێرد دەژین زیاتر بەدی دەکرێت. دیارە ئەم حاڵەتە نایەکسانیی زایەندێتی و لاوازی لە بڕیاردانی تایبەتی لێ دەکەوێتەوە. تەنیا ١٠ لە سەدی کەسانی خێزاندار بۆ ڕۆڵەکانی خۆشیان خوازیاری هاوسەرگیری پێشوەختە بوون. سەرەڕای دژایەتی کەسەکە بۆ هاوسەرگیری، کاتێک زەماوەندەکە خەریکە بەڕێوە دەچێ، تەنیا ١٥ لە سەدی خەڵک نەیاندەویست هاوسەرگیری بکەن، لەم بارەوە بنەماڵەکانیان دواندبوو. ئەوانی دیکە دڵنیا بوون کە هاوسەرگیرییەکە بە دڵی ئەوان هەڵناوەشێتەوە و سەر دەگرێت.

ئەندازە گرتنەکە پیشانیدا کە ٧/٥٧ لە سەدی ئەم هاوسەرگیرییانە بریتی بوون لە مارەیی و جیاز. لە ٥/٣٧ لە سەدی حاڵەتەکاندا ئەمە بنەماڵەی بووک بوون کە جیازیان دابین دەکرد. زۆرینەی وڵامدەرانی ژن (٣٥ لە سەد) هەرگیز مارەییەکەیان وەرنەگرتبوو و زۆرینەیان (١٢ لە سەد) لە کاتی دەزگیرانیاندا تەمەنیان ١٧ ساڵان بوو.





وێنەی ٣ـ٦ ئاستی ڕەزامەندی لە هاوسەرگیری لە پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی

## ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕاهێنانی زایەندی و پەیامی ڕێگریانە لە هاوسەرگیری منداڵان

زانیاری ورد سەبارەت بە تەندرووستیی زایەندی و زک و زا و هەروەها پشتیوانی و تەکنیکی پێویست بۆ ئاسوودە بوون و متمانە بە خۆ بوون بۆ لەش و ئارەزووی زایەندی خەڵک یەکجار کەمە. ڕاهێنانی جنسی یا زایەندی لە قوتابخانەکاندا نەبوو و یان لە ئاستێکی زۆر کەمدا بوو و بە کەمترین ئاستی کوالێتی دەخرایە ڕوو. وڵامدەران دەیانوت ڕاهێنانی جنسیان لە ڕێگەی کەسانی گەورەی بنەماڵە وەکوو دایک و خوشک (٢٠ لە سەد)، هاوڕێ و هاوتەمەنەکان (٢٠ لە سەد) و ڕاوێژکارانی بنەماڵە (٧٫٥ لە سەد) وەدەست هێنا بوو. زۆرینەی وڵامدەران (٧٧ لە سەد) قازانجێکی ئەوتۆیان لە هاوسەرگیری پێشوەختەدا بەدی نەدەکرد و ٣٠ لە سەدیان هەتا ئێستا سەبارەت بە ڕووبەڕوو بوونەوە و بەرەنگاری منداڵ هاوسەری هیچ پەیامێکی ڕێگریانەیان نەبیستبوو. بە گشتی ٦٠ لە سەدی وڵامدەران لەو بۆچوونەدا بوون کە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان دەبێ بووەستێنرێ و نەمێنێ و ٣٢٫٥ لە سەد پێیان وا بوو کە ئەمە پەیوەستە بە تایبەتمەندی تاکایەتی و ئەندازەی لەش و ڕفتاری کچ. بە گشتی ٦٠ لە سەدی وڵامدەران لەو بۆچوونەدا بوون کە هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان دەبێ بووەستێنرێ و نەمێنێ و ٣٢٫٥ لە سەد پێیان وا بوو کە ئەمە پەیوەستە بە تایبەتمەندی جەستەیی و باوەڕی کەسەکە خۆی. هیچ کام لە وڵامدەران زانیارییان لە سەر تەمەنی یاسایی هاوسەرگیری نەبوو. لە کاتی وڵامدانەوە بەم پرسیارانە لەوان وا بوو تەمەنی یاسایی هاوسەرگیری ١٨ ساڵ بەرەو ژوورە. زۆرینەی خەڵکەکە بۆچوونیان وا بوو کە تەمەنی ١٥ ساڵان بۆ هاوسەرگیری کچان و ٢٠ ساڵان بۆ هاوسەرگیری کوڕان زووە و

باوەڕیان وا بوو تەمەنی ئایدیال و هەرە باش بـۆ هاوسـەرگیری ڕۆڵـەکانیان ٢٠ ساڵانە. ٦ لە سەدی ژنـان ڕایانگەیانـد کـە بـە پێچەوانـەی خواسـتی خۆیان چوونەتە باوەشـی پیاوێـک و ٩ لـە سـەدیان تووشـی دەسـتڕێژی زۆرەملی هاتبوون. ٢١٫٢ لە سەدی ژنانی مێـردار دەیـانکووت ناچـارن لەگـەڵ مێردەکانیـان پەیونـدی جنسـی سـاز بکـەن و ڕێژەیـەکی کـەمیان دەسەڵاتی ئەوەیان هـەبوو کـە سـەبارەت بـە بێئـارەزوویی بـۆ پەیوەنـدی جنسـی لەگـەڵ مێردەکانیـان قسـە بکـەن چوونکـە بـە بـاوەڕی ئـەوان تێکەڵبوونی جنسی بە شێوەی حاشاهەڵنەگر بەشێکە لـە ئەرکـەکانی ژن و مێردی. باوترین کاردانەوەی بنەڕەتی بۆ تێکـەڵبوونی زۆرەملـێ نارەحـەتی بوون (٤٢٫٩ لە سەد)، بێزاری (٢٨٫٦ لە سـەد) و تـووڕەیی (٢٨٫٦ لـە سەد) بوون.


## ڕوانگەکان لەسەر زایەند




چارتی ٣ـ ٦ ڕێژەی هاودەنگی لەگەڵ ڕوانگەکانی زایەندێتی لە پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی


چارتی شەش، ڕێژەی لە سەدی هاوبیری لەگەڵ ڕستەکان گوزارشتی ڕوانگەی زایەندێتی لە پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی پیشان دەدات. لایەنێکی ئەرێنی کە لێرەدا دەرکەوت، باوڕ بە یەکسانیی کچان و کوڕان لە بواری دەرفەتی خوێندن بوو کە کۆی گشتی ئەم لایەنگرییە ٨٢٠٥ لە سەدە. زیاترین ڕێژەی لایەنگری لە پێویستی کۆنترۆڵی ئارەزووی زایەندی

بە سەرنج خستنە سەر کچێتی بەر لە هاوسەرگیری بوو کە لـە کۆمـەڵگای پیاوسالارانەدا خۆی یەکێک لە بابەتە گرنگەکانە.




چارتی ٣ ٧ چۆنیەتی بڕیاردانی ناو ماڵ‌لە پارێزگای خوراسانی

چـارتی هەوتـەم دەفرایـەتی بڕیـاردانی لـە سـەر ئاسـتی ناوماڵـدا هەڵدەسەنگێنێ کە بە شێوەیەکی سەرسـام هێنـەر وێنەیـەکی میانـەڕەویی پیشان دا. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەم بۆچوونە هەبوو کە ژن و مێرد دەبـێ پێکەوە بڕیـار بـدەن، لـە کاتێکـدا لـە حاڵەتـەکانی دیکـەدا ژن زیـاتر لـە بڕیارەکانی ناو ماڵدا دەسـەڵاتی هـەبوو و پیـاویش بـۆ بڕیـاردان لـە سـەر شێوازی خەرج کردنـی پـارە لـە ماڵـەوە و سـەردانی خـزم و کـەس و ... باڵادەست بوو.



چارتی ٣ـ٨ ڕادەی توند و تیژی ناوماڵی پیاوان

چارتی هەشتەم دەڕوانێتە هەندێ ڕوانگەی سوور لەسەر زایەند و ڕێژەی توند و تیژی ناو ماڵی پیاوان پیشان دەدا. زیاتری ڕێژەی تۆمار کراو هی گوڕاندن بە سەر ژن (٧١ لە سەد) و هەڕەشە کردن یان لێدانی ژن (٥٧ لە سەد) و ڕێژەیەکی کەمی وڵامدەران ئاماژەیان بە بەدڕفتاری لەگەڵ هاوسەرەکانیان کرد.

## ٢. پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات

سنووری جوگرافیایی لێکۆڵینەوە



پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات دەکەوێتە باکووری ڕۆژاوای وڵاتی ئێران، دراوسێی سنووری وڵاتانی ئەرمەنیا و کۆماری ئازەربایجانە. دوا سەرژمێری لە ساڵی ١٣٩٣ حەشیمەتی سێ ملیۆن و ٨٠٧ هەزار (٣٨٠٧٠٠٠) کەسیی بۆ ئەم پارێزگایە تۆمار کردووە (ساڵنامەی ئاماری، ١٣٩٣). ناوەندی ئەم پارێزگایە – تەورێز - وەک پێتەختی ئیسلامی و هونەری لە وڵاتی ئێران لە ماوەی چەندین دەیەی یەک لە دوای یەک ناسراوە و بریتییە لە ١٢ شاری تورک نشین. حەشیمەتی ئەم پارێزگایە زیاتر

پێکهاتووە لە دانیشتووانی تورک بە زانینی زمانی ئازەری. سەرەڕای ئەوەی ئەم پارێزگایە شوێنی ژیانی ئتنیکە نەتەوییەکانیشە بەڵام دروشم و ڕەهەندی حەشیمەتیان زۆر نییە هەر بۆیە لە سەراسەری ئەم پارێزگایە زۆرینە تورک نشینن. لە هەندێ بەشی ئەم پارێزگایە خەڵکانی ئەرمەنی کەمینە ئتنیکی کۆچبەرام پێکیان هێناوە کە پاش جەنگی مێژوویی ساڵی ١٢٩٧ هاتوونەتە ئەم پارێزگایە. زۆرینەی دانیشتووانی ئەم پارێزگایە شیعە مەزهەبن. ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات سێیەمین پلەی هەیە لە هاوسەرگیری کچانی تەمەن ١٥ بۆ ١٩ ساڵ و پێنجەمین پلەی هەیە لە هاوسەرگیری کوڕانی تەمەن ١٥ بۆ ١٩ ساڵ، یەکەمین پلەی لە هاوسەرگیری کچان و کوڕانی تەمەن ١٠ بۆ ١٤ ساڵانی لە خۆ گرتووە.



لە هەندێ لە گوندەکانی شاری سەراب، منداڵان خوار تەمەنی ١٠ ساڵان هاوسەرگیری دەکەن. وێنە: کامیل ئەحمەدی

کۆی دە شار بۆ یەکەمین هێشووی لێکۆڵینەوەیی کاری ئەنـدازە گـرتن دەستنیشان کران. تیمێکـی چـوار کەسـیی بریتییـە لـە لـە ئەنـدازەگرێکی ڕاهێنراو، شـارەزایەکی خـۆجێیی، چـاودێر و شـۆفێرێک بـۆ ئەنجامـدانی کاروباری مەیدانی نێردرا بۆ ئەم پارێزگایە. کۆمەڵێ شـاری ئـەم پارێزگایـە وەک ئەهـەر، بوسـتاناوا، هـەریس، جوڵفـا، خامنـە، مـەڵیکان، مەراغـە، سەراب، سووفیان و وەرزەقان خرانە بەر تیشکی لێدوان و لێکۆڵینەوە و پتـر لە ٤٨ لێدوان لەگەڵ کەسانی خۆجێیی لە ناوچە گوندییەکان ئـەنجام درا؛ لەوانە قولە قازی، ئاغمیۆن، ئەڵا حـەق، گیلـەکاباد، عـەلیابادی قشـڵاخ، کەلب کەندی، مەراغـە، گـولی شـار، مـەمقووتای، ڕەواسـجان، ئازقـان، دۆریق، سوومەعە دڵ، سەردارکەندی، ئەلخلج، کەمەر سفید و قەرە باغ.

## پێداچوونەوەیەک بە بەڵگەکان

هاوسەرگیری منداڵان لە سەرتاسەری ناوچـە گوندییـەکانی سـەر ئاسـتی پارێزگا بە شێوەی گشتگیر و باو زۆر بوو و لە ڕێـژە و زۆرییەکەیانـدا تـەنیا کەمێک جیاوازی بەدی دەکرێت. هاوسەرگیری پێشوەختەی منـداڵان لـە لایـەن کۆمـەڵگای کارکردییـەوە بینـرا و بەتایبـەت لـە ناوچـە گونـدیی و هەژارنشینەکاندا کە زۆرێک لە خەڵک کچ هـیچ سـوود و قـازانجێکی بـۆ بنەماڵە نییە، هێشتا پەیڕەویان دەکرد.

دیـارە لـەم پارێزگایـەدا هاوپەیوەندییـەکی دڵتـەزێن هەیـە لـە نێـوان تەنگەژەی ئابووری و پەسندبوونی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان. لەم بەستێنە ئابوورییەدا هاوسەرگیری منداڵان وەک ڕێگەیەک بۆ باشتر کردنی

---

1 . Observational Scanning 0

داهــاتووی منــداڵان ســەیر دەکرێــت (ســانیۆکتا و هاوکــاران، ١٣٨٢). هاوسەرگیریی کچۆڵەیەک لەگەڵ پیـاوێکی بەتەمـەن لـە ڕووی ئـابووریی خۆشگوزەرانییەوە، لە بنەماڵەیەکی بێبەشدا وەک یەکەمایەتیی و باشـییەک دێتە هەژمار و ئەگەر ئەم هەلەیان بۆ بڕەخسێت، بـە بـێ گوێدانـە تەمـەنی پیاو یان خواستی کچـە خـۆی، بنەماڵـەکان ئـەم هەلـە لـە کـیس نـادەن. هاوسەرگیری لەم پێگەدا، وەک ئامرازێک بۆ دەستەبەری داهـاتووی کچـە پێناسە دەکرێت ئەنجامێک کە بە ڕەچاو کردنی وابەستەیی ئابووری ئـەو و ئەتکی کۆمەڵایەتی سەڵت مانەوە بۆ ئەو کچە گرنگە.

بە ئاوڕدانەوە لەوەی کە هاوسەرگیری بۆ هـەر دوو زایەنـدیی ی ژنـان و پیاوان، پێویست و پەسند کراوە، هیچ سەیر نییە کە لایەنەکان لـە تەمـەنی کەمدا خوازیاری هاوسەرگیری بن. لێدوانـەکانی سـەبارەت بـە فاکتـەری کۆمەڵایەتی باو و بەربڵاو بوو: نەپارێزراوی و ترس لە داهاتوو. بوونی کچ لەماڵەوە گوزارشتە لە هەستی مەترسی کـە ئەگـەر لـە تەمـەنی گونجـاودا دەست بە جێ شوو نەکات ئەوە ئەگەری سەڵت بوونی زۆرە. هەم بـۆ ژن و هەمیش بۆ پیاو لە سۆنگەی کۆمەڵایەتییەوە جێی قبووڵ کردن نییە کە هەتا تەمەنی گەورەیی بە سەڵتی بمێننـەوە، سـەرەڕای ئـەوەی دەرهاویشـتەکانی سەڵت مانەوە بۆ ژنان خراپتر لە پیاوانە.

«کاێک تەمەم دووساڵان بوو مارە کرام. لێرەدا ئەمە نەریتە کە هەموو کچان هەتا تەمەنی ٢ و ٣ و ٤ ساڵان شوو بکەن. من سێ کچ و کوڕێکم هەیە. کچەکەم شەش مانگان بوو کە مارە کرا و ئێستا ژیانێکی زۆر خۆشی هەیە. ئەم نەریتێکی چاک نییە بەڵام ئەگەر لەم تەمەنەدا نەدرێن بە شوو، خەڵک پشتەسەر قسەیان بۆ ساز دەکەن.»
وڵامدەر ژن
گیلەکاباد، سەراب - ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات

سـۆزدارییە و دەتـوانێ ئـابڕوو و ڕێـزی بنەماڵـە بـە گیـرۆدە بـوون لــە

پەیوەندییەکانی بەر لە هاوسەرگیری لە بار ببات. هەر بۆیە کچان و کـوڕان گیـرۆدەی کـۆنتڕۆڵی کۆمەڵایـەتی بـەهێزن کـە تێدەکۆشـن کـە کاتێـک تەمەنیان منداڵە دابینیان بکەن بۆ ئەوەی ڕێگری بکەن لـەو کارانـەی وا لـە ڕووی عورفییەوە گەندەڵ یان ڕفتاری ناڕەوایە. زەختی کۆمەڵایـەتی دەوری سەرەکی لە هاوسەرگیری منداڵاندا دەبینێت. تەنیا ئەم ئەنجامەمان دەست دەکەوێ کـە هـەرچی تەمـەنی بـووک کـەمتر بـێ، دڵخـوازترە. چوونکـە کۆنتڕۆڵ کردنی ئاسانترە، ملکەچترە و باشـتر بـۆ ڕێزگـرتن لـە مێردەکـەی پەروەردە دەکرێت.

گەنجێتی واتە قەشەنگی، کچێتی و زک و زا کردن. سـەڵت مانـەوە بـۆ کچێکی تەمەن ١٥ ساڵ دەبێتە هۆی پەرۆشی و گومان کردنی دراوسـێکان و کۆمەڵگەی خۆجێیی لە هەمبەر پاکداوێنی و تەندروستی ئـەو. وەک لـە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتدا بەدی کرا، زۆرینەی هاوسەرگیرییەکان لە لایەن بنەماڵە و لە ناو سیستەمی خزمایەتیدا جێبەجێ کراوە و بـە هـیچ چەشنێک خواستی منداڵ ڕەچاو نەکراوە. بینراوەکانی گوندی گیلەکاباد بۆ نموونە، نیشانیدا کچان لە تەمەنی ١ بـۆ ٢ سـاڵان مـارە دەکـران و لـە نـاو گونددا هیچ منداڵێکی ژوور تەمەن ٥ ساڵان سەڵت نەبوو. زۆر بـاوبوونی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لەو لێدوانە خۆجێییانـەدا زیـاتر خـۆی دەنواند کە پێداگرییـەکی زۆر لـە سـەر گرینگـی بـەها خۆمـاڵی و داب و نەریتەکان دەکرا. لە گیلەکاباد منداڵێکی ساوای تەمەن ٦ مانگان مارە کـرا بوو. بە هەمان شێوە لێدوانی دیکە لەگەڵ وڵامدەرێکی پیاوی ئـەم گونـدە، لە سەر بنەمای ئەم ڕاستییە بوو کە ئەوان کۆرپەلەی کچ لـە زکـی دایکـی و بەر لە لەدایکبوونی مارە دەکەن.

«لە گونددا هیچ منداڵێکی ژوور تەمەن ١٣ ساڵان سەڵت نییە. هەر هەموویان


ژێر تەمەن ١٢ ساڵان هاوسەرگیری دەکەن. بووکەکەمان کاتێک هاوسەرگیری لەگەڵ براکەم کرد تەمەنی ١ ساڵان بوو. من خۆم تەمەنم ١٢ ساڵان بوو. نیوە شەو بوو و من خەوتبووم کاتێک دراوسێکەمان لە درگایدا و ئەڵقەیەکی پێدام.»

لەیلا، تەمەن ٢٣ ساڵە

گیلەکاباد - سەراب - ئازەبایجانی ڕۆژهەڵات

## ئەنجامی پێوانەکان


بە پێی وێنەی ژێرەوە هاوسەرگیری ژێر تەمەنی ١٨ ساڵان لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات ڕەوتێکی بگۆڕ و ناجێگیری بووە. لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا، هاوسەرگیری منداڵان لە سۆنگەی ڕێژە و زۆرییەوە ئامارێکی زۆر بووە کە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا ڕەوتی ڕوو لە داشکانی بە خۆوە بینیوە.





وێنەی ٣ـ٩ چارتی هاوسەرگیریی ژێر تەمەنی ١٨ ساڵان لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات

بە پێچەوانەوە ئاماری تەڵاق ڕووی لە هەڵکشانە. ساڵانە ڕێژەیەکی زۆری بووکە منداڵەکان و زاوا منداڵەکان درێژەدان بە ژیانی هاوبەشیان بە نەڕەخساو دەزانن و هەر لەو تەمەنە کەمەشدا تەڵاق وەردەگرن. وەک لە وێنەکەی ژێرەوە دەبینرێت، پێوەری زۆری بێوە گەنجەکان تا دێت زۆر دەبێت. خشتەکەی دیکە ڕێژەی هاوسەرگیری منداڵان و ڕێژەی گشتیی

هاوسەرگیری لە پێوەرڕێکی دە ساڵەدا لە پاڵ یەکتر دادەنێت. بە پێی چارت لە دەیەی ڕابردوو پشکی منداڵ هاوسەری هیچ کات کەمتر لە ٣٠ لە سەدی هاوسەرگیری گشتی لە هەموو تەمەنەکاندا نەبووە.




چارتی ٣ ١٠ زۆریی تەڵاق لە تەمەنی ژێر ١٨ ساڵان لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات





چارتی ٣ ١١ بەراوردی هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات

**پێش زەمینە**

قەبارەی نموونە لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات بە شێوەی بەهەڵکەوت بۆ سەر ٦٤٫٤ لە سەد ژن و ٣٥٫٤ لە سەد پیاو دابەش بوو. سنووری تەمەنی وڵامدەران زیاتر ٢٢ بۆ٢٨ ساڵ (١٠٫٤ لە سەد) بوو. وڵامدەران زۆریان لەگەڵ مێرد / ژنەکانیان (٥٢٫١ لە سەد) و یان لەگەڵ بنەماڵەکەی دەژیان (٣٩٠٦ لە سەد). هەموو وڵامدەران تورک بوون و بە

زمانی ئازەری ئاخافتنیان دەکرد. توانای خوێندن و نووسین له ناو دایک و باوکی ولاٌمدەران بۆ دایکان و باوکان بە ڕیز ١٤٠٦ لە سەد و ٤٣٠٨ لە سەد بوو. ٩٧٠٩ لە سەدی ولاٌمدەران خوێندەوار بوون و ئاستی خوێندەواریان هەتا قۆناغی پێنجەمی سەرەتایی (٣١٠٣ لە سەد) بوو. ١٠٫٤ له سەدی کەسەکان لە کاتی وتووێژدا خەریکی خوێندن بوون.





چارتی ٣ـ١٢ هۆکاری وازهێنان لە قوتابخانە لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەلاٌت

لە زۆربەی حالەتەکاندا هۆکاری سەرەکی وازهێنان لە قوتابخانە هاوسەرگیری کردن بوو. زۆرینەی ژنان و کچان لە دابین کردنی پێداویستییە ماڵییەکانیاندا چاو لە دەستی پیاوان بوون؛ یەکەم وابەستە بە باوکەکانیان و ئینجا مێردەکانیان. ڕیشەی ئەم وابەستە بوونە دەچووەوە سەر دابەش کردنی زایەند بۆ کار. بەم پێیە ژنان بەرپرسایەتی کاری ناو ماڵ، منداڵ خستنەوە و منالّدارییان پێدرا و پیاوان بوون بە بەرپرسی وەدەست هێنانی داهات. لەو ڕووەوەی پاش هاوسەرگیری ئیزنی درێژەدان بە خوێندن لەم کەسانە زەوت کرا بوو، تاکە لێهاتوویی و تەکنیکی پیشەیی و کاری ولاٌمدەران کاری ناو ماڵ و پەروەردە کردنی منداڵان (٥٢١ لە سەد)

و کشتوکاڵ (٦/١٤ لە سەد) بوو. وڵامدەران هەر هەموویان شیعە مەزهەب بوون و ٧٧ لە سەدیان واجبە ئاینییەکانیان بە جێ دەهێنا و لە تەمەنی نۆ ساڵانەوە ئەم واجبە ئاینییانەیان ئەنجام دابوو (٤٣/٩ لە سەد).

## زک و زای ژنان

٦٧/٧ لە سەدی ژنانی وتوویژ لەگەڵ کراو منداڵیان هەبوو. کاتی زەیستانیان زیاتر لە لایەن بنەماڵەی خۆیان (٩/٤) چاودێری دەکران. زۆربەی ئەم ژنانە (٢٩ لە سەد) لە کاتی زایندا هیچ کێشەیەکیان نەبووە. ناوەنیتکەی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە ئارەزووی جنسی ژنان و ڕێگری لە پەیوەندی جنسی بەر لە هاوسەرگیری و لە دەرەوەی چوارچێوەی هاوسەرگیری، سەرەڕای کەمیی خزمەتگوزاری تەندروستیی زک و زا و دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەی خزمەتگوزاری جنسی بەتایبەت بۆ کچانی کەم تەمەنی سەڵت دۆخەکە خراپتر و دڵتەزێنتر بوو.



چارتی ٣ـ٤ تەمەنی ژنان لە کاتی یەکەمین زاین

خواست بۆ بـەکارهێنانی کەرەسـەی پێشـگری لـە دووگیـان بـوون بـە شێوەیەکی زۆر بەرچاو کەم بوو (تەنیا ٣٫٢ لە سـەد). زانسـت و زانیـاری گشتی سەبارەت  بە لە دایکبوونی منداڵان و کێشەی زاین لە ناو ژناندا زۆر دەگمەن بوون.

ڕەوتێک کە بە شێوەی گشتی لە هەموو ناوچە ژێر توێژینەوەکاندا بەدی کرا ئەوە بوو کە کچان کەمترین و نزمترین ئاستی زانیاریـان سـەبارەت بـە جەستەی خۆیان هەبوو. ٧٧٫٤ لە سـەدیان هـیچ زانیارییـەکیان لـە مـەڕ کێشەی تەندرووستیی زایەنـدی و نەخۆشـی ژنانـە و ڕێگـە چـارەی ئـەم کێشـانە نـەبوو. ٤٨ لـە سـەدی ئـەم ژنانـە هـەرگیز گوێبیسـتی کێشـەی «هەڵدڕان یان برینی زاین» نەبوون ئـەوە لـە کاتێکـدا بـوو کـە هـەموویان تووشی «هەڵدڕان یان برینی زاین» هاتبوون.


## بە باوک بوونی پیاوان

لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات زۆربەی وڵامدەرانی پیـاو (٢٩٤ لـە سـەد) کـاتی لـە دایکبـوونی یەکـەم منـداڵ تەمـەنیان ١٦ سـاڵان بـووە و زۆرینەیان خاوەن ٦ منداڵ بوون (٢٩٫٤ لە سەد). ئەوە لە حاڵێکدایـە کـە ١١٫٨ لە سەدیان پێیان خۆش بوو منـداڵێکی دیکەشـیان ببێـت. زۆربـەی ٧٦٫٥ لە سەدی پیاوان سەبارەت بە کێشـە و گرفـت و نەخۆشـی ژنانـە و چۆنیەتی چارەسەر کردنی هیچ زانیارییەکیان نەبوو.

## هاوسەرگیری و بڕیاردان

٧٫٨ لـە سـەدی وڵامـدەران لـە کـاتی ئەنجامـدانی ئـەم توێژینـەوەدا

هاوسەرگیریان کرد بوو و کەمتر لە ٢٠ لە سەدیان لە ئاهەنگی هاوسەرگیری خۆیاندا بەشداریان نەکردووە. لە ٧٥ لە سەدی حاڵەتەکاندا مارەبڕینێکی فەرمیی لە لایەن بنەماڵەکانیانەوە ئامادە کاری بۆ کرا بوو. کۆی ١٨٫٦ لە سەدی وڵامدەران سەڵت بوون و لە ناو خاوەن خێزانەکاندا ٧٫٨ لە سەدی هاوسەرگیرییەکان دەستبەجێ پاش هاوسەرگیری تۆمار کراو بوون.





چارتی ٣ـ١٤ جۆرەکانی هاوسەرگیری لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات

١٨٫٨ لە سەد و ٤١٫٧ لە سەد وڵامدەران بە ڕیز لە تەمەنی١٨ و ١٥ ساڵاندا هاوسەرگیریان کردبوو. پاش ئەمە ٣٥٫٤ لە سەدیان لە کاتی ئامادەکاری بنەماڵەکانیان بۆ هاوسەرگیری نەیاندەزانی هاوسەرگیری لەگەڵ کێ دەکەن. لەم بارەوە وڵامی جیاوازیان هەبوو: خۆشحاڵ بوون بۆ هاوسەرگیری (٣٧٫٥ لە سەد)، کەمتەرخەمی بۆ هاوسەرگیری (٣١٫٣ لە سەد) خەم و دڵنیگەرانی (٢٩٫٢ لە سەد) و تووڕەیی (٢٫١ لە سەد). لە زۆربەی حاڵەتەکاندا (٦٦٫٧) لە لایەن بنەماڵەی خۆیانەوە هاوژینی ژیانیان دەست نیشان کرا بوو و لە ٣٥ لە سەدی حاڵەتەکاندا کەسەکە خۆی ڕازی بە هاوسەرگیری نەبووە. نزیکەی ١٨٫٨ لە سەد لە کەسەکان لەگەڵ هاوڕێ یان ئەندامانی بنەماڵەی خۆیان سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیری دوواون بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو.

لە هەموو ئەو هاوسەرگیرییانەی کە جیازی لە خـۆ گرتبـوو، بنەماڵـەی کچە بەرپرسی کڕین و دابین کردنی کەرەسـە و شـمەکی نـاو مـاڵ بـوون (٩٥/٨ لە سەد). لە ٧٢/٩ لە سەدی هاوسەرگیرییەکاندا باس لە دیـاری کردنی شیربایی نەکراوە. لە ٦١/٣ لە سەد و ٢٢/٦ لە سەدی حاڵەتەکاندا ژنان بە ڕیز خاوەنی مێردی دە ساڵ لە خۆیان گەورەتر و دە ساڵ لە خۆیان بچووکتر بوون. پیاوانیش هاوسەرگیریان لەگەڵ ئەو ئافرەتانە کرد بوو کە لە ٥٢/٩ لە سەدی حاڵەتەکاندا نزیکەی دە ساڵ لە خۆیان بچووکتر بوون.

چـارتی ١٤ ئاسـتی ڕەزامەنـدی لـە ژیـانی ژن و مێـردی، شـێوازی هاوسـەرگیری و ڕەزامەنـدی زایەنـدی نیشـان دەدات. وێنەکـە گوزارشـتە لەوەی کە لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهـەڵات ئاسـتی ڕەزامەنـد بـوونی وڵامدەران لـە ژیـانی ژن و مێـردی خۆیـان بـە ڕێـژەی ٧/٨ بـەرز بـوو. دووهەمین ڕێژەی زۆر ئاستی ڕەزامەندیی زۆری جنسی لە ژیانـدا دیـاری دەکات. کەمتر لە ٥٠ لـە سـەدی کەسـەکان لـە شێوازی ژیـانی خۆیـان ناڕازی بوون.



چارتی ۳ـ۱۵ ئاستی ڕەزامەندی لە ژیانی ژن و مێردی لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات

**بینینی ڕاهێنانی زایەندی و پەیامی ڕێگیرانە لە هاوسەرگیری منداڵان**

۵۰ لە سەدی حاڵەتەکان لە ڕێگەی قسە کردن لەگەڵ ئەندامی گەورەتری بنەماڵە ڕاهێنانی جنسیان وەرگرتبوو و ۱۸٫۸ لە سەد لە کەسەکان بە هاوکاری ڕاوێژکارانی بنەماڵە ڕاهێنانیان بینیبوو. ۷۹٫۲ لە سەدی ئەم کەسانە وتوویان قازانجێکی ئەوتۆ لە هاوسەرگیری پێشوەختەدا نییە و ۷۲٫۹ لە سەدیان خوازیاری نەهێشتن و وەستاندنی ئەم نەریتە بوون. زۆرینەی ۶۲٫۵ لە سەدی وڵامدەران هیچ کات لە دژی هاوسەرگیری منداڵان ڕاهێنانیان نەبینیبوو و هەروەها ۹۵٫۸ لە سەدیان تەمەنی یاسایی هاوسەرگیریان بۆ کچان و کوڕان نەدەزانی. ۲۰٫۸ لە سەدیان تەمەنی ۱۸ ساڵیان بۆ هاوسەرگیری کچان و تەمەنی ۲۰ ساڵان بۆ کوڕان دەهێنایە هەژمار. بە بۆچوونی ئەوان تەمەنی گونجاو بۆ هاوسەرگیری ڕۆڵەکانی خۆیان ۲۰ ساڵان بوو (۲۹ لە سەد).


## ڕوانگە زایەندییەکان

پەسند بوونی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە ژێر کاریگەری ڕوانگەی زایەندێتی زۆر مەحافزەکارانەدایە؛ لە لایەک چالاکی زایەندی لە دەرەوەی بازنەی هاوسەرگیری قەدەغە دەکات و لە لایەکی دیکەشەوە ژنان و کچان لەگەڵ بنەماڵەکانیان بە بەرپرسی هەر چەشنە لادان و گۆڕانێک لەم بەهایە دەزانن. لە وەها هەلومەرجێکدا کچێکی سەڵت بەردەوام وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ڕێز و ئابڕووی بنەماڵەکەی دێتە هەژمار، یان بە هۆی ئەوەی چووەتە ناو پەیوەندییەکی سۆزدارییەوە و یان لەوانەیە بەر لە هاوسەرگیری بکەوێتە بەر توند و تیژی و ئازاری سێکسی کە لە هەر دوو حاڵەتەکەدا وەک یەک ڕێز و پێگەی بنەماڵە ناشیرین دەکات. دایک و باوکەکان ناچارن لەگەڵ ئەوەی کچەکانیان گەیشتنە تەمەنی باڵقبوون


بیاندەن بە شوو لە بەر ئەوەی بوونی ژنێک یان کچێک لە سۆنگەی جنسی چالاک بەڵام سەڵت بۆ کۆمەڵگایەکی پیاوسالار کە سوورە لە سەر باڵادەستی ڕەهای پیاو و کۆنترۆڵی تەواو بە سەر ئارەزووی زایەندی ژنانە، مەترسییە.

وڵامدەران بەردەوام ڕایاندەگەیاند کە کچێک کە کچێتی لە دەست داوە لە «بازاڕ»ی هاوسەرگیری نرخی نەماوە و خێرا نرخەکەی دادەبەزێت. لێکدانەوەی ڕوانگە زایەندیەکان لەم پارێزگایەدا خواستێکی زۆری بۆ کۆنترۆڵی کچێتی ژنان پیشان دەدات (١٠٠ لە سەد).

ڕێژەیەکی زۆری حاڵەتەکان هەستیان دەکرد کە خۆیان مافی دیاری کردنی کاتی هاوسەرگیریان هەیە (٧٩٫٢ لە سەد). جیاوازی زایەندی خۆی لە دابەشکاری کاردا دەبینێتەوە کە بۆ سەر دوو بەشی کاری بەرهەم هێنان و کاری بەرهەم هێنانەوە (منداڵخستنەوە) دابەش کرا بوو. ئەرکی چاودێری منداڵەکان بە تەواوەتی لە ئەستۆی ژنان بوو (٧٧٫١ لە سەد). ڕێژەیەکی زۆر کەمی ئەو کەسانە ڕایان وا بوو لە ئەگەری خۆ تێهەڵقورتان و مشتومڕ لێدانی ژن کارێکی پەسند کراو و شیاوە.



چارتی ٣ـ١٦ ڕێژەی هاودەنگی لەگەڵ ڕوانگەی زایەندیی لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات





چارتی ٣ ١٧ بڕیاردانەکانی ناو ماڵ لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات

## توند و تیژی ناو ماڵی پیاوان

بە ڕەچاو گرتنی ئەوەی کە توند و تیژی ناو ماڵ نیگەرانییەکی گشتی و جیهانییە بۆ سەر تەندرووستی کە نزیکەی ٣٠ لە سەدی ژنان لە سەر ئاستی هەموو دنیا ڕووبەڕووی دەبنەوە (ڕێکخراوەی تەندرووستی جیهانی، ١٣٩٢). یەکێک لە دەرهاویشتە جیدییەکانی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان خراپ بە کارهێنانی جنسی بە شێوەی توند و تیژی ناو ماڵە. ئەو ئافرەتە گەنجانەی وا لە تەمەنی کەمدا هاوسەرگیری دەکەن ئەگەری ئەوەی کە لە لایەن مێردەکانیانەوە خراپ بە کار بهێنرێن و ئازاریان پێ بگات و لە چاو هاوتەمەنەکانیان کە دواتر هاوسەرگیری دەکەن، ڕووبەڕووی توند و تیژی ناو ماڵ ببنەوە زۆرترە (یوونیسێف، ١٣٨٤). کچان بە توانای چەنە لێدانی کەمەوە ئەگەری زیاترە کە لە لایەن کەسانی نزیک لە خۆیان ڕووبەڕووی توند و تیژی ببنەوە. هاوسەرگیری پێشوەختە دەتوانێ قوربانییەکانی خۆی لە ماوەی تەمەنێکدا تووشی توند و تیژی

زایەندی دەکات. ئەم خەسارەتە گشتگیر و بەرفراوانە. سەرەڕای ئاسەواری دەرهاویشتەی خراپی تەندرووستی و ئابووری بۆ پاشماوەکان، بۆ کۆی کۆمەڵگا لێکەوتەی جیدی ئابووریشی بە دواوەیە. مەترسی توند و تیژی ناو ماڵ بەتایبەت سەبارەت بە هاوسەرگیری منداڵان زەقترە.

وێنەی ١٧ جۆر و ڕادەی توند و تیژی ناو ماڵ لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات نیشان دەدات. بە هەمان شێوە ڕێژەی شەڕ و دەمەقرە لەگەڵ هاوسەران ٩/٥ لە سەدە. بانترین ڕێژەی سەپاندنی توند و تیژی ناو ماڵ هی ئەو کۆمەڵە کەسانەیە کە خۆیان لە هەرەتی منداڵیدا ئازاری جەستەیی و شەڕی باوک لەگەڵ دایکیان بینیوە.




چارتی ٣ ١٨ توند و تیژی ناو ماڵی پیاوان لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات

## ٣. پارێزگای خووزستان

سنووری جوگرافیایی لێکۆڵینەوە



پارێزگای خووزستان سێیەمین پارێزگای ئامانج لەم توێژینەوە بوو. ئەم پارێزگایە دەکەوێتە باشووری ڕۆژاوای وڵاتی ئێران و لە ساڵی ١٣٩٣ ڕێژەی حەشیمەتەکەی ٤ ملیۆن و ٧٢٤ هەزار (٤٧٢٤٠٠٠) کەس بوو (ساڵنامەی ئاماری، ١٣٩٣). ئێتنیکی جۆراوجۆر لەم دەڤەرەدا دەژین، لە عەرەبەوە بگرە تا لوور، بەختیاری و فارس. هەر کام لەم ئێتنیکانە توێژینەوەکەی بە پێش زەمینە و تایبەتمەندی کەلتووری پڕجیاز کردووە. زۆرینەی وڵامدەران شێعە مەزهەب بوون و بە زمانی فارسی، عەرەبی یان لووڕی ئاخافتنیان دەکرد. بە پێچەوانەی هەمەجۆرە ئێتنیک و زمان لەم ناوچەدا ئەوەی بەدی کرا کۆمەڵێ لێکچوونی کەلتووری نەگۆڕ و باو لە ناوچە گوندییەکان بوو. پارێزگای خووزستان دووهەمین پلەی هاوسەرگیری کچانی خوار تەمەن ١٠ ساڵان و ١٥ بۆ ١٩ ساڵان لە خۆ

دەگرێت. هەروەها دووهەمین پلەی لە هاوسەرگیری کوڕان لە گرووپی تەمەنی ١٠ بۆ ١٤ ساڵ و پلەی دووهەمی لە هاوسەرگیری کۆی کچان و کوڕان لە گرووپی تەمەنی ١٥ بۆ ١٩ ساڵان لە خۆ گرتووە. بۆ ئەنجامدانی پتر لە ٤١ لێدوان کۆی شەش شاری لەم پارێزگایە لە هێشووی یەکەمدا دەست نیشان کران: ئابادان، ئەهواز، دێزفوول، هەفتکەل، شووش و شووشتەر. کە لەم ناو ئەمانەدا هێشووی دووهەمی گوندی دەست نیشان کران: گەڕەکی ئاڵ سافی، ئەلباجی، گەڕەکی عەبوود، عەلەوان، بەنادر، کەنارپیر، ئیسلاماباد، کۆڵە جووز، شارۆچکەی بارام، حاج حسێن، ڕەمیلە، شەتیت، سوابەر، تاربخاخ، شەحلە، چەمەن لالە، دێمە درب، نمرە دوو، جارۆ و گزین و نەفت سفید.

پارێزگای خووزستان لە لای ڕۆژاواوە دراوسێی سنوری وڵاتی عێراقە و دەڤەری سەرەکی لە کاتی شەڕی ئێران و عێراق لە یەکەمین دەیەی شۆڕشی ئیسلامی بوو. لە درێژەی شەڕی هەشت ساڵە ئەم ناوچە نووقمی پرسی داگیرکاری و نانیشتەجێیی هات کە بۆ چەندین دەیە کاریگەری نەرێنی لە سەر ئەم پارێزگایە دانا. هاوسەنگی حەشیمەت و هەمە جۆرییەکەی بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو لە ماوەی ئەم ساڵانەدا گۆڕانکاری بە خۆوە بینیوە کە کاریگەری لە سەر یەکەمایەتی و سیاسەتگوزارییە حەشیمەتی و کۆچبەرییەکانی ئەم ناوچە داناوە. کە واتە لە نێوان دانیشتووانی ئەم ناوچە و عەرەبەکانی ئەو دیو سنوور دەتوانین زۆر لێکچوون بەدی بکەین.

«ئێمە خوشکە تەمەن ١٣ ساڵانەکەمان بە کوڕە مامم کە ئەو کات تەمەنی ١٩ ساڵن بوو. ئەو شووی کرد و ئێمە ٤ ملیۆن تمەنمان وەرگرت.»
وڵامدەر پیاو - کەعبە عەبوود
ئەهواز - خووزستان

## پێداچوونەوەیەک بە سەر بینراوەکان

بەو پێیەی کە باڵقبوون خاڵێکی وەرچەرخانە کە کـاتی توانـای منـداڵ بـۆ هاوسـەرگیری و دایـک و بـاوک بـوون دیـاری دەکـات، گرینگـی دیاریکەرەوەبوونی باڵقبوونی جەستەیی لەم نێوەندەدا دەگەیێنێتە ئەو پـەڕی خۆی. ئەوەی دیاردەیەکی کۆمەڵناسی و جیهانییە، باڵقبوونی پێش وەختە. زۆرن ئەو بیرمەندانەی کە لە سەر ئاستی هەموو جیهان لە ژێر کاریگـەری بابەتە جیاوازەکان لـە بـارودۆخی ئابووریـیەوە بگـرە تـا دەگاتـە ژنێتیکـی کۆمـەڵی هۆکـار و ڕوونکردنـەوەیان بـۆ بەرزبوونـەوە و تەشـەنە سـەندنی باڵقبوونی پێشوەختە ئاراستە کردووە.

بەڵگەی ئەقڵانی شـایەنی سـەرنجی تایبـەت لـەم بـارەوە سەرچەشـنە ناوچەییەکانن. هێما ناوچەییەکانی ناوچە و ڕووناکی لە کۆمەڵگایەک کـە هەڵگری هەمە جـۆرەی کـاتی باڵقبوونـە سەرنجڕاکێشـە. پلـەی گـەرما و خێرایی ڕووناکی - تاریکی کاریگەری لە سەر جوگرافیا دادەنێت. لەوانەیە وەرزەکان پێوەر و یەکسانی زک و زا بەم پێیە ڕێک بکەن. ئەمە لەوانەیـە لـە ناوچە جەمسـەرییەکان مانگـە تاریکـە زسـتانییەکان داکشـانی کـارکردی گرێی هیپۆفیز - گناد و دابەزینی ڕێـژەی هێلکـە ڕێژییـان لـێ بکەوێتـەوە (ڕۆژانسکی و هاوکاران، ١٣٧١). کە واتـە کاریگـەری ڕوونـاکی و پلـەی گەرما لە سەر تەوەری زک و زای مرۆیی ناڕوونە. کاریگەری هاوسەنگی و خێرایـی ڕوونـاکی - دەتـوانێ لـە ڕێگـەی هۆرمـۆنی گرێکـانی کـاجی، مێلاتۆنین کە ڕەوتەکەی لە درێژەی شەودا چڕترە هاوسـەنگ و ڕێـک بـن (پارێنت و هاوکاران، ١٣٩٥). دیارە توێژینـەوەی زۆر لـە سـەر بـاڵقبوون وەک هێمایـەکی مـوومکین و سـیمبۆلێک لـە ئـاڵوگۆڕی دوو لایەنـەی باروودۆخی ژینگەیی و بـەهرەی ژنێتیکـی دەتـوانێ کاریگـەری لـە سـەر

پرۆسەی فیزیۆلۆجی و خەسارناسی دابنێت.

ناوچەی گەرمیان لەم دەڤەرەدا هۆکاری باڵقبوونی پێشوەختەی کچان و کوڕانە؛ واتە منداڵان سەرەڕای تەمەنی بایۆلۆجیکیان لەوانەیە وەک گەورەیەک دەربکەون کە ئامادەی هاوسەرگیرییە. لە ناو دڵی ئەم حاڵەتەدا ڕیشەی هاوسەرگیری منداڵان لە نایەکسانی جنسی و ئەم باوەڕەدایە کە ژنان و کچان خوارتر و نزمتر لە پیاوان و کوڕانن. قەدەرگەرێتی (دێتێرمینیست)ـی جوگرافیایی هۆکاری زۆرێک لە داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە هاوسەرگیری منداڵانە. بە هۆی ڕەوشی نالەباری کەش و هەوا و پلەی بەرزی گەرما لە درێژەی ڕۆژدا، چالاکیگەلی وەک کشتوکاڵ و باخەوانی ناموومکینە.هەر لەبەر ئەوە کاتی ئیشی بنەماڵە بەیانان زوو و پاش نیوەڕوانە، واتە ئەو کاتانەی کە پلەی گەرما کەمێک دادەبەزێت. ئەمە پێویستی بە کرێکاری زیاتر بۆ ئیشی دەستی لە ناو بنەماڵەیە کە بزوێنەر و هاندەری پێویستبوونی منداڵ هاوسەرگیری و هاوسەرگیری منداڵانە.

«لە بارچوونی منداڵ لێرەدا زۆر باوە. هەموو ئەو کچانەی کە لێرەدا هاوسەرگیری دەکەن ڕووبەڕووی ئەم گرفتە دەبنەوە. بووکەکەمان تەمەنی ١٣ ساڵانە و هەتا ئێستا دوو جار منداڵی لە بار چووە. هەتا هەنووکە بەر لەوەی بە تەمەنی ١٣ ساڵان بگات ٤ جار منداڵی بووە. لێرە پاش هاوسەرگیری دەبێ پاش ٩ مانگ منداڵ بخەنەوە چوونکە خەڵک ناچاریان دەکەن. هەر لەبەر ئەمە لێرە لە بارچوونی منداڵ زۆرە.»

وڵامدەری ژنی تەمەن ٣٧ ساڵە

عەلەوان، شووش - پارێزگای خووزستان

لە بنەڕەتەوە ڕیشەی هاوسەرگیری منداڵان نایەکسانی زایەندی لەم باوەڕەدایە کە ژنان و کچان بە جۆرێک خوارتر و نزمتر لە پیاوان و کوڕانن. ڕێزێکی ئەوتۆ لە کچان ناگرن و ئەوان لە تەمەنی کەمەوە فێر دەبن کە

چۆن ڕفتار بکەن، چۆن جل و بەرگ لە بەر بکەن، لەگەڵ کێ هەڵسووکەوت بکەن و لە کۆتاییدا هاوسەرگیری لەگەڵ کێ بکەن. کچان لە کۆمەڵگادا هەل و پێگەی نزمتریان بەر دەکەوێ چوونکە نەریتی کەلتووری و کۆمەڵایەتی، ڕوانگە و باوەڕەکان مافی ئەوان هەڵدەوەشێننەوە و سەربەخۆیی و پشت بە خۆ بەستوویان تێدا کپ دەکەن.

ئەوەی لە کاتی دواندنی ئەم بووکە کەم تەمەنانەدا بەدی کرا، ترسیان لە دەربڕینی سەربەستانەی بیر و باوەڕەکان خۆیان بوو. لە کاتی هاتنە ژوورەوەی ئەندامانی بنەماڵە بۆ شوێنی وتووێژ بۆ کۆنترۆڵی وڵامەکانیان یان تەنیا بۆ چاودێری کردنی ڕەوتی لێدوان، زۆر جار حاڵەتی جەستە و تۆنی دەنگیان دەگۆڕا. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا نە تەنیا چاودێریکی بەهێزی بنەماڵەیی و کۆنترۆڵی سەختگیرانە بوونی هەبوو، بەڵکوو گەورەکانی دیکەی ناو ماڵیش سوور بوون لە سەر ئەوەی لە بری ئەو وڵام بدەنەوە. زۆر هەوڵ درا بۆ ئەوەی ئەم کەم قسەیی و بێدەنگییە زۆرەملییە لە سەر وڵامدەران لا بچێت، بۆ نموونە باروودۆخێک دابین دەکرا کە وڵامدەر تەنیا بێ و بتوانێ بە ئازادییەوە وڵام بداتەوە. وڵامەکان لە خشتەی کۆتایی پرسیارنامەکاندا سەبارەت بە توند و تیژی زایەندی دژ بە ژنان و توند و تیژی ناو ماڵی پیاوان زۆر جار لە لایەن ئەندامانی بنەماڵەوە گوڵبژێر دەکراوە، هەر بۆیە لە کاری مەیدانی و ڕاهێنانی هێزەکاندا وردبینی و سەرنجێکی زۆر تەرخان دەکرا بۆ ئەوەی بایەخی شێوازی لێدوان و ستانداردبوونی توێژینەوەکە دابین ببێت.

منداڵ خستنەوەی پێشوەختە لە کۆمەڵگا خۆرهەڵاتییە ناوەڕاستەکاندا ڕیشەیەکی قووڵی هەیە و وەک ئامانجی کۆتایی لە ژیانی ئافرەتێکدا دەبینرێ. لە پاڵ کەمی ئازادی چالاکی و و بزووتنەوە و نەبوونی ئازادی ڕا

دەربڕین، بابەتێکی دیکە کە لە پارێزگای خووزستان لە ژێر ڕکێفی ڕاستەوخۆی منداڵ هاوسەریدایە، زۆری و باوبوونی زۆری لە بارچوونی منداڵ لە ناو منداڵ دایکانە. لە هەندێ تایفەی وەک بۆساک و زولقی ئەو کچانەی لە تەمەنی ١١ ساڵاندا هاوسەرگیریان کردووە و چاوەڕوانیان لێ دەکرێ خێرا منداڵ بخەنەوە. لەبار چوونی منداڵ زۆر باو بووە و هاوپەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ تەمەنی کەمی دایکان هەیە.

هاوسەرگیری خزمایەتی لە ڕووی داب و نەریتەوە لە بنەماڵە عەرەبەکاندا زۆر جیاواز نییە. بە پێچەوانەی ئەوەی لە ناو دیکەی ئێتنیکەکاندا بەدی دەکرێ، لە بنەماڵە عەرەبەکاندا زاوا بە تەواوەتی بەرپرسی کڕینی جیازە. جیاز لە وەها کەلتوورێکدا هێمای چڕ و پڕی ڕێز و ئابڕووە. مارەییش لە ژێر کاریگەری خزم بوونی زاوایە. واتە ئەگەر زاوا، ئامۆزا، پوورزا یان دیکەی خزمەکان بێت، مارەییەکەی کەمتر لە زاوایەکی نەناسیاوە. بەشێک لەم بڕە پارە بەر لە کاتی هاوسەرگیری دەدرێ بە بنەماڵەی بووک کە وەک خەڵکی خۆجێیی پێی دەڵێن موقەدەم (پێشەکی) و ئەو بڕە پارەی پاش هاوسەرگیری پێیان دەدرێ پێی دەڵێن موئەخەر (دوایی).



سەرۆکی هۆزیی و خۆجێیی لە پەراوێزی شاری ئەهەواز لە ماڵی خۆی، ئەو شوێنەی کە دانیشتنی ئێتنیکی تێدا بەڕێوە دەبەن.
وێنە: کامیل ئەحمەدی


تێچووی پێشەکی و دوایی مارەیی بێچم دەدەن و بە پێی بڕیاری هۆز و تایفە جۆراوجۆرەکان ڕێژەکەی جیاوازە. لە هەندێ لە تایفەکاندا ناکۆکی و

ناسازگاریی گرژتر ببێتەوە و ببێتە تەڵاق، ئەگەر ژنە خۆی خوازیاری تەڵاق بوو بێت، ئەوە دەبێ خۆی مارەیی بـە مێردەکـەی بـدات و بـە پێچەوانـەوە ئەگەر پیاو بە نیازی تەڵاق بێ ئەوە دەبێ مارەیی بـە بـووک و مـاڵی بـووک بدات. لە دیکەی تایفەکاندا مارەیی هەمیشە ئەرکی زاوایە و ئەگـەر بـووک بیهەوێ تەڵاق وەربگرێ دەبێ لە مارەییەکەی خۆش بـێ و بـە مێردەکـەی ببەخشێت.

بە گێڕانەوە لە کەسانی شارەزای ناوچەکە لە دەڤـەرەکانی دەورووبـەری ئابادان کارێکی باو هەیە کە خەڵکی ناوچەکە پێی دەڵێن «کڕینی تەمەن». بەو پێیەی مارەیی ڕەنگدانەوەی تێچووی تـەرخان کـراو لـە لایـەن زاوا بـە دایک و بـاوکی بووکـە، بـۆ ئـەوەی بـەم شـێوە بـۆ هاوسـەرگیری لەگـەڵ کچەکـەیان ڕازییـان بکـات، هـەرچی کـچ تەمـەنی کـەمتر بـێ نرخـی هاوتـەریب لەگـەڵ گەنجێتییەکـەی بـەرەو پـێش دەچـێ و پتـرە (بێـری، ١٣٨٥). خوازبێنی بۆ ئەو چەشنە کچانە بەدیهێنەری بزوێنەری ئابوورییـە کە دایک و باوکەکان کچۆڵەکانی خۆیان بە زیاترین نرخـی پێشـنیار دراوە دەدەن بە شوو. بە پێی ئەزموون و ئیدعای ئەوان ئەو بنەماڵانەی وا خـاوەن کچی کەم تەمەنن و بە هۆی تەمـەنی کەمـەوە هاوسـەرگیرییەکەیان تۆمـار ناکرێ، سەردانی دادگای بنەماڵە دەکەن و بۆ تەمـەنی پێویسـت بـۆ تۆمـار کردنی هاوسەرگیرییەکەی دەکـرن. نرخـی هـەر حاڵـەتێک بەسـتەگی بـە ڕێژەی ئەو ساڵانە هەیە کە هەتا گەیشـتن بـە تەمـەنی ١٣ سـاڵان کـەمیان هەیە. بە گوێرەی وتەی شارەزایانی ناوچەکە، ئـەم بـڕە پـارە لـە ١٠٠ هـەتا ٥٠٠ هەزار تمەن بگۆڕە.


## دەستکەوتەکانی ئەندازە گرتن

وەک لە چارتی هاوسەرگیری ژێر تەمەنی ۱۸ ساڵ لە ماوەی ۱۰ ساڵی ڕابردوودا پیشان دەدات، بەدی دەکەین، شیکاری و لێکدانەوەی گشتی کچانی و کوڕانی کەم تەمەن چەندین حەقیقەت ئاشکرا دەکات. هاوسەرگیری بۆ کچانی کەم تەمەنی خوار ۱۸ ساڵ زۆر زیاتر لە ڕێژەی هاوسەرگیری کوڕان هەر لەم تەمەنەدایە، بەڵام وەک لە چارتدا دەردەکەوێ، لە پەرسپێکتیڤێکی دە ساڵەدا چاوەڕوانی دابەزینی ئەم ڕەوتە دەکرێت.





وێنەی ۳ـ۱۹ چارتی هاوسەرگیری ژێر تەمەنی ۱۸ساڵان لە پارێزگای خووزستان

بە پێچەوانەی هاوسەرگیری پێشوەختە کە لە درێژماوەدا ڕووی لە داکشانە، تەمەنی تەڵاقی ساڵانە ڕێژەیەکی زۆری منداڵان دەکاتە ئامانج. ساڵانە ڕێژەیەکی زۆری منداڵان لە تەمەنی گرووپی ژێر تەمەنی ۱۸ ساڵ تەڵاق وەردەگرن و دەبنە منداڵ بێوە. لێرەشدا، دیسان ئەم پرسە ژنان زیاتر لە پیاوان دەکاتە قوربانی. کچانی خەسارهەڵگر و تەڵاق دراوی ژێر تەمەن ۱۸ ساڵان زیاتر لە کوڕانی منداڵی تەڵاق دراوە.




چارتی ۳ـ۲۰ زۆریی تەڵاق لە تەمەنی ژێر ۱۸ ساڵان لە پارێزگای خووزستان

هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە پارێزگای خووزستان داکشانێکی ساڵانەی بە ئەسپایی پیشان دەدات. ڕێژەی گشتی باوبوونی هاوسەرگیری منداڵان بردەوام ٣٠ بۆ ٤٠ لە سەدی کۆی هاوسەرگیرییەکانی پارێزگای تەرخانی خۆی کردووە.





چارتی ٣ـ٢١ پشکی هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە کۆی هاوسەرگیری لە پارێزگای خووزستان

## پێش زەمینە


قەبارەی نموونە لە پارێزگای خووزستان بە شێوەی بەهەڵکەوت بۆ سەر ٨٧٫٨ لە سەد ژنان و ١٢٫٢ لە سەد پیاوان لە خۆ گرتبوو. سنووری تەمەنیان بە شێوەی گشتی ١٦ بۆ ٢٥ ساڵ بوو (٩٨٫٨ لە سەد) بوو. زۆربەی وڵامدەران (٢٩٫٣ لە سەد) لەگەڵ مێرد یان ژنەکانیان دەژین و ئەوانی دیکە (١٤٫٦ لە سەد) لەگەڵ بنەماڵەی مێردەکەیان (زیاتر خەزوور) دەژیان. زۆرینەی ٧١ لە سەدی وڵامدەران عەرەب و ١٤٫٦ لە سەد فارس و بەختیاری بوون. هەر بەم شێوە ٨٥٫٥ لە سەدیان بە زمانی عەرەبی و ١٧٫١ لە سەدیان بە بەختیاری ئاخافتنیان دەکرد. توانای دایک و باوک بۆ خوێندن و نووسین بۆ دایک و باوکەکان بە ڕیز ٤٣٫٩ لە سەد و ٤٨٫٨ لە سەد بوو. هەر هەموو وڵامدەران خوێندەوار بوون و تەنیا٤٩ لە

سەدی کەسەکان لە کاتی وتووێژدا خەریکی خوێندن بوون. زۆرینەیان هەتا قۆناغی ئامادەیی درێژەیان بە خوێندن دابوو. (١٩٫٥ لە سەد)




چارتی ٣ـ٢٢ هۆکاری وازهێنان لە قوتابخانە لە پارێزگای خووزستان

یەکێک لە باوترین لێکەوتەکانی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان، وازهێنانی کچان لە ڕاهێنانە فەرمایییەکان بوو. مێردی ئەم ئافرەتە گەنجانە زیاتر پیاوی بە تەمەنن کە چاوەڕوانی ملکەجێتی بۆ نەریتەکان، مانەوە لە ماڵ و گرتنە ئەستۆی ئەرکی ماڵداری و منداڵ خستنەوەیان لێ دەکەن. بنەماڵەی مێرد سەرچاوە کەمەکەیان تەرخانی درێژە دان بە خوێندنی بووکەکانیان ناکەن. وازهێنانی کچان لە قوتابخانە بە هۆی هاوسەرگیری کاریگەرییەکی زیانەبخشی بۆ کۆمەڵگای خۆجێیی بە گشتی و بۆ نەوەی داهاتوو بە تایبەتی هەیە.




چارتی ٣ـ٢٣ سنووری تەمەنی ژنان لە کاتی یەکەمین زاین لە پارێزگای خووزستان

گرینگترین هۆکاری وازهێنان لە قوتابخانە هاوسەرگیری کردن بوو (٤٣٫٩ لە سەد). بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەو کچانەی وا زوو شوو دەکەن بە فەرمی واز لە خوێندن دێنن و دووگیان دەبن. ئیشی زۆربەی وڵامدەرەکان کاری ناو ماڵ و منداڵ خستنەوە و منداڵ بە خێو کردن بوو (٦٨٫٣ لە سەد) و ئەوانی دیکە (١٤٫٦ لە سەد) بازاڕیی بوون. هەر هەموو وڵامدەرەکان شێعە مەزهەب بوون و ٨٢٫٩ لە سەدیان لە تەمەنی ٩ ساڵانەوە واجبە ئاینییەکانیان ئەنجام دەدا (٣٦٫٦ لە سەد).

## زک و زای ژنان

کۆی ٨٦٫١ لە سەدی ژنانی وتووێژ لەگەڵ کراو لانیکەم جارێک منداڵیان خستبووەوە. زۆربەی ئەم ژنانە (١١٫١ لە سەد) لە تەمەنی ١٩ ساڵاندا یەکەمین منداڵیان خستبووەوە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پاش زاین لە لایەن ماڵی خەزووریانەوە (٣٨٫٩ لە سەد) چاودێری کرابوون. زۆربەی ئەم ژنانە کێشەی زاینی درێژماوە (٢٧٫٨ لە سەد) و خوێنڕێژی زۆر (٢٢٫٢

لە سەد)ـیان هەبووە. ڕێژەی بەکارهێنانی کەرەسەی پێشگری لـە دووگیـان بوون و کاندۆم بە پێی ڕوونکردنەوەی ژنان بە ڕیز ٤٤٫٤ لە سەد و ٣٣٫٣ لە سەد بوو. زانستی گشتی سەبارەت بە نەخۆشی ژنانە و زایەندی زۆر لـە ئاستێکی نزمدا بوو. بەم حاڵەوە ڕێژەیەکی زۆر کەمیان (٢٧٫٨ لـە سـەد) ڕێژەی زۆری خوێنڕێژیان وەک کێشەیەکی ڕێتێچوو دەزانی. نیوەی ژنانی وتووێژ لە گەڵ کراو سەبارەت بە چەمکی هەڵدڕانی زاین زانیاریان هـەبوو و ٢٥ لە سەدیان لە کاتی زایندا تووشی هەڵدڕانی زاین هاتبوون.


## بە باوک بوونی پیاوان

کۆی ٧٥ لە سەدی پیاوان لانیکەم خاوەن دوو منداڵ بوو و ٢٥ لە سـەدیان کاتی لە دایکبوونی یەکەم منداڵ تەمەنیان ١٦ ساڵان بووە. ٧٥ لـە سـەدی پیاوان لە کاتی زاینی ژنەکانیان، پێیان خۆش بوو منداڵیان ببێ، بـەڵام ٢٥ لە سەدیان بە هیچ چەشنێک خوازیـاری منـداڵ نـەبوون. هـەموو پیـاوان ئیدعای ئەوەیان دەکرد کە سـەبارەت بـە پـرس و کێشـەکانی کـاتی زایـن زانیاریـان هەیـە و لـە ٥٠ لـە سـەدی حاڵەتەکانـدا «لاوازیـی»ـان بـە کێشەیەکی زەختی کاتی دووگیانی دەزانی.

## هاوسەرگیری و بڕیاردان

کەسانی نموونە بە شێوەی بە هەڵکـەوت بریتـی بـوو لـە ٩٥٫١ لـە سـەد کەسـانی خێزانـدار و ٤٫٩ لـە سـەد سـەڵت. کـۆی ٩٨ لـە سـەدی هاوسەرگیرییەکان لە هیچ شـوێنێکدا تۆمـار نـەکرا بـوو. لـە زۆرێـک لـە حاڵەتەکاندا کچان شـوویان بـە پیاوانێـک کـرد بـوو کـە زۆر لـە خۆیـان بەتەمـەنتر بـوون و سـەبارەت بــە هــەڵبژاردنی هــاوژینی خۆیــان هــیچ

دەسەڵاتێکیان نەبووە. بەڵگەکانمان ئەوە دەردەخەن کە پتر لە نیوەی ژنان مێردەکانیان لانیکەم پتر لە دە ساڵ لە خۆیان بەتەمەنتر بوون. بە گوێرەی ڕاپۆرتی وڵامدەرە خێزانداەکان لە ٩٥ لە سەدی حاڵەتەکاندا کەسەکە خۆی لە ئاهەنگی هاوسەرگیری خۆیدا بەشدار بووە لە حاڵێکدا ٥١/٢ لە سەدی زەماوەندەکاندا، هاوسەرگیری لە لایەن کەسێکی دەرەکییەوە جێبەجێ دەکرێت. ٤٨/٤ لە سەدی کەسەکان لە لایەن بنەماڵەکانیانەوە ئاهەنگی دەزگیرانداری بەرنامە بۆ داڕێژراو و ئامادە کراویان نەبووە.





چارتی ٣ـ٢٤ باوبوونی جۆرەکانی هاوسەرگیری لە پارێزگای خووزستان

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا (٢٦/٨ لە سەد) تەمەنی کەسەکان لە کاتی دەزگیرانداریدا تەمەنیان ١٨ ساڵان بوو. ٢٤/٤ لە سەد وڵامدەران لە کاتی هاوسەرگیریاندا بەم پێکگەیشتنە ڕازی نەبوون. بەم حاڵەوە ٦١ لە سەدی کەسەکان لە سەر گرتنی هاوسەرگیرییەکەیان خۆشحاڵ بوون، ٢٢ لە سەد کەمتەرخەم و ١٢/٢ ناڕازی بوون. لە ٣٤/١ لە سەدی حاڵەتەکاندا ئیدعای ئەوەیان دەکرد کە لە کاتی هاوسەرگیریدا نەیاندەزانی هاوسەرگیری لەگەڵ کێ دەکەن، ئەوە لە کاتێکدایە ئەوانی دیکە ٤١/٥ لە سەدی کەسەکان هاوژینی خۆیان دەستنیشان کردبوو. ٣٦/٦ لە سەدیان بنەماڵەکانیان هاوژینیان بۆ دەستنیشان کردبوو. وەک پێشتریش باسی لێ

کرا، گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لاسایی نەریتەکانی بەر لە خۆیان دەکەنەوە و هەرگیز پەیوەندی ئەم نەریتانە لەگەڵ دنیای هاوچەرخ نابەنە ژێر پرسیار.

بەڵگەکانمان ئەم ئەنجامانە پشتڕاست دەکەنەوە کە کەسەکان هاوسەرگیری پێشوەختە ئەنجام دەدەن، چوونکە ئەمە بەردەوام لە ناو بنەماڵە و کۆمەڵگادا تەنیا ئەم ڕێورەسمەیان بەدی کردووە. ڕێژەیەکی زۆری دایک و باوکەکان (٦٣/٤ لە سەد) پێیان خۆش بوو ڕۆڵەکانیان درێژە بە هەمان داب و نەریت بدەن کە خۆیان بە پێی هاوسەرگیرییان کردووە.




چارتی ٣ ٢٥ ئاستی ڕەزامەندی لە ژیانی هاوسەرگیری لە پارێزگای خووزستان

٧٥/٦ لە سەدی هاوسەرگیرییەکان بریتیی بوو لە جیاز و ٦٣/٤ لە سەدیان بریتیی بوو لە مارەیی. لە ٩٥/٩ لە سەدی حاڵەتەکاندا مارەیی هەرگیز نەدراوە. ٥٠ لە سەدی پیاوان بەر لە هاوسەرگیری بەڵێن درێژە دان بە خوێندنیان بە هاوسەرەکانیان داوە بەڵام لە ڕاستیدا هیچکات بەدی نەهات.

## بینینی ڕاهێنانی زایەنـدی و پـەیامی ڕێگرییانـە لـە هاوسـەرگیری منداڵان

٥٠بووکە کەم تەمەنەکان سەبارەت بە پەیوەندی جنسیی، لەشی خۆیـان و دووگیان بوون زانست و زانیارییەکی ئەوتۆیان نییە، شێوەیەک کە بە زەبـر و زەنـگ و بێـدەنگی بابەتەکـەی خراپتـر کـردووە. ئاراسـتەی زایەنـدی لـە دروست کردنی پێکهاتەی ژیانی ژن و مێردی دەورێکی بـەرچاوی هەیـە. ئاستی ڕاهێنانی زایەندی لە ناو هەر هەموو وڵامدەران زۆر نزم و سـنوردار بوو. ئەندازە گرتن لەم پارێزگا ٥١/٢ لە سەدی وڵامدەران نیشانیاندا کە لـە ڕێگەی ڕاوێژکارانی بنەماڵەوە بـەر لـە هاوسـەرگیری ڕاهێنـانی زایەنـدییان بینیوە و ٢٦/٨ لە سەد لە ڕێگەی قسە کردن لەگـەڵ ئەنـدامی گـەورەتری ئەم زانیارییانەیان دەست خسـتبوو. ٢٩ لـە سـەدی وڵامـدەران وتبوویـان قازانجێکی ئەوتۆ لە هاوسەرگیری پێشوەختەدا نییە و ٢٢ لـە سـەدیان لـەو باوەڕەدا بوو کە پێشگری لە پەیوەندی جنسی بەر لە هاوسەرگیری سـوود و خاڵی بەهێزی هاوسەرگیری منداڵانە. هاوسـەرگیری درەنـگ وەخـت لـە ڕوانگەی ٢٧/٨٨ لە سەدی کەسەکان لایەنێکی نەرێنی هەبوو و بـۆ هـەر دوو هاوسەرەکە هیچ سوودێکی نییە. ٤٣/٩ لە سەدی وڵامـدەران وتیـان هیچ کات لە هیچ کوێ سەبارەت بە بەرەنگار بوونەوەی منداڵ هاوسـەری گوێبیستی هیچ پەیامێک نەبوون، لە حاڵێکدا ٣٤/١ لە سەدی کەسـەکان وتیان لە ڕێگەی تەلەڤیزیۆنەوە پەیامی پێشگریانەیان بیسـتووە. ٣٦/٦ لـە سـەدی کەسـەکان باوەڕیـان وا بـوو کـە دەبـێ هاوسـەرگیری منـداڵان بووەستێنرێت و ٤٦/٣ لە سەدیان لەو بـاوەڕەدا بـوون کـە ئەمـە بەنـدە بـە فاکتەرگـەلی وەک قـەد وبـاڵا و دۆخـی تایبـەتی کەسـێتی. زۆرێـک لـە وڵامدەران سەبارەت بە تەمەنی یاسـایی هـیچ زانیارییـەکیان نـەبوو و ئـەم

کەمی زانیارییە سەبارەت بە یاسا و هاوسەرگیری منداڵان وەک کۆسپێک لە بەر دەم کۆتایی هاتنی دیاردەی هاوسەرگیری منداڵان دەردەکەوێت.

وڵامی کەسەکان بۆ تەمەنی شیاوی هاوسەرگیری ڕەنگدانەوەی ئەم باوەڕە لەواندا بوو کە هاوسەرگیری کچان و کوڕانیان لە تەمەنی یاساییدا پێ باشتر بوو. بەڵام ئەوەی لەم ڕاستییانەدا دەردەکەوت ئەوە بوو کە کوڕان و بەتایبەت کچان لە تافی کچۆڵەییدا ناچار بە هاوسەرگیری دەکران و نازناوی ژن یان مێردیان پێوە دەلکێنرا. زۆرێک لە کەسەکان تەمەنی ١٨ و ٢٥ساڵانیان وەک تەمەنی یاسایی هاوسەرگیری دەزانی. ٣٧/١ لە سەدی وڵامدەران ڕایانگەیاند کە تەمەنی ١٥ ساڵان بۆ هاوسەرگیری کچان و تەمەنی ٢٠ ساڵان بۆ کوڕانیان بۆ هاوسەرگیری زۆر بە لاوە پێ کەم بوو. تەمەنی هەرە باش و ئایدیال بە ڕای ئەوان، کە پێیان خۆش بوو ڕۆڵەکانی خۆشیان لەو تەمەنەدا خێزاندار بن ٢٥ ساڵان بوو (٢٦/٨ لە سەد).

## ڕوانگە زایەندییەکان

بیر و باوەڕی نەریتی وێڕای ڕوانگەی زایەندێتی و دەمارگرژی وا دەکەن کە کچۆڵەیەک بەدەر لەو لێهاتوویانەی کە توانای بایۆلۆجیکیی بە سەریدا دەسەپێنێ، نەتوانێ هیچی تر فێر بێت. هاوسەرگیری پێشوەختە بەرهەمی ملکەچ کردنی ئافرەتانە، چوونکە بایەخیان کاڵ دەکاتەوە و هەڵواردن لە دژیان دێتە هەژمار (تریستام، ١٣٩٥). «هەڵواردن» بە گوێرەی جاڕنامەی یوونیسێف سەبارەت بە «هاوسەرگیری منداڵان و یاسا»، زۆر جار خۆی لە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵاندا پیشان دەدات. ئەم پێشەکییە، هۆکاری سەرەکی بەردەوام بوونی منداڵ هاوسەری و وڵامدانەوەی ئەم پرسیارەیە کە کۆمەڵگا پیاوسالارییەکان چۆن لە ژنان

دەڕوانن. ڕۆڵی کۆمەڵایەتی پەراوزێیی کە دەدرێ بە ژنانی مێرددار، هەرەتی منداڵیان لێ زەوت دەکەن و ناهێڵن دەستیان بە دەسەڵاتی گەورەکانی کۆمەڵگاکەیان بگات (ئاکپات، ١٣٩٢). هەموو سەردەمی منداڵی و تایبەتمەندییەکانیان لە دەست چووە و هەمیش ناتوانن دەسەڵات و سەربەخۆیی تەمەن گەورەکان دەست بخەن. لێکۆڵینەوە لە سەر ئاستی پارێزگای خووزستان ئەم ڕاستییە پشتڕاست دەکاتەوە.

ئارەزووی جنسی و پاکی بابەتگەلێکی گرینگن. شووناسی کچێک و ئەو بڕیارانەی وا لە ژیانیدا دەریدەکات لەگەڵ ئەو چاوەڕوانییانەی کە لە مەڕ ڕۆڵی زایەندیی و ڕفتارییەکەی لێی دەکرێ دەکرێت. لە هەندێ لە کلتووورە تایبەتەکاندا، هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی کەم تەمەن ئەوە دەگەیێنێ کە ئارەزووی زایەندی (لە ئەنجامی شانازیی بنەماڵەیی ئەو) بە دەستەبەری کچێتی کچێکی دەمەو شوو کردن «دەپارێزرێ و پشتیوانی لێ دەکرێت». پەردەی کچێتی بۆ کچێک هێمای سەربەرزی بۆ مێردەکەیەتی.


ئارەزووی جنسیی ژنانە شانازی و حورمەتی بنەماڵەیی لە چاوی دایک و باوک و کۆمەڵگا بێچم دەدات: پەردەی کچێتی بۆ کچێکی سەڵت کە هاوسەرگیری نەکردووە، وەک توانای منداڵ خستنەوەیە بۆ ژنێکی مێرددار. دامرکاندنی ئارەزووی زایەندیی کچێک بەشێکە لە پاراستنی ئەم ڕێز و حورمەتە چوونکە پەردەی کچێتی کچێک و توانای منداڵخستنەوەی لە نێوان بنەماڵەکاندا ئاڵوگۆڕ دەبێت (پاریخ، ١٣٩١). سەپاندنی حورمەتی بنەماڵە لە سەر شانی ئافرەتێک بە تەنیایی بە واتای لێ سەندنەوەی شان و ڕێزی ئەوە و لە ڕاستیدا ئابڕووی بنەماڵە دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. بوونی پەردەی کچێتی بەر لە هاوسەرگیری بۆ ٨٠٫٥ لە سەدی خەڵک لە بابەتە هەرە گرینگەکان بوو.

دەرفـەتی کـار و پەیوەندییەکـەی لەگـەڵ ڕۆڵـی زایەنـدیی و زک و زا دەرخەری ئەوەیە کە ڕێژەیەکی زۆر کەمی وڵامدەران لەو باوەڕەدا بوون کـە دەرفەتی یەکسان دەبێ بـە هـەر دوو زایەندەکـە بـدرێ بـۆ ئـەوەی بتـوانن پیشەیەکی شیاو دەست بخەن. ٧٨ لە سەدی وڵامدەران لـەو ڕایـەدا بـوون کە کوڕان مافی ئەوەیان هەیە کە هاوژینی ژیانیـان دەستنیشـان بکـەن، لـە حاڵێکدا ٧٦٫٥ لە سەد پێیان وا بوو کە کچانیش دەبێ مافی هەڵبژاردنیان هەبێت.

سەبارەت بە دەسەڵاتی بڕیاردان، شـیکارییەکی سـەرنجڕاکێش بـەدی دەکرێت. بە گوێرەی ئەو وڵامانەی کە لـە خـەڵکی خوزستان وەدەسـت هات، ٥٨٫٥ لە سەدی مێردەکان مافی پاوانەیی بڕیاردانیان سەبارەت بـە پرسە گەورەکانی ناو ماڵ و بنەماڵەیان هەبوو و تەنیا ١٤٫٥ لە سەدی ژنـان لە بەشێک لە بڕیارەکانی ناو ماڵـدا بەشـداریان دەنوانـد. بـەم حاڵـەوە لـە هەموو بڕیارە بچووک و سنووردارەکانی نـاو ماڵـدا دەوری ژنـان لـە چـاو مێردەکانیان تۆختر بوو و بە ڕیز ٣٦٫٦ لە سەد و ٣١٫٧ لە سەد وەدەسـت هات.



چارتی ٣ـ ٢٦ ڕێژەی هاوەنگیی لەگەڵ ڕوانگەی جنسییەکان لە پارێزگای خووزستان




چارتی ٣ ٢٧ بڕیاردانەکانی ناو ماڵ لە پارێزگای خوزستان

## توند و تیژی زایەندیی ژنان

بەو پێیەی ئافرەتە مێردداره کەم تەمەنەکان پەیوەندییەکی کەمتریان لەگەڵ هاوسەرەکانیان هەیە، هەر بۆیە لە هەمبەر خراپ بە کارهێنانی زایەندیی خەسارهەڵگرترن و زیاتر هەڕەشەی دەستدرێژیی سێکسییان لە سەرە. زۆرێک لەم ئافرەتە کەم تەمەنانە دەکەونە داوی پەیوەندییەکی جنسی کە تێیدا لە مافە سەرەتاییە مرۆییەکان بێبەشیان دەکات. ئەو ژنانەی وا بەر لە تەمەنی ١٨ ساڵان هاوسەرگیریان کردووە ئەگەری پترە کە یەکەمین ئەزموونی پەیوەندیی زایەندییان زۆرەملێ بوو بێت. کاتێک کچێکی کەم تەمەن دەبێتە هاوسەر زۆر زوو ناچارە بچێتە ناو برگەی ژیانی زایەندی گەورەکان. لە وەها ئاراستەیەکدا منداڵ بووکێک کەمتر دەستی بە خوێندن دەگات و لە سۆنگەی جەستەیی، دەروونی و سۆزدارییەوە ئامادەییەکی ئەوتۆیان نییە، سەبارەت بە لەشی خۆیان هیچ زانیارییەکی نییە و بۆ دەستخستنی پشتیوانی کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری تەندرووستیی و

لەش ساخی (ئەگەر ببێت) توانای نییە.

لە بارودۆخی بەر لە هاوسەرگیری کە تێیدا کۆمەڵایەتی بوون لەگەڵ زایەندی بەرامبەر و گیرۆدە بوون لە پەیوەندیی جنسی لە سۆنگەی کۆمەڵایەتی جیا کراوەتەوە و تەنانەت ئیدانەش کراوە کچێکی خاوەن مێرد ڕاستییەکی بۆ دەردەکەوێ و ئەویش ئەوەیە کە چاوەڕوانی لێ دەکرێ وەک هاوسەرێک ڕۆڵی زایەندی خۆی بگێڕێت. جووتبوونی ناڕێکەوتنانە و زۆرەملێیانە کچان ناچار دەکات کە بە نابەدڵی لەشی خۆیان بۆ ئەم پەیوەندییە ڕادەست بکەن (ئاکپات، ١٣٩٤).


تەنیا ٢/٧ لە سەدی وڵامدەران بە پێچەوانەی خواستی خۆیان لە لایەن پیاوێکەوە دەستیان لێ دراوە. ٤٠/٨ لە سەدی وڵامدەرە ژنەکان ناچار کراون لەگەڵ مێردەکانیان پەیوەندیی زایەندی ساز بکەن هەستی بەرامبەر بەم تێکەڵبوونە ناچارییە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بێزاری (٢١/٦ لە سەد) و ناڕەحەتی (١٨/٩ لە سەد) بووە. ٦٤/٩ لە سەدی وڵامدەرانی ژن وتویانە کە هەرگیز ڕفتاری خراپیان بەرامبەر بە مێردەکانیان نەنواندووە و ٦٧/٦ لە سەدیان وتویانە هیچکات هەڕەشەیان لێ نەکردوون و شەڕیان لەگەڵ نەکردوون.

ئـ) ناڕەحەتی

ب) بێزاریی

ت) تووڕەیی


پ) چێژ




چارتی ٣ ٢٨ هەستی ژنان بۆ جووتبوونی زۆرەملێ لە پارێزگای خووزستان

## توند و تیژی ناو ماڵی پیاوان

وێنەی ۲۸ پیشاندەری توند و تیـژی نـاو مـاڵی پیـاوان لـە پارێزگـای خووزستانە کە زیاترین ڕێژەی گوڕانـدن بـە سـەر ژن (۷۵ لـە سەد)ـە و نزمترین ڕێژە هی بە جێهێشتنی ماڵە (۲۵ لە سەد).




چارتی ۳ ۲۹ توند و تیژیی ناو ماڵی پیاوان لە پارێزگای خووزستان

## ٤. سیستان و بەلووچستان

### سنووری جوگرافیایی



پارێزگــای سیســتان و بەلووچســتان لــە باشــووری وڵاتــی ئێرانــەوە هاوسنووری وڵاتانی پاکستان و ئەفغانستانە. ئەم پارێزگایە بە ناوچەیـەکی بیابــانی و وشــکەوە هــەژارترین و بێبەشــترین ناوچــەکانی ئێرانــە. دواسەرژمێری لە ساڵی ١٣٩٣ نیشانیدا کە حەشیمەتی ئەم پارێزگایـە دوو ملیۆن و٧٢٤ هـەزار (٧٢٤٠٠٠) کەسـە (ساڵنامەی ئامـاریی، ١٣٩٣). سیستەمی ئایدۆلۆژیای زاڵ مەزهەبی سوننییە بەڵام لە بەشەکانی باکووری ئەم پارێزگایە کەمینەیەکی شیعە مەزهەبیش دەژیـن. پارێزگـای سیسـتان و بەلووچستان پلەی یەکەمی لە هاوسەرگیری کچانی خوار تەمەن ١٠ سـاڵ و سەبارەت بە هاوسەرگیری کچـانی گرووپـی تەمـەنی نێـوان ١٠ بـۆ ١٥ ساڵان و ١٥ بۆ ١٩ ساڵ بە ڕیز لە پلەی پێنجەم و شەشەمدایە. ئەم پلـە بـۆ

هاوسەرگیری کوڕان لە گرووپـی تەمـەنی ١٠ بـۆ ١٤ سـاڵان دووهـەم و و گرووپی تەمەنی ١٨ بۆ ١٩ ساڵ سێیەمە. بە گشتی ئامـاری پەیوەسـت بـە هاوسەرگیرییەکان گوزارشتە لەوەی کە پارێزگای سیسـتان و بەلووچسـتان لە گرووپی تەمەنی ١٥ بۆ ١٩ ساڵ لە پلەی پێنجەمدایە. بە گشـتی شـەش شار لە هەر بەشێک لە بەشە جوگرافیاییەکان دەست نیشان کران کە بریتییە لە خاش، زاهیـدان، سـەراوان، زەهـەک، هیرمەنـد و بوغـار. ئـەو گونـدە جۆراوجۆرانەی کە لـە هێشـووی دووهـەم بـۆ ئـەنجام دانـی ٤٩ لێـدوان دەتنیشان کران. بریتی بوون لە دوربن، بلالاباد، مەحمووداباد، عەباساباد، کاهەکی، ناهووک، دەشتۆک، مەولەوی، قەلعە کونـگ، ڕەسـووڵ غـوڵام، دووست محەمەد و ڕەزا جۆر.

## پێداچوونەوەیەک بە بەڵگەکان

شەڕ و پێکدادان لە ناوچەکە هۆکاری سەرەکی درووست بـوونی مێـژووی ئەم ناوچەیە. ئەم پارێزگایە بە هۆی نەبوونی سیستەمی خوێنـدنی شـیاو و پشتیوانی کۆمەڵایەتی و ئیمکاناتی ژێرخانی، لێکچوون و یەکدەستی تێدا بەدی دەکرێ، واتە لە نێوان شار و گونددا جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی نـەکرا. شێوازی باوی ژیان لەم سیستەمەدا فئۆدالی و هۆزێتی لە سـەر خزمایـەتی چڕ بۆتەوە و ئەم شێوازی ژیانـە کۆمەڵخوازییـە داب و نـەریت و ئاڕمـانی هاوسەرگیری و تەمەنی پەسند کراوی هاوسەرگیری بێچم دەدا.

لە هەر دوو ناوچەی شاریی و گوندییدا، ئاستی هاوشێوەی هـەژاریی، تایبەتمەندیی کـەلتووری، بیـر و بـاوەڕی ئـایینیی، بـەهای قبـووڵ کـراو و گشتیی بوونی هاوسەرگیری منـداڵان دەبینـرێ. بـاوبوونی هاوسـەرگیری منداڵان لە هـەر دوو ناوچـەی نیشـتەجێ بـوونی گونـدیی و شـاریی لـە

ئاستێکی بەرزدایە و جیاوازییەکان لەم ناوچانەدا زۆر کەمە.

پاڕادۆکس و لێکدژی هاوسەرگیری درەنگ وەخت کە لە زۆربەی شارە ناوەندەکانی پارێزگا و ناوچە شارییەکاندا بوونی هەیە، لە ناوچەی سیستان و بەلووچستان زۆر نییە. ئەوەی لە ڕەوتی لێکۆڵینەوەدا بەدی کرا ئەوە بوو کە سەرەڕای ئەوەی پێدەچێت تەمەنی هاوسەرگیری لە بەشەکانی باکووری پارێزگا وەک سیستان کە زۆرینەی حەشیمەتەکەیان موسڵمانی شیعەن زیاتر بێت، لە بەشەکانی باشووری پارێزگا کە هاوسنووری پاکستانە، تەمەنی هاوسەرگیری لە شارەکانی سەرباز، سەراوان و ئێرانشار زۆر کەمترە.



هەندێ هۆزی خۆجێیی هێشتا لە چادردا دەژین، ڕێژەی فرەژنی و منداڵ هاوسەریی لەم هۆزانەدا یەکجار زۆرە .          وێنە: کامیل ئەحمەدی

خەڵکی ئەم پارێزگایە لە سیستەمێکی هۆزی و تایفەیی دەژین کە تێیدا ڕەزامەندی بۆ هاوسەرگیری منداڵان بە تەنیا لە ژێر کاریگەری کەلتوور

نییە. هەر بۆیە شێوازی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان نە تەنیا لە سەر پرۆسەی خوێندنی کچان بەڵکوو کاریگەرییەکی زۆریشی لە سەر خۆشگوزەرانی فیزیۆلۆجی ئەوان هەیە. کەمی وشیاریی، هەژاریی، هەڵاواردنی بەربڵاوی زایەندیی لە سەر کچان لەو هۆکارە سەرەکییانەیە کە دایک و باوکەکان ناچار دەکات بەر لە تەمەنی ١٨ ساڵان هاوسەرگیری بە کچ و کوڕەکانیان بکەن. بەدەر لەوە دایک و باوکەکان دەرەقەتی خەرج و تێچووی قوتابخانە یان زانکۆی ڕۆڵەکانیان نایەن. هەر بۆیە ناچار بە هاوسەرگیریان دەکەن.

هۆکارێکی گرینگی تری هاوسەرگیری منداڵان سیستەمی لە دایکبوونی ناکارامە و بێ‌وڵامە. تۆمار کردنی کاتی لە دایکبوونی منداڵان، بەتایبەت کچان، هەرگیز بە درووستی دانراوە، کە ئەمە خۆی بە شێوەی شاراوە هەلی گۆڕینی تەمەنی منداڵ لە کاتی هاوسەرگیریدا دەڕەخسێنێت. هەروەها، هیچ لێژنەیەکی سەربەخۆ و بەهێز بۆ مافەکانی منداڵ بوونی نییە کە بتوانێ پێشێل بوونی مافەکانیان کە یەکێیان هاوسەرگیرییانە، تاوتوێ بکات. زیانی لاوەکی دووگیانی و زاین هۆکاری سەرەکی مەرگی ئافرەتانی تەمەن ١٥ بۆ ١٩ ساڵانە. هاوسەرگیری منداڵان دەبێتە هۆی ئەوەی کچان زیاتر لە بەر دەم مەترسییە تەندرووستییەکانی پەیوەست بە دووگیان و زاینی پێشوەختەدان - ڕاست هاوشێوەی منداڵەکانیان کە لە بەر دەم مەترسی زیانی لاوەکی پەیوەست بە زاینی پێشوەختەن.

سندووقی حەشیمەتی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٣٨٩ ڕایگەیاندووە کە لە هەندێ لە پارێزگاکاندا ڕێژەی مەرگ و مردنی دایکان لە ڕێژەی لە دایکبوونە، واتە لە هەندێ پارێزگای وەک پارێزگای سیستان و بەلووچستان دایکان زیاتر بە هۆی زاینەوە دەمرن. سەرەڕای

ئەوەی ڕێژەی منداڵ خستنەوە لەم پارێزگایەدا ٥/٦٤ لە سەدە، بەڵام ١٢ لە سەدی مەرگی دایکان لە سەر ئاستی کۆی گشتی وڵات پێک دێنن. هەر بۆیە ڕێژەی مەرگی دایکان لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان زۆر لە ناوچەکانی دیکە زیاترە. پارێزگاکانی تری وەک ئازەربایجانی ڕۆژاوا، خووزستان، کرمان، لوڕستان و ئیسفەهان ڕێژەیەکی کەمتری مەرگی دایک لە خۆ دەگرن (UNFPA، ١٣٨٩). لە ساڵی ١٣٩٤ سیستان و بەلووچستان زیاترین ڕێژەی زاین لە ناو دایکانی ژێر تەمەنی ١٥ ساڵاندایە (٤٦٢ حاڵەت). پێشینەی هاوسەرگیری کچان ئەوەی پیشان داوە کە یەک لە سەر سێی کچان خوار تەمەنی ١٤ ساڵان ساڵێک پاش هاوسەرگیری دووگیان دەبن (ڕەئیسی، ١٣٩٣: ١٨٢). سیستان و بەلووچستان ٣ لە سەدی کۆی حەشیمەتی وڵات، ٧ لە سەدی ڕێژەی منداڵخستنەوە و ٧ لە سەدی مەرگی دایکانی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە (هەمان: ١٨٢).



کاری مەیدانی لە ناوچە گوندییەکانی بەلووچستان .          وێنە: کامیل ئەحمەدی

لە چاو دیکەی ناوچەکان هێزی زەختی کۆمەڵایەتی لە سەر هاوسەرگیری کردن بە منداڵان کەم بوو. سەبارەت بە هاوسەرگیری منداڵان بزاڤێکی بەرگریکارانەی بەهێز لەم پارێزگایەدا بەدی نەکرا، چوونکە ئەم بابەتە وەها برەوی هەبوو کە بە تەواوەتی قبووڵ کرا بوو و وەک دۆخێکی ئاسایی لێی دەڕوانرا. ئەو بەرنامانەی وا بۆ ڕێگری لەم چەشنە هاوسەرگیرییانە هەن، بە هۆی ئەوەی بەرەنگاری منداڵ هاوسەریی نەببوونەوە و تا ڕادەیەکی زۆر بە نەوتراوی ماوەتەوە، تووشی شکست هاتبوون. بەو پێیەی ئەم دیاردە ڕووبەڕووی هیچ بەرهەڵستییەک نەبووەوە، وەک پشتیوانی لە هاوسەرگیری منداڵان هیچ چەشنە کاردانەوەیەکی کۆمەڵایەتی دروست نەبووە. ئەم پرسە پێشتر هەمیشە بووە و هێشتاش بوونی هەیە. بە هۆی ئەوەی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان ڕێگری لە پەیوەندیی بەر لە هاوسەرگیری دەکا و هاریکاری دابەزاندنی گەندەڵی دەکا، لە چوارچێوەی ژیانی هۆزێتی بە ئەرێنی سەیر دەکرێ و باوەڕی پێ کراوە. لە ناوچەی هەژار و یان ئەو ناوچەی بە ژێرخانی لاواز و کەمایەسی تەکنەلۆژیا، کەرەسەی مۆدێرن و بەرۆژی پەیوەندی وەکوو مۆبایل و تۆڕی کۆمەڵایەتی وەک حەڕەشەیەک بۆ سەر ئەم سیستەمی هۆزیی و فئۆدالیی و نەریتخواز و شێوازی کۆنی سازدانی پەیوەندی، بەتایبەت بۆ سەر بۆ ژنان سەیر دەکرێت. هەر بۆیە منداڵ هاوسەریی وەک کارێکی ژیرانە لێی دەڕوانرێت.

وەک پێشتریش گوترا، شێوازێک کە تێیدا پێکهاتەکانی کۆمەڵگا درووست بوون بریتییە لە ژیانی هۆزێتی و پاشکۆی شێوازی ژیانی خزمایەتی. ئەو ژن و مێردانەی کە بە پشت بەستن بە بەرژەوەندی بنەماڵە و داکۆکی سۆزداریی و دارایی، ژیانی هاوبەشیی ژن و مێردی دەست پێ

دەکەن، سیستەمی زنجیرە پلەی خزمایەتی و قبوووڵ کردنی ملکەجانەی باوک سالاریی درێژە بە ژیان لەگەڵ دایک و باوکی بنەماڵەی زاوا دەدەن. وەک نەریتێک لە هەندێ لە هۆزەکان، هەتا کوڕی گەنجتر ژن مارە نەکا، برا گەورەکە کە هاوسەرگیری کردووە ناتوانێ لە دایک و باوکی جیا ببێتەوە و لەگەڵیان دەژی. ئەم یەکسان سازییە کۆمەڵایەتییە، کە ڕیشەکەی دەچێتەوە سەر نەریتی ئاینیی، شێوازی کۆمەڵایەتی، فاکتەری کۆمەڵایەتی و دەمارگرژییەکان، دەبێتە هۆی وابەستەیی بەردەوام و بێدەسەڵاتی ژن و مێردە گەنجەکان. بەو پێیەی هاوسەرگیرییەکان زیاتر لە ناو بنەماڵەدا ئامادە کارییان بۆ دەکرێ، ئەو بووکە کەم تەمەنەی وا لەگەڵ ماڵی خەزووری دەژی بێگومان بەشێک نییە لە پرۆسەی بڕیاردان.

هەموو وڵامدەران لەم توێژینەوەدا وتبوویان کە نەریتی هاوسەرگیری لە کاتی ناوک بڕین یان بۆ خۆیان، خزم و کەس یان یەکێک لەو کەسانەی دەیانناسی، ئەنجام دراوە. ئەم پرۆسە گشتگیرە بەو مانایەیە کە دوو منداڵی ساوا بە ڕەزامەندیی دایک و باوکیان لێک مارە دەکرێن و بڕیارە کاتێک کە گەورە بوون پێکەوە هاوسەرگیری بکەن.

باوبوونی ئەم دیاردە بە شێوەیەکی زۆر بەرچاو لە هەموو گوندە ڕووماڵ کراوەکاندا لە ئاستێکی بەرزدا بوو. هەموو وڵامدەران بەم نەریتە پابەند بوون. سەرەڕای ئەوەی هاوبەشی ژیانی هاوسەرگیری ئەو کاتەی کە ساوان، بۆ کەسەکان دەستنیشان دەکرێن. سەرباری ئەمە ئەم کچ و کوڕە گەنجە کاتێک کە گەورەتر بوون بۆیان هەیە هاوسەرگیری لەگەڵ هاوبەشی پێشتر دیاری کراویان ڕەت بکەنەوە. لۆژیکی ئەم کارە پاراستنی داهاتووی منداڵان و دەستەبەری هاوسەرگیرییانە. وەک کەسانی شارەزای ناوچەکە وتیان کەسەکە دەتوانی لە گەورەییدا ئەم پێکگەیشتنە نەنووسراوە


هەڵبووشێنێتەوە و بڕیار بدا لەگەڵ کەسێکی دیکە هاوسەرگیریی بکات. بە گـوێرەی ئـەو وڵامانـەی وا لـە وڵامـدەرانمان دەبیسـت، ڕەت کردنـەوەی هاوسەرگیری شتێکە کە زۆر جار ڕوو دەدات. لە لایەن کۆمـەڵگاوە مـافی بەزاندنی ئەم پەیمانە بە کەسەکە دراوە بـەڵام بـە شـێوەی گشـتی کـارێکی دزێو و ناشیرینە، چوونکە پابەبەن بوون بە پـەیمانی بنەماڵـەیی و هـۆزیی زۆر گرینگە. لە ڕاستیدا کاتێک کە هاوسەرگیری لە نـاو بنەماڵـەدا بەرنامـە ڕێژی بۆ دەکرێ، پێویست بە تۆمار کردنی ناکات. بنەماڵەکان ڕاشـکاوانە سووربوون لە سەر هاوسەرگیری یاسایی بە پێویست نازانن.

«تەمەنی هاوسەرگیری بۆ کچ ١٣ و بۆ کوڕ تەمەنی ١٥ساڵان بەرەو سەرەوە باشە. من خوشکەم و دوو خوشکەزاکەم لە تەمەنی ١٣ ساڵان و کەمتر شوویان کردووە و زۆریش ڕازین. هاوسەرگیری لە تەمەنی زۆردا لەوانەیە تەڵاقی لێ بکەوێتەوە. کچێکی تەمەن ١٣ ساڵە پاش ئەوەی بە باش زانرا کێشە نییە با شوو بکا ئەگەر جەستەی بەخۆتر بوو باشترە و هاوسەرگیری ڕێگە پێدراوە. بەڵام دەبێ بە ئیمان بێت.»

مەولەوی عەبدولسەمەد جزینکی
پارێزگای سیستان و بەلووچستان


## دەستکەوتەکانی پێوان

وەک بینرا هاوسـەرگیری پێشـوەختەی منـداڵان لـە پارێزگـای سیسـتان و بەلووچستان هەڵکشانی بە خۆوە بینیوە. چارت هەڵکشانی ڕێژەی منـداڵ هاوسەریی لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوو بە سووڕانەویەکی ڕوو لە خـوار لـە ساڵی ١٣٨٩، هەتا ساڵی ١٣٩٠ پیششان دەدات. ئەم هەڵکشانە هێدییانـە و دابەزینی کتوپڕە هەر دوو زایەند لە ساڵی ١٣٩٠ دەگرێتەوە.





وێنەی ٣ـ٣٠ ڕێژەی هاوسەرگیری لە ژێر تەمەنی ١٨ ساڵان لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان

ڕێژەی تەڵاق لە سەر ئاستی پارێزگای سیستان و بەلووچستان لە چاو پارێزگاکانی دیکە، زۆریی و دووپاتەیەکی کەمتری هەیە. بەستێنی ئاینی و هەژارییەکانی پارێزگا لەگەڵ شێوازی ژیانی هۆزی بۆتە هۆی نزم بوونی ڕێژەی تەڵاق لەم ناوچەدا. ئەم ڕێژە لە ساڵانی دواییدا بەرزبونەوەی بە خۆوە بینیوە.




چارتی ٣ـ٣١ زۆریی تەڵاق لە تەمەنی ژێر ١٨ ساڵان لە پارێزگای سیستان و بەلوچسستان


ڕێژەی هاوسەرگیری منداڵان لە کۆی ڕێژەکـانی تـەڵاق لـە پارێزگـای سیســتان و بەلووچســتان هــەرگیز لــە لــە ٤٠ لــە ســەد کــەمتر نــەبووە. هاوسەرگیری ژێر تەمەنی ١٨ ســاڵان بەشـێکی بـەرچاوی کـۆی ئامـاری هاوسەرگیری لە چارتی ئەم دەیە پێک دێنێت.




چارتی ٣ـ٣٢ بەراوردی هاوسەرگیری منداڵان و کۆی هاوسەرگیری لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان

وڵامدەران، ٦٧٫٣ لـە سـەد ژن و ٣٢٫٧ لـە سـەدی پیـاو، زیـاتر لـە مەودای تەمەنی ٢٦ بۆ ٣٢ (١٢٫٢ و ١٦٫٣ لە سەد) بوون. زۆربەیان یان لەگەڵ هاوژینەکانیان ژیانیان بە سەر دەبرد (٥٥٫١ لە سەد) و یـان لەگـەڵ ماڵی خەزووریان (١٨٫١ لە سەد). زۆرینەی وڵامدەرانی بەلووچ (٧٧٫٦ لە سەد) و فارس (٨٫٢ لـە سـەد) بـوون. توانـای خوێندنـەوەی دایـک و باوکەکان بۆ نووسین و خوێندنەوە بە ڕیز ٣٠٫٦ لە سەد و ٣٨٫٨ لە سـەد

بۆ دایک و باوکەکان بوو. ۹۱٫۸ لە سەدی وڵامدەران خوێندەوار بوون و بە شێوەی مام ناوەند ۸ ساڵ خوێندبوویان (۲۰٫٤ لە سەد). هیچ کام لە وڵامدەران لە کاتی وتووێژدا نەیاندەخوێند، و هۆی سەرەکی وازهێنان لە خوێندنیان هاوسەرگیری کردن بوو.




چارتی ۳ - ۳۳ هۆکاری وازهێنان لە قوتابخانە لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان

زۆربەی وڵامدەران خەریکی ئیشی ماڵ و منداڵداری (۴۰٫۸ لە سەد) و یان خۆمژووڵ بوون (۴۰٫۸ لە سەد). زۆرینەی وڵامدەران موسڵمانی سوننە مەزهەب (۸۵٫۷) و موسڵمانانی دیکەی شیعە (۷ لە سەد) بوون. هەر هەموو وڵامدەران دانیان بەوە دانا بوو کە پابەند بە ئەرکە ئاینییەکانن و لە تەمەنی ۹ ساڵانەوە ئەنجامی دەدەن (۵۹٫۲ لە سەد).

## زک و زای ژنان

٩٣٫٩ لە سەدی ئەو ژنانەی کە وتووێژیان لەگەڵ کرا، لانیکەم دوو جار منداڵیان خستبۆوە (٤٨٫٥ لە سەد). پاش زاین زیاتر لە لایەن بنەماڵەی خۆیانەوە (٧٢٫٧ لە سەد) یان ماڵی خەزووریان (١٨٫٢ لە سەد) چاودێری کرا بوون. ٢١٫٢ لە سەدیان وتبوویان لە کاتی دووگیانیدا هیچ کێشەیەکیان نەبووە و ١٨٫٢ لە سەد ئێشێکی بەردەوامیان هەبوو. ٥٤٫٥ لە سەد حەبی پێشگیریان بە کار دەهێنا و ٦٠٫٦ لە سەدی وڵامدەران کەرسەی پێشگری وەک کاندۆمیان بە کار نەدەهێنا. زاسنتی ژنان سەبارەت بە کێشەی گشتی زانست و بابەتی مامایی و نەخۆشی ژنانە زۆر لە ئاستێکی نزمدا بوو؛ سەرەڕای ئەمە زۆرینەی وڵامدەران (٣٣٫٣ لە سەد) ئیدعای ئەوەیان دەکرد کە سەبارەت بەم بابەتانە و ڕێگە چارەیان هەموو شتێک دەزانن. ٥٤٫٤ لە سەدی وڵامدەران وتیان سەبارەت بە نەخۆشی هەڵدڕان یان برینی زاین هەرگیز هیچیان نەبیستووە، بەڵام کاتێک کە بە تەواوەتی بۆیان ڕوون کراوە، دەرکەوت ٢٧٫٣ لە سەدیان خۆیان تووشی ئەم حاڵەتە هاتبوون. ٧٥٫٨ لە سەدیان کاتێک کە دووگیان بوون داوای منداڵیان دەکرد و ٢١٫٢ لە سەدی خوازیاری وەدواخستنی زاین بوون.




چارتی ٣ـ٣٤ مامناوەندی تەمەنی ژنان لە کاتی یەکەمین زاین لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان


## بە باوک بوونی پیاوان

زۆرینەی پیاوانی وڵامدەر خاوەن ٦ منداڵ بوون (٢٥ لە سەد) و کـاتی لـە دایکبوونی یەکەم منداڵ (١٨٫٨ لە سەد) تەمەنیان ٢١ ساڵان بووە. کە ٧٥ لە سەدی پیاوان دەیانویست هەر لەو کاتەدا منداڵیان ببێـت بـەڵام ٢٥ لـە سەدیان لە بارەی مەترسییەکانی کاتی منداڵ خستنەوە زانیارییـان هـەبوو و ٧٥ لە سەدیان بچووکترین زانیارییەکیان لەم بارەوە نەبوو.

## هاوسەرگیری و بڕیاردان


هەر هەموو وڵامـدەران لـەم مـاوەی کۆتاییـدا هاوسـەرگیرییان کردبـوو و هاوسەرگیرییەکەیان لە زۆربەی حاڵەتەکاندا (٦٣٫٣ لە سەد) ڕاستەوخۆ بە ناویانەوە تۆمار کراوە. زۆربەیان (٢٠٫٤ لە سەد) کاتێ بۆ یەکەم جار مـارە کـرا بـوون تەمـەنیان ١٥ سـاڵان بـووە. هاوسـەرگیری ٧٧٫٦ لـە سـەدی وڵامدەران لە لایەن کەسێکی ناوبژیوانەوە ئامادە کارییان بۆ کرا بوو. ٥١٫١

لە سەدیان وتبوویان بنەماڵەکەیانەوە ئاهەنگی دەزگیرانداری فەرمیان بۆ گیرا بوو. ٥١٫١ لە سەدی ژنان، مێردەکانیان ١٠ ساڵ لە خۆیان گەورەتر بوون و ٣٧٫٥ لە سەدی پیاوان لەگەڵ ژنانێک هاوسەرگیرییان کرد بوو کە ١٠ ساڵ لە خۆیان بچووکتر بوو.




چارتی ٣ـ ٣٥ باوبوونی جۆرەکانی هاوسەرگیری لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان

٨١٫٦ لە سەدی وڵامدەران کاتی هاوسەرگیری دەیانزانی لەگەڵ کێ هاوسەرگیری دەکەن. هەندێکیان خۆیان بە کەمتەرخەم (٤٢٫٩ لە سەد)، دڵخۆش (٤٠٫٨ لە سەد) و خەمبار (١٦٫٣ لە سەد) دەزانی. ٤٤٫٩ لە سەدیان خوازیاری ئەوە بوون کە مێردەکانیان یان ژنەکانیان هەتا کاتی هاوسەرگیری نەدەناسی. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا (٦٣٫٣ لە سەد) هاوسەرگیری بە پێی بڕیاری گشتی بنەماڵەکان بووە هەتا خواستی وڵامدەران. نزیکەی ٤٩ لە سەدی وڵامدەران پێیان خۆش بوو ڕۆڵەکانیان بە پێی هەمان داب و نەریت کە خۆیان هاوسەرگیرییان کردبوو، زەماوەند بکەن.




چارتی ٣ـ٣٦ ئاستی ڕەزامەندیی لە ژیانی هاوسەرگیری لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان


٣٦/٧ لە سەد و ٦٥/٩ لە سەد لە هاوسەرگیرییەکان بـە ڕیـز بریتیـی بوو لە مارەیی و شـیربایی. ٣٧/٥ لـە سـەدی وڵامـدەرانی مێینـە بـەر لـە هاوسەرگیری دەچوونە قوتابخانە و ٧٥ لە سەدیان بەڵێنیان پێ درابـوو کـە پاش هاوسەرگیری بۆیان هەیە درێژە بە خوێندنیان بدەن.

## ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕاهێنانی زایەندی و پەیامی ڕێگرییانە لە هاوسەرگیری منداڵان


لە زۆربەی حاڵەتەکاندا وڵامدەران زانیاری جنسییان لە ڕێگەی دواندنی ئەندامانی گەورەتری بنەماڵە (٣٢٫٧ لە سەد) یان لە ڕێگەی ئینتەرنێت (١٢٫٢ لە سەد) وەدەست هێنا بوو. ٢٦٫٥ لە سەدی حاڵەتەکان لەو باوەڕەدا بوون کە قازانجێکی ئەوتۆ لە هاوسەرگیری پێشوەختەدا نییە و ٢٤٫٥ لە سەدی دیکەیان باوەڕیان بە پێشگری لە پەیوەندی جنسی بەر لە هاوسەرگیری بوون و دڵنیا بوون کە پەردەی کچێتی خاڵی بەسوودی منداڵ هاوسەرییە. ٦٣٫٣ لە سەدی کەسەکان هەستیان بە ئەرێنی بوونی هاوسەرگیری دواتر، ئاستی خوێندنی باڵا و تێگەیشتنی باشتری هاوسەرەکان دەکرد.

زۆربەی وڵامدەران (٤٢٫٩ لە سەد) هەرگیز لە هیچ کوێ سەبارەت بە بەرەنگار بوونەوەی منداڵ هاوسەریی و یان ڕاهێنانی زایەندی گوێبیستی هیچ پەیامێک نەبوون، سەرەڕای ئەوە، ٣٦٫٧ لە سەدیان وتویانە لە ڕێگەی تەلەڤیزیۆنەوە لە مەڕ کەمایەسییەکانی هاوسەریی کۆمەڵێ پەیامیان پێ گەیشتووە. بە شێوەی گشتی ٥١ لە سەدی وڵامدەران باوەڕیان وا بوو کە دەبێ هاوسەرگیری منداڵان بنەبڕ بکرێ، لە حاڵێکدا ٣٦٫٧ لە سەدیان خوازیاری بەردەوام بوونی بوون. هەر هەموو وڵامدەران (١٠٠ لە سەدیان) لە بوونی تەمەنی یاسایی هاوسەرگیری بێ ئاگا بوون. زۆرینەی ٢٦٫٥ لە سەدی کەسانی تەمەن ١٥ ساڵ بۆ کچانیان زۆر بە کەم دەزانی و بۆ کوڕان بە وتەی ٢٦٫٨ لە سەدی وڵامدەران ئەم تەمەنە نێوان ١٧ بۆ ٢٠.

## ڕوانگە زایەندییەکان





چارتی ٣ ٣٧ ڕێژەی هاودەنگیی لەگەڵ ڕوانگە زایەندی یا جنسییەکان لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان




چارتی ٣ ٣٨ بڕیاردانەکانی ناو ماڵ لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان


## توند و تیژی زایەندیی دژ بە ژنان

هیچ کام لە وڵامدەران ئاماژەیان بە دەستڕێژیی زایەندیی، پەلامار و دەست لێدان بە پێچەوانەی خواستی خۆیان نەکرد. ٥٤٫٤ لە سەدی ژنانی مێرددار پەیوەندی جنسیی زۆرەملێیان لەگەڵ هاوسەرەکانیان ئەزموون کردبووەوە و هەستیان بەرامبەر بەم تێکەڵبوونە ناچارییە بریتی بوو لە ناڕەحەتیی (٣٦٫٤ لە سەد) و تووڕەیی (١٥٫٣ لە سەد). لە ٦٩٫٧ لە سەدی حاڵەتەکان بەدهەڵسووکەوتی لەگەڵ مێرد، هەڕەشە یان بە برنگە کردنی شت ڕووی داوە، لە حاڵێکدا ٣٠٫٣ لە سەد لەم حاڵەتانە بە هەستێکی خۆشەوە بووە.




چارتی ٣ـ٣٩ هەستی ژنان بۆ جووتبوونی زۆرەملێ لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان

## توند و تیژی ناو ماڵی پیاوان




چارتی ٣ـ٤٠ توند و تیژی ناو ماڵی پیاوان لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان

## ٤. ئازەربایجانی ڕۆژاوا (ورمێ)

### سنووری جوگرافیایی



پارێزگای ورمێ (ئازەربایجـانی ڕۆژاوا) دەکەوێتـە بـاکووری ڕۆژاوای وڵاتی ئێران ناوچەیەکی شاخاوییە هاوسنووری وڵاتانی تورکیـا، عێـراق و کۆماری ئازەربایجانـە. بـە پێچەوانـەی نـاوی ئـەم پارێزگایـە کـە هێمـای باڵادەسـتی ئازەرییەکانـە، حەشـیمەتی ئـەم ناوچـە زۆرینـە کـوردن کـە پێکهێنەری شارە کوردنشینەکانن. بە پێی دواسەرژمێری لـە سـاڵی ١٣٩٣ حەشـیمەتی ئـەم پارێزگایـە سـێ ملیـۆن و ٢٠١ هـەزار (٣٢٠١٠٠٠)ــە (ساڵنامەی ئاماریی، ١٣٩٣). خەڵکی شارە کوردەکـان زۆرینـەی سـونی مەزهـەبن لـە حاڵێکـدا لـە شـارە تـورک نشـینەکاندا شـێعەکان زۆرتـرن. پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا پلەی حەوتەمی لە هاوسەرگیری کچـان لـە گرووپی تەمەنی ١٠ بۆ ١٤ ساڵ و پێنجەمین پلەیە لە گرووپی تەمـەنی ١٥ بۆ ١٩ ساڵان. ئەم پلە بۆ هاوسەرگیری کـوڕان لـەم پارێزگایـە، سـێیەمین و

چوارەمین پلەی لە گرووپی تەمەنی ١٠ بۆ ١٤ ساڵان و ١٥ بۆ ١٩ ساڵ دەگرێتە خۆی. پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا پلەی پێنجەم و چوارەمی لە هاوسەرگیری کۆی کچان و کوڕان لە گرووپی تەمەنی ١٠ بۆ ١٤ ساڵ و ١٥ بۆ ١٩ــی لە خۆ گرتووە. بە گشتی حەوت شار لە دوو هێشووی یەکەمی نموونە گیری ئەم پارێزگایە دیاری کران، بریتییە لە: ورمێ، بۆکان، خۆی، مهاباد، سەردەشت و سەڵماس. پتر لە ٤٨ لێدوان ل گوندە دەستنیشان کراوەکانی ئەم حەوت شارە هەڵبژێردران لەوانە: تۆڵکان، تورکان، پیرعەلی، دۆڵی قاسملوو، قەرین دەرە، زەنگۆڵان، عەبیلوو، دزە، زێوە، سوورکان، کیتکە، ڕەبەت، بناوێڵەی بچووک، لەیلان، زمزیران، کلە گاوی، پەسەک، بیلوار، بالاباد، مزەفەراباد و چیچەک.



کاری مەیدانی لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا.
وێنە : کامیل ئەحمەدی

## پێداچوونەوەیەک بە بەڵگەکان

تاوتوێ کردنی گشتی لە کاتی یەکەمین قۆناغ لە توێژینـەوەی ئـەم ناوچـە ئەوەی پیشان دا کە داب و نـەریتی هاوسـەرگیری و نۆڕمـەکان لـە ناوچـە جۆراوجۆرەکانی ئەم پارێزگایە جیاوازن و بەم شێوە تیمی توێژینەوە لە هەر ناوچەیەکی ڕووماڵ کراو ڕووبەڕووی کۆمـەڵێ جیـاوازیی و هەمـەجۆری بێژومـاری کـەلتووریی و وردەکـاری جیـاواز بووینـەوە. لـە هەنـدێ لـە ناوچـەکانی وەک بابلابـاد (خـۆی) بـاوترین و پەسـندکراوترین شـێوازی هاوسەرگیری ڕەدووکەوتن بوو. ئەم حاڵەتە وەها باو و ئاساییە کە بۆتە بـەها و نۆڕمێکی پەسند کراوی کۆمەڵایـەتیی. ئاسـتی مامناوەنـدی خوێنـدنی پۆلی پێـنج لـە قوتابخانـەی سـەرەتایی بـوو. دەتـوانین بڵێـین لـە هـەموو حاڵەتەکاندا کچان لەگەڵ هاوژینەکانیاندا هەڵگیرا بوون.

ئەم نەریتە لە دیکەی شار و گوندەکانی دیکەشدا باو بوو، بەم پێیەی لـە وردەکارییەکاندا جیاوازییەکی کەم بەدی کرا. لە هەندێ لە ناوچەکاندا بـە ئاوڕدانەوە لە گرنگیی باوەڕی مەزهەبی هاوشێوە (سـێعە و سـوننە بـوون)، وەک لە دەڤەری گوندی زەنگـۆڵان (ورمـێ) بینـرا، هاوسـەرگیری لەگـەڵ کەسانی بەدەر لەم دوو تایفە باو نەبوو. بە پێچەوانەی ئەم عـورف و نەریتـە زۆربەی گوندەکان وەک گوندی تورکان (ورمـێ)، بـوونی بـاوەڕی ئـاینی یەکسان بۆ هاوسەرگیری بابەتێکی گرینگ نەبوو. لە تورکـان ئـەوەی زۆر و فرەوان بوو، باوبوونی سەرنجڕاکێشی نەریتی ژن بە ژن و ڕەدووکەوتن بوو. لەم حاڵەتانەدا، پیاو ماقووڵانی خۆجێیی و ڕێبەرانی ئاینی و زانایانی ئاینی دەوری ناوبژیوانیان بۆ دامرکاندنی نائارامی و کێشمەکێشەکانی کۆمەڵگای خۆجێیی هەیە و لە هەندێ حاڵەتدا بە دەستێوەردانی ئەوان پێشـگیری لـە کەوتنەوەی قەتڵی ناموسی دەکرا.

بە شێوەیەکی لێکوچووانە لە هەموو ناوچەکاندا تەمەنی هاوسەرگیری کەم بوو کە لە یەکەم ساڵەکانی منداڵییەوە بگرە هەتا قۆناغی مێرمنداڵی جیاواز بوو. لە گوندی مزەفەراباد (میاندواو) مامناوەندی تەمەن لە کاتی هاوسەرگیریدا ٩ساڵان بوو. بەڵام لە ساڵی ١٣٩٤ حاڵەتگەلێک لە هاوسەرگیری کچێکی تەمەن ٧ ساڵان تۆمار کراوە. لە گوندی بیلوار (خۆی) بۆ منداڵان، منداڵانی زۆر کەم تەمەن بە پەلە و زۆر جار لە وڵامدانەوەی سەرچاوە تەکنەلۆژییەکانی کۆمەڵگا هاوسەرگیرییان پێ دەکرا. دایک و باوکەکان زۆر جار لە بە کارهێنانی موبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆڵەکانی خۆیان سنووردار دەکەنەوە بۆ ئەوەی ڕێگری بکەن لە کاریگەری ئەم ئامێرانە لە سەر ژیانی منداڵەکانیان. زەختی کۆمەڵایەتی بۆ هاوسەرگیری پێشوەختە سەرەکیترین هۆکارێک بوو کە نەیدەهێشت دایک و باوکەکان منداڵە کەم تەمەنەکانیان سەڵت بمێننەوە. وەک دوا فە دوای یەک دەبینرا، هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە هەندێ لە کۆمەڵگاکانی ئێران نەریتێکی بەردەوام و پێشینەدار دەمێنێتەوە کە لە ڕێگەی هەژاری، کەمخوێندەواریی، هەلی ئابووریی هەروەها نەریتێکی کۆمەڵایەتی کە مافەکانی ژنان و کچان سنووردار دەکاتەوە و بە لێسەندنەوەی سەربەخۆیی بڕیاردانی تاکایەتیان بەهێز دەبووە. هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە ناو پێکهاتەی پلە نزم بوونی کچان لە کۆمەڵگادا گەشاوەتەوە و لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا، نیگەرانی کۆمەڵایەتی و زەختی کۆمەڵگای خۆجێیی بزوێنەر و بەهێزکەرەوەی منداڵ هاوسەریی بوون.



بێڵوار (خۆی) زیاترین ڕێژەی هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵانی لە سەر ئاستی ئازەربایجانی ڕۆژاوا لە خۆ گرتووە .                    وێنە: کامیل ئەحمەد .

کاری زۆرەملێی منداڵان لە بوارەکانی کاری کشتوکاڵ، تەون کردن و کورەخانەی خشتسازی باوە. لە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان، ژیانی کچان - لانیکەم یەکەم ساڵەکانی هاوسەرگیریان - بە ڕاپەڕاندنی ئیشی ناو ماڵ و جێبەجێ کردنی داخوازی مێردەکانیان و ماڵی خەزووریان پێناسە و ڕوون دەکرێتەوە. دیارە هاوسەرگیری بە واتای کۆتایی هاتنی خوێندنی فەرمی کچە.

کچان زۆر جار ئەو کاتەی کە ئامادەکاریی بۆ هاوسەرگیرییان دەکرێ و کەمێک پاش هاوسەرگیری واز لە خوێندن دێنن. خوێندن بە تەنیا بۆ کچان بێسوود و ناکارامەیە چوونکە یان دەستیان بە قوتابخانە ناگا و یان خەرجێکی قورس دەخەن سەر شانی بنەماڵە نەدار و هەژارەکەیان. لە ڕاستیدا هۆکاری سەرەکی و بەرچاوی ئەم حاڵەتە ئەمەیە کە دایک

باوکەکان لە بایەخی خوێندنی کچەکانیان تێناگەن چوونکە خوێندن ئەو شتە نییە کە لە پەیوەندی لەگەڵ ژیانیان بەسوود و کارا بێت. سەرەڕای بوونی بژاردەکانی دیکە، دایک و باوکەکان هاوسەرگیری بە باشترین بژاردە بۆ کچەکانیان دادەنن. ئەمە کاریگەرییەکی دووانە لە پاش خۆی بە جێ دێڵێ: بڕیاری دایک و باوکی کچێک بۆ زوو بە شوو دانی کچە لەوانەیە خۆی دەرەنجامی پوتانسییەلی ڕاهێنانی کچێک بێت، ئەو کچەی لە خوێندندا سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بە دەست نەهێناوە، ئەگەری ئەوەی هەیە لە کار پیشەی داهاتووشی زیان بەدی دێنێت، هەر بۆیە ئەنگێزەیەکی کەمتر بۆ درێژەدان بە خوێندنی لە چاو ئەو کچانە بەدی دەکرێ کە دۆخی خوێندنیان باشترە. ئەگەری ئەوە هەیە کە دایک و باوکی ئەم کەسانە زیاتر حەزیان لە زوو بە شوودانی ئەو کچە بێت.

«باوکم لە تەمەنی ١٣ ساڵاندا مێردێکی بۆ دۆزیمەوە و یەکەمین منداڵەکەمم لە تەمەنی ١٤ ساڵاندا خستەوە. هیچ زانیارییەکم لە مەڕ چۆنیی و چەندیی مارەیی نییە.
باوکم هیچ کات منی نەناردە قووتابخانە. سەرەڕای ئەوەی لە تەمەنی ١٣ ساڵاندا
شووم کرد و قۆناغە سەرەتاییەکانی هاوسەرگیرییەکەم تەنیا نەخۆشی بوو،
هاوسەرگیری پێشوەختە بە باش نازانم بەڵام پێم خۆشە کچەکەم لە تەمەنی ١٥
ساڵاندا شوو بکات کە تووشی پەیوەندیی سۆزداریی نەبێتەوە و کەس بە نیازی
پەیوەندی و خراپ بە کارهێنانی نەبێت.»
شەهێن، ٢٧ ساڵە
گوندی پیرعەلی - ورمێ

نەریتێک بە توندییەکی زۆرەوە سنووردار و کەم دەبێتەوە، چوونکە ئیشی ناو ماڵ، منداڵداریی و نۆڕمی کۆمەڵایەتی، هاوسەرگیری و خوێندن بە ناسازگار دەزانن (میسۆر و هاوکاران، ١٣٨٢). فێربوونی توانای ماڵداریی کاریگەری لە سەر خوێندنی فەرمیی دادەنێت. لە

زۆربەی حاڵەتەکاندا هۆکارگـەلێک دەخرێتـە ڕوو کـە لـە لایـەن پیـاوانی کۆمەڵگاوە قبووڵ و پەیوەست کراوە و ژنانی کۆمەڵگاش ملکەجی بـوون. زۆر جار ئەوە باوک، برا یان ئەندامانی دیکەی پیاوی بنەماڵەن کـە بڕیـاری خوێنـدن وەک لادانێکـی کۆمەڵایـەتی دەبیـنن کـە هەڕەشـەیە بـۆ سـەر پاکداوێنی کچان.



پارێزگا لە حەشیمەتی کورد زمان و تورک زمانی .پێک هاتووە.
وێنە: کامیل ئەحمەدی

«من لەم لێدوانانەدا ناچمەوە سەر کتێب و وانە ئاینییەکان. ئاشکرایە ئاینی ئیسلام گەنجان هان دەدا کە لە تەمەنی کەمدا هاوسەرگیری بکەن و سوورە لە سەر ئەوەی کە بنەماڵەکان ئاسانکاری بۆ هاوسەرگیری ڕۆڵەکانیان بکەن. من وەکوو خۆم لەو بڕوایەدام کە بە ئاوڕدانەوە لە لێکەوتە مەترسیدارەکانی هاوسەرگیری پێشوەختە و بە ڕەچاو کردنی هەلومەرجێک کە کۆمەڵگای ئەورۆ تێیدا دەژی، هاوسەرگیری پێشوەختە زیانی جەستەیی، زایەندی و دەروونی بۆ منداڵان ساز دەکات. هەر بۆیە

بەندە لەو بۆچوونەدام کە تەمەنی کەم تەنیا لە کاتێکدا زەرووری و تاکە ڕێگە چارە بێ،
حاشاهەڵنەگرە. من هەمیشە بە کوڕەکانم (کچم نییە) دەڵێم بچن دڵداریی بکەن.
عەشق جوانە، مرۆییە. بەڵام وریا بن خراپ بەکارهێنەر نەبن و سنوورەکان نەبەزێنن
چوونکە زیانی زیانبەخشی کەلتووری و کۆمەڵایەتی بۆ کچان دەنێتەوە.»
مەلا حاجی سەید حەسەن واژی - مەلای پێشنوێژی مزگەوتی عەشەرەی موبەشرە
پیرانشار، ئازەربایجانی ڕۆژاوا

سەیر لەوەدایە ئەو دایکە گەنجانەی وا خۆیان پاشماوەی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵانن، بە ڕێگە نەدان بە درێژەدان بە خوێندن و دیکەی بژاردەکانی ژیانیان ئەم میراتە بۆ کچەکانیان دەگوازنەوە. هۆکارێکی سەرەکی باو ئەوەیە کە ژنان لە ڕەوتی بڕیارداندا سڕێنراونەتەوە، کە ئەمە کاریگەری لە سەر ژیانی خۆیان، تەندرووستیی زایەندی و خۆشگوزەرانیان داناوە. ئەوان لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە پێگەی ژن لە ناو چوارچێوەی دیوارەکانیماڵێکدا پێناسە دەکات. زۆرێک لە ژنان لایەنگری هاوسەرگیری منداڵانن، چوونکە بژاردەیەکی تریان بۆ نییە. منداڵ هاوسەریی تاکە شتێکە کە دەیزانن. منداڵ بووکەکان لە هەڵبژاردنی ئەوەی کە چ کاتێ و لەگەڵ کێ هاوسەرگیریی بکەن، هیچ ڕۆڵێکیان نییە و کەمترین کاریگەرییان لە سەر مێرد و بنەماڵەیان خەزووریان هەیە کە ئەمە بە مانای نەبوونی هەل بۆ گەشە و چوونەسەرەوەی وشیاریان لە مەڕ مافەکانیانە کەواتە ناتوانن ئیدعای هیچ ماف و خوازیاری هیچ چاوەڕوانییەک بن. هاوسەرگیریی کردن بە ڕۆڵەکانیان لە تافی منداڵیدا بۆتە بەهایەکی کۆمەڵایەتیی ئارمانی.


ڕۆڵی ژێرخانی بەهێز، بەرنامە و پشتیوانییە تەندرووستییەکان، هەروەها دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری تەندروستی و لەشساغی کە

دژی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵانە، دەتوانێ لە سەر گەیاندنی زانیاری سەرەتایی بە خەڵک لە مەڕ نەخۆشی زایەندیی، هەوکردن، پرسەکانی ژنان، برینی زاین و پرسەکانی پەیوەست بە ژنان کاریگەری ئەرێنیی هەبێت. ئەمە گرینگترین یەکەمایەتییەکانە. هەندێ لە گوندەکانی وەک دەرین قەڵا لە ورمێ، دەستیان بە هیچ کلینیک یان ناوەندێکی تەندرووستی ناگات و ئەمە وای کردووە کە دانیشتووانی ئەم ناوچە ناچار بن لە حاڵەتی نائاساییدا سەردانی شارەکانی دەوروبەر بکەن. لە هەندێ لە گوندەکانی وەک دۆڵی قاسملوو دیسانیش لە شاری ورمێ، بوونی ناوەندی تەندرووستی بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاریی دانیشتووان. بۆ نموونە بە دابین کردنی کەرەسەی پێشگری لە دووگیان بوون لەوانە حەب و کاندۆم و نامیلکەی فێرکاریی، ژنان لەم گوندە سەبارەت بە پرسەکانی پەیوەندیدار بە ژنان ئاستی زانستیان لە بەرزە. لە ئەنجامدا بۆ منداڵەکانیشیان لە ئاستێکی بەرزتری ئاسانکاری فێرکاریی سوودمەند بوو و ئەواینش زیاتر هۆگری درێژەدان بە خوێندن بوون. ڕێژەی منداڵ و منداڵ خستنەوە لەم گوندەدا کەمبوونەوەی بە خۆوە دیوە کە ئەمە ئیدعای پێشکەوتن و گەشە سەندنی لەم ساڵانەی دوایی بەهێز کردبوو. دەبێ ئەم خزمەتگوزارییانە بە نرخێکی هەرزان و گونجاو بێ و بە ئاسانی بدرێ بە دانیشتووانی گوندەکان.

## دەستکەوتەکانی پێوانەکان


هاوسەرگیری ژێر تەمەنی ١٨ ساڵان لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا بەو جیاوازییە قووڵەی لە نێوان و کچان و کوڕان لە ماوەی ١٠ ساڵدا ملی لە کەم بوونەوە ناوە. ڕێژەی ئەو کچانەی وا خوار تەمەنی ١٨ ساڵان شوویان

کردووە بە ڕێژەیەکی زیاتر لە هی کوڕان زیـاترە. وێنەکـەی ژێـرەوە نیشـان دەدات کە لە هەر دوو زایەندا، پارێزگا ڕەوتی دابەزینی لە مـاوەی دەیـەی ڕابردوو گرتووەتە بەر.




چارتی ٣ـ٤١ ڕێژەی هاوسەرگیری ژێر تەمەنی ١٨ ساڵان لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا


بە گوێرەی وێنەکەی ژێرەوە ئاماری تەڵاق لە هەر دوو زایەندەکـەدا لـە سەر ئاستی پارێزگا ڕووی لە هەڵکشانە بـەڵام ئاسـتی ئـەم هەڵکشـانە لـە نێوان کچانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵان لە چاو کـوڕان زێـدەترە. ئەمـە ئـەوە دەگەیێنێیت کە ساڵانە ڕێژەیەکی زۆری منداڵان بێـوە دەبـن. ئـەم حاڵەتـە بەتایبەت ئەو کاتە زۆر بەدی دەکرێ وا کچۆڵەیـەک هاوسـەرگیری لەگـەڵ پیاوێک دەکا کە تەمەنی زۆر لە خۆی زیاترە. ناوە نیتکـەی کۆمەڵایـەتی و حەیا تکانێک کە بەرهەمی تەڵاقە، و ئـەو پێگـەی وا ژنـان لـە کۆمـەڵگادا هەیانە، زۆرێک لە کچان ناچار بە تەنیا ژیان بە سەر بـردن و پێگەیانـدنی منداڵەکانیان بە بێ پشتیوان دەکات.




چارتی ٣ـ٤٢ ڕێژەی تەڵاق لە تەمەنی ژێر ١٨ ساڵان لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا

بێوەژن بوون یەکێک لە پرسەکانی مافی مرۆڤ و زایەنـدی چاوپۆشـی لێ کراو لە ناو پێکهاتەی هاوسـەرگیری پێشـوەختەیە. ئەمـە بەتایبـەت لـە ناوچـە گوندییـەکان، ئـەو شـوێنەی کـە داب و نـەریت و تێگەیشـتنی جیاکارییانە لە یاسای ئاینییەکان باڵادەستە و نەبوونی تەمەنی یاسایی نوێ بۆ هاوسەرگیری تێدا بەدی دەکرا ڕێژەکەی زۆربوو. لێکەوتـەکانی بێـوەژن بوون بریتییە لە دوورخرانەوەی کۆمەڵایـەتی، وابەسـتە بـوونی ئـابووریی، کەوتنە پەراوێز و هەڵاواردنی یاسایی، تەنگەژەی سیاسـی و لادانـی مافـە مرۆییەکان. هەموو ئەم دەرهاویشتانە ئەو کاتەی وا پێمـان وایـە منـداڵێک بەرەو ڕووی بۆتەوە سەختتر و زۆرتـر دەبێـت (گـۆ دارد، ب.ت.). منـداڵ بێوەیی میراتی منداڵ هاوسەرییە.


وەک لە وێنەکـەی ژێـرەوە دەبینـن، بـەراوردی ڕێـژەی هاوسـەرگیری پێشوەختەی ژێر تەمەن ١٨ ساڵان لەگەڵ کۆی هاوسەرگیرییەکانی پارێزگا لە پێوەرێکی ١٠ ساڵەدا بەردەوام لە نێوان ٣٠ بۆ ٤٠ لە سەد بووە.




چارتی ٣ـ ٤٣ بەراوردی هاوسەرگیریی پێشوەختە لەگەڵ کۆی هاوسەرگیری لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا

تەمەنی وڵامدەران زیاتر لە نێوان ١٩ بۆ ٢٥ساڵان بوون کە تێیدا ٧٠ لە سەد ژن و ٣٠ لە سەد پیاو بوون. ٧٠٫٨ لە سەدیان لەگەڵ هاوسەر یان مێردەکانیان دەژیان و ئەوانی دیکە ٢٢٫٩ لە سەد لەگەڵ ماڵی خەزووریان. بە گوێرەی نموونە گیری بە هەڵکەوتی بە کارهێنراو، ٥١٫٢ لە سەدی وڵامدەران کورد و ٤٧٫٩ لە سەدیان تورک بوون. زمانی باوی ئەم پارێزگایە کوردیی (٥٦٫٣ لە سەد) و تورک (٤٣٫٨ لە سەد)ـە. ئاستی خوێندەواری وڵامدەرانی هەر دوو ئێتنیکەکە لە ئاستێکی نزمدا بوو (تەنیا ٢٧٫١ لە سەدی دایکان و ٣٥٫٤ لە سەدی باوکان توانای خوێندنەوە و نووسینیان هەبوو). ٦٢٫٥ لە سەدی وڵامدەران خەریکی ئیشی ناو ماڵ و منداڵداریی بوون و ١٠٫٤ لە سەدیان ئیشی ئازادیان هەبوو. هیچ کام لە وڵامدەران لە کاتی توێژینەوەدا خەریکی خوێندن نەبوون و هۆی سەرەکی وازهێنان لە خوێندنیان نەبوونی قوتابخانە لە نزیک گوندەکەیان بوو.


بەرزترین ئاستی خوێندەواریی لە زۆرینەی کەسەکاندا (١٢٫٥ لە سەد) پۆلی دووهەم و پۆلی پێنجەم (١٢٫٥ لە سەد) لە قوتابخانەی سەرەتایی بوو. لە ناو وڵامدەران، ٦٢٫٥ لە سەد واجبە ئایینییەکانیان ڕادەپەڕاند و ٧٧٫١ لە سەدیان لە لە تەمەنی ١١ ساڵانەوە ئەم واجبانەیان دەست پێکردبوو.




چارتی ٣ ـ ٤٤ هۆکاری وازهێنان لە قوتابخانە لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا

## زک و زای ژنان

٦١/٨ لە سەدی ژنان لانیکەم جارێک منداڵیان خستبووەوە و زۆربەیان پاش زاین زیاتر لە لایەن بنەماڵەی خەزووریان چاودێری کرا بوون. مامناوەندی تەمەنی ئەم دایکانە ١٧ (٢٠/٦ لە سەد) بوو. زاینی درێژماوە قەیراناویترین کێشەیەک بوو کە ژنان لە کاتی منداڵخستنەوەدا تووشی دەبوون. زانستەکەیان لە مەڕ تەندرووستی و نەخۆشی ژنانە لەوانە برینی زاین لە ئاستی مامناوەند و لە هەندێ لە گوندەکاندا سەرتر لە ئاستی مامناوەند بوو.



چارتی ٣ـ٤٥ تەمەنی ژنان لە کاتی یەکەمین زاین لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا


## بە باوک بوونی پیاوان

زۆرینەی وڵامدەرانی پیاو (٧٤٫٤ لە سەد) خاوەن ٣ منداڵ بوون و زۆریان لە تەمەنی ١٧ ساڵاندا بوون بە باوک (٣٥٫٧ لە سەد). زۆرینەیان ٧١٫٤ لە سەدی پیاوان گەرەکیان بوو هەر لەو کاتەدا منداڵیان ببێت بەڵام ٢٨٫٦ لە سەدیان پێیان باش بوو کە ئەم بابەتە لە داهاتوودا ڕوو بدات. وڵامدەران لە بارەی مەترسییەکانی سەر ژنانی دووگیان زانیارییان نەبوو و ٢٨٫٦ لە سەدیان باوەڕیان وا بوو کە خوێنڕێژیی زیاترین حەڕەشەیە بۆ سەر تەندروستیی دایکان لە کاتی زاین. ٥٧٫١ لە سەدی پیاوانی دیکە هەتا هەنووکە گوێبیستی برینی زاین نەبوون.

## هاوسەرگیری و بڕیاردان

٣٧٫٥ لە سەدی وڵامدەران ڕایانگەیاند کە لە کاتی هاوسەرگیریاندا لە ئاهەنگی خۆیاندا بەشدار نەبوون و کەسێکی تر لە بری ئەوان

ئاهەنگەکەی بەڕێوە بردووە. ١٢٫٥ لە سەدی هاوسەرگیرییەکەیان هەرگیز تۆمار نەکرا بوون. لە ٦٢٫٥ لە سەدی حاڵەتەکان کەسێکی ناوبژیوان ئامادە کاری بۆ هاوسەرگیری دەکرد و ٧٩٫٢ لە سەدیان لە لایەن بنەماڵەکەیانەوە مەراسیمی دەزگیرانداریی فەرمییان بۆ گیراوە.





چارتی ٣ـ٤٦ زۆریی جۆرەکانی هاوسەرگیری لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا

دەرکەوت کە لە ٧٥ لە سەدی حاڵەتەکاندا وڵامدەران دەیانزانی کە هاوسەرگیری دەکەن، لە حاڵێکدا ٢٥ لە سەدی کەسەکان نەیاندەزانی لەگەڵ کێ هاوسەرگیری دەکەن. ٤١٫٧ لە سەدی وڵامدەران لە ئەنجامی هاوسەرگیری خۆیان ڕازین، ٥٢٫١ لە سەد کەمتەرخەم، ٤٫٢ لە سەد نارەحەت و ٢٫١ لە سەد بە هۆی ئەوەی نەیاندەتوانی درێژە بە خوێندن بدەن تووڕە بوون. تەنیا ٣٥٫٤ لە سەدی وڵامدەران پێیان خۆش بوو ڕۆڵەکانیان بە پێی هەمان داب و نەریت کە خۆیان هاوسەرگیرییان کردبوو، زەماوەند بکەن.

١٨٨ لە سەدی وڵامدەران خوازیاری تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی هاوسەرگیری بە پێی بڕیاری بنەماڵەکانیان بوون بەڵام نەیانتوانی ئەم کارە بکەن. کۆی ٨٧٫٥ لە سەدی هاوسەرگیرییەکان بریتیی بو لە جیاز و لە

٨/٣ لە سەدی هاوسەرگیرییەکاندا شیربابییشی لە خۆ گرتبوو. بۆ ژنان، مامناوەندی تەمەنی لە کاتی مارەبڕین ١٥ ساڵان (٢٧/١ لە سەد) و ١٣ و ١٤ ساڵان (هەر دووکیان ١٢/٥ لە سەد) بوو. زۆربەیان شوویان بە پیاوانێک کردبوو کە لانیکەم ١٠ ساڵ لە خۆیان گەورەتر بوو. هیچ کام لە ئافرەتەکان بەر لە هاوسەرگیری نەچبوونە قوتابخانە و هەر بەم پێیە هیچیان بەڵێنی خوێندنی پاش هاوسەرگیرییان پێ نەدرا.




چارتی ٣ـ٤٧ ئاستی ڕەزامەندیی لە ژیانی هاوسەرگیری لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا

## ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕاهێنانی زایەندیی و پەیامی ڕێگریانە لە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا وڵامدەران زانیاری جنسییان لە ڕێگەی ئەندامانی گەورەتری بنەماڵە (٦٢/٥ لە سەد) یان لە ڕێگەی کەناڵە سەتەلایتییەکان (١٦/٧ لە سەد) وەدەست هێنا بوو. زۆربەی وڵامدەران لەو باوەڕەدا بوون کە قازانجێکی ئەوتۆ لە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵاندا نییە. وەک پێشتری لە پارێزگاکانی دیکەدا بەدی کرا، ٣١/٣ لە سەدی وڵامدەران هەرگیز لە هیچ کوێ سەبارەت بە بەرەنگار بوونەوەی هاوسەرگیریی

منـداڵان هیچیـان نەبیسـتبوو. ٤٦٫٦ لـە سـەدی کەسـەکان خوازیـاری وەسـتاندنی هاوسـەرگیریی منـداڵان بـوون بـەڵام ٢٢٫٩ لـە سـەدی حاڵەتەکانـدا دەنگیـان بـە بـەردەوامبوونی دا و لـەو بـاوەڕەدا بـوون کـە هاوسەرگیریی پێشوەختە بەستەگی بە فاکتەرگەلی وەک جەسـتەی لـەش و کلتوری بنەماڵەوە هەیە. ٩١٫٧ لە سەدی کەسـەکان نەیانـدەزانی تەمـەنی یاسـایی هاوسـەرگیریی بـۆ کچـان و کـوڕان چەنـدە. ١٦٫٧ لـە سـەدی کەسەکان پێیان وا بوو تەمەنی ١٥ساڵ بۆ هاوسەرگیریی کچان ١٥ سـاڵان و ٢٠ ساڵان بۆ هاوسەرگیریی کوڕان زۆر زووە و زۆربەیان ڕایانگەیاند کـە تەمەنی ئایدیال بۆ هاوسەرگیری ڕۆڵەکانیان ٢٠ ساڵانە (٢٥ لە سەد).

## ڕوانگە جنسییەکان


شیکاریی و شرۆڤەی ڕوانگە جنسی یا زایەندییەکان بە سەرنج خستنە سەر ژنان و ڕۆڵیان لە بڕیاردانەکان گوزارشت لـە بـوونی جیـاوازیی زۆر بـوو. خەسـار هـەڵگری ژنـان ڕیشـەکەی دەچێتـەوە سـەر تـافی مێرمنـداڵیی. سەرکەوتنی کەمی خوێندن بە دەرهاویشتە درێژماوەکانی لە بواری هـەلی کار لە گەڵ هاوسەرگیری پێشـوەختە تێکـەڵ دەبێـت. پاراسـتنی ئـابڕووی بنەماڵە بە هاوسـەرگیری کردنـی پێشـوەختەی کچـە پاکیزەکـان لـە سـەر تەوەری نەریتی منداڵ هاوسەریدایە و ئەنجامەکانمان ئەوە پیشان دەدا کـە لەم پارێزگایەدا پاکیزە بوون لە هاوسەرگیریدا لە بابەتە هـەرە گرینگەکانـە. دەتوانین ئەم ڕوانگە لە وێنەکەی ژێرەوە بەدی بکەین کە ٨٥٫٤ لە سـەدی کەسەکان باوەڕیـان بـە پـاکیزەیی و کچێتـی بـەر لـە هاوسـەرگیری بـوو. وڵامدەران بۆ مافی کچ لە هـەڵبژاردنی هـاوژینی ژیانیـان ڕەزامەندییـەکی ئەوتۆیان نیشان نەدا (تەنیا ٧ لە سەد)ـی ئەمانە ئەم مافەیان بە کوڕان دەدا.

ڕۆڵی جنسی پێ سپێردراوە و ئاشکرا و دیار بووە. بەو پێیەی هاوسـەرگیری پێشوەختە پێگەی ژن لە ماڵدا پێناسە دەکات و توانای بڕیـاردانی سـنوردار دەکاتەوە، ژنان وەک بەرپرسی ئیشی نـاو مـاڵ سـەیر دەکـرێن. ٣/٨١ لـە سەدی ئەم کەسانە بڕوایان وا بوو کە ئیشی ناو مـاڵ و چـاودێری منـداڵان تەنیا و تەنیا ئەرکی ژنە.

بە هەمان شێوە، چارتەکەی ژێرەوە ئەوە پیشـان دەدا کـە ژنـان نـاتوانن بڕیاری کۆتایی لە مەڕ ئەوەی کە چ کاتێک و چەند دانە منـداڵیان هـەبێت لە ئەستۆ بگرن. ئەمە کاریگەرییەکی نەرێنی لـە سـەر توانـای بڕیاردانیـان دادەنێت. ئەمە بە واتای بڕیاری هاوبەشی ژن و مێرد و یان بڕیاری پیاو بـە تەنیاییە. بڕیاری بچووکی ناو مـاڵ زیـاتر لـە لایـەن ژنانـەوە دەردەکرێـت (٩/٤٧ لە سەد).




چارتی ٣ـ٤٨ هاودەنگیی لەگەڵ ڕوانگە جنسییەکان لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا




چارتی ٣ ٤٩ بڕیاردانەکانی ناو ماڵ لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا


## توند و تیژی جنسی دژ بە ژنان

هەموو وڵامدەران ڕایانگەیاند کە هیچ کات بە پێچەوانەی خواستی خۆیان لە لایەن پیاوێکەوە دەستیان لێ نەدراوە و ٩/٥ لە سەدی ئەم کەسانە بە بێ خواستی خۆیان پیاوێک دەستی لێداون. ٥٢/٩ لە سەدی ژنان ناچار بە جووتبوون لەگەڵ مێردەکانیان کراون بە بێ ئەوەی توانای چەنە لێدان یان دەربڕینی هەستی خۆیان هەبێت. هەستی سەبارەت بەوەی کە ئەم تێکەڵبوونە نەخوازراوە بریتی بوو لە ناڕەحەتی (٢٦/٥ لە سەد) و بێزاریی (٢٠/٦ لە سەد)، تووڕەیی (٩/٥ لە سەد) و چێژ (٢/٩ لە سەد). ڕێژەی ئەو ژنانەی کە لەگەڵ مێردەکانیان بەدڕفتاری یان هەڕەشەیان لێ کردبوو بە ڕیز ٦٤/٧ لە سەد و ٤٤/١ لە سەد بوو.




چارتی ٣ ٥٠ هەستی ژنان بۆ تێکەڵبوونی ناچاریی لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا

## توند و تیژی ناو ماڵی پیاوان




چارتی ٣ ـ ٥١ توند و تیژیی ناو ماڵی پیاوان لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا

## ٦. هورمزگان

### سنووری جوگرافیایی



پارێزگای هورمزگان لە باشوورەوە هاوسنووری پارێزگاکانی فارس، کرمان، عوممان و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبییە. بە پێی دواسەرژمێری لە ساڵی لە ساڵی ١٣٩٣ حەشیمەتی ئەم پارێزگایە ملیۆنێک و ٦٧٦ هەزار کەسە (١٦٧٦٠٠٠) (ساڵنامەی ئاماریی، ١٣٩٣). ئێتنیکەکانی فارس، عەرەب و بەلووچ حەشیمەتی ئەم پارێزگایە پێک دێنن. دراوسێتی ئەم پارێزگایە لەگەڵ قەتەر، دووبەی، عومان و یەمەن کاریگەری کەلتووریی و ئابووری لە سەر ئەم پارێزگایە بووە. بەشە باشوورییەکانی پارێزگا و دوورگەکانی زۆرینە موسڵمانی سونی مەزهەب و بەشە باکوورییەکانی شیعەن. پارێزگای هورمزگان پلەی سێیەمی لە هاوسەرگیری لە گرووپی تەمەنی ١٠ بۆ ١٤ ساڵ هەیە و یەکێکە لە بێبەشترین پارێزگاکانی وڵاتی ئێران بە ئامارێکی زۆری مەرگی دایکانەوە.

## پێداچوونەوەیەک بە بەڵگەکان

باوەڕێکی باو لە پارێزگای هورمزگان هاوشێوەی دیکەی ناوچە ئوستووایییەکان ئەمەیە کە گەرما و پلەی گەرما گەشە و باڵقبوونی کەسەکان خێراتر دەکاتەوە. هەر بەم پێیە کچان خێراتر گەشە دەکەن و لە ڕووی جەستەیییەوە هێندەی پێویست باڵق دەبن کە لە تەمەنی کەمدا هاوسەرگیری بکەن. ئەم حاڵەتە تەنانەت ئەو کاتش دەگرێتەوە کە تەمەنی کەسەکە فاکتەری دیاریکەرەوەی هاوسەرگیری نییە. پاساوی ئیسلامی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان ئەوەیە کە دەبێ کەسەکە هەرچی زووترە لەم دۆخەدا هاوسەرگیری بکات. بە پێچەوانەی ئەوەی لە پارێزگاکانی دیکە لە ناو چوارچێوەی یاسای ئیسلامییەکاندا بەدی کرا، زۆربەی خەڵکی ئەم پارێزگایە گرینگییەکی ئەوتۆ بە زۆر بوونی ڕێژەی مارەیی نادەین.



پارێزگای هورمزگان، زیاترین پارێزگا لە ڕێژەی باوبوونی خەتەنەی مێینە و پێنجەمین پارێزگا لە ڕووی باوبوونی هاوسەرگیریی منداڵی .وێنە: کامیل ئەحمەدی

«من زانایەکی ئایینی و کچی زانایەکی ئاینیی و وانە بێژی زانستە قورئانییەکانم. بە گوێرەی یاساکانی قورئانی پیرۆز پێشنیار بۆ هاوسەرگیری پێشوەختە کراوە. لە ڕووی عورفی و کەلتوورییەوە من لەو باوەڕەدام کە کچان و کوڕان هاوشێوەی ئاگر و لۆکەن

که دەبێ لێک دوور بکرێنەوە. بڵێسەی ئەم گڕی تاوانە بە هاوسەرگیری پێشوەختە زووتر دەکوژێتەوە.»

مەولەوی ئامینە ڕستگار

زانای ئاینی شاری جاسک، پارێزگای هورمزگان

بە پێچەوانەی کەم بوونی پێداگری کردن لە سەر مارەیی، ئـەم تێچـووە زیـاتر تـەرخانی ئاهـەنگی هاوسـەرگیری و دابـین کردنـی ژووری پـەردە (ژوورێک کە ژن و مێرد شـەوی یەکـەمی هاوسـەرگیرییان لـەوێ دەبـن) دەبێت. بەشێکی زۆری ئەم بڕە پارە تەرخانی ڕازاندنەوەی شکۆمەندی ژوو پەردە لە ماڵی باوکی بووک دەبێت. لە هەندێ لە ناوچەکانـدا بـە گـوێرەی داب و بــەهای کۆمەڵایــەتی ژن و مێــرد لــەم ژوورەدا مــاوەی ٤٠ ڕۆژ دەمێننەوە. لە هەندێ لە دەڤـەرەکانی ئـەم پارێزگایـەدا بـە جێهێشـتنی ئـەم ژوورە بەر لـە کۆتـایی هـاتنی کـاتی دیـاری کـراو شـتێکی قێزەونـە و لـە سـۆنگەی کۆمەڵایەتییــەوە وەک بێئــەدەبی و پەســند نــەکراو لــە قەڵــەم دەدرێت. پێداویستی ژن و مێرد وەکوو خۆراک و پۆشاکیان بۆ دابین دەبێ بۆ ئەوەی ئەوان بتوانن ماوەی ئەم چل ڕۆژە لەو ژوورەدا بمێننەوە.


داب و نەریتی دابین کردنـی جیـاز بـە پێـی ڕێککـەوتنی بنەماڵـەکان ئەنجام دەدرێـت. بـەڵام زیـاتر زاوا و بنەماڵەکـەی جیـاز دابـین دەکـەن و بنەماڵەی بووکیش لە کڕینی شـمەک و کـەل و پـەلی نـاو مـاڵ هاوکـاری دەنوێنن.




ژووری پەردە لە دووڕگەی قیشم، پارێزگای هورمزگان.
وێنەم .مەعارف وەند

## دەستکەوتەکانی پێوانەکان

هاوتەبا لەگەڵ داتا وەدەست هاتووەکانی پارێزگاکانی دیکە، پارێزگای هورمزگانیش ڕەوتی ڕوو لە دابەزینی لە کۆی ڕێژەی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵاندا هەیە. جیاوازییە زایەندییەکان هێشتا زۆرە. وەک لە چارتی گۆڕانەکانی دەیەی ڕابردوو لە ڕێژەکانی هاوسەرگیری نیشانی دەدا، باوبوونی منداڵ هاوسەریی لە پارێزگای هورمزگان دەستی پێکرد و هێدی هێدی ملی لە کەم بوونەوە نا. لە بەرامبەردا ڕێژەکانی تەڵاق لەم پارێزگایە ڕووی لە هەڵکشانە. کچانی ژێر تەمەنی ١٨ساڵان دەبنە ژنی تەڵاق دراو و ئەم ڕەوتە ساڵ لەگەڵ ساڵ پەرە دەستێنێت.





چارتی ٣ـ٥٢ زۆریی هاوسەرگیری ژێر تەمەنی ١٨ ساڵان لە پارێزگای هورمزگان




چارتی ٣ـ٥٣ زۆریی تەڵاق لە تەمەنی ژێر ١٨ ساڵان لە پارێزگای هورمزگان

چارتەکەی ژێرەوە بەراوردی هاوسەرگیری منداڵان لەگەڵ کۆی هاوسەرگیری لە پارێزگای هورمزگان لە ماوەی دەیەی ڕابردوو نیشان دەدات. وەک داتا پیشان دراوەکانی چارت دەری دەخەن، هاوسەرگیری منداڵان هەرگیز کەمتر لە ٣٠ لە سەدی کۆی هاوسەرگیرییەکانی پارێزگا نەبووە.





چارتی ٣ـ٥٤ بەراوردی هاوسەرگیری پێشوەختە لەگەڵ کۆی هاوسەرگیری لە پارێزگای هورمزگان

## پێش زەمینە

وڵامدەران زیاتر لە سنووری تەمەنی نێوان ٢٦ بۆ ٢٩ ساڵ بوون (بە ڕیز ٢١٫٦ و ١١٫٨ لە سەد) بوون کە لەم نێوەندەدا ٨٢٫٤ لە سەدیان ژن و ١٧٫٦ لە سەدیان پیاو بوون. پێکهاتەی بنەماڵەی کەسەکان پاش هاوسەرگیری نیشانیدا کە ٣٥٫٣ لە سەدی وڵامدەران لەگەڵ مێرد یان ژنەکانی خۆیان و ٢٧٫٥ لە سەد لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەی هاوژینەکەیان دەژیان. بە بە کارهێنانی شێوازی نموونەگیری بەهەڵکەوت، وڵامدەران لە ناو ئتنیکەکانی بەندەریی (٥١ لە سەد) و فارس (٤٩ لە سەد) وەدەست هاتن. زمانی باو بۆ ٩٦٫١ لە سەدی وڵامدەران زمانی فارسی بوو.

ئاستی خوێندەواریی وڵامدەران ٥٤٫٩ لە سەد بۆ دایک و ٣٥٫٣ لە سەد بۆ باوکان ڕاپۆرت درا. هەموو وڵامدەران خوێندەوار بوون و تەنیا ٥٫٩ لە سەدیان لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەدا خەریکی خوێندن بوون. زۆربەی کەسەکان (٤١٫٢ لە سەد) خوێندنیان هەتا پۆلی

دوانزەهەم (دواناوەندی) درێژە پێدا بوو و یـان هـەتا ناوەنـدی (١٩٫٦ لـە سەد). سەرەکیترین هۆکاری وازهێنان لە قوتابخانە لە ڕوانگەی وڵامدەران هاوسەرگیری کردن بوو (٣١٫٤ لە سەد).




چارتی ٣ ـ ٥٥ هۆکاری وازهێنان لە قوتابخانە لە پارێزگای هورمزگان

زۆربـەی وڵامـدەران خـەریکی ئیشـی نـاو مـاڵ و چـاودێری کردنـی منداڵەکان (٥٤٫١ لە سەد) و یان ئیشی ئازاد (١٩٫٦ لە سەد) بوون. هـەر هەموو ئەم کەسانە موسڵمان و شیعە بوون و لە ناویاندا ٨٠٫٤ لە سـەدیان لە تەمەنی ٩ ساڵانەوە واجبە ئاینییەکانیان بە جێ هێنا بوو.

زک و زای ژنان

٨١ لە سەدی ژنان لانیکەم جارێک منـداڵیان خسـتبووەوە (٢٦٫٢ لـە سەد) و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پاش زاین زیاتر لە لایەن بنەماڵەی خۆیان (٤٥٫٢ لە سەد) و یان ماڵی خەزووریان (٢٦٫٢ لە سەد) چاودێری کـرا بوون. مامناوەندی تەمەنی ئەم دایکانە ٢٠ ساڵان بـوو (١٦٫٧ لـە سـەد). خوێنڕێژی لە ڕادەبەدەر لە قەیراناویترین کێشەی کاتی منداڵخستنەوە بوو.

زانستی ئەم ژنانە لە مەڕ تەندرووستی و نەخۆشییەکانی خۆیان لەوانە برینی زاین و هەروەها کەرەسەی پێشگری لە دووگیانی و کاندۆم لە ئاستێکی زۆر ئاساییدا بوو.





چارتی ٣ ٥٦ تەمەنی ژنان لە کاتی یەکەمین زاین لە پارێزگای هورمزگان

**بە باوک بوونی پیاوان**

زۆرینەی وڵامدەران پیاو (٧٧٫٨ لە سەد) لانیکەم خاوەن ٢ منداڵ بوون و بە شێوەی مامناوەند بۆ یەکەم جار لە تەمەنی ١٧ساڵاندا بوون بە باوک (٣٣٫٣ لە سەد). زۆرینەی پیاوان (٥٥٫٦ لە سەد)ی پیاوان لە کاتی یەکەم ساتەوەختی لە دایکبوونی منداڵەکانیان دەیانویست هەر لەو کاتەدا منداڵیان ببێت بەڵام ٢٢٫٢ لە سەدیان دەیانویست لە داهاتوودا منداڵیان ببێت و کەمینەیەکی ١١ لە سەدی پیاوان بە هیچ چەشنێک نەیاندەویست منداڵیان ببێت. زۆرێک لە وڵامدەرە پیاوەکان ٨٨٫٩ لە سەدیان ئیدعای ئەوەیان دەکرد کە لە بارەی ئاسەواری مەترسیدار لە ژنانی دووگیاندا زانیارییان هەیە و ٢٢٫٩ لە سەدیان باوەڕیان وا بوو کە زیاترین مەترسی و ڕیسکی تەندرووستی زۆر لە کاتی دووگیان بووندایە.

## هاوسەرگیری و بڕیاردان


٩٠٫٢ لە سەدی وڵامدەران لە کاتی هاوسەرگیریاندا لە ئاهەنگی خۆیاندا بەشدار بوون و بەڵام لە ناویاندا ١٣٫٧ لە سەدی وڵامدەران لـە ئاهـەنگی هاوسەرگیریاندا بەشدار نەبوون و کەسێکی دیکە لە بری ئـەوان بەشـداری کردووە. لە ٣٩٫٢ لە سەدی حاڵەتەکانـدا بڕیـاردان بـۆ هاوسـەرگیری لـە لایەن بنەماڵەی وڵامدەر دەرکرا بوو و نە لایەن بووک و زاوا. لـە ٧٠٫٦ لـە سـەدی حاڵەتەکانـدا کەسـێکی نـاوبژیوان هاوسـەرگیرییەکەی جێبـەجێ کردبوو و ٤٢٫١ لە سەدی کەسەکان لە لایـەن بنەماڵەکـەیان ئاهـەنگێکی هاوسەرگیری فەرمییان بۆ گیرا.




چارتی ٣ـ٥٧ باوبوونی ڕێژەی هاوسەرگیری لە پارێزگای هورمزگان

ئەنجامـە هاشـێوەکان ئـەو ئەنجامـە بـوو کـە دیکـەی پارێزگاکـان وەدەستمان هێنا. ٧٠٫٦ لە سەدی وڵامدەران ئاگایان لە ئامـادە کـاری بـۆ هاوسـەرگیرییەکەیان بـوو و ٢٩٫٤ لـە سـەدیان نەیانـدەزانی لەگـەڵ کـێ هاوسەرگیری دەکەن. ٥١ لە سەدیان وتیان لە کاتی هاوسەرگیری دڵخـۆش بوون. ١٩٫٦ لە سەدیان کەمتەرخەم و ١٩٫٦ لە سەدیش بە هۆی وازهێنان لە قوتابخانە لە زۆرەملێ  ناڕەحەت بـوون. ٥٦٫٩ لـە سـەدی وڵامـدەران

دەیانویست ڕۆڵەکانیان بە پێی هەمان داب و نەریت کە خۆیان هاوسەرگیرییان کردبوو، زەماوەند بکەن.




چارتی ٣ - ٥٨ ئاستی ڕەزامەندی لە هاوسەرگیری لە پارێزگای هورمزگان

٥٫٩ لە سەدی کەسەکان دەیانویست نەهێڵن هاوسەرگیری سەر بگرێ و لەم بارەوە ئەندامانی بنەماڵەکەیان دواندبوو بەڵام نەیانتوانی تێکی بدەن. کۆی ٦٫٧ لە سەدی هاوسەرگیرییەکان بریتی بوو لە جیاز و ٩٠٫٢ لە سەد مارەیی لە خۆ دەگرت بەڵام هیچ جێی سەیر نییە کە لە هەموو حاڵەتەکاندا، هیچ کام لەم تێچووە بۆ بووک خەرج نەکرا بوو. بە ڕێژەی مامناوەند تەمەنی کەسەکان لە کاتی یەکەمین دەزگیرانداری ١٨ساڵان (٢١٫٦ لە سەد) و ١٩ ساڵ (١٩٫٦ لە سەد) بوو. زۆرینەی ژنان هاوسەرگیریان لەگەڵ پیاوانێکی زۆر لە خۆیان گەورەتر کردبوو (٤٢٫٩ لە سەد) و زۆربەی پیاوان (٥٥٫٦ لە سەد) هاوسەرگیرییان لەگەڵ ژنانێک کردبوو کە لە یەک ئاستی تەمەنیدا بوون. ٢٢٫٢ لە سەدی ژنان بەر لە هاوسەرگیری کردن دەچوونە قوتابخانە و ٤٤ لە سەدیان بەڵێنیان پێ درا


بوو کە پاش هاوسەرگیری بۆیان هەیە درێژە بە خوێندن بدەنەوە.

## ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕاهێنانی زایەندیی و پەیامی ڕێگرییانە لە هاوسەرگیری منداڵان

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ڕاهێنانی جنسی یا زایەندی لە ڕێگـەی ئەنـدامانی گـەورەتری بنەماڵـە بـە کەسـەکان درا بـوو (٤٥/١ لـە سـەد). زۆربـەی وڵامدەران (٣٧/٣ لە سەد) لەو باوەڕەدا بـوون کـە قـازانجێکی ئـەوتۆ لـە هاوسـەرگیری لـە تەمـەنی کەمـدا نییـە. لـە حاڵێکـدا ١٩/٦ لـە سـەدی وڵامدەران ئەم بابەتەیان بە هۆکاری پتەو کەرەوەی پەیوەندییە بنەماڵەییەکان دەزانی. بە گشتی ٣٩/٢ لـە سـەدی کەسـەکان وتیـان کـە هاوسـەرگیری درەنگ وەخت دەبێتە هۆی ئاستێکی بەرزتر لە ڕاهێنان و تێگەیشتنی نێوان ژن و مێـرد و ١١/٨ لـە سـەدیان کـەم بوونـەوەی دووگیـان بـوونی مێر منداڵەکانیان وەک قازانجی هاوسەرگیری درەنگ وەخت دەزانی. ٥١ لە سـەدی کەسـەکان لـە ڕێـەگی تەلەڤیزیۆنـەوە پـەیامی پێشـگیرانەی هاوسەرگیری منداڵانیان بیستبوو. لە حاڵێکدا٢٧/٥لە سەدیان لە ڕێگـەی هاوڕێ و دۆست و دراوسێکانیان ئەم پەیامانەیان پێ گەیشتبوو. ٢٧/٥ لە سەدی کەسەکان خوازیاری وەستاندنی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان بـوون بـەڵام ٥١ لـە سـەدی وڵامـدەران ئەمـەیان بـە فاکتەرگـەلی دیکـە دەروەست دەکردەوە لەوانە ئەندازەی قەد و باڵای منداڵ. ٨٤/٣ لە سەدی وڵامدەران هیچ زانیارییەکیان لـە مـەڕ تەمـەنی یاسـایی هاوسـەرگیری بـۆ کچان و کوڕان نەبوو. زۆرینەی ٢٣/٥ لە سەدی کەسـەکان پێیـان وا بـوو تەمەنی ١٦ ساڵان بۆ هاوسەرگیری کچان و ٢٠ سـاڵان بـۆ هاوسـەرگیری کـوڕان زۆر زووە و زۆربـەیان لایـان وا بـوو کـە تەمـەنی یاسـایی بـۆ

هاوسەرگیری ٢٠ساڵانە.


## ڕوانگە زایەندییەکان




چارتی ٣ـ٥٩ هاودەنگی لەگەڵ ڕوانگە زایەندییەکان لە پارێزگای هورمزگان

پتر لە ٨٠ لە سەدی وڵامدەران لە پارێزگای هورمزگان باوەڕیان وا بوو کە پاکیزە بوونی بەر لە هاوسەرگیری بۆ کچان پێویستە. ١٦ لە سەد ڕایانگەیاند کە لێدانی ژنیش پێویست و زەروورییە. ئەندازە گرتنەکان ئەوەیان دەرخست کە ٧٠/٦ لە سەدی کەسەکان هەڵبژاردنی هاوژینیان

بۆ کوڕان قبـووڵ بـوو، بـەم حاڵـەوە پشـتیوانیان لـەو ئایدیایـە دەکـرد کـە کچانیش بتوانن هاوبەشی ژیان و کاتی هاوسەرگیری خۆیان دەستنیشـان بکەن (٦٢/٧ لە سەد).





چارتی ٣ـ٦٠ بڕیاردانەکانی ناو ماڵ لە پارێزگای هورمزگان

لە چارتەکەی سەرەوە بڕیارەکانی ناو ماڵ و چەندیی و چـۆنیی خـەرج کردنـی مووچـەی ژن تـاوتوێ کـرا و دەرخـەری ئـەوە بـوو کـە بڕیـارە بچووکەکانی ناو ماڵ لـە ئەسـتۆی ژن و یـان ژن و مێـرد هـەر دوویکانـە، سەبارەت بە بڕیارە گەورەترەکان، لە ٥٢/٩ لـە سـەدی حاڵەتەکانـدا ئـەوە مێردەکان بوون کە دوا قسەیان دەکرد.

## توند و تیژی زایەندی بەرامبەر بە ژن


زۆربەی ژنان (٩٧/٢ لە سەد) ئیدعای ئەوەیان کرد کە هیچ کـات بـە پێچەوانەی خواستی خۆیان لـە لایـەن پیاوێکـەوە دەسـتیان لـێ نـەدراوە. ٣٠/٦ لە سەدی ژنان ناچار بـە پەیوەنـدی زایەنـدی لەگـەڵ مێردەکانیـان کـراون و نـەیاتوانیوە هەسـتی خۆیـان دەربـبڕن. هەسـتی پەیوەسـت بـەم تێکەڵبوونە ناچارییە بریتی بوو لە ناڕەحەتی (١٦/٧ لـە سـەد) و تـووڕەیی

(۸٫۳ لە سەد). ڕێژەی بەدهەڵسووکەوتی لەگەڵ ژن، هەڕەشە لێ کردنی یان خستنە برنگەی شت بەرەو ڕووی ئەو ٦١٫١ لە سەد بوو.




چارتی ۳ـ٦١ هەستی ژنان پەیوەست بە تێکەڵبوونی ناچاریی لە پارێزگای هورمزگان

## توند و تیژی ناوماڵی پیاوان




چارتی ۳ - ٦٢ توند و تیژی ناو ماڵی پیاوان لە پارێزگای هورمزگان

## ٧. ئیسفەهان

### سنووری جوگرافیای توێژینەوە



پارێزگای ئیسفەهان دەکەوێتە بەشی ناوەنـدی وڵاتـی ئێـران و هـەموو ڕێگە سەرەکییەکانی لە چوار لای پەیوەندییەکان دەپسێنێت. ئەم پارێزگایـە لـە لایـەن پارێزگاکـانی سـیمنان، یـەزد، فـارس، کەهگیلوییـە و بوویـەر ئەحمەد، لوڕستان و قوم دەورە دراوە کە هەر کام لـەم پارێزگایانـە لـە ژێـر کاریگـەری تایبەتمەنـدی کۆمەڵا یـەتی و کـەلتوری پارێزگـای دراوسـێی خۆیان بەتایبەت لە شارە هاوسنوورەکانیاندان. بە پێـی دواسـەرژمێری لـە ساڵی لە ساڵی ١٣٩٣ حەشیمەتی ئەم پارێزگایە ٥ ملیۆن و ٧ هەزار کەسە (٥٠٠٧٠٠٠) (ساڵنامەی ئاماریی، ١٣٩٣). کە ئێتنیک و زمـانی زاڵیـان فارسی (بە شێوە زاری) ئیسفەهانییە. زۆربەی خەڵک باوەڕە نەریتییـەکانی خۆیـان پاراسـتووە و لـە هـەموو بـوارە کۆمەڵا یەتییـەکانی پارێزگـادا ئـەم پابەندێتییە بەدی دەکرێت. هەمە جـۆری ئێتنیکـی وەک تـورکی قشـقایی، لوڕی بەختیاریی و فارس هەمە جۆرییەکی بەرچاویان لە ڕووی کـەلتوور

و بەها لەم پارێزگایەدا بەدی هێناوە.




کاری مەیدانی لێدوان لەگەڵ ژنانی بەختیاری لە پارێزگای ئیسفەهان .
وێنە: کامیل ئەحمەدی


لە درێژەی جەنگی عێراق لەگەڵ ئێران، پارێزگای ئیسفەهان ڕووبەڕووی شەپۆلی هەزاران کۆچبەر بوو کە لە پارێزگای خووزستان و ناوچە سنوورییەکانی دیکەوە هاتبوون. ئەم پێشوازی کردنەی خەڵکی عەرەب، فارس، جوولەکە و ئەرمەنی لە خۆ دەگرت کە دەورێکی گرینگیان لە بێچمدانی پەڕسپێکتیڤی حەشیمەتیدا هەبوو. ئەم پارێزگایە شوێنێکی پارێزراو بە دوور لە ناوچەی جەنگی بوو. چڕبوونەوی کارخانەی پیشەسازی بوو بە ڕاکێشەرێک بۆ کۆچ کردنی کەسانی بێ ئیش و بێ ماڵ.

## ئەنجامەکانی پێوانەکان

چارتەکەی ژێـرەوە دەرخـەری بـاوبوونی هاوسـەرگیری پێشـوەختەی لـە ماوەی دەیەی ڕابردووە. وەک دەبینرێ ڕێژەی جیاوازی بە پێی زایەند، بـەو واتـا دێ کـە منـداڵ هاوسـەریی کچـان لـە هـی کـوڕان بـاوتر و زەقتـرە. لێکدانەوەکان دابەزینی ڕێژەی هاوسەرگیری منداڵان لە مـاوەی دە سـاڵدا پیشان دەدات. لە بەرامبـەردا ڕێـژەی تـەڵاقیش لـە پرەسـپێکتیڤی دەیـەی ڕابردوودا کێشراوەتەوە. دیارە ڕێـژەی تـەڵاق هەڵکێشـان یـان داکشـانێکی ئەوتۆ نیشان نادات. ئەم ڕێژە ساڵانە گـۆڕانی بـە سـەردا دێ بـەڵام نـە لـە ڕەوتێکی نەگۆڕدا.





چارتی ٣ـ ٦٣ زۆریی هاوسەرگیری ژێر تەمەنی ١٨ ساڵان لە پارێزگای ئیسفەهان




چارتی ٣ - ٦٤ بەراوردی هاوسەرگیری منداڵان لەگەڵ کۆی هاوسەرگیری لە پارێزگای ئیسفەهان

ڕێژەی هاوسەرگیری منداڵان بەردەوام لە نێوان ٢٠ بۆ ٤٠ لە سەدی ڕێژەی کۆی هاوسەرگیری بووە.





چارتی ٣ ٦٥ زۆری تەڵاق لە تەمەنی ژێر ١٨ ساڵان لە پارێزگای ئیسفەهان

## پێش زەمینە

وڵامدەران زیاتر لە سنووری تەمەنی نێوان ٢٥ بۆ ٢٦ ساڵ بوون کە لەم نێوەندەدا ٨٤/١ لە سەدیان ژن و ١٥/٩ لە سەدیان پیاو بوون و بە شێوازی نموونە گیری بە ڕێکەوت دەستنیشان کرا بوون. کۆی ٩٧/٧ لە سەدیان خێزاندار و تەنیا ٣/٢ لە سەدیان سەڵت بوون. وڵامدەران بە نوێنەرایەتی دوو ئێتنیکی فارس (٩٠/٩ لە سەد) و عەرەب (٩/١ لە سەد) هەڵبژێردرا بوون. بۆ ٣٨/٦ لە سەدی کەسەکان لە تەمەنی ٩ ساڵانەوە واجبە ئاینییەکانیان بە جێ دەهێنا. ئەنجامەکان ئەوە پیشان دەدەن کە لە کاتی توێژینەوە تەنیا ٢/٣ لە سەدی وڵامدەران خەریکی خوێندن بوون و هۆکاری وازهێنان لە قوتابخانە لە زۆربەی نموونەکاندا هاوسەرگیری پێشوەختە بوو. زۆرینەی وڵامدەران خەریکی ئیشی ناو ماڵ و چاودێری منداڵەکان (٥٤/٥ لە سەد) و ئیشی ئازاد (٢٥ لە سەد) بوون. زۆربەی وڵامدەران هەتا قوتابخانەی سەرەتایی درێژەیان بە خوێندن دا بوو و تەنیا ١٣/٦ لە سەدیان دەرفەتی ئەوەیان بۆ هەڵکەوت بوو کە هەتا پۆلی


هەشتەم بچنە قوتابخانە.




چارتی ٣ ـ ٦٦ هۆکاری وازهێنان لە قوتابخانە لە پارێزگای ئیسفەهان

زک و زای ژنان٥١٫٤ لە سەدی ژنان لانیکەم جارێک منداڵیان خستبووەوە (٩١٫١ لە سەد)یان پاش زاین زیاتر لە لایەن بنەماڵەی خۆیان چاودێری کرا بوون. ٣٧٫٨ لە سەدی ژنان دوو جار منداڵیان خستبووەوە. ١٦٫٢ لە سەدی وڵامدەرانی ئافرەت لە کاتی لە دایکبوونی یەکەم منداڵ تەمەنیان ١٨ساڵان بوو. ٥٦٫٨ لە سەدیان حەزیان دەکرد هەر لەو کاتەدا منداڵیان ببێت بەڵام ١٨٫٩ لە سەدی دیکەیان نەیاندەویست منداڵ بخەنەوە و ١٦٫٢ لە سەدی ژنان پێیان خۆش بوو کە منداڵخستنەوە بخەنە دواوە. ٢٧ لە سەدیان لە کاتی زایندا کێشەیەکی ئەوتۆیان نەبوو. ٣٢٫٤ لە سەدەکەی دیکە ئیدعای ئەوەیان دەکرد کە لە ڕادەبەدەر خوێنڕێژیان هەبووە. ئەگەرچی ٥٤٫١ لە سەدی دایکان حەبی پێشگری لە منداڵ خستنەوەیان بە کار دەهێنا بەڵام ٥٤٫١ لە سەدیان زۆر حەزیان لە بە کارهێنانی کاندۆم نەبوو. زانستی گشتی لە مەڕ کێشەکانی

زاین و کێشە تەندرووستییە جنسییەکان لە ناو ژناندا لە ئاستێکی زۆر نزمدا بوو. زۆربەی ١٣٫٥ لە سەدی وڵامدەران تا و کێمی زۆر و ١٣٫٥ بوورانەوەیان بە کێشەی سەرەکی کاتی زاین دەزانی. ٦٢٫٦ لە سەدی حاڵەتەکان هیچ ئاگاداریی و زانیارییەکیان لە مەڕ کێشەکانی برینی زاین نەدەزانی.




چارتی ٣ـ٦٧ مامناوەندی تەمەنی ژنان لە کاتی یەکەمین زاین لە پارێزگای ئیسفەهان

## بە باوک بوونی پیاوان


٧١. لە سەدی وڵامدەران پیاو لانیکەم خاوەن ٢ منداڵ بوون و ٢٨٫٦ لە سەدیان لە تەمەنی ١٦ساڵاندا بوون بە باوک، ١٤٫٣ لە سەدیان پێیان خۆش بوو لە داهاتوودا منداڵیان ببێت و ١٤٫٣ لە سەدیان حەزیان لە بوونی منداڵ نەبوو. ١٤٫٣ لە سەدیان لە بارەی زاین و مەترسییەکانی دووگیان بوون زانیارییان نەبوو.

## هاوسەرگیری و بڕیاردان


٨٨٫٦ لە سەدی وڵامدەرانی خێزاندار ئیدعای ئەوەیان دەکرد کە

دەستبەجێ پاش مارە بڕین هاوسەرگیرییەکەیان تۆمار کراوە. هاوسەرگیری ٧٥ لە سەدی کەسەکان لە لایەن ناوبژیوانێک ئامادە کاری بۆ کرا بوو ٥٦٫٨ لە سەدی کەسەکان ئاهەنگی مارە بڕینیان نەبووە. ٨٤٫١ لە سەدی کەسانی خێزاندار لە هاوسەرگیرییەکەیان ئاگادار بوون و ١٥ لە سەدیان لە کاتی هاوسەرگیریدا نەیاندەزانی هاوسەرگیری لەگەڵ کێ دەکەن ٤٧٫٧ لە سەدی بڕیارەکانی هاوسەرگیریی لە لایەن دایک و باوک و دیکەی ئەندامانی بنەماڵە لە بری کەسەکە درا بوو و ٣١٫٨ لە سەدی بڕیارەکانی هاوسەرگیری لە لایەن وڵامدەرانەوە دراوە. بە گشتی هەستی سەبارەت بە هاوسەرگیری بۆ ٦١٫٤ لە سەدی کەسەکان دڵخۆشی، بۆ ٢٢٫٧ لە سەد کەمتەرخەمی و ساردیی و بۆ ١٥٫٩ لە سەدیان خەمۆکی بوو. جیاوازی تەمەنی نێوان ژن و مێرد لە ١٠٫٨ لە سەدی حاڵەتەکان پتر لە ١٠ ساڵ بوو و لە ٢٩٫٧ لە سەد کەمتر لە دە ساڵ. بەدەر لەمە ٥٧٫١ لە سەدی پیاوان هاوسەرانێکیان بوو کە هاوتەمەنی خۆیان بوو.

٧٢٫٧ لە سەدی هاوسەرگیرییەکان جیاز و مارەیی لە خۆ دەگرت. زۆرینەی وڵامدەرانی ژن (٥٢ لە سەد) هیچ کات مارەیی خۆیانیان وەرنەگرت. زۆربەی کەسانی مێرددار لە کاتی مارە بڕیندا تەمەنی ١٨ ساڵان بوو. لە ٢٨٫٦ لە سەدی حاڵەتەکاندا ژن بەر لە هاوسەرگیری کردن دەچووە قوتابخانە، بەڵام لە ٥٧٫١ لە سەدی حاڵەتەکاندا بەڵێنی درێژە دان بە خوێندنیان بەدی نەهات.




چارتی ٣ - ٦٨ باوبوونی جۆرەکانی هاوسەرگیری لە پارێزگای ئیسفەهان




چارتی ٣ - ٦٩ ئاستی ڕەزامەندی لە هاوسەرگیری لە پارێزگای ئیسفەهان

## ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ ڕاهێنانی زایەندی و پەیامی ڕێگرییانە لە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان

ڕاهێنانی پرسە زایەندییەکانی وڵامدەران زیاتر لە ڕێگەی دواندنی ئەندامانی گەورەتری بنەماڵە وەکوو دایک و خوشک (١٨/٢ لە سەد) و ڕاوێژکارانی بنەماڵە .(٤٧/٧ لە سەد) وەدەست هاتبوو. زۆربەی وڵامدەران (٣٦/٤ لە سەد) لەو باوەڕەدا بوون کە قازانجێکی ئەوتۆ لە هاوسەرگیریی پێشوەختەدا نییە و سەیر لەوەدایە هێشتاش ١٨/٢ لە سەدیان بۆچوونیان وایە کە ئەم بابەتە دەتوانێ ببێتە هۆی توند و تۆڵ بوونی

پەیوەندییە بنەماڵەییەکان.

٤٠٫٩ لە سەدی وەڵامدەران لە ڕێگەی تەلەڤیزیۆنەوە پەیامی پێشگیرانەی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵانیان وەرگرتبوو، ٢٩٫٥ لە سەدیان لە ڕێگەی هاوڕێ و دۆستان و ١٥٫٩ لە سەدیان هەرگیز ئەم پەیامە پێشگریانەیان پێ نەگەیشتبوو. بە گشتی ٢٠ لە سەدی وەڵامدەران ڕایان وا بوو ک هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان بووەستێنرێت ٢٩٫٥ لە سەدیان باوەڕیان وا بوو کە ئەم چەشنە هاوسەرگیرییانە دەبێ بەردەوام بێ و ٥٠ لە سەدیان بەردەوام بوونی هاوسەرگیری پێشوەختەیان بە تایبەتمەندی تاکەکەسی، ئەندازەی لەش و هەڵسووکەوتی کەسەکە دەروەست دەکردەوە.

کاتێک لە مەڕ تەمەنی یاسایی هاوسەرگیری پرسیار لە وەڵامدەران کرا، وەڵامی جۆراوجۆریان داوە و ئەنجامە وەدەست هاتووەکان ئەوەی پیشان دا زۆربەی وەڵامدەران گومانیان دەکرد کە تەمەنی یاسایی هاوسەرگیریی ١٨ ساڵان و یان زیاترە. زۆرینەی کەسەکان تەمەنی ١٨ ساڵانیان (٢٧٫٣ لە سەد) کچان و ٢٠ ساڵانیان (٢٠٫٥ لە سەد) بۆ هاوسەرگیری کوڕان زۆر پێ زوو بوو و زۆربەیان لایان وا بوو کە تەمەنی باش بۆ هاوسەرگیری ڕۆڵەکانی خۆیان ٢٥ ساڵانە (٢٧٫٣ لە سەد).

## توند و تیژی زایەندی دژ بە ژنان


کچێک لە هاوسەرگیری پێشوەختەدا لە ناسینی ئاناتۆمی خۆی زۆر جار تووشی کێشە دەبێتەوە و زۆر جار چاوەڕوانی پەیوەندی جنسی لێ دەکرێت. ٣ لە سەدی ژنان ڕایانگەیاندووە کە بە پێچەوانەی خواستی خۆیان لە لایەن پیاوێکەوە دەست لە لەشیان دراوە و ٣ لە سەدیشیان دەستدرێژ کراوەتە سەریان. ٣٩٫٤ لە سەدی ژنانی مێرددار دانیان پێدا نا

کە ناچار کراون پەیوەندیی جنسی لەگەڵ مێردەکانیان ساز بکەن و تەنیا ڕێژەیەکی کەمیان سەبارەت بە هۆگرنەبوون بە پەیوەندیی زایەندی توانای قسە و وتووێژیان بووە. لەم بەها کۆمەڵایەتییە بەربڵاوانەدا، زیاتر وەک ئامرازێک بۆ منداڵخستنەوە و زک و زا دێتە هەژمار. پەیوەندی زایەندی زۆرەملێ و ئەرکێک سەیر دەکرێ و باوترین کاردانەوەی ئێحساسی بۆ ئەم بابەتە ناڕەحەتییە (٣٠ لە سەد).

## ڕوانگە زایەندییەکان




چارتی ٣ ٧٠ هاودەنگیی لەگەڵ ڕوانگە زایەندییەکان لە پارێزگای ئیسفەهان



چارتی ۳ ٧١ بڕیاردانەکانی ناو ماڵ لە پارێزگای ئیسفەهان


## توند و تیژی ناو ماڵ

لە چارتەکەی سەرەوە بڕیارەکانی ناو ماڵ و چەندی و چۆنی خەرج کردنی مووچەی ژن تاوتوێ کرا و دەرخەری ئەوە بوو کە بڕیارە بچووکەکانی ناو ماڵ لە ئەستۆی ژن و یان ژن و مێرد هەر دووکیانە، سەبارەت بە بڕیارە گەورەترەکان، لە ٥٢٫٩ لە سەدی حاڵەتەکاندا ئەوە مێردەکان بوون کە دوا قسەیان دەکرد.

## توند و تیژی زایەندی بەرامبەر بە ژن

زۆربەی ژنان (٩٧٫٢ لە سەد) ئیدعای ئەوەیان کرد کە هیچ کات بە پێچەوانەی خواستی خۆیان لە لایەن پیاوێکەوە دەستیان لێ نەدراوە. ٣٠٫٦ لە سەدی ژنان ناچار بە پەیوەندی جنسی لەگەڵ مێردەکانیان کراون و نەیاتوانیوە هەستی خۆیان دەربڕن. هەستی پەیوەست بەم تێکەڵبوونە ناچارییە بریتی بوو لە نارەحەتی (١٦٫٧ لە سەد) و تووڕەیی (٨٫٣ لە سەد). ڕێژەی خراو هەڵسووکەوت کردن لەگەڵ ژن، هەڕەشە لێ کردنی یان خستنە برنگەی شت بەرەو ڕووی ئەو ٦١٫١ لە سەد بوو.

## توند و تیژی ناو ماڵی پیاوان




چارتی ٣ - ٦٢ توند و تیژی ناو ماڵ لە لایەن پیاوان لە پارێزگای ئیسفەهان

وەک توند و تیژی ناو ماڵ لە لایەن پیاوان لە هەموو دنیادا باوە، پارێزگای ئیسفەهانیش لەم حاڵەتە بەدەر نییە، چارتەکەی سەرەوە ڕێژەی یەگجار زۆری پەیوەندی جنسی زۆرەملی ٧٢/٧ لە سەدیی پیشان دەدات. زۆرێک لە وڵامدەران وتوویانە لە تافی منداڵیدا توند و تیژی ناو ماڵیان بینیوە و خۆشیان درێژەپێدەری پرۆسەی توند و تیژی لە ژیانی ژن و مێردیین.

# بەشی چوارەم: ڕێکار و ئەنجامەکان

## ئەنجام گرتن

هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان دیاردەیەکی جیهانیی و ناسراوە کە لەم ساڵانەی دواییدا وشیاریی و ناسینی ئاسەوارە ڕووخێنەرەکانی سەرنجی کۆمەڵێکی زۆری توێژەران و ڕێبەرانی جیهانی بەرەو لای خۆی ڕاکێشاوە. دژایەتی نێودەوڵەتی و ئیدانە کردنی هاوسەرگیری منداڵان ڕوون و لاگیرییەکی ڕاشکاوتری گرتووەتە خۆی. کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی بەرنامەی گەشەی بەردەوامی جیهانیی[11] لە وەدوا خستنی ئاسەواری زیانبەخشی هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان بە کاریگەر زانیوە. لە پێکهاتەی «ئامانجەکانی گەشەی هەزارە[12] پەسند کراوی ساڵی ١٣٨٢(٢٠٠٥) ئامانجی گۆڕینی جیهانەکەمان: میکانیزمی ساڵی ١٤٠٩(٢٠٣٠ز)» بۆ گەشەی بەردەوام لە ساڵی ١٣٩٤(٢٠١٥) لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە گەڵاڵە کرا بۆ ئەوەی یارمەتی بنەبڕ کردنی هەژاریی و گەیشتن بە گەشەی هەمەگیر هەتا ساڵی ١٤٠٩ بدات. لە نێوان ١٧ ئامانجی گەشەی بەردەوام و ١٦٩ ئامانجی ژێر لقیان، ئامانجی ٥ – ٣ «سڕینەوەی هەموو ئاکارە خەسارەتبارەکان وەکوو هاوسەرگیری زۆرەملێ و پێشوەختەی منداڵان و سەقەت کردنی ئەندامی زایەندیی ژنان»، ئامانجی ژێر لقی ٥ «گەیشتن بە یەکسانیی زایەندی و

---

1 . Global Sustainable Devellopment

1 . MDGs 2

بەتوانا کردنی هەموو ژنان و کچان» لە خۆ دەگرێت (ئاکپات، ١٣٩٤).

بەم حاڵەوە، ئەوەی لە ناو باس و مشتومڕەکانی هاوسەرگیری منداڵاندا بە نەوتراوەیی ماوەتەوە، بێدەنگی گوێ کەڕکەر لە مەڕ ڕووداو و باوبوونی ئەم نەریتە لە وڵاتی ئێرانە. لە کۆمەڵگای ئێراندا سەرەڕای ئەو هەنگاو و ڕێبازانەی کە لەم بوارەدا ئەنجام دراوە، هێشتاش زۆریان نەناسراون و زۆریان بە کپی ماونەتەوە. لە وڵاتی ئێران زۆرێک لە دایک و باوکەکان بە هۆی بەها جنسی و کۆمەڵایەتییە پێشتر دیاری کراوەکان، هەژاریی یان قەیرانە مرۆییەکان بۆ پەیڕەو کردنی بێ پێچ و پەنای داب و نەریتی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان هان دراون. ئامانج لەم کتێبە یارمەتیدانی تێگەیشتن و ئاشکرا کردنی منداڵ هاوسەریی لە وڵاتی ئێران بووە. ئەم توێژینەوە تێدەکۆشێ بەشێک بێت لە پابەندی جیهانی بۆ وەستاندنی هاوسەرگیری منداڵان لە هەموو بێچمەکانیدا. ئەدەبیاتی توێژینەوەی ئێران سەبارەت بە هاوسەرگیریی منداڵان بە تەواوەتی پەراوێزخراوی ماوەتەوە. ئەم کتێبە بە شیکاری چەمکیی ڕاستییەکانی ژیانی منداڵە بووکەکان کە بە زۆرەملێ هاوسەرگیریان کردووە، پێداچوونەوەیەکی وەسفی لە هاوسەرگیری منداڵان و کاریگەرییەکانی دابین دەکات.



منداڵانی بەلووچ، لە نزیک سنووری پاکستان - وێنەم .مەعارف وەند

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە هەمەگیرترین و گەورەترین توێژینەوەی جوگرافیاتەوەر لە سەر ئاستی سێ پارێزگای سەرەکی باوی هاوسەرگیری منداڵان پیشاندەری ئەوەیە کە وڵاتی ئێران ئاخێزگەی سەپێنەرانی منداڵ هاوسەرییە. ئەم نەریتە وەک ناوەندی ڕێز لێگیراوی کۆمەڵایەتی و جیهانی پێناسە کراوە کە نە تەنیا لە ناوچە شاریی و گوندییەکاندا باوە، بەڵکوو لە ڕاستیدا بۆتە ڕووداوێکی ڕۆژانە لە هەمبەر بەها زایەندییە شاراوەکان لە کەلتوور و کلیشە زایەندییەکاندا. هێماکانی هاوسەرگیری پێشوەختەی کچان لە بە دیل گرتنی بێبەزییانەی ئەم کچۆڵانە لە بەها کەلتوورییە زیانبەخشەکان زۆر زیاترە، چوونکە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان کاریگەری بەرچاوی ئابووریی، کۆمەڵایەتی، پەروەردە و تەندرووستیی لێ دەکەوێتەوە کە نە تەنیا گەشەی بەردەوامی جیهانی وەدوا دەخا بەڵکوو نەوەکانی داهاتووش دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە.

سەرەڕای ئەوەی ڕێژەی گشتی هاوسەرگیری منداڵان لە کۆمەڵگا لە چاو نەوەکانی پێشوو دابەزیوە، تەمەنی هاوسەرگیری لە هەندێ لە شارەکان و کەڵان شارەکان بە ڕێژەیەکی زۆر بەر چاو هەڵکشانی بە خۆوە بینیوە. ئەمە دەتوانێ تا ڕادەیەک بە هۆی ئەوە بێ کە وەدوا خستنی هاوسەرگیری بە کۆتایی هاتنی خوێندنی زانکۆ، دۆزینەوەی هەلی کار یان تەنیا چێژ بردن لە تافی گەنجێتی کۆتایی پێ بێت. بە ڕەچاو کردنی ئەوەی کە ژیانی مۆدێرن هەمیشە پێکەوە بوونی دوو زایەند لە خۆ دەگرێ، کچ و کوڕە گەنجەکانیش لە پەیوەندی زیاتر لەگەڵ یەکترن و زۆریان بڕیار دەدەن کە هاوسەرگرییەکەیان وەدوا بکەوێت.

یەکەمین هۆکاری سەرەکی، سەرنج خستنە سەر سرووشتی

توێژینەوەیــە کــە شووناســێکی پــرس تــەوەرە.[٣] ئاراســتە و بایــەخی هــەر توێژینەویەکی کۆمەڵایەتی پەیوەستە بە ڕادەی پەیوەندییەکەی لەگەڵ پرس و کێشە ڕاستییەکان. هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان و سەقەت کردنــی ئەندامی زایەندی ژنان هەر دوو گرێ دراونەتەوە بە بەستێنێکی کــەلتووری قووڵ لە کۆمەڵگای ئێرانیدا (ئەو شوێنەی وا خەتەنە کردنــی ژنــان ســەری هەڵدا) و بابەتگەلێکی پرس تەوەرن کە پێویستیان بە تەرخان کردنی کات و هەوڵی پترە. بە ڕەچاو کردنی ئەوەی کە تاوتوێ کردنی توێژینەوەی پرس تەوەر و بگۆڕی زانستە کۆمەڵایەتییــەکان لــە گرینگتــرین پێویســتییەکانن، ڕێکار و ڕێگە چارەکانی ئێمە بە پەیڕەو کردنی ئــەو دەبــێ ڕەنگدانەوەیــەک بێ لە شوناسی پرس خێزی دیاردەی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان.

بە جۆرێک کە بابەتی هاوسەرگیری منداڵان بە تەنیا لە سەر کۆمەڵگای ئێران چڕ بۆتەوە، هەر هەنگاوێک کــە بــۆ ئــەم توێژینــەوە دەهــاوێژرێ بــە وردی ناوچەیی کراوە و لە هاوئاهەنگی لەگەڵ تایبەتمەندییــە تایبەتــەکانی کەلتووریی ئێرانیدایە. بە گوێرەی ئــەنجامی دەســتکەوتەکان، زانیارییــە بــە خۆماڵی کراو و دیارەکان، ئێستا لــە بــەر دەســت هــەموو ناوچــە ڕوومــاڵ کراوەکانە. بۆ شیکاری منداڵ هاوســەریی لــە بــواری ژیــانی کۆمەڵایــەتی پرسیارنامەکان وەک ئامرازی شیکاری سەبارەت بە بوارە کۆمەڵایەتییەکانی ژێــرەوە بــە کــار هێنــرا: پــێش زەمینــەی تاکایــەتی، ڕەهەنــدی بنەماڵــە و بارودۆخیان، باوەڕە ئایینییــەکان، ئاســتی وابەســتە بــوون بــە هاوســەرگیری منداڵان، بارودۆخی ئاینی دایک و باوک، ئاستی خوێندن، زانیــاری زک و زای وڵامدەرانی ژن و پیاو، بەهاکانی هاوسەرگیریی، تۆمار کردنی، داب و

1 . Problem-centered 3

نەریتی ژن و مێردی، ئاستی کەوتنە بەر پەیامەکانی پێشگری لە منداڵ هاوسەریی؛[14] ڕوانگەی جنسی یا زایەندی بنەماڵە و بڕیارە تاکەکەسییەکان، ئەزموونی توند و تیژی ژنان و ئەزموونی پیاوان لە توند و تیژی ناو ماڵ. لەم ڕوانگەوە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کاریگەرییەکانی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە سەر هەلوومەرجی کۆمەڵایەتی بە شێوەی وێنەیی دەرهاتووە کە بوار بۆ خستنە ڕووی پێشنیاری یەکگرتوو و چالاکی چاکسازیی دەرەخسێنێت.

ئەم سەرچاوە زانیارییە بەنرخە بۆ زەقکردنەوەی ناوچە باشتر بووەکان لە هەموو پارێزگاکاندا پێویستە. وەک پێشتریش وترا، هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان تەنیا لە پێکهاتەی کەلتووریی تایبەتی خۆیدایە کە لۆژیک و عەقڵانییەت دەگرێتە خۆی. بە بێ ڕەچاو کردنی هەموو بوارە کۆمەڵایەتییە باس کراوەکانی سەرەوە، هەر جووڵەیەک بەرەو باشتر بوون و پێشکەوتن بە فیڕۆدانی سەرچاوە، کات و سەرمایەیە. جێی سەرسووڕمانە کە سیاسەتگوزارییە بەڕێوەبەرایەتییەکان یان حەشیمەتناسی هەتا ئێستا لە بنەبڕکردنی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان سەرکەوتنێکی ئەوتۆی نەبووە. چوونکە بەردەوام غافڵ بوونێکی خەفەت هێنەر بەڵام نەخوازراو بۆ پرسە تایبەتە خۆجێییەکان بوونی هەیە.

هەر بۆیە ئامانج، دابین کردنی زانیاری دەستە یەکە بۆ دەوڵەت و ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان،[15] لێکۆڵەران، چالاکڤانانی کۆمەڵایەتی و ئەو کەسانەی کە بەرگریکاری یەکسانیی جنسیی و بەتوانا کردنی ژنان و منداڵان لە کۆمەڵگا پیاوسالارییەکانن، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم زانستەوە

14. Exposure to preventing messages

15. NGOs

بڕیار و ڕێبازی نوێ و ڕچەشکێن بگرنە بەر. ئـەم خوێندنـەوە بـە پێشـنیار دانی کۆمەڵە هەنگاوی بەرهەڵتیکارانە، لە دوای دەستپێکی بسا و بانگەواز بۆ دژایەتی کردنـی هاوسـەرگیری منداڵانـە. بـەدەر لەمـە، ئـەم توێژینـەوە خوازیـاری زیـاتر کردنـەوەی بـاس و بزوانـدنی هـەنگاوی بزوێنـەر و پابەندسازی لە بواری خستنە ڕووی گەورەترە.

**ئەم توێژینەوەیە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵانی لە سێ بەشدا شیکاری و شرۆڤە کردووە:**

بەشی یەکەم لە مەڕ هاوسەرگیری پێشـوەختەی منـداڵان لـە جیهانـدا حەقیقەتگەلێک ئاراستە دەکات و بە شێوەی هاوکـات ئێـران دەخاتـە بـەر تیشـکی ڕەخنـە و لێکدانـەوە. ئەمـە بریتییـە لـە وێکچـوونی نێـوان هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان و خەتەنەی مێینە وەک بێچمی تونـد و تیژی جنسی کە هەر دووکیان لە سەردەمی سەرەتایی منداڵیـدا ڕوو دەدەن و ڕێگە بۆ هاوسەرگیری پێشوەختەی کچان خۆش دەکەن. ڕیشە، هۆکـار، کاریگەری و بواری پەرەسەندنی خراوەتە بەر باس. ئەنجامە جیهانییـەکان سەبارەت بە هاوسەرگیری منداڵان، ڕیشە مێژووییەکانی لە جیهان و لە ناو وڵاتی ئێراندا تاوتوێ کراوە.



بڕیاردەرانی سەرەکی ناوچە گوندییەکان، سەرۆک هۆز و ئەندامانی پیاوی بنەماڵە .

وێنە: کامیل ئەحمەدی

بەشی دوویەم لە سەر ڕۆڵی فاکتەرە کۆمەڵایەتییە دیاریکەرەوەکان لە پاکانە کردن بۆ بوونی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە وڵاتی ئێراندا چڕ بۆتەوە. پەیوەندیی نێوان سیاسەتە حەشیمەتی، کۆمەڵایەتی، بەها کەلتوورییەکان و ئەو باوەڕانەی کە کچان کەم نرخ دەکا و لە هەندێ حاڵەتدا، نەبوونی یاسادانانی تایبەت سەبارەت بە باوبوونی منداڵ هاوسەریی شی کراوەتەوە. لەم بەشەدا دەوری سەرکووتکەرانەی ئاین تاوتوێ کراوە کە ئەگەر باڵادەستیش نەبێ، لە بەردەوام بوونی منداڵ هاوسەریی کاریگەری هەبووە. بەم شێوەیە کە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە لایەن پیاوانی خۆجێی وەک ئامرازێک بۆ پاراستنی پێگە و سەربەرزیی بنەماڵە پشتیوانی لێ دەکرێت. لە وڵاتی ئێراندا وەک وڵامێکی لۆژیکی و بەهایی لە بەرەنگار بوونەوەی چەمکی زایەندیی و کۆنترۆڵی پیاوسالارانە پێداگری لە سەر هاوسەرگیری منداڵان کراوە.

لە بەشی سێیەمدا وردەکاری ئاماری زێدەتر لە مەڕ هەر پارێزگایەک بە پێی سنووری جوگرافیایی، بەهای کۆمەڵایەتی، داب و نەریتی هاوسەرگیری ئامادە کراوە. هەوت خشتە لە پرسیارنامەی حەشیمەتناسی و تەندرووستیی[1] بۆ هەر زایەندێک بە پرسیارنامەی تایبەتی پۆلێنبەندیی کراو بۆ هەر پارێزگایەک، زانیاری دەرکەوتووی سەرنجڕاکێش لە مەڕ دابەشین و پەرەپێدانی منداڵ هاوسەریی لە هەر پارێزگایەکدا بە دەست هات. ئەو وردەکاریی و ئەنجامەی کە وەدەست هات وڵامی بۆچێتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوە بوو. زانیاری بڵاو کراوە لە مەڕ هەر پارێزگایەک بەرۆژ کراو و ڕەنگدانەوەی شێوازی بیر و باوەڕی دانیشتووان لە مەڕ

1 . DHS

هاوســـەرگیری منداڵانــە. زانیـــاری گشـــتی و هەمـــەگیر و کەمپـــەینی هەڵکشاندنی ئاستی وشـیاریی دەبـێ سـازگار لەگـەڵ ئـەم ڕاسـتییانە بـێ چوونکــە بەشــێکە لــە ڕێگــەچارە بــۆ پەرەپێــدانی وڵامــی چەندیانــە و هاوئاهەنگ بۆ نەهێشتنی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لـە کۆمـەڵگا ئێرانییەکان.


هاوســـەرگیریی پێشـــوەختەی منـــداڵان پێشـــێل کردنـــی پێکهاتـــەی کۆمەڵایەتی مافەکانی منداڵە. ناسـینێکی زەرووری لـە شووناسـی منـداڵ هاوسەریی هەیە کە دەبێتە هۆی چەواشـەی بنـەڕەتی مافـەکانی مـرۆڤ و ڕێگری لە چێژ بـردن لـە مـاف و ئازادییـە بنیاتییـەکان. هـەتا ئـەو کاتـەی بەرنامەی کردەیی بۆ نەهێشتنی ئەم دیـاردە نەکەوێتـە گـەڕ، هاوسـەرگیری منداڵان وەک یەکێک لـە بەربەسـتە بنـەڕەتی و سـەرەکییەکانی هاتنـە دی مافــەکانی مــرۆڤ دەمێنێتــەوە. ڕێژەیــەکی زۆری بکــەرانی خــۆجێیی و نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ، دیوە پێکەوە پەیوەندیدارەکانی هاوسـەرگیری منداڵان بە ئاراستەی بابەتی جۆراوجۆر بەدی دەکەن کە لە لایەن دایـک و باوک و کۆمەڵگاوە دەگیرێنە بەر. دەوڵەت خۆی سەرنج ناخاتـە سـەر ئـەم دیاردە و خـۆی یەکێکـە لـە درێژەپێـدەرانی. پێگـەی زاڵـی هاوسـەرگیری منداڵان لە زنجیرەی نایەکسانی زایەندێتی لـە ژێـر کاریگـەری هـەژاری، چـاوەڕوانی کۆمەڵایـەتی، تونـد و تیـژی کـەلتووری و جنسـی، بـەهای لاوەکی، کلیشە زایەندییەکان، زەختی کۆمەڵایەتی و گووشارەکانی بنەماڵە بەردەوام درێژەی هەیە. گۆڕینی ئەم بارودۆخە پێویستی بە سیاسەتگوزاری نوێ و دۆزینەوەی ڕێکار و قبووڵ کردنی ئـەو بەهایانەیـە وا ڕەنگدانـەوەی یەکسانیی زایەندیین.

هاوســـەرگیری پێشـــوەختەی منـــداڵان نەخۆشـــییەکی کۆمەڵایەتییـــە و

ناتوانین بە شێوازێکی یەکسان هەموو نەخۆشییەکان ئاهۆن و چارەسەر بکەین. هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان هەم هۆکار و هەم هۆداری توند و تیژی دژی منداڵانە. دەسەڵاتی زاڵی پیاوانە کە ئارەزووی جنسیی، زک و زا و بێچم گرتنی منداڵ هاوسەریی وەک بژاردەیەک بۆ دەرباز بوون لە هەژاریی و توند و تیژی بە پێی جنس بە کار دەبا، دەبێ ڕەچاو بکرێت. ڕێکاری ئەم دیاردە خەسارەتبەخش و ڕووخێنەرە دەبێ ئەوەندە نەرمی نوێن بێ کە بتوانێ جیاوازی ورد و ئەوەی کە چۆن لە قەڵەمڕەوی جوگرافیایی هەر دەڤەرێک وڵامدەر بێ، بخاتە ژێر تیشکی سەرنج. داتای چەندی و چۆنی سەبارەت بە هاوسەرگیری منداڵان کۆ کراوەتەوە و بە پێی زایەند، شوێنی جوگرافیایی و پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دیکەی فاکتەرە کلیلییەکانی دیکە شرۆڤە کراوە بۆ ئەوەی ئەم پرۆسە بنوێنرێتەوە. بنەبڕ کردنی هاوسەرگیری پێشوەختە کاتێک دێتە دی کە زانیاری بەرۆژ بدرێ بە ئۆرگانە حکومییەکان و ئەو بەرپرسانەی کە دەتوانن بڕیاری ژیرانە و گرینگ بۆ ڕێگری لە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان دەربکەن. مەخابن ئەوەی نەبوونی لە سۆنگەی مێژووییەوە لێرەدا بەدی دەکرێ لێکۆڵینەوەی زانکۆیی و ئەو لێکۆڵینەوانەیە وا دەدرێ بە سیاسەتمەدارانی دەوڵەتی.

ئەنجامی توێژینەوە و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان دەتوانین لە مۆدێلی شیکاری ژێرەوەدا کورت بکەینەوە کە پەیوەندی نێوان چەندین بگۆڕی سەربەخۆ و بزوێنەری هاوسەرگیری منداڵان نیشان دەدا. دەرهاویشتەی هاوسەرگیری منداڵان وەک بگۆڕێکی سەربەخۆی نوێ، کە بێچم بە بگۆڕە وابەستەکانی دیکە دەدا لە لای ڕاستی مۆدێل پیشان دراوە. زایەند و شوێنی نیشتەجێ بوون (شار یان گوند) وەک بگۆڕی کۆنترۆڵ ڕەچاو

کراون.




کاردانەوە بۆ هاوسەرگیری منداڵان لەوانەیە لە سۆنگەی جوگرافیـایی و کەلتورییەوە جیاواز بێت. ئەوەی لەوانەیـە لـە هەنـدێ لـە ناوچەکانـدا بـە شێوەیەکی کاریگەر کردەیی بکرێ، دەتـوانێ ئـەم دیـاردە لـە شـوێنەکانی دیکەدا تۆختر بکات. ئەوەی لە ئێتنیک و کەلتورێکدا شیاوی قبووڵ کردنە لە شوێنێکی دیکەدا لەوانەیە شیاو نەبێت. بۆ وێنە شێوازگەلێک کە پـەیامی پێشگرییانە لە مەڕ هاوسەرگیری منداڵان دەگـوازراوە بـۆ خـەڵک بـە پێـی دەڤەر و ناوچە جیاواز بوو. سیاسەتێکی هەمە لایەنە و هاوئاهـەنگ دەبـێ ناوازە بوونی هەر کەلتورێک لە بەر چاو بگرێت، چوونکە ئـەو ئاراسـتەی کە لە هەموو ڕەنگاڵەیی کەلتووریدا کارایە دەست ناخرێ و بەدی نایـەت. ئـەم بابەتـە نـەرمی نـوێنی و و سـازگاریی دەوێ. کاتێـک بەرنامەیـەکی یەکدەستی کردەیی بۆ لە ناوبردنی هاوسەرگیریی منداڵان پەسـند دەکـرێ دەبێ سیاسەتەکانی ناسینی ڕەنگاڵەیی و جیاوازییەکان بگیرێتە بەر.

سەرەڕای ئەوەی زۆرێک لـە وڵامـدەران لـە لایـەن هـیچ سـەرچاوەی خزمـــەتگوزاری و کۆمەڵایەتییـــەوە پـــەیامی پێشـــگیرانەیان لـــە مـــەڕ هاوسەرگیری پێشـوەختە پـێ نەگەیشـتبوو؛ بـەڵام هـەبوون هەنـدێ لـەو وڵامدەرانـەی کـە لـە ڕێگـەی تەلـەڤیزیۆن و ڕاگەیاندنـەکانی دیکـەوە

گوێبیستی پیامە ڕێگرییەکان بوون. دەزگای تەلەڤیزیۆن و مۆبایل دەتـوانن ئـامرازی تەکنـەلۆژیکی سـازدانی پەیوەنـدیی سـەرەتایی دابـین بکـەن، تەکنەلۆژیا و سینەما بە شێوەی بـەربڵاو بۆتـە بەرپرسـی گەشـەی گـۆڕانی ڕوانکـەی ئاشـکرای نـەوەی نـوێ سـەبارەت بـە ئـەخلاقیاتی زایەنـدیی چەسپاو. ڕاگەیاندن دەتوانێ هەڵی پێکەوە بوونی دوو جنس لـە قوتابخانـە بەرز بکاتەوە. کەواتە زۆر گرنگە کە دەوری تەلەڤیزیۆن و ڕاگەیاندن لە هەر ناوچەیـەکی جوگرافیـایی بـۆ بڵاوکردنـەوەی پـەیامی پێشـگری لـە هاوسـەرگیریی منـداڵان بـە هەنـد وەربگـرین. بـۆ وێنـە لـە پارێزگـای خووزسـتان ڕەوشـی کـەش و هـەوای زۆر گـەرم وای کـردووە کـە کاتژمێرەکانی ئیش کردن بۆ کاتی بەیانان و ئێـواران سـنووردار بکرێتـەوە. زۆربـەی خـەڵک کـاتی ڕۆژانـەیان لـە ماڵـەوە تێپـەڕ دەکـەن. لـە وەهـا هەلومەرجێکدا گوێدان بە ڕادیۆ یان سەیر کردنی تەلەڤیزیۆن چالاکییەکی باوە خەڵک زیاتری کاتی خۆیان بەو تەرخان دەکەن. پەیامی پێشگریانە لە هاوسەرگیری منداڵان دەتوانێ زۆر بە ئاسانی و زۆر کاریگـەر لـە ڕێگـەی ڕاگەیاندن و بەرنامەی تەلەڤیزیۆنییەوە بگوازرێتەوە بۆ کـۆی خـەڵک. بـەم حاڵەوە هەتا هەنووکە تەلەڤیزیۆن یان تۆڕی ڕادیۆیی سەربەخۆ کە سەر بـە دەوڵەت نەبێ بوونی نەبووە. ئەوەی لە تەلەڤیزیۆندا دەبینـرێ ڕێگەپێـدرا و داکۆکی لە سەر کراوی دەوڵەتە.

ئەم وڵامە هەستیارە جوگرافیاییانە دەتوانێ لە پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتیش بـەدی بکـرێ کـە ڕەوشـی کـەش و هـەوای جوگرافیاکـەی سوودمەند و لەبارە بۆ کشتوکاڵ، باغداری و هەنگەوانی. کە واتە بـە پێـی بەڵگـەکان بەشـی مەیـدانی لێکۆڵینـەوە، بـە پێچەوانـەی خووزسـتان کـە دانیشتووەکانی پێیان خۆشە لە ماڵەوە بمێننەوە، گونـدەکانی ئازەربایجـانی

ڕۆژهەڵاتی کاتێکی زیاتریان لە دەرەوەی ماڵ بە سەر دەبەن. هەر بۆیە ئامرازی کاراتر بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی ڕێگرییانە لە هاوسەرگیری منداڵان دەتوانێ ڕاهێنان و بەتوانا کردنی ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان یان یارەمتیدەرانی کۆمەڵایەتی لە ناوەندەکانی تەندرووستیی بێ کە خەریکی کار لە گوندەکانن. پارێزگاکانی دیکەش دەبێ لە ناو چوارچێوەی تایبەتمەندی جوگرافیایی خۆیاندا ببینرێن، چوونکە ناتوانین بە شێوازێکی یەکسان هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان بناسینەوە و پێشنیار و چارەسەر بکەین.

نموونەیەکی دیکە کە تێیدا پێویستە تایبەتمەندی هەر پارێزگایەک لە بەر چاو بگیرێ پارێزگای سیستان و بەلووچستانە. ئەم پارێزگایە هەڵگری پێکهاتەی زۆر نەریتخواز و ئایینیی و بەهای کۆمەڵایەتی نەگۆڕە و باڵادەستی دەسەڵاتی سەپێنراویی ئاین فاکتەرێکی گرنگە لە بێچم گرتن و کۆنترۆڵی هزری کۆی دانیشتووانی ئەو کۆمەڵگایە. بەشێک لە وڵامی چەندیانە و هاوئاهەنگ بۆ هاوسەرگیریی منداڵان پێویستی بە بوونی ڕێبەرانی ئاینییە. لە کاتی بڵاوکردنەوەی پەیامی ڕێگریانەی هاوسەرگیریی منداڵان بۆ ئاپۆرەی خەڵک، ڕێبەرانی ئاینی دەستڕۆیشتوویی و ملکەجی کۆمەڵایەتی زیاترە. بە ئاوڕدانەوەی لەوەی کە ئایین لە زۆرێک لە کۆمەڵگاکاندا پاساو بۆ هاوسەرگیری منداڵان دێنێتەوە، ڕێبەران و بەرپرسانی ئایینی دەورێکی بەرچاویان لە پاراستنی پێگەی ژنان لە سایەی ئاینە پەیوەندیدارەکان و ململانێ لەگەڵ ئەنگێزەی ئاینی بۆ منداڵ هاوسەریی هەیە.

هاوسەرگیری پێشوەختە و وازهێنان لە خوێندن دوو ڕووداوی جووتن کە خاڵی کۆتایی هاتنی دەرفەتی پێشکەوتن لە ژیانی کچۆڵەکانن.

ئەنجامەکانی توێژینەوە لەم بارەوە سەرسام هێنەرن. ڕووداوێ کە هاوکات و دەروەست لەگەڵ هاوسەرگیری منداڵان ڕوو دەدا وازهێنان لە خوێندنە. لە بنەماڵەیەکی نەدار و هەژار، بایەخی درێژەدان بە خوێندنی کچان ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە چاوەڕوانی باشتربوونی ئیش و دەرفەتی وەدەستهێنانی داهات. ئاستە نزمەکانی ڕاهێنان یان خوێندەواریی و سنووردارییی سەربەخۆیی ئابووریی، خەسارهەڵگریی کچان بەرز دەکاتەوە. ئاوات و خۆزگەکانی کچۆڵەیەک لە بواری ڕاهێنان و پرۆفیشناڵیی لەوانەیە بە هۆی ڕۆڵی زایەندی پێشتر دیاری کراو کە دەڵێ ژن سنووردار کراوەتەوە بە دیواری ناو ماڵێک دیاری دەکرێت. سەرمایەگوزاری لە سەر خوێندنی کچان لەگەڵ ئابووریی بنەماڵەی هەژار ناکۆکە.

ئەو داراییە کەمەی کە بۆ داهاتووی کچێک لە بەر دەستە، لە بری ئەوەی بۆ پەرەپێدانی ڕاهێنان و خوێندنی سەرمایەگوزاری بکرێ، تەرخانی تێچووی ئاهەنگی هاوسەرگیری و جیازەکەی دەبێت.

«هاوسەرگیری پێشوەختە باشترە چوونکە کچ هەرچی زیاتر لە ماڵی باوکی بمێنێتەوە گیر و گرفتەکانیشی زیاترە. کچە گەورەکەم زۆر حەزی لە خوێندن بوو بەڵام خاوەنەکەی نەیهێشت.»

وڵامدەری پیاو، ئاغیمۆن

پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات

لەم بوارەدا هۆکاری چەن دیانەی دیکەی بە پێی بارودۆخی هەر پارێزگایەک ئاماژەی پێ کراوە. بۆ وێنە هەژاری و نەتوانین لە پێدانی تێچوو سەرەکیترین هۆکاری وازهێنان لە خوێندن لە پارێزگای هورمزگان بوو. لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات مەودای دووری نێوان قوتابخانەکان و گوندەکان هۆکاری سەرەکی وازهێنان لە خوێندن بوو. وردەکاری لە مەڕ

هۆکارەکانی وازهێنان لە قوتابخانە تەنیا نموونەیەکە لەم بوارانە، ئەگەر بڕیار وا بێ هەڵبژاردنێکی لۆژیکی ئەنجام بدرێ ئەم ڕاستییانە بۆ بەربەستی ژێربناخەیی پێویستن.

## دەست ڕاگەیشتن بە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان

هۆکاری بنیاتی ئەوەی کە بۆچی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە کۆمەڵگای نەریتخوازی ئێران درێژەی جیهانبینی پیاوسالارانەیە. ئەمە هەر ئەو هۆکارەیە کە منداڵ هاوسەریی بۆ نەوەکان لە کلتووری ئێراندا بەجێهێشتووە. بە پێچەوانەی ئەوەی زۆربەی وڵامدەران (٤٨ لە سەد) پێیان وا بوو کە منداڵ هاوسەریی دەبێ بووەستێنرێ، هێشتاش زۆرێک لە خەڵک پێداگرانە دەیسەپێنن. تەنانەت لە ناو ئەو کەسانەی وا ڕەتیان دەکردەوە. بە ڕای ئەوان دەرکەوتەی زیانبەخشی هاوسەرگیری منداڵان تێچوویەکی کەمە کە دەبێ بۆ لاسایی کردنەوەی بەهاکانی کۆمەڵگای نەریتیی تەرخان بکرێت.

کاتێک هەژاریی فاکتەری دیاری کەرەوەی دەرکردنی بڕیاری بنەماڵەییە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان وەک ڕێگە چارەیەکی کردەیی بۆ کەم کردنەوەی پێداویستی دارایی بنەماڵە لە قەڵەم دەدرێت. هەژاریی دێت و دەتوانێ وەک وزەیەکی زۆر بەهێز دایک و باوکەکان ناچار بکا کە بە هاوسەرگیری پێشوەختە پەناگەیەک بۆ منداڵەکانیان بدۆزنەوە. بنەماڵەکان هاوسەرگیری لە تەمەنی کەمدا هەم بۆ خۆیان و هەمیش بۆ ڕۆڵەکانیان باشتر و بەسوودتر دەزانن. پێداویستییەکانی کچان چیتر سەرچاوەی کەمی بنەماڵە کەم ناکاتەوە و بۆ ژیانێکی باشتر هەلێکی پێ دەبەخشێت. هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان بۆتە ڕێگەی دەرچوون لە هەژاریی و

توند و تیژییە جنسییەکان. کە واتە دایک و باوک وەک ئامرازێک بۆ دامرکاندنی هەژاریی منداڵ هاوسەریی دەگۆزنەوە و وەک لە بەشی سێیەمدا ئاماژەی پێکرا، لە هەندێ لە کەلتوورەکاندا وەرگرتنی بڕە پارەیەک لە هەمبەر هاوسەرگیری کچۆڵە بابەتێکی ئاسایی و نۆڕماڵە.

هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە کاتێکدا کە کۆمەڵگا لە ناو ململانێ و توند و تیژی کۆمەڵایەتییە وەک میکانیزمێکی بەرگری سەیری دەکرێ. کاتێک کە نائارامی یان کارەساتی سرووشتی کاریگەری لە سەر وڵاتێک دادەنێ، کچان یەکەمین کەسانێکن کە زەرەرمەند دەبن. وەک پێشتر لە ڕێککەوتننامەی مافەکانی مرۆڤ پێداگری لە سەر کرا، ئەوە قەیرانی ژینگەیی، ئابووریی و سیاسییە کە خەسارهەڵگریی منداڵان زۆر دەکات. بەڵگەکەمان ئەوە دەردەخەن کە دەرسەدی هاوسەرگیری منداڵان بە توند و تیژی و دەردیسەری ئابووریی زیاتر دەبێت. کاتێک کە هەلوومەرجی نائاسایی مرۆیی کۆمەڵگا تووشی کێشە دەکات، شانە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی منداڵ پارێزی دەفەوتێت دایک و باوکەکان وەک میکانیزمێک بۆ دەست و پەنجە نەرم کردن لەگەڵ ئەم نەهامەتییانە پەنا دەبەنە بەر هاوسەرگیری منداڵان بۆ ئەوەی ڕادەیەک لە ئاسایش و خۆشگوزەرانی بۆ کچەکانیان بەتایبەت ئەو کاتەی کە ڕێژەی مەترسی توند و تیژی زایەندی بەرز دەبێتەوە، دەستبەرە بکەن. هەست بە کەمیی ئاسایش بزوێنەری منداڵ هاوسەرییە. هاوسەرگیریی پێشوەختە پارێزەر و وڵامێکە بۆ هەستی نائارامی بە هۆی جەنگ و تێهەڵچوونە ناوخۆییەکان. وەک لە ئەنجامی توێژینەوەکاندا دەرکەوت، لەو شوێنانەی کە شەڕی ناوخۆیی، شەڕ یان ململانێی تێدا بوو، هاوسەرگیری منداڵان وەک دەروازەیەک بۆ ژیانێکی ئارامتر بۆ منداڵ ڕەچاو دەکرا. توێژبەندیی کۆمەڵایەتی خۆی

بـێچم بـە هاوسـەرگیری منـداڵان دەدات. لـە هەنـدێ لـە گوندەکانـدا خاوەنداریێتی ئاو هێمای جیاوازی و توێژبەندی کۆمەڵایەتییە و لە هەندێ لە شوێنەکانی دیکە چانـدنی فسـتق. لـەو گوندانـەی وا دانیشـتووانی لـە توێژی سەرتری ئابووریدا بوون، ڕێژەی هاوسەرگیری منداڵان تـا دەهـات زیـاتر دەبـوو. ئـەم جیاوازییـە ئابوورییـە وەک ئـامرازی پۆلێنبەنـدی کۆمەڵایەتی پەرە بە منداڵ هاوسەریی دەدات. بنەماڵەکان وایان پـێ باشـە ڕۆڵەکانیان هاوسەرگیری لەگەڵ کەسانێک بکەن کـە هـاوچینی ئـابووریی خۆیان بێ بۆ ئەوەی زنجیرە پلەی دیسیپلین، دەسـەڵات و خۆشـگوزەرانی بپارێزن.

قبـووڵ کردنـی بـەرفراوانی هاوسـەرگیریی لـە میکـانیزمی بـەهێزی گواستنەوەی کلتووری و کۆمەڵایەتی، دەرفەتی داکـۆکی لـە سـەر تونـد و تیژیی زایەندییە دەرەخسێنێت. هێزی توانا کۆمەڵایەتییەکان کە بـە تونـدی لە باوەڕ و داب و نەریتی ڕابردوویانـدا گـونجێنراوە، تێدەکۆشـێ بـە سـەر یاسای فەرمییە ڕەوادارەکاندا زاڵ بێ، وەک ئەوەی ئـەم یاسـایانە زیـاتر لـە جاران دەسەپێنرێن. کاتێک لە نێـوان بـەها کۆمەڵایەتییـەکان و تێگەیشـتنە ئاینییەکان لێکدژیی بوونی هەبێت، ئەوە دووهەمەییەکەیە کە خۆی لەگەڵ ئەوەی یەکەم ڕێک دەخات. سەبارەت بە هاوسەرگیری پێشوەختە، ئـەتکی کۆمەڵایەتی لە دەستچوونی ئابڕوو لە کۆمەڵگا و ترس لە دوورخرانەوە بـە هۆی ملکەج نەبوون بۆ بەها کۆمەڵایەتییەکان لـە هۆکارەکـانی بـاوبوونی منداڵ هاوسەرییە.




حەوزەی عیلمییە بە پتر لە ٤ هەزار فەقێ لە خوراسانی ڕەزەوی.
وێنە: کامیل ئەحمەدی

باوەڕە ئاینییەکان باوەڕ بە پیرۆز بوونی هاوسەرگیرییان ئافراندووە. فەرمانە ئاینییەکان زۆر جار گوزارشتن لە بەها کۆمەڵایەتییەکان و یاسای ئاسایی و باو کە بەرهەمی ستانداردی چەسپاوی باوەڕ و ڕفتار و ڕوانگەکانن.

داب و نەریتی باو و بەها زایەندی، کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکان کە کۆمەڵگاکانی ئێراندا بەدی دەکرێ، هاوکاری مانەوەی نەریتی منداڵ

هاوسەریی دەکـات. لـە کۆمـەڵگای نـەریتخواز کـە تێیـدا لـە دەسـتدانی پەردەی کچێتی هێشتا تابۆیە، داب و نەریتی پەیوەست بە هاوسـەرگیری و دەزگیرانداری بۆ ڕێگری لە گۆڕینی ئەم تابۆیانە بێچمی گرتووە. لە وڵاتـی ئێران کچان لە ڕێگەی بەهاکانی پاکیزەیی و پاکداوێنی کۆمەڵگاگر دەبن. پاراستنی ئەوەی وەک شانازی کچان دەناسرێ وەک بەرگری لە بارودۆخی بنەماڵە و هۆز زەختێکی زۆر دەکاتە سەر بەرپرسایەتی دایک و باوک.

هاوسـەرگیری کردنـی کچـانی کـەم تەمـەن وەک ئامرازێـک بـۆ کـەم کردنەوەی چالاکی زایەندی هەڵە یـان ڕێنوێنیـان پێناسـە دەکرێـت. لـەم بارودۆخەدا بوونی کچێکی کەم تەمەن لە ماڵەوە هەڕشەیە بۆ سـەر ئـەوەی پێشتر بە تابۆ ناسراوە، چوونکە کچان لەوانەیە بچنە ناو پەیوەندیی بـەر لـە هاوسەرگیرییەوە. ئەم ترسە بەهێزە مافە سەرەتاییەکانی کچان بۆ خوێندن و مافە سەرەتاییەکانیان بۆ ئەوەی کە چ کاتێک و لەگـەڵ کـێ هاوسـەرگیری بکەن، لێ زەوت دەکات. ئەنجامی توێژینەوەکان لە سەر ئەم بنەمایـە بـوو کە زۆرێک لە وڵامدەران (٦٥٫٢ لە سەد) خۆیان هاوبەشـی ژیـانی ژن و مێردییان دەستنیشان نەکردبوو. لە ٤٥٫٩ لـە سـەدی حاڵەتـەکان بڕیـاری هەڵبژاردنی هاوژین لە لایەن بنەماڵە و لە ١٥٫٧ لە سەد لـە لایـەن خـزم و کەس یان ئاشنا و ناسیاوەکان دەرکرا بوو. لادان لە بـەها کۆمەڵایەتییـەکان دەگمەنە. هەر کات کچۆڵە دەگاتە تەمەنێکی تایبەت لە سەرەتاکانی تـافی مێرمنداڵیدا وەک حەڕەشەیەک لێی دەڕوانرێ کە دەبێ خێرا هاوسـەرگیری بکا چونکە گریمانەی ئەوە دەکرێ کـە ئـەو هێنـدەی پێویسـت باڵقـە کـە بتوانێ هاوسەرگیری بکات. توانـای بڕیـاردانی سەربەسـتانەی کچـان بـە پێچەوانــەی ڕەزامەنــدیی و خواســتی خــۆی کەمــە چوونکــە زیــاتر هاوسەرگیری لەگەڵ کەسانێک دەکەن کە زۆر لە خۆیان گەورەترن. کاتێک

مێرمنداڵێک یان یان منداڵێکی کەم تەمەن هاوسەرگیری لەگـەڵ پیـاوێکی زۆر بەتەمەنتر لە خۆی دەکا هێزی پێکەوە هەڵنـەکردن بـە هـۆی مـەودای تەمەنییەوە دەتوانێ زۆر بێت. هەر هــەموو وڵامــدەران کـە کچـەکانیان لــە تەمــەنی کەمــدا هاوســەرگیرییان کردبــوو ڕایانگەیانــد کــە ئــەوە هێــزە کۆمەڵایەتییەکانن کە هاندەری فاکتـەرەکانی بڕیـاردانن (خۆبـوواردن لـە پەیوەندی زایەندی بەر لە هاوسەرگیری یەکـەمین قـازانجی هاوسـەرگیری منداڵان کە لە لایەن وڵامدەرانەوە ئاماژەی پێکرا).

پەیوەندیی نێوان نەریتی منداڵ هاوسەریی و بێگاریی منداڵان ئەو کاتە دەردەکەوێ کە کچێـک لـە لایـەن دایـک و بـاوک یـان سەرپەرشـتەکانی ئەسپاردەی بنەماڵەیەکی دیکە دەکرێت. لێرەدایە کە منداڵ لە ئیشی ناو ماڵ و ئیشی دەستی دەچەوسێنرێتەوە. هاوسەرگیری منداڵان سەرچاوەی کاری گوندیی بە زیاد کردنی ئەندامێکی نوێ بۆ بنەماڵەی کار دابین دەکات. بـە زیاد بوونی دەستێک بە دەستەکان ئیشەکان باشتر بەڕێوە دەچـن. داهـاتی سەرەکی بنەماڵە لە کشـتووکاڵ، تـەون کـردن، ئاژەڵـداریی و هتـد دابـین دەبێت و بە کارهێنانی کچۆڵە بە هـۆی هـەرزانی و ئیشــی ئـازاد و بـە بـێ سنوور لە هەندێ لە کۆمەڵگا گوندییەکان، سەرچەشنێکی وەرزیی پـەیڕەو دەکا کە زۆر بە ڕاحەتی لەگەڵ ئابووریی کشتووکاڵ گونجاوە.

«هەموو کچان لە تەمەنێکەوە بیر لە هاوسەرگیری دەکەنەوە، دایکی نەوەی نوێ بیر لە زانکۆی ڕۆڵەکەی دەکاتەوە. بەڵام دایکانی ڕابردوو بەردەوام دەڵێن کچی فڵان کەس شووی کرد. ئەمە شێوازی بیرکردنەوەی دایکە کە کاریگەری هەیە تەنانەت ئەگەر باوکیش بەرهەڵستی بکات. ئەگەر دایک سیاسەتی هەبێ ڕازی دەکات. ئەگەر دایک لە ماڵدا باڵادەست بێ دەتوانێت.»

زارا، ٣٢ ساڵە

هاوژینی شۆڕای شاری عەلەوان، شووش ـ پارێزگای خووزستان

کۆمەڵگای ئێرانی لـە بنەڕەتـەوە هـۆگری ملـدانی ئاسـان و خێـرا بـە گۆڕانکارییە سەرەکییە کۆمەڵایەتییەکان نییە و نەریتە باوەکان بـە بـێ هـیچ شک و گومانێک دەبێ پـەیڕەو بکرێـت. تایبەتمەنـدی سـەرەکی لاسـایی کردنەوەی سیستەمکی نەنووسـراوی دابـەش کـراوەی دەسـەڵات لـە نـاو بنەماڵەیە. کۆمەڵگای پیاوسالار وەک بنەمایەک ڕەچاوی کۆنترۆڵی نـەوەی گەنجی خۆی دەکا بۆ ئەوەی لـە نـاو بنەماڵـەدا حەقیقـەتی هاوسـەرگیری منداڵان پاساودار بکـات. پـاش هاوسـەرگیری ژن و مێـردی کـەم تەمـەن لەگەڵ دایک و باوکی گەورەتریان لە نـاو ماڵێکـدا دەژیـن، چوونکـە هـەر دووکیان بۆ ژیانی سەربەخۆ و جیا هێشتا منداڵن. دابین کردنـی پشـتیوانی ماڵیی بۆ ژن و مێردی گەنج دەبێتە هۆی سەربەخۆیی کەمتر لە بڕیارەکانی ژن و مێردی، وەک لە کوێ کار کردن، چ کاتێ منداڵ خستنەوە، چ کـارێ گرتنە ئەستۆ، ئاستی خوێندەواری و هتـد ... ئـەم میکـانیزمی کـۆنترۆڵی سیستماتیک و پێشتر دیاری کراوانە نە تەنیا بە سەر کچۆڵەکان بـەڵکوو بـە سەر کوڕانیشدا دەسەپێنرێت. لە زۆرێک لـە حاڵەتەکانـدا دایـک و بـاوک دانی پێدادەنێن کە هاوسەرگیری منداڵان، کـوڕان لـە سـەر لێشـێواویێ لـە دەرەوە مانەوەی شـەوانە و کـۆچ کـردن بـەرەو شـوێنەکانی دیکـە و شـارە گـەورەکانی وەک تـاران دوور دەکاتـەوە. کـۆنترۆڵ کردنـی نـەوەی گـەنج ئامرازێکە بۆ دەور یەک کۆ کردنەوەی بنەماڵە لە شـوێنێکدا، کـە بـەش بـە حاڵی خۆی توێژێکی دیکە بە مانەوەی کارکردی منداڵ هاوسـەریی زیـاد دەکات.

## هۆکارە سەرەکییەکانی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان

ئەوەی لە بەشی یەکدا باسی لێکرا، پەسند بوونی بەرفراوانی هاوسـەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە میکانیزمی بـەهێزی گواسـتنەوەی کۆمەڵا یـەتی و کەلتووری بوو کە زەبرێکی زۆری لـە پـەرە سـەندنی کۆمەڵا یـەتی و مافـە مرۆییـەکانی کچـان و کـوڕانی ژێـر تەمـەن ١٨ سـاڵ داوە. بەشـی یـەک هـەروەها ئـیش لـە سـەر وڵا مـی بۆچوونـەکان لـە مـەڕ هاوسـەرگیری پێشـوەختەی منـداڵان دەکـات. توێژینـەوەکانی ئێمـە دەریـدەخا کـە کاریگەری هاوسەرگیری پێشـوەختەی منـداڵان، ئاسـایش، پێشـکەوتن و تەندروسـتیی سـۆزداریی منـداڵان دەخاتـە مەترسـییەوە. هاوسـەرگیریی پێشوەختە فەرمانی کۆتایی هاتنی لـە ناکـاوی منـداڵی دەدا و بـە ڕێگـری کردنی منداڵان لە گەشەی فیزیۆلۆژیکی و جەستەیی پێوسـت بـۆ ئامـادە بوونی زەینی و جەستە و بیریـان بـۆ بوونـە هاوسـەرانێکی بـاڵق، دایـک و باوکانێکی وشیار و بە گشتی شارۆمەندانێکی ئـەکتیڤ، بێبەزەییانـە بـەرەو دنیای گەورەیی پاڵیان پێوە دەنێت. هاوسەرگیری لە تەمەنی کەمی منـداڵی لەگەڵ گەشەی سرووشتی ناکۆکە. ئەم کچە کەم تەمەنانە نـە منـداڵن و نـە گەورە. چوونکە وەک بەتەمەنێک دەردەکەون بەڵام هێشـتا لـە ڕووی توانـا بڕیـاردان و سـەربەخۆیی دەروونـی کەمایەسـییان هەیـە. هاوسـەرگیری منداڵان شوناسیان دەڕووشێنێ و بە هەڵە ناویـان دەنـێ بەتەمـەن. ژیـانی ئەوان بە بێ دنیای پیـاوان کـەم و کـۆڕیی هەیـە، دنیایـەک کـە ئـەوان نـە کچۆڵەن و نە ژنن.

بە دانانی منداڵان لە ڕۆڵی بەتەمەنەکان، منداڵ هاوسەریی لە نەوەکانی ئێستا و داهاتوو کۆمەڵێ گۆڕانکاری دەسەپێنێ، لە ڕووی دووگیان بـوونی پەیتا پەیتا، سنووردار بوونەوەی دەستڕاگەیتشن بە خوێندن و دەرفەتخوازی

ماڵیی لە نەوەی نوێ. پێداگریی کردن لە سەر گۆشەگیریی کۆمەڵایەتی، تەڵاق و بێوەژن بوونی پێشوەختە و کەوتنە داوی پاشماوەکان لە یاسا و ڕۆڵی لە باو کەوتوو و کونە. هەڵاواردن و ستەم بە پێی جنس دزەی کردووەتە ناو بازنەی بیر کردنەوەی گشتی و بۆ نەوەکانی داهاتووش دەگوازرێتەوە.

لەم پێکهاتەدا، دەوری سەرکووت کەری ژن دەبێ بە فەرمی بناسرێ. بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن کە تەنانەت ئەو ژنە خاوەن مێردانەی کە ناچار بە هاوسەرگیری پێشوەختە کراون بۆ چەسپاندنی بەها کۆمەڵایەتیی و نەریت و لاسایی کردنەوەی پیاوی بڕیاردەر هۆگری هاوسەرگیری پێشوەختەی کچەکەیان بن. ئەم قبووڵ کردن و ڕوانگە لە ئەنجامی پاراستن و ڕاگرتنی ئەم نەریتە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەی دوایی بێت. ژنان بە کەمیی خوێندن و دەرفەتی کەم بەشداریی کۆمەڵایەتی پێگەی سەرکووتکەرانەی یەکسان دەگوازنەوە بۆ کچەکانی خۆیان. بە خافڵ بوون لەو گۆڕانەی کە دەیانتوانی بە شێوەی شاراوە لە ژیانی کچەکانیاندا بەدی بێنن، قوربانیانی منداڵ هاوسەریی کە ئێستا پاشماوەکانی ئەون، ڕاست هەمان سنووردار کردنەوانە هەر بەو شێوەی خۆیان ئەزموونیان کردووە، بەرامبەر بە منداڵەکانی خۆیان دووپاتی دەکەنەوە. ژنان نەریتەکانیان بە بێ تەنانەت جارێک سەرنج دان و بردنە ژێر پرسیاری توند و تیژییە وەرەزکەرەوەکان لە کۆڵ ناوە.

پێویستە ئەوە باش بزانین کە پرۆسەی قووڵی چەسپاندنی نەریتەکان لە تەمەنی گەنجێتییەوە دەست پێدەکا و لە درێژەی ژیانـدا لەگەڵ کەسەکان دەمێنێتەوە چوونکە مادام ئەوان لە هەمبەر خواستەکانی کۆمەڵگای پیاوانە بێدەنگ و ڕازیین پرۆسەی کۆمەڵگاوەرگریی زایەندی بۆ سازگاریی

ڕوانگە، ڕفتار و کەسایەتی ژنان لە کۆمەڵگای پیاوسالار بەردەوام دەبێت. وەرگرتنی ئەوان بە هۆی ساڵانێک وازانینی هزریی سەبارەت بە کەم بوونی خۆیان، هەلومەرجی نزمی کۆمەڵگا و نەبوونی توانای دانووستان و دواندنی هاوسەرەکانیانە. هاوسەرگیری ئێستا پارێزەرێکی ناسکی ئابڕووداریی پێداون. دەسەڵاتی زاڵی پیاوان ڕێگەی بیرکردنەوەیانی کۆنترۆڵ کردووە بە جۆرێک کە هەندێ جار ئەوان توانای بیرکردنەوەی لەو دیو چوارچێوەی پیاوسالارییان نییە.

ڕون و ئاشکرایە کە تێگەیشتنی گشتی و هاوسەنگ نەکراوی ڕفتاری زایەندیی دەبێ بە پێی پەیوەندی زایەندی وەدەست بێت. جووتبوونی زایەندی زۆرەملێ خوو و حەدی ژیانی ژن و مێردییە و مشتومڕ و ڕەتکردنەوەی ڕا و بۆچوونێکی نامومکینە، واتە کەسەکان توانای دانوستان سەبارەت بەویان نییە. لێکۆڵینەوەکان دەریدەخات کە ئەم دەستەمۆ بوونی زایەندییە لە ڕوانگەی خودی وڵامدەرانەوە بەشێکە لە هاوسەرگیرییەکەیان. هەر بۆیە پێیان وایە ئەرکی سەر شانی ئەوان ئەوەیە کە هەر کات و لە هەر کوێ مێردەکانیان داوای پەیوەندیی زایەندی لێ کردن دەبێ وڵامیان بدەنەوە. لە کاتی بەر لە هاوسەرگیری کە تێیدا دواندنی زایەندی بەرامبەر و چوونە ناو پەیوەندی زایەندی لە ڕوانگەی کۆمەڵگا قەدەغە و ئێدانە کراوە، کچی کەم تەمەن بەرەو ڕاستییەکی دیکە پەلکێش دەکا کە تێیدا چاوەڕوانی ئەوە لە کەسەکە دەکرێ ڕۆڵی زایەندی هاوسەرێکی ملکەج بگێڕێت. جووتبوون کاتێک هەردوولا لەسەری پێکنەهاتوون کچان ناچار بە نزیکی کردنی نابەدڵ دەکات. بێدەسەڵاتی لە دەربڕینی هەستی تایبەتی لە مەڕ پەیوەندیی زایەندی زۆرەملی بە واتای تەمبی نەکران و پارێزراو بوونی پیاو تەنانەت داکۆکی کردن لە سەر توند و تیژی زایەندی لە دژی ژنان لە

قەڵـەم دەدرێـت. ئـەو شـتەی وا لـە کۆمـەڵگای پیاوسـالاردا لـە ڕاسـتیدا پێچەوانەکەی گوناهـ و تاوانە.

لە نـاو پتـر لـە ٥٠٠ لێـدوانی ئـەنجام دراو لـە درێـژەی توێژینـەوەی مەیدانی، تەنیا ژنێک لە سەر دەسەڵاتی دایک لە کۆنترۆڵی شێوازی ژیانی بنەماڵە پێـداگری دەنوانـد. نـاوبراو تاکـە ژنێـک بـوو کـە سـەبارەت بـەو ڕێگایانەی کە بە شێوەی شاراوە دەسەڵاتی گۆڕینی ژینگـەی دەوروبـەری خۆیانیان هەیە و بڕیاردان کە تێیدا ـ کە هـەتا ئـەو کـات بەشـێک بـوو لـە بەرپرسایەتی پیاوانە ـ قسەی کرد.

پوتانسییەلی سنووردرایان لە دەربڕینی خواست و مافـەکانی خۆیـان، دەوری کچانی لە بنەماڵەدا سنووردار دەکردەوە. ژن تەنانەت بە بۆچـوونی خۆیان کەسێکی نامۆ و دەرەکی و لە پەراوێزی باسەکاندا ڕاگیرا بوو. ژنـان ئەم ڕاستییەیان قبووڵ کردووە، چوونکە بژاردەیەکی دیکەیان لە بەر دەستدا نییە. بەم ڕوانگانەوە دەژین چوونکـە لـە زەینـی پیاوسـالارانەی کۆمـەڵگا ڕێگـە چارەیـەکی تـری بـۆ دەستنیشـان نـەکراوە. دەسـەڵاتی خـۆ ـ سنووردارکردن بۆتە کەلتووریی سەرکوتکەری ژنان لە لایەن خۆیانەوە.

لـەو کەلتوورانـەی وا هاوسـەرگیری پێشـوەختەی منـداڵان فـرەوان و برەودارە، دەربڕینی بـاوەڕ و مافـەکانی تـاک لـە پلـەی دووهەمدایـە و لـە کـەلتووریی پیاوسـالاریدا، ئـەو شـوێنەی کـە بـەها کۆمەڵایەتییـەکان دیاریکەرەوەی بڕیار و ڕفتارەکانن، نەبینراوە. پرۆسـەی بڕیـاردان بـە بـەها هاوبەشەکان ئاراستە دەگرێ و نە هەڵبژاردنی تاکەکەسی.

بەدەر لەمە، ئەگەر بە تواناکردنی زایەندی ئامانجێکە کە دەبێ خـەباتی بـۆ بکـرێ، چانـدنی تـۆوی پێشـکەوتن، نەهێشـتنی سـنووری بـەردەم دەستڕاگەیشـتنی کچـان بـە خوێنـدن، تەندرووسـتیی، خـۆراک،

خۆشگوزەرانی و بەشداری کۆمەڵایەتییە. بەرز و بەهێز کردنـەوە دەبـێ لـە پێشدا لە لایەن خودی ژنانەوە دەست پێ بکا بۆ ئـەوەی کاریگەرییـەکانی پێشکەوتن بەچاوی خۆی ببینێت.


## هاوسەرگیریی پێشوەختە و خەسارهەڵگری ئامانجەکانی گەشەی هەزارە[1]

لە سۆنگەی مێژووییەوە، پرۆسەی ڕێگـری لـە هاوسـەرگیری زۆرەملـێ و پێشوەختە هەموو کات بە ئەسپایی و ئەستەم بـووە. یاسـای سـاردا پەسـند کراوی ساڵی ١٣٦٠، لە لایەن هێندییـەکان یەکـەمین هـەوڵێکی دەوڵـەتی هیندسـتان بـۆ وەسـتاندنی منـداڵ هاوسـەریی بـە نایاسـایی ڕاگەیانـدنی هاوسەرگیری کچان خوار تەمەنی ١٨ ساڵان بوو. شیکاریی و شـرۆڤەکان پیشـانی دەدا کـە وڵاتـی هیندسـتان یـەکێک لـەو وڵاتانەیـە کـە ئامـاری هاوســـەرگیری منـــداڵان لـــەوێ زۆرە (مـــوخرجی، ١٣٨٥). هۆکـــاری چەندیانەی هاوسەرگیری منداڵان دەرخەری ئەوەیە کـە جێبـەجێ کردنـی یاسا بە تەنیا بۆ بنەبڕ کردنی ئەم گرفتە بەس نییە. لە ساڵی ١٣٦٩، دانیشتنە نێودەوڵەتییەکانی قاهیرە لە سـەر گەشـە و حەشـیمەت، بـووە هـۆی خێـرا بـوونی ئـەو هەوڵانـەی کـە دواتـر لـە لایـەن دانیشـتنە نێودەوڵەتییـەکانی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە ژنان لە شـاری پێکـەن لـە ساڵی ١٣٧٤ بەدواداچوونی بۆ کرا.

لە کاتی جێگیر بوونی ئامانجەکانی گەشەی هەزارە، باوەڕ لە سەر ئەوە بووە کە ئەم بەرنامە کۆتایی بە نایەکسانی جنسـی دێنێـت. ئەگـەرچی زۆر بوونی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان ئەو هەوڵانە کە بۆ باشتر کردنـی

1. MDGs

ژیانی ملیۆنان زیان لێکەوتوو ئەنجام دەدرێ لاواز دەکات.




خشتەی ئامانجەکانی هەزارە پەسند کراوی ساڵی ١٣٩٤

ئامانجەکانی گەشەی هەزارە لە ساڵی ١٣٧٩ بێچمی گرت و لە مانگی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٤ لە ڕێگەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاری کردنی نەهێشتن و بنەبڕ کردنی هەژاریی و گەیشتن بە گەشەی بەردەوام هەتا ساڵی ١٤٠٩ لە نێوان ١٧ ئامانجی گەشەی بەردەوام و ١٦٩ ئامانجی هاوشێوە پەسند کرا کە بریتی بوو لە ئامانجی ٣/٥؛ نەهێشتنی هەموو ئاکارە نەریتییە زیانبەخشەکانی وەک هاوسەرگیری زۆرەملێ، هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان و سەقەت کردنی ئەندامی زایەندی

ژنان. یەکسانی زایەندی و توانای ئازادیی و بەتوانا کردنی هەر هەموو ژنان و کچان بەشێک لە ئامانجی ژمارە ٥ـە. چوارچێوەی جیهـانی ئـەم پلانـە هەر هەموو وڵاتان ناچار بە هەوڵی هەست پێکـراو بـۆ کۆتـایی هێنـان بـە هاوسەرگیری منداڵان بە چادێری لە سەر چەندیی و چـۆنیی ئەنجامـدانی ئـەم بابەتـە و دەسـتەبەریی وڵامدانـەوەی شـارۆمەندان لەوانـە منداڵانـە (ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ١٣٩٤).

بەم حاڵەوە شیکاری و شرۆڤەی ئەم ئامانجە ستایش کراوانە دەرخەری ئەوەیە کە هاوسەرگیری پێشوەختەی منـداڵان ڕاسـتەوخۆ لـە دژی بابـەتی ئامانجەکانی گەشەی هەزارەیـە. هاوسـەرگیری منـداڵان پرۆسـەیەکە کـە سـاڵانە ١٥ ملیـۆن کـچ دەخاتـە داوی هـەژاریی، مەترسـییەکانی تەندرووستیی و نایەکسانی و ڕێگری لە گەیشتن بە ٦ ئامـانج لـە کـۆی ٨ ئامانجی گەشـەی هـەزارە (ظفـر، ١٣٩٤). ئـەم هاوسـەرگیریی منداڵانـە حەڕەشە لـە وەدەسـت هێنـانی ٦ ئامـانجی یەکـەم دەکـات، وەک منـداڵ هاوسـەری شانسـی کچـان بـۆ ئـەوەی پاژەیـەکی بەسـوود لـە پرۆسـەی پێشـکەوتنی وڵاتەکـەیان بـن کـەم دەکاتـەوە. داوی کۆمەڵایـەتی ئـاڵۆزی هاوسەرگیری منداڵان کە لە پێکهاتەی پیاوسالارانە ئیش دەکـا، هۆکـاری سەرەکی هەڵکێشـانی ئاسـتی هـەژاری، مەترسـییەکانی تەندرووسـتیی و نایەکسـانی جنسـی، چاوەڕوانییـە کۆمەڵایەتییـەکان و بـەها زایەندییـە شاراوەکانی کەلتوور و زیاتر لە توند و تیژی بە پێی زایەندە.

شایەنی وتنە کە ئامانجی گەشەی هەزارە، هاوسەرگیری منـداڵان وەک ئامـانج ناناسـێت. سـەرەڕای ئـەوەی ئـەم بابەتـە ڕاسـتەوخۆ ڕێگـری لـە پێشکەوتنی هەر کام لەم ئامانجە هەستیانە دەکات (یەکسـانی، ب . ت). ئەم ڕاپۆڕتە لـە هـەر چەشـنە ئاماژەیـەک بـە کچـانی گـەنج و مێرمنـداڵ

بێبەرییە، کە باش دەزانین پاژەیەکی گرینگن بۆ هەوڵدان لە پێناو کەم کردنەوەی هەژاریی. هیچ ئاماژەیەک بە ڕاهێنانی کچان، پێویست بوونی ناونووسین و بەڵگەی لە دایکبوون نەکراوە. هیچ پابەندیی یان وەدەست هێنانی متمانە لە دەستڕاگەیشتن بە تەندرووستیی، مافە زایەندییەکان، زک و زا و یان ڕاهێنانی گشتگیری چالاکی زایەندییکە بۆ وەدەستهێنانی جیهانێکی تەندروست و دەستخستنی متمانەی ژنان و کچان لە مافە بنەڕەتییەکانی خۆیان پێویستە، بەدی نەکرا. هەروەها ناوی ئەو کۆمەڵگایانەی نەهێناوە کە لە دژی بەها کۆمەڵایەتییە جیاکارییەکان خەبات دەکەن. سەرباری ئەوەی سەرچاوەی بەهێز بۆ کۆتایی هێنان بە توند و تیژی، دابین کردن خزمەتگوزاتری ماڵیی و یاسایی تایبەتی لە بەر دەستە بەڵام هەست بە نەبوونی داتای لێک جیاکراو بە پێی زایەند و تەمەن، مافی زایەندی و زک و زا دەکرێت. هەروەها خواست بۆ نەهێشتنی بنچینەکانی نایەکسانیی بە فەوتاندنی بەهای کۆمەڵایەتیی جیاکارانە هەیە. هەموو ئەم حاڵەت و کەمایەسییە ناوبراوەکان، بوونەتە هۆی مانەوەی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان. ڕاپۆڕتی بانگەوازێک کە بۆ کۆتایی هێنان بە منداڵ هاوسەریی ڕاگەیێنراوە، بە تەنیا و لە ژێر ناوی دادپەروەری، لە تەندرووستیی گرینگ، خوێندن و بەرنامەی بە تواناکردنی چینە خەسار هەڵگرەکان غافڵ بوو. بە ئاوڕدانەوە لە لێکەوتە مەزنەکانی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە ناوچە باس کراوەکانی سەرەوە، ئەم نەهێشتنە خەفەت هێنەرە وەک دەرفەتێکی لە دەست چوو لێی دەڕوانرێت.

ناوەڕۆکی ئامانجی ژمارە سێ «پەرەپێدانی یەکسانیی زایەندی و بەتوانا کردنی ژنان» ڕاشکاوانە بریتیی نییە لە چەمکی نەهێشتنی هاوسەرگیری منداڵان. بەتوانا کردنی ژنان هەتا ئەو کاتەی کە زۆرێک لە کچان

هاوسەرگیرییان کـردووە و مـاف، تەندرووسـتی، خوێنـدن و شـێوازێکی ژیانی بێبەری لـە تونـد و تیـژی و چەوسـانەوە ڕەت بکەنـەوە، نامومکینـە (اپراتی، ١٣٩٤).

هەروەها پەیوەندییەکی بنیـاتیی لـە نێـوان هاوسـەرگیری پێشـوەختەی منــدالاّن و خوێنــدن بــوونی هەیــە (ئامــانجی ژمــارە ٢). ئەگــەریی هاوسەرگیری کچانی نەخوێندەوار و ڕانەهێنراو، بەر لە تەمەنی ١٨ سـالاّن سێ قاتی ئەو کچانەیە وا ئاستی خوێندنیان بەرزە. ئەمـە بـەش بـە حـاڵی خۆی کاریگەری لە سەر هەوڵ بـۆ نەهێشـتنی بـەرچاوی هـەژاری هەیـە (ئامـانجی ژمـارە ١)، منـداڵ بووکـەکان دەرفـەتی ئـابووری - خوێنـدنی پێویست بۆ ڕزگار کردنی خۆیان و بنەماڵەکـەیان لـە هـەژاری لـە دەسـت داوە. ئەمە بەش بە حاڵی خۆی ڕێژەی زۆری وازهێنان لە خوێندن لـە نـاو ئەو کچانەی کە کۆسپی بەر دەم ئامانجی ٢ــە بەدی دێنێت.

نەریتی هاوسەرگیری پێشوەختە لە وڵاتی بێبەش یـان هەژارنشـین زۆر ئاســایی و بــاوە. جیــا لــە پێگــەی جوگرافیــایی و کلتــووریی، وێــدەچێ هاوسەرگیریی مندالاّن پەیوەندییەکی ڕاسـتەوخۆ و مانـاداری لەگـەڵ ئـەو بارودۆخە هەبێ وا دیاری کەرەوەی گەشەی لاوازە؛ بۆ وێنە گوندنشـینی، کەمی یان نەبوونی ڕاهێنان و هەژاریی. فاکتەری دیاری کەرەوەی سەرەکی و هەروەها نواندنەوەی منداڵ هاوسەریی لە وڵاتانی بەنگلادش و مالیی و موزامبیک و نەیجرییە؛ ئەو شوێنەی کە پتر لە نیوەی هاوسەرگیری کچانی خوار تەمەنی ١٨ سالاّن هەژارییە. لـەم وڵاتانـەدا، پتـر لـە ٧٥ لـە سـەدی خەڵک بە کەمتر لە ٢ دولار لە ڕۆژدا ژیانی خۆیان بـەڕێوە دەبـەن. مـالی نموونەیەکە لە مانەوە لەم دۆخە نالـەبارە ئابوورییـە (کابینـەی سـەرچاوەی حەشیمەت، ١٣٩٥).

بێبەشی و هاوسەرگیری منـداڵان پێکـەوە گـرێ دراون. هـەژاری وەک سیگناڵ و هەمیش وەک بزوێنـەری هاوسـەرگیری منـداڵان، ڕێگـری لـە ڕاهێنان، کار کردن و دیکەی پێشـکەوتنە ئابوورییـەکان دەگـرێ و کچـان دەخاتە بەر دەم کۆمەڵێ خەسارهەڵگریی (سێنلاپ، ١٣٩٤: ٤).

هاوسەرگیری منداڵان هـەروەها هۆکارێکـە بـۆ هەڵکشـاندنی ڕێـژەی مردنی دایک و منداڵ کـە ڕەوتـی بـەدیهێنانی ئامانجـەکانی ٤ و ٥ لاواز و ئەسپایی دەکاتەوە. زک و زای نـەخوازراو کچـان بـەرەو ئاسـتێکی بـەرزی ئیسترێسی جەستەیی و دەروونیی پەلکێش دەکا، چوونکە لەش و زەینیـان بۆ دووگیان بوون ئامادە نییە. هاوسەرگیری منداڵان دەروازەیەکـە بـۆ زک و زای پڕمەترسیی و بـێ ژومـار. زەختێکـی زۆر دەخرێتـە سـەر کچـان بـۆ سـەلماندنی توانـا دووگیـان بـوون و زک و زا بـۆ خـزم و کـەس، مێـرد و کۆمەڵگا، تەنانەت بەر لەوەی ئەو ئافرەتـە توانـای تـەواو کردنـی گەشـەی جنسی و جەستەیی خـۆی هـەبێت و تەنانـەت بـەر لـەوەی بـاڵق بـوونی ئەقڵیی، دەروونناسی و سۆزداریی پێویستی بـۆ دوو گیـان بـوون و قبـووڵ کردنی بەرپرسایەتی ژیانێکی نوێ لەودا بێچم بگرێ. دووگیان بوونی پەیتا پەیتا و پێشوەختە دەتوانێ ببێتە هۆی برینـی هەمیشـەیی و لاواز کـەرەوەی تەندرووستی و مانەوەی دایک و منداڵ. ئـەم چەشـنە هاوسـەرگیرییانە لـە کۆمەڵگای نەریتخوازدا ڕوو دەدا، شوێنێک کە منداڵ بووکەکان ناچـار بـە منداڵ خستنەوە دەکرێن و ئەم پێویستییە ئەوان دەخاتە بەر دەم نەخۆشـیی نزیکیی و هەڵکشانی ڕێژەی مەترسیی مردنـی دایکـان. (نـوور، ١٣٨٨). هاوسەرگیری لە بری ئەوەی ڕێگری لە نەخۆشییەکان بێ، زیاتر ئامرازێکـە بۆ پەرەپێدانی نەخۆشی زایەندی و ئایدز نە قەڵغانێک لە هەمبەر پاراسـتنی ئافرەتە کەم تەمەنەکان، بە جۆرێک کـە هاوسـەرگیرییان ئـەوان ناچـار بـە

گۆڕینی خێرا لە پاکیزەییەوە بۆ تێکەڵبوونی یەک لە دوای یەک و نەپارێزراو دەکات. زۆربەی کچان زانست و ئاگادارییـان لـە هەمبـەر نەخۆشـیەکانی هەو کردنی نزیکیی و زایەندی لە خۆیان لە ئاستێکی زۆر نزمدایە.[٢]

بـە کۆتـایی هـاتنی گەشـەی هـەزارە، ڕێکخـراوە نادەوڵـەتیی و نێودەوڵەتییـەکان، دەوڵەتـە نیشـتمانییەکان و بزووتنـەوە سیاسـییەکان ئـەو کۆسپە شاراوە و ستراتیژە دیارەیان کە بۆ زاڵ بـوون بـە سـەر هاوسـەرگیری منـداڵان پێویسـتە، شـیکاری و شـرۆڤە کـردووە. ناسـینەوەی یەکسـانی زایەنـدی ئامانجێکـە کـە دەبـێ پـاش سـاڵی ١٣٩٤ لـە ڕەهەندگـەلی تەندرووستیی، خوێندن، حکومەتداری و بەتوانا کردنی ئابووری دەسـت بخرێـت. هـەر بـۆ ئـەم مەبەسـتە ئامانجـەکانی گەشـەی بـەردەوام[٣] بـۆ وەدەستهێنانی متمانە لە یەکسانیی جنسی، مافەکانی ژنان و بەتوانا کردنی ئافرەتان وێـڕای زۆر بەرنامـەی گەشـە گەڵاڵـە کـراون. هـەروەها هـەوڵی پێویستی ئەم بـوارە لـە لایـەن کەسـانی دەستڕۆیشـتوو و نـاودار و ژنـانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرنامەی گەشەی پاش سـاڵی ١٣٩٤ ئـەنجام دراوە کـە هەڵوەشـاندنەوەی هاوسـەرگیری منـداڵانی وەک ئامـانجێکی گرینـگ لـە کـۆی ئامانجـە گرینگـەکانی گەشـەی بـەردەوام ڕاگەیاندووە. گرێبەستنامەی ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤ کە لە لایەن پتر لە ١٠٠ وڵات پەسند کراوە، شرۆڤەی دەکاتەوە کە پێداگری نواندن لە سەر هاوسەرگیری زۆرەملـێ و هاوسـەرگیری پێشـوەختەی منـداڵان زیـان بـە دەستکەوتی ئامانجەکانی گەشەی هەزارەی ئابووری ئەکتیڤ و بەردەوام و یەکدەستی کۆمەڵایـەتی دەگـەیێنێت. کـە واتـە نەهێشـتنی هاوسـەرگیری

2. sexually transmitted infections (STIs)

3. SDG

زۆرەملێ و هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان دەبێ لە بەرنامەی گەشەی پاش ساڵی ١٣٩٤دا بگوونجێنرێ (بیست و چوارەمین ڕاپۆرتی کۆنگرەی مافەکانی مرۆڤ، ١٣٩٥: ٦٠).

لەم ناوەڕۆکانە دەردەکەوێ کە لە سەردەمی ١٣٩٤ەوە بەم لا، دادپەروەریی بۆ نەهێشتنی هەڵاواردنی زایەندی دەخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە. درکی هێزە کاریگەرەکان لە هاوسەرگیری بەر لە کاتی دیاری کراو و ڕێگری لە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان پابەندێتییەکی چێکراوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و دەوڵەتە نیشتمانییەکانە وەک هەنگاوێکی گرینگ و حەیاتی بەرەو وەدەستهێنانی ئامانجی گەشەی بەردەوام، کە لە بەرنامەی پاش ١٣٩٤ بۆ گەشەی ژینگە، ئابووریی، کۆمەڵایەتی و مرۆیی بە شێوەی تایبەت، وەک ڕێگەیەکی پێویست بۆ دەستخستنی یەکسانی زایەندی و بەتوانا کردنی هەموو ژنان و کچان دیاری کراوە. ڕێگری و نەهێشتنی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لەم بارەوە هەنگاوێکی گرینگە کە دەتوانێ ببێتە هۆی نەهێشتنی هەموو بەربەستەکانی بەشداری ژنان لە پرۆسەی گەشەی جیهانیی جنسی.

## پێشنیارەکان

سەرەڕای ئەوەی ئەم ئەنجامانە لە توێژینەوەیەکی چڕ و پڕ لە سەر وڵاتی ئێران وەدەست هاتووە، هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان بە ناوچەیەکی تایبەت، ئاستی پێشکەوتنی ئابووریی دیاری کراو یان شرۆڤەی فەرمانێکی ئاینیی تایبەت سنووردار نابێتەوە. کێشەی هاوسەرگیری منداڵان لە ناو گرووپە تایبەتەکانی دانیشتوو وڵاتانی ڕوو لە گەشەدا بەدی دەکرێ؛ وەکوو کۆمەڵگای ئۆرتۆدۆکس لە وڵاتی ئیسراییل (هالپرین کیدری، ١٣٩٢)،

وڵاتی سێربێستان کە تێیدا نزیکەی ٨ لە سەدی ژنان و کۆمەڵگای ڕۆما کە ٥٤ لە سەدی ژنان لە منداڵیدا هاوسەرگیری دەکەن (یوونیسێف، ١٣٩٣).

هێشتا زۆر ڕێگا بۆ خەبات لە دژی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە ئێراندا ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە. ئەم لێکۆڵینەوە بە پێی ئەنجامی لێکدانەوە و داتا پەیوەستەکانی وڵامدەرانی ئەندازە گرتوو، پێشنیار و ڕێکارەکانی ژێرەوە دەخاتە ڕوو. زۆرێک لەم پێشنیارانە بەرنامەی ڕێگری لە هاوسەرگیریی منداڵان بەهێز دەکەن و سوورن لە سەر ئەوەی کە ڕوانگەی گشتگیری چەند لایەنە بۆ بەرەنگار بوونەوەی کێشەی هاوسەرگیری منداڵان مەرجی پێویستی گرتنە بەری سیاسەتەگوزارییەکانە.

ئاڵۆزیی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان، بەرنامەی هاوئاهەنگی سیاسی و یاسایی کاریگەر لە سەر ئاستی ناوچەیی، نیشتمانی و نێودەوڵەتیی حاشا هەڵنەگر دەکات. کۆمەڵێ لە ئاراستەکان سەبارەت بە هاوسەرگیری منداڵان لە ئارادایە. هەموو کەس بە شێوەی چارەنووس ساز دەورێکی بۆ ئەنجامدان هەیە. ئەمە بەو مانایەیە کە بۆ بنەبڕ کردنی هاوسەرگیری پێشوەختە دەستێوەردانی بەردەوامی درێژ ماوە کە لەگەڵ یەکتر لە هاوئاهەنگیدان و ڕەنگدانەوەیەکن لە بەتوانا کردنی کچان، ئەکتیڤ بوونی بنەماڵە و کۆمەڵگاکان، دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری و جێگیر کردنی یاسا و سیاسەتە شیاوەکان، پێویستە.

گرینگ ئەوەیە کە دەسەڵاتداران و سیاسەتگوزاران دەبێ پشتیوانی لە نەهێشتنی هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان بکەن و نکۆڵی لە بوونیی نەکەن. هاوسەرگیری منداڵان هەیە و داکۆکی لە سەر کردنی زۆر پێویستە. سەرنجدانی گشتی و ڕوو کردنە ڕاستییە بینراوەکان بنەبڕ بوونی هاوسەرگیری منداڵانی لێ دەبێتەوە. ئەوەی بە فەرمی نەناسراوە ئەوەیە کە

تێگەیشتن و قبووڵ کردنی کێشەیەک، یەکەمین هەنگاوە بۆ چارەسەری ئەو کێشە. نموونەیەک لەم پرسە لە بەشی دووهەمی ئەم ڕاپۆرتەدا بە تێر و تەسەلی شی کراوەتەوە؛ بڕیاری نوێی ئیدارەی ئامار لە سەر ڕاشکاو نەبوونی ئاماری تەڵاق[4] لە بری چارەسەری کێشە، ڕووی پرسیارەکە دەسڕێتەوە.

تەمەنی یاسایی پێناسە کراو بۆ خوێندنی ناچاریی دەبێ هاوئاراستەی تەمەنی لانیکەمی پێناسە کراو بۆ هاوسەرگیری بێت. یاسا لە مەڕ تەمەنی یاسایی هاوسەرگیری کە لە ئێستادا ١٣ ساڵ بۆ کچان (٩ ساڵ لە سەر ئیزنی دادگا) و ١٥ ساڵ بۆ کوڕانە، پێویستی بە هەڵکشان بۆ تەمەنی ١٨ ساڵانە. شایەنی سەرنجدانە کە بە پێچەوانەی ئەوەی کە زۆرێک لە وڵاتان بۆ لانیکەمی تەمەنی یاسایی هاوسەرگیری یاسادانەریی دەکەن، تەمەنی هاوسەرگیری بۆ پیاوان پتر لە ژنانە و زۆرێک لە وڵاتان تەمەنی یاسایی هاوسەرگیری کەمتر لەوەی لە ڕێککەوتننامەی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە مافەکانی منداڵان دیاری کراوە ڕەچاو دەکەن.

4 . هەواڵدەریی ئیسنا، کۆدی هەواڵ : ٩٥٠٥٠١٠٦٥٨٨




ژنان و کچان لە حاڵی پەیوەست بوون بە خولی فێربوونی قورئان
وێنە : کامیل ئەحمەدی

تۆمار کردنی هەموو لە دایکبوونەکان و هاوسەرگیرییەکان بۆ لە ناو بردنی نەریتی هاوسەرگیری لە منداڵیدا ناچارییە. بە ئاماری سنووردار یان کەمایەسی سەرچاوەی متمانە پێکراوی لە دایکبوون، دیاری کردنی تەمەنی بووک بە شێوەی لێبڕاوە ئەستەمە. مەزندەکانی دایک و باوک لەوانەیە ناڕاست، هەڵە و هەندێ جار درۆ بێت. تۆمار کردنی ناو هەنگاوێکی کلیلییە لە بەرەنگار بوونەوەی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵانە چوونکە بەڵگە بۆ دیاری کردنی وردی تەمەنی بووکە. تۆمار کردنی وردی هاوسەرگیری تەنیا ئەو کاتە مومکینە کە لە سەر بنەمای تۆمار

کردنی کاتمەند و وردی لە دایکبوونەکان بێت. تۆمار کردنی کاتی لە دایکبوون لە بنیاتیترین مافەکانی مرۆڤە کە سوودمەند بوون لە مافەکانی دیکەی لێ دەکەوێتەوە.

لەو وڵاتانەی کە تۆمار کردنی کاتی لە دایکبوون ناچارییی نییە یان بە شێوەی نایەکدەست ئەنجام دراوە، تۆماری هاوسەرگیریش بە پێی نەبوونی بەڵگەی متمانە پێنەکراوی کاتی لە دایکبوونە. بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی یوونیسێف، جیاوازی لە تۆمار کردنی لە دایکبوونەکان، ساختە کاریی و چەواشە لە تەمەن و شووناسی منداڵ - بەتایبەت ئەو کچانەی قوربانی هاوسەرگیری پێشوەختەن - ئاسان دەکاتەوە. تۆمار کردنی شیاو و وردیی کاتی لە دایکبوونی کچێک ئەنجامی پڕبایەخ و پڕبەرهەمی لێ دەکەوێتەوە: شوناسی دەپارێزرێ، شیاو بوونی بۆ گەیشتن بە خزمەتگوزاری بنەمایی زیاتر و مافە پارێزراوەکانی تا ڕادەیەکی بەرز، زۆر دەبێت. کاری تۆمار کردنی ناو، بە فەرمیی ناساندنی یاسایی کەسێک و پێکهاتەیەکی سیستماتیک بۆ بە دواداچوونی پەیوەندیی و خزمایەتییەتی. بەدەر لە تۆمار کردنی کاتی لە دایک بوون و هاوسەرگیرییەکان بە دیاری کردنی تەمەنی کچێک و هاوبەشی ژیانی، ڕێگری لە بەردەوام بوونی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان دەگیرێ و دەبێتە هۆی ئەوەی کچ بتوانێ لە ئەگەری تەڵاق وەرگرتن داوای ماف و ئیمتیازە ماڵییەکانی خۆی بکات.

لەم نێوەندەدا دەوری دەوڵەتەکان زۆر بنەڕەتی و کاریگەرە. دەوڵەتی هەڵبژێردراو، وەک سەرچاوەی دەسەڵاتی بنەڕەتی هەر وڵاتێک، دەتوانێ لە ڕێگری کردنی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان زۆر دیاری کەرەوە بێت. دەوڵەت دەبێ بوون و شووناسی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان

بە فەرمی بناسێ و هەوڵدای بنەبڕ کردنی بێت. ئەرکی حکومەت و ناوەندەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و گواستنەوەی سیستەمی بەردەوام بۆ ڕێگری کردن لە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵانە. بەم حاڵەوە هۆگریی دەوڵەتەکان بۆ خەبات لە دژی منداڵ هاوسەریی بەس نییە. وەک چۆن بەها کەلتووریی و کۆمەڵایەتییەکان بە سەر بەها یاساییەکاندا زاڵ دەبن، پابەندییەکی ڕاشکاو بۆ دەستەبەریی ئەوەی کە یاسا بەم شێوەی کە پێویستە جێبەجێ بکرێ، پێویستە. حکومەتەکان بە لە یەکەمایەتی دانانی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان و دابین کردنی سەرچاوەی دارایی پێویست لە ڕێگەی وەزارەتخانەکان بۆ سازان لەگەڵ ئەم دیاردە مێژووییە، دەبێ بەڕێوەبەرایەتییەکی سیاسی بەهێز بۆ ئەم پرسە نیشان بدەن. بەدەر لەمە ئەم حکومەتە دەتوانێ سیاسەتگوزارییە ڕێکخراوەییەکان پێکەوە هاوئاهەنگ بکات و هەروەها لە سەر لێکۆڵینەوەی پەیوەست بە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان و پرۆژە هاوبەشەکان دیکە بوودجەی پێویست دابین بکات. ئەم بابەتە گرینگە بۆ دیاری کردنی چوارچێوەی یاسایی بەرگریکارانە و نامەبەستانە، بە کارهێنانی توند و تۆڵی یاسا و سیاسەتگوزارییەکان و هەروەها دابین کردنی خزمەتگوزاری فێرکاریی و پاراستنیی، چاودێریی تەندرووستی زایەندی و پەیوەست بە زک و زا و پێڕاگەیشتن بە هەر دوو کچانی سەڵت و مێردار پێویستە.

ئەم بابەتانە پێویستیان بە ڕێکاری درێژماوەیە نەک چارەسەریی خێرا و کورت ماوە. نموونەیەک لەم ڕێگە چارە کورت ماوەیە، لە پرسی چێ کردنی قوتابخانەی جیاواز بۆ کچانی مێردار بەدی دەکرێت. ئەم بابەتە لە سەرەتادا مزگێنی بەخشە بەڵام بە ڕوانینی قووڵتر بۆ بابەتەکە دەری دەخات کە ئەم سیاسەتە نەک هەر دەبێتە هۆی سەرمایەگوزاری سەرسام هێنەر لە

دابین کردنی ئیمکانیاتی جیا و تێچوو و زیانی نایەکسانی جنسی.

هەلومەرجەکە بە ڕوونی ئەوە نیشان دەدا کە هێشتنەوەی کچان لە قوتابخانە حەیاتییە. سەرەڕای ئەوەی هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان خوێندنی کچان تووشی وەستان دەکات، لە بەرامبەردا خوێندنی کچان هاوسەرگیری منداڵان ڕەت دەکاتەوە. بە گوێرەی توێژینەوەی ناوەندی نێودەوڵەتی لێکۆڵینەوە لە مەڕ ژنان[5] لە کۆی ٢٠ وڵات ١٨ وڵات، وڵاتێک کە باوبوونی هاوسەرگیری منداڵان تێیاندا لەو پەڕی خۆیدایە، ئاستی خوێندنی کچان دیاری کەرەوەترین فاکتەر لە تەمەنی هاوسەرگیرییە. بە شێوەی بەردەوام، لە هەموو ئەو ناوچانەی کە کچان لە ئاستی بەرزی خوێندن دان، هاوسەرگیری لە تەمەنی منداڵیدا کەمتر باوە.

گرینگی خوێندن وەک ئامرازی بەرز کردنەوەی تەمەنی سەرەتایی هاوسەرگیری، شیاوی نکۆڵی لێ کردن نییە. بە گێڕانەوە لە ڕاپۆرتی یاریدەدەری ئوسترالیا[6] ئەو یاسایانەی کە لە درێژەی سەروبەندی شۆڕشی ئیسلامی بۆ گشتیی و ناچار کردنی خوێندنی سەرەتایی بۆ کچان و کوڕان پەسند کرا و چووە بواری جێبەجێ کردنەوە، ڕێژەی خوێندەواری بۆ ٩٥ لە سەد بەرز کردەوە. واتە ژنان ئێستا ٦٠ لە سەدی خوێندکارانی زانکۆ پێک دێنن. ئەمە خۆی هێمای باشتر بوون و پێشکەوتنە، بەڵام دەبێ سەرنجی ئێمە لە سەر کچانی هەژارتر و گوندنشین بێ بۆ ئەوەی دەست ڕاگەیشتنیان بە قوتابخانەی پڕکوالێتیتر، گونجاو و پارێزاوتر باشتر بێت. بەم شێوە سیستەمێکی ڕاهێنانی ناچاریی و بێبەرامبەر لە سەرتاسەری وڵات دەبێ دابنرێت. منداڵان، لانیکەم هەتا ئەو کاتەی قۆناغی دواناوەندی

5. International Center for Research on Women

6. The Australian Aid

کۆتایی پێ دێ دەبێ بچنە قوتابخانە و بە تێچووی کـەم یـان بێبەرامبـەر و خوێندنی ناچاریی بۆ هەمووان بتوانن بخوێنن. زیاترین کاریگەرییەک کە لە ڕاهێنانی کچان وەدەست دێ ئەوەیە کە دەتوانن پـەرە بـەم بیـر کردنـەوە بدات کە کچان هێشتا منداڵانی قوتابخانەن لە کۆمەڵگادا.

ڕاهێنانی گشتی سەبارەت بـە هاوسـەرگیری منـداڵان و هەڵکشـاندنی خوێنـدن و وشـیاریی گشـتی پێویسـتە. بـە گـوێرەی ئەنجامـەکانی ئـەم توێژینەوە، وڵامدەران سەبارەت بـە ئاسـەواری ڕووخێنـەر و زیانبەخشـی هاوسەرگیری منداڵان نائاگا بوون یان زانستێکی ئەوتۆیان لەم بارەوە نەبوو. هاوسەرگیری منداڵان هەم هۆکار و هەمیش هۆداریی کەم خوێندەوارییـە. هەر هەنگاوێک کـە بـۆ بـەرەنگار بوونـەوەی هاوسـەرگیری پێشـوەختەی منداڵان دەهاوێژرێ، دەبێ بە ئاوڕدانەوە لە پێویستیی نەهێشـتن و لـە نـاو بردنی ئەنجامی نەرێنی بۆ ئەو کۆمەڵگایە بێت. ئەمە ڕێک ئـەو کاتـە دێتـە دی کە توانای تەکنەلۆژیا دەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوەوە، بەتایبەت بـە بـــەکارهێنانی کەمپەینـــە زۆرەکـــانی ڕاگەیانـــدن و دیکـــەی شـــێوازە داهێنەرییەکانی وەک ڕادیۆ، تەلەڤیزیۆن، موبایل و ڕاگەیاندنی دیجیتاڵی بۆ هەڵکشاندنی ئاستی وشیاریی سەبارەت بە مافەکانی کچان و کاریگـەری هاوسەرگیری لە منداڵیدا. بە بێ ئەو فاکتەرە گیرنگە، پێشـکەوتن هێزێکـی دەرەکی ناڕاستییە کە ناتوانێ هەمیشەیی بێت.

یاســا و سیاســەتەکان ڕۆڵێکــی زۆر گرینگیــان لــە ڕێگــری کردنــی هاوســەرگیری لــە منداڵیــدا هەیــە. وێــدەچێ جێبــەجێ کردنــی یاســا و پەیڕەونامەکانی هاوسەرگیری ئێستایی یەکێک بێ لـە ئامانجـە زەرووری و پێویستەکان. یاسا و چاکسازییەکانی ئەم دواییە لـە یاسـای مەدەنییـەکانی وڵاتـان بـە جۆرێکـە کـە بـە شـێوەی خـۆش بینانـە لانیکـەمی تەمـەنی

هاوسەرگیری بگەیێنێتە سەرووی ١٨ساڵ. زۆرێک لە وڵاتان چوارچێوەیەکی یاسایی و سیاسی پێویستیان بۆ ڕێگری لە منداڵ هاوسەریی و پشتیوانی لە کچان مێرددار نییە. سیستەمێکی یاسایی و سیاسی بەهێز دەتوانێ پاڵپشتێکی گرینگ بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان، گۆڕینی بەها کۆمەڵایەتییەکان و بەتوانا کردنی کچان بێت. گەرچی ئەنجامەکان دەرخەری ئەوە بوون کە هیچ کام لە وڵامدەران کەمترین زانیارییان لە مەڕ تەمەنی یاسایی هاوسەرگیریی نەبوو، بەڵام بردنە سەرەوەی ئەم لانیکەمیی تەمەنییە لە ١٣ و ١٥ەوە بۆ ١٨ساڵ و گەیاندنی زانیاریی سەبارەت بەو خەڵکە و ڕاهێنانیان ئەو شتەیە کە چاوەڕوانییەکەی لە دەسەڵات دەکرێت.

دەبێ هەوڵی جیدیتر لە لایەن دەزگای دادەوە بۆ سزادانی ئەو کەسانەی وا دەست دەدەنە کاری منداڵ هاوسەریی و سزادانی ئەو دایک و باوکانەی کە ڕۆڵەکانیان ناچار بە هاوسەرگیری پێشوەختە دەکەن، ئەنجام بدرێ. زۆرێک لە وڵاتان چاودێری یاسای سزادانی سەختگرانەیان بۆ بە دواداچوونی یاسایی خەتەنەی مێینە جێبەجێ کردووە و نەریتی هاوسەرگیری منداڵانیش لەوە بەدەر نییە. چالاکییەکان دەبێ لە ئاراستەی بەهێز کردنەوەی توانا و دەفرایەتی هێزەکانی جێبەجێکار بێ بۆ ئەوەی لە پەیوەندی هەرچی پتر لەگەڵ کۆمەڵگاکان، قوتابخانە و ڕێکخراوە دەوڵەتی و نادەوڵەتییەکان ببنە هۆی ڕێگری لە بەردەوام بوونی منداڵ هاوسەریی. واتە هەر هەموو ئەم دامەزراوە ئاماژە پێکراوانەی سەرەوە کە لە هەمبەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەرپرسن، دەبێ پێکەوە لە هاوئاهەنگی تەواوی سیاسەت و بەرنامەی بەرەنگار بوونەوەی پەرە سەندنی منداڵ هاوسەریی بن.

لە کردەوەدا، منداڵ هاوسەریی لە زۆرێک لە وڵاتان بە هـۆی نـەبوونی زانسـت و وشـیاریی لـە مـەڕ زیـان و ئەنجامـە جێبـەجێ کردنـەکانی، پێشکەوتنی بە خۆوە بینیوە. پێویستە بۆ ئاشنا کردنی کۆمەڵگا لەگەڵ یاسا، زانست و خوێندن کۆمەڵێ هەوڵ بدرێ و سەبارەت بە ئاسەواری نـەرێنی فیزیایی، دەروونیی و کۆمەڵایەتییەکەی ئاگادار بکرێنـەوە. هاوئاهـەنگی و بەشداریی کۆمەڵگا بۆ بنەبڕ کردنـی هاوسـەرگیری منـداڵان دەبـێ بـەهێز بکرێتەوە. بەرنامەیەکی بەرگرییانەی گشتگیر بۆ بەرز کردنەوەی ئاسـتی بـە توانا کردنی منداڵان، بەتایبەت کچان وەک بەهایەکی کۆمەڵایـەتی دەبـێ گەڵاڵە و جێبەجێ بکرێت.

ئەو کۆمەڵـە بـەها کۆمەڵایەتییانـەی کـە هاوسـەرگیری منـداڵان وەک کارێکی بنچینەدار سەیر دەکەن، بۆ نەوەکان بوونەتە بەشێک لە کـەلتوور و زۆر قووڵ باو و جێگیر بوون. ئەم کارە چ لە ژێر ناوی ئاین بەردەوام بـێ و چ بە ناوی کلتوور، زۆر جار لـە لایـەن بـەها جنسـییە نادادپەروەرەکانـەوە دەردەکەون؛ بۆ وێنە هەوڵ بـۆ پاراسـتنی ئـابڕوو و سـەربەرزیی کـچ یـان بنەماڵەکـەی لـە ڕێگـەی کـۆنترۆڵ کردنـی ئـارەزووە زایەندییـەکانی. بـۆ سـەپاندنی گۆڕانکـاریی، ئـەو بـەها و نۆڕمانـەی وا پشـتیوانی لـە منـداڵ هاوسەریی دەکەن دەبێ بگۆڕدرێن و بەدیلیان بۆ دابنرێ. کار کردن لەگەڵ بنەماڵـەکان و لـە سـەر ئاسـتی بـەربڵاوتر لەگـەڵ کۆمـەڵگا لـە سـەر هەڵکشاندنی ئاستی وشیاری لە مەڕ ئاسەواری زیانبەخشی هاوسەرگیریی منداڵان دەتوانێ ئاراستەی کۆمەڵگا بگۆڕێ و وا بکا ئەو دایک و باوکانەی کە ڕۆڵەکانیان لە تافی منداڵیـدا ناچـار بـە هاوسـەرگیری دەکـەن پەسـند بوونیان لە دەست بدەن. بـەهای نـوێ و سەرچەشـنی ئەرکـەکان ڕێگـەی کاریگەرن بۆ گۆڕینی ئاراستەی سەبارەت بە بایەخی کچ و ژن.

کار کردن لەگەڵ پیاوان و کوڕان بەشی سەرەکی کۆتایی هێنان بە هاوسەرگیری منداڵانن. پیاوان هۆکاری گۆڕانن. لە زۆرێک لە کۆمەڵگاکاندا ئەوە پیاوانن کە دەسەڵات بە دەستن و بڕیار دەدەن. کردنە ئامانجی باوکان، دایکان، برایان و مێردەکان لە دەستێوەردانەکانی بنەبڕ کردنی هاوسەرگیری پێشوەختە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەوان بتوانن لە بارودۆخی جنسی و سوودەکانی پشتیوانیی و بایەخدانانی ژنان و کچان بە ئاستێک لە تێگەیشتنێکی دروست بگەن.

بەرنامە کۆمەڵایەتییەکان دەبێ لە سەر تەوەری قازانج گەیاندن بە بنەماڵەکان بە بزوێنەر و هاندەری ماڵیی وەکوو یارمەتیدانی قوربانیان، پەناگە و داڵدەی ئارام بۆ کچان بێت. بەدەر لەوە، پوتانسییەل سازی و ڕاهێنانی ڕێبەرانی خۆجێیی و دیکەی ئەنجامدەرانی سەرەکی لە دەستەبەریی نابەردەوامی هاوکاری پیشاندانی ئاسەواری نەرێنی منداڵ هاوسەریی دەدات.

دانیشتنە نێودەوڵەتییەکانی ساڵی ١٣٧٣(١٩٩٤) سەبارەت بە حەشیمەت و گەشە سەندنی یەکلا کەرەوەتر دەخاتە ڕوو کە بە پێی ئەو دوا کەوتن و بۆ دواوە گەڕانەوە لە گەشە و پێشکەوتنی ژناندا بەدی دەکرێ و پێویستی بە پێداچوونەوە و سەرنجدانی دەوڵەتی ئێرانە. ئەم دانیشتنانە پێداگری لە سەر ئاراستەیەکی گشتی و هەمە لایەنە دەکاتەوە؛ بۆ وێنە ئەوەی کە هەموو هەڵسووڕاوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، جڤاک و ئەکتیڤە دەوڵەتییەکان لە هاوئاهەنگی لەگەڵ یەکتر چاوێکیان بەو فاکتەرانە خشاندووە کە گەشەی ژنان سنووردار دەکاتەوە و وڵامێکی یەکدەست و گونجاو بخەنە ڕوو بۆ وێنە دەستێوەردانە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسەتە نیشتمانییەکان.

ڕێبـــەرانی ئـــاینی فاکتـــەری ســـەرەکی و بنیـــاتی گـــۆڕانن. ئـــەوان کاریگەرییەکی بەرچاویان لە سەر باوڕی گشتیی هەیە و بەو متمانەی وا لە ناو کۆمەڵگادا وەدەستیان هێناوە، دەتوانن پەسەند بوونی کـەلتووریی وەدوا خستنی هاوسەرگیری بچەسپێنن. ڕێبەرانی ئایینی بە شـێوەی شـاراوە ئـەم توانایەیان هەیە کە لە دژی منداڵ هاوسەریی و گۆڕینی ڕوانگەی کۆمەڵگا هەنگاو بنێن. ڕێبەرانی ئایینی هەروەها دەتوانن لە بواری تەمەنی چاوەڕوان کراو لـە هاوسـەرگیری کچـان بـەها کۆمەڵایەتییـەکان بگـۆڕن. کـە واتـە پێویستە ڕێبـەرانی ئـایینی سـەبارەت بـە ئاسـەواری نـەخوازراوی منـداڵ هاوسـەریی ڕاهێنـان ببیـنن. بـە ئاوڕدانـەوە لـە کاریگەرییـەکانی ئـایین، لێکدانەوە و بە دواداچـوون بـۆ دیـاردەی منـداڵ هاوسـەریی لـە ڕێگـەی سـەپاندنی یاسـا ئاینییـەکان لەوانەیـە ڕێگـە چارەیـەکی کاریگـەر بێـت. شێوازێکی گشتگیری ڕاهێنان و ڕاوێژکاری ڕێبەرانی ئایینی بۆ نیشـاندان و ڕەنگدانەوەی پەیامی پێشگرانەیە. لەو کۆمەڵگایانـەی کـە ڕێبـەرانی ئـاینی دەورێکی تۆخ و بەرچاویان لە بڕیاردان و دەستێوەردانی بـەها گشـتییەکان هەیە، پێویستە وەک پاڵپشتێکی ئەرێنی پشتیوانیان ڕابکێشرێت.

نەریتیی بەربڵاوی هاوسەرگیری کاتیی لـە وڵاتـی ئێـران، بۆتـە هـۆی هەڵکشانی ڕێژەی هاوسەرگیری منـداڵان. زۆر جـار دەرچـوونی کـچ لـەماڵی باوک لـە شـێوەی هاوسـەرگیری، دەتـوانێ ئـەو وەک لـە کاڵایـەکی زایەندی فرۆشراو دابنێ یان بە مێردێکی دیکە بفرۆشـرێ کـە ئـەم حاڵەتـە پێی دەوترێ هاوسەرگیری کاتیی منـداڵ یـان هاوسـەرگیری هەڵبەسـتراو. پیاوان بۆیان هەیە چەندین جار هاوسەرگیری بکەن یان چەندین زەماوەنـد بکەن. ئەگەر منداڵی هاوسـەرگیری پێشـوو کـوڕ نـەبێ و یـان ئـەم ژنـەی ئێستای خاوەن کچ بێ، پیاو بۆ ماوەیەکی کاتی سنوردار هەتا ئـەو کاتـەی

ئەو بتوانێ منداڵ بخاتەوە و باشتر وایە کوڕی ببێت هاوسەرگیری لەگەڵ دەکات. پاش ئەوە ئیتر هیچ پێویستێک بەم ئافرەتە کەم تەمەنانە نامێنێ و ئەم ئافرەتانە تەڵاق دەدرێن (و منداڵەکانیان ئەگەر نەخوازراو بن). کاتێک ئەم کچان وازیان لێ دەهێنرێ و تەڵاق دەدرێن چیتر ناتوانن هاوسەرگیری بکەن و دەبێ درێژە بە ژیانێکی لێوانلێو لە سەختی و سنووردار بوونی خۆیان بدەن. هاوسەرگیری منداڵ لە کۆتاییدا قاچاغی مرۆڤ، بێگاری منداڵان، لەش فرۆشی یان بە کورتی بە کۆیلە کردنی کچان بە مەبەستی چەوساندنەوە و خراپ بە کارهێنانی هەمیشەییانی لێ دەکەوێتەوە. ئەمە یەکێکە لە هۆکارە دیاری کەرەوەکانی ڕەوتی هاوسەرگیری منداڵان لە وڵاتی ئێران. بە دوادچوون بۆ ئەم چەشنە هاوسەرگیرییانە کارێکی هەر وا ئاسان نییە چوونکە زۆر جار تۆمار ناکرێن. بێگومان تۆمار کردنی هاوسەرگیرییە کاتییەکان نە تەنیا بەراوردەکانی ڕێژەی هاوسەرگیریی منداڵان پشتڕاست دەکاتەوە بەڵکوو هاوکاری ڕێگری لە قاچاغی زایەندی و دەستدرێژی بۆ سەر منداڵان دەکات.

بە توانا کردنی کچان بە پێدانی هەلی وەدەست هێنانی لێهاتوویی و زانست بۆ تێگەیشتن لە مافەکانیان و گەشەی تۆڕەکانی (حامی)، دەورێکیان گرینگیان لە کۆتایی هێنان بە هاوسەرگیری لە تافی منداڵیدا هەیە. لەو ڕووەوەی کە کچان قوربانی و خۆیان ڕزگار بووانی منداڵ هاوسەریین، دەتوانن هەر خۆیان هۆکاری گۆڕان بن. کچان کلیلی گۆڕانکاری لە بواری هاوسەرگیری پێشوەختەن. دەبێ هاوکاری کچانی کەم تەمەن بکرێ بۆ ئەوەی لە هەمبەر بەتەمەنەکان - تەنانەت ئەو دایک و باوکانەی کە بە نیازن ناچار بە هاوسەرگیری بەر لە گەیشتن بە باڵقبوونیان بکەن - بۆ بەرگری لە خۆیان توانای پێویست دەست بخەن. کۆمەڵگای

زانکۆیی و توێژەران دەبێ لێکۆڵینەوەی بەربڵاو و قووڵی زیاتر لە سەر ئاستی وڵات جێبەجێ بکەن و ڕاپۆرت لە مەڕ هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان، شووناس، ڕێژەی باوبوون و توند و تیژیی زایەندی دەروەست بەو بخەنە ڕوو. بە واتایەکی دیکە، نەوەی نوێی بەئاگا و چالاک دەبێ بۆ بەرگری لە خۆی لە پشتیوانی کەسانی دەستڕۆیشتوو لە کۆمەڵگاکەی خۆی سوودمەند بێ بۆ ئەوەی بە شێوەی بەرەو پێشچوو هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان، بکەن بە زایەڵەیەک لە داب و نەریت کە چیتر بوونی نییە. زانینی یاساکانی هاوسەرگیری و مافە زایەندییەکان دەبێ بە ڕاهێنانی ژیانیان زیاد بکرێ بۆ ئەوەی کچان زانستی سەبارەت بە تەندروستیی زایەندی و مافە یاساییەکانیان بۆ وێنە ئەوەی کە بەر لە تەمەنی ١٨ ساڵان هاوسەرگیری نەکەن و مافی ئەوەی کە بۆ هاوسەرگیری ڕەزامەندییەکی تەواو و ئازادانەیان هەبێت، فێر بن. کۆمەڵێ چالاکیش دەتوانرێ ئەنجام بدرێ کە ببێتە هۆی هەڵکشانی ئاستی متمانە بە خۆبوون لە کچان و توانای ئەوەی کە سەبارەت بە بڕیارەکانی ژیانیان وەکوو درێژەدان بە خوێندن و هەڵوەشاندنەوە و مل نەدان بە هاوسەرگیری ناچاریی قسە و دانوستان بکەن.

وڵاتی ئێران لە درێژایی یەک سەدەی ڕابردوو لە یاسای هاوسەرگیری منداڵان کۆمەڵێ گۆڕانکاری بە خۆوە بینیوە. ڕاپۆرتێکی گشتگیر لە یاریدەدەری ئوستڕالیا دەریدەخات کە بەر لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ لە وڵاتی ئێران،، تەمەنی هاوسەرگیری بۆ کوڕان و کچان بە ڕیز ٢٠ و ١٨ ساڵان بووە. لە پاش شۆڕش، تەمەنی هاوسەرگیری بۆ کچان هەتا تەمەنی ٩ ساڵان دابەزی، بە ڕەچاو کردنی شیاویی و باڵق بوونی فیزیایی، لە کۆتاییدا لە ساڵی ١٣٨٢، نوێنەرانی ژن بە شێوەی سەرکەوتووانە توانیویانە

لە یاسا جێبەجێ کراوەکاندا تەمەنی هاوسەرگیری بۆ ۱۳ ساڵ بەرز بکەنەوە.

سەرەڕای ئەمە، یاساکانی ڕێگری لە هاوسەرگیری منداڵان سنووردارن و ڕادەی سزادان هێندەی پێویست زۆر نییە کە بکەرانی تاوان بترسێنێ یان ڕێگریان لێ بکات. هەروەها لە سیستەمی یاسایی وڵاتی ئێران کەمایەسییەکان وای کردووە کە تاوانباران بتوانن بە شێوەیەک سەرپێچی و ڕا بکەن. پەسند کردنی تەمەنی لانیکەمیی یاسایی بۆ هاوسەرگیری لە تەمەنی ۱۸ ساڵان زۆر دیاری کەرەوەیە. وڵاتی ئێران بە مەبەستی ملکەچی نواندن لە هەمبەر گرێبەستە نێودەوڵەتییەکان دەبێ هەموو بەربەستەکانی وەلا بنێت و لە چەمکی «منداڵ» یان لانیکەمی تەمەنی هاوسەرگیری ڕێک بکەوێت. ئەم بابەتە هەڵگری شێوازی سییانەیە: چاکسازیی یان جێبەجێ کردنی یاسای نوێ سەبارەت بە هاوسەرگیری منداڵان، بە کارهێنانی میکانیزمگەلێک بۆ دەستەبەریی ئەوەی تەمەنی ۱۸ ساڵان، لانیکەمی تەمەنی هاوسەرگیری بۆ هەر دوو کچان و کوڕانە و دەستەبەریی وەدەست هێنانی ڕەزامەندیی کەسەکە بۆ قبووڵ کردنی هاوسەرگیری و وەک پێشتریش وترا سەپاندنی سزای شیاو بۆ سەرپێچیکارانی ئەم یاسایانە.

ئەمە باشترین کاتە بۆ بەرپرسانی یاسایی وڵاتی ئێران بۆ ئەوەی یاسا نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ سیستەمی یاسایی و جێبەجێکارییەکانی ڕێک بخەن. وڵاتی ئێران وەک یەکێک لە واژۆکەرانی گرێبەستەکانی LEDAW و CRC، بەرپرسایەتی یاسایی لە ئەستۆیە کە گەواهی واژەکانیان لە سەر گرێبەستەکان، هەموو بژاردەکانی یاسادانان، داد، کارگێڕی (ئیداریی) و دیکەی بابەتە پێویستەکان بۆ بەدی هێنانی پێشکەوتنی مافەکانی ژنان و

منداڵان کە بەشی دانەبڕاوەی ئەم یاسایانە دەدا، هەوڵ بدات.

کۆمەڵێکی زۆری پلاندانەران و سیاسەتمەداران پێویستە هاوسەرگیری پێشوەختە و هەروەها کاریگەرییەکانی لێک بدەنەوە و کەمی بکەنەوە. و ئەمە کۆ کردنەوەی داتا و زانیاری بەڕۆژیش دەگرێتەوە. لە ئێستادا نەبوونی زانیاری لە هەموو دیوەکانی منداڵ هاوسەرییدا بەدی دەکرێ، و بەتایبەت لە وڵاتی ئێران ئەم نەبوونە دەگاتە ئەو پەڕی خۆی. ئەوەی هەتا هەنووکە بوونی هەبووە پێناسە و شرۆڤەی هاوسەرگیری منداڵان لە دێڕگەلی ڕەوتەکانی حەشیمەتناسی، زک و زا و بە دەست هێنانی فێرکاریی و ڕاهێنانە. هێشتا کۆمەڵێکی کەم لەم توێژینەوانە هەن کە لە ڕوانگەی مافەکانی مرۆڤ یان بە ئاراستەی توند و تیژی لەم دەستەکەوتە بڕوانێ یان کاریگەرییکەی لە سەر ژنان، مێردەکان، بنەماڵەکان و بە شێوەی بەربڵاو لە سەر کۆمەڵگا تاقی بکاتەوە. ئەم کەمایەسییانە دەبێ هەر چی زووە قەرەبوو بکرێنەوە و بۆ ئەم مەبەستە داتا نوێکان دەتوانن کاریگەری لە سەر سیاسەتگوزاریی و بەرنامەکان دابنێن و بوار بۆ پشتیوانی ڕچە شکێن و کارامە بڕەخسێنن. داتاکانی حەشیمەتناسی دەتوانن یەکدەست بن و سەبارەت بە بابوونی هاوسەرگیری پێشوەختە هاریکاریمان بکەن.

کەم و کوڕی داتاکانی پەیوەست بە هاوسەرگیری منداڵان لە وڵاتی ئێراندا جێی نیگەرانییە. کەمیی وشیاری و خەمساردی بە ئەنقسەتی دەوڵەت دەبینرێت. سەرباری ئەمە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان هەتا هەنووکە بە هەند وەرنەگیراوە. ئەم ڕوانینە کەمتەرخەمانە سەبارەت بە هاوسەرگیری منداڵان بۆتە هۆی نەبوونی زانیاری سەبارەت بە بابەتی قسە لە سەر کراو کە هەر خۆی پێویستییەکانی کەمیی زانست لەم بارەوە لە ئاستی ناوخۆیی و کۆمەڵگا نێودەوڵەتییەکانی ڕەخساندووە. لە ئەنجامدا لە

زۆرێک لە ڕاپۆرتە جیهانییەکانی سەبارەت بە هاوسەرگیری منداڵان، وڵاتی ئێران بێ گومان کەمتر ناوی هاتووە لەبەر ئەوەی سەبارەت بەم دیاردە زانیاری پێویست لە بەر دەست نییە.

گرینگە کە لێکۆڵینەوەی زیاتر لەم بوارەدا ئەنجام بدرێ بۆ ئەوەی جیهان لە باوبوونی زۆر و پەرە سەندنی گشتگیری هاوسەرگیری منداڵان لە وڵاتی ئێران بە ئاگا بێت. لێکۆڵینەوە هەروەها هاریکاری بەرپرسانی دەوڵەتی، دامەزراوە مەدەنییەکان، شرۆڤەکاران و سیاسەتگوزاران لە ئێران دەکا بۆ ئەوەی ئەم دیاردە بناسن و چارەسەری بکەن. کۆمەڵگای زانکۆیی، توێژەران و بلیمەتەکانی لێکۆڵینەوە دەبێ توێژینەوەی قووڵی زیاتر لە سەر ئاستی نیشتمانی سەبارەت بە شوناس، باو بوون و زیانەکانی توند و تیژی زایەندی منداڵ هاوسەریی دابین بکەن.

لە کۆتایدا ئاماژە بەم خاڵە پێویستە کە هاوسەرگیری منداڵان لە وڵاتی ئێران لە لایەن ڕێکخراوەی ئایین (حکومەتی ئاینیی) و بەها کۆمەڵایەتییەکان پشتیوانی لێ دەکرێت. ئەم دوو پاژە بەهێزە هاوسەرگیری منداڵان دەبزوێنن و دەبنە هۆی دەرکەوتنی دەرهاویشتەی ڕووخێنەر و بەردەوام بوونی لە نەوەکاندا. هەر چەشنە کارێک لە دژی هاوسەرگیری منداڵان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ بنەما ئایینییەکان و عورفی کۆمەڵایەتی دەکاتە ئامانج. ئەم توێژینەوە ئەوە دەسەلمێنێ کە هەر چەشنە هەنگاوێک لە دژی منداڵ هاوسەریی تەنیا لە یەکگرتوویی لەگەڵ ڕۆڵی ئایین و بەها کۆمەڵایەتییەکان کاریگەر دەبێت.

دەوڵەتی ئێران بە جیدی پێویستی بە گەشەی بەرنامەی کۆمەڵایەتیی گشتگیر، کەم کردنەوەی ڕێژەی هەژاری و خولقاندنی دەرفەتی ئابووریی بۆ هاندانی بنەماڵەکانە بۆ ئەوەی کۆتایی بە هاوسەرگیری منداڵان بێنێت.

لە جیهانێک کە لە دژی منداڵ هاوسەریی ڕاپەڕیوە، هاوسەرگیری منداڵان لە وڵاتی ئێران هێشتا لە بەر دەم کەمتەرخەمی و نکۆڵیدایە.

## سەبارەت بە نووسەر

کامیل ئەحمەدی، خەڵکناسی کۆمەڵایەتی و توێژەر لە **دایک بووی شاری نەغەدە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە**. براوەی خەڵاتی «نامووس» لە زانکۆی **یاسای لەندەن** لە بنیاتی مافەکان **(IKWR)** و براوەی خەڵاتی «ئاشتی» بنیاتی جیهانیی ئاشتی **(PEACE)** بەشی ئەدەبیات و زانستە مرۆییەکان لە زانکۆی **جۆرج واشینگتۆنە**. توێژینەوەکانی کامیل ئەحمەدی سەبارەت بە گەشەی کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتی، ئێتنیک و پرسەکانی پەیوەست بە ڕەگەز (جێندەر) و منداڵان بووە.

کامیل ئەحمەدی، پاش چوونی بۆ بەریتانیا خوێندنی پاشناوەندی و پێش زانکۆی لەو وڵاتەدا درێژە پێ داوە و ساڵی ١٩٩٩ کارناسیی چاپ، مافەکانی چاپ و ئابووریی ئاقاریی لە کۆلێجی گواستنەوە و گەیاندنی لەندەن وەرگرتووە. ناوبراو هەروەها ساڵی ٢٠٠٣ ماستەری لە رستەی مرۆڤناسی کۆمەڵایەتی و قەومنگاریی وێنەیی لە زانکۆی کێنت لە کانتێربێری بەریتانیا وەرگرتووە و پاشان خولە پسپۆڕی و تایبەتەکانی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شێوازی لێکۆڵینەوە درێژە پێداوە و ئەم خولانەی لە زانکۆی ئابووری و زانکۆی بێرک بەکی لەندەن تێپەڕاندووە.

وتار و توێژینەوەکانی پێشووی ناوبراو بە زمانەکانی ئینگلیزی، تورکیی ئەستەنبۆڵی، فارسی و کوردی لە ژێر ئەم ناوانە چاپ کراون:

**- سازگاری و خۆڕاگری لە ناو مێرمنداڵانی مەهاباد**
*"بەکارهێنانی ڕاگەیاندنەکان، جیاوازیی ڕەگەزی و خۆڕاگری - ئێتنۆگرافیی وێنەیی لە کوردستانی ئێران" لە ساڵی ٢٠٠٦ لە مە هاباد کرا* کە لە ٢٠١٩ لە لایەن چاپەمەنیی مێهری لە لەندن و لە ساڵی ٢٠٢١ لە دانیمارک لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە هەر سێ زمانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوە.
**- ڕوانینێکی دیکە بۆ ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا**
"ڕوانینێکی خەڵکناسانە بۆ دابونەریتی مزۆپۆتامیا"؛ Etkim press

(Istanbul, Turkey 2009) لە لایەن چاپەمەنیی اتکیم بە سێ زمانی تورکی و ئینگلیزی ئیستانبول لە چاپ کراوە.

**-بە ناوی نەریت"** توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران" کە لە لایەن Uncut Voices Press-Frankfurt و چاپەمەنیی شیرازە لە ساڵی ٢٠١٦ و لە دانیمارک لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی ساڵی ٢٠٢١ چاپ کراوە، یە کیکی لە دیکەی توێژینەوەکانی ئەم توێژەرەیە.

- **زایەڵەی بێدەنگی** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە ئێران) بڵاو بۆتەوە لە Nova Science Publisher, Inc., New York 2017؛ و چاپەمەنیی شیرازە و دیسان لە ساڵی ٢٠٢١ لە دانیمارک لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە هەر سێ زمانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوە.

- **ماڵێک لە سەر ئاو** "توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە سیغە ۆ هاوسەرگیریی کاتی لە ئێران" کە دەقە فارسییەکەی لە ساڵی ٢٠١٨ لایەن چاپەمەنیی شیرازە بڵاو بۆتەوە و چاپەمەنیی مێهری لە لەندەنیش دەقە ئینگلیزییەکەی چاپ کراوە و لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوە یە کیکی لە دیکەی توێژینەوەکانی ئەم توێژەرەیە.

- **ماڵێک بە درگای ئاوەڵاوە "** توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی سپی لە ئێران" بە ئینگلیزی و فارسی کە ساڵی ٢٠٢٠ لە چاپەمەنیی مێهری لە لەندەن چاپ کراوە؛ هە ر وەها لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە هەر سێ زمانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوەتەوە. فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکان لەبەر دەستن.

- توێژینەوەیەکی دیکە بە ناوی **تاڵانی منداڵی** *"توێژینەوەیەک سەبارەت بە ناسین، ڕێگری و کۆنترۆڵی دیاردەی زبڵگەڕیی منداڵان لە تاران"* بۆ ئەنجوومەنی پشتیوانی لە مافەکانی منداڵان ئەنجام درا کە بابەتی زبڵگەڕیی منداڵانی لە تاران تاوتوێ کردووە و لە ساڵی ٢٠١٩ ڕوونوێنی کرا؛

- دەقی ئینگلیزی، کوردی و فارسیی دەقی **شاری قەدەغەکراو"** توێژینەوەیەک سەبارەت بە ناهاوسانان لە ئێران" یە کیکی لە دیکەی توێژینەوەکانی ئەم **توێژەرەیە** کە هەندێ وتاریشی بە زمانەکانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی لێ دەرکێشراوە و چاپ کراوە و لەم ماوەی دواییدا لە لایەن چاپەمەنیی مێهری لە لەندەن ساڵی لە ٢٠١٩ چاپ کرا؛ فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف لە ٢٠٢١ دووبارە چراپ کراونەتەوە.

- و لە ساڵی ٢٠١٨ توێژینەوەیەکی ناوبراو لە ژێر ناوی لە **سنوورەوە هەتا سنوور"** توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە شوناس و ئێتنیکایەتی لە ئێران" کە ٥ ئێتنیکی عەرەب، بەلووچ، کورد، فارس و تورکی تاوتوێ کردووە کە هەندێ وتاریشی بە زمانەکانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی لێ دەرکێشراوە و چاپ کراوە و لەم ماوەی دواییدا لە لایەن چاپەمەنیی مێهری لە لەندەن چاپ کرا؛ دیسان لە دانیمارک لە ٢٠٢١ لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە هەر سێ زمانی فارسی، کوردی و ئینگلیزی چاپ کراوەتەوە. فایلە ئەلکترۆنییەکانی ئەم کتێبە لەگەڵ فایلە دەنگییەکەی هەنووکە لەبەر دەستە.

کتێبی **ئاسەواری چەوساندنەوە لە جیهانی منداڵی** *"توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە جۆر، هۆکار و لێکەوتەکانی کاری منداڵان"* کە لە ساڵی ، هاورێکەوت لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی دژی کاری منداڵان لە ساڵی ٢٠٢٢ لە لایەن چاپەمەنیی ئاوای بووف بە شێوەی فایلی ئەلکترۆنیکی و دەنگیی بە فارسی، کوردی و ئینگلیزی بڵاو بۆتەوە و لەبەر دەستە.

ئەم نووسەرە سەبارەت بە خەتنەنەی پیاوان / کوڕان، زیناکردن لەگەڵ مەحارم، و دەستدرێژیی سێکسی لە سەردەمی منداڵی چەندین توێژینەوەی ئامادەیە کە بەم زووانە لە دەکەوێتە بەر دەست هۆگران و خەمخۆرانی بوارە کۆمەڵایەتییەکان.

هەروەها بەرێزیان لە گۆڤارە جیاوازە فارسی، کوردی و ئینگلیزییەکاندا چەندین وتاری بڵاو بۆتەوە. توێژینەوەکانی لە ماڵپەڕی خۆیاندا دەست دەکەوێت: www.kameelahmady.com

## سەرچاوە

(دوابەرواری دەست گەیشتن بە هەموو سـەرچاوە ئەلیکترۆنییـەکان لـە کتێـب و بەرهەمی چاپ کراو بۆ لێکدانەوەی دووبارەی دروستیی سەرچاوەکان بـەر لـە چـاپ بەڕۆژ کراون.)

آبرت، ورونیکا (١٣٩٢)، جرایم گفتگوناپذیر علیه کودکان: خشونت جنسـی در کشمکش ها. نشر نجات کودکان. بڕوانە:

http://reliefweb.int/report/world/unspeakable - crimes - against - children - sexual - violence - conflict

(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ١٣٩٥/١٠/٩).

آتویل، فرِد (١٣٨٦)، پیش زمینە: یزیدی ها. بڕوانە:

https://www.theguardian.com/world/2007/aug/15/iraq

(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ١٣٩٥/١٠/٩)

ابودایش، اس (١٣٩٣)، قانون یمن در خصوص کودک عروسـان و ختنـە زنـان امید بە پیشرفت‌های آیندە می‌دهد. خبرگزاری گاردین. بڕوانە:

http://www.theguardian.com/global - development/ poverty - matters/2014/may/06/yemen - child - brides - fgm - rights - act - law

اپراتی، ملیسا (١٣٩٤)، چرا پایان ازدواج کودکان بخش حیـاتی برنامـە توسـعە است؟

بڕوانە:

https://www.reproductiverights.org/document/Why - Ending - Child - Marriage - is - a - Critical - Part - of - the - Post - 2015 - Development - Agenda

(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ١٣٩٥/١٠/١٠).

اسناد رسمی سازمان ملل (١٣٩٤) بڕوانە:

http://www.un.org/ga/search/view_doc.asp?symbol=A/70/L.1

(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ١٣٩٥/١٠/١٠).

احمدی،کامیل (١٣٩٤)، بە نام سنت، پژوهشی جـامع در بـاب ختنـە زنـان در

ایران، تهران، نشر شیرازه

اروڵکار، انابل (۱۳۹۲)، ازدواج زودهنگام، روابط زناشویی و خشونت شـریک جنسی در اتیوپی. بڕوانە:

https://www.guttmacher.org/journals/ipsrh/2013/04/early - marriage - marital - relations - and - intimate - partner - violence - ethiopia

(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ۱۳۹۵/۱۰/۱۰)

اددکان، جی ان و تاچکوو، اچ‌ای و ادِدجی، او (۱۳۹۱)، ازدواج در خردسالی و بارداری اولیه به عنوان خطرات سلامت مادران، گزارشی بر کنفرانس محلّـی اعمـال سنتی موثر بر سلامت زنان و کودکان در افریقا، ۱۹ و ۲۰ نوامبر.

الحکم، حسین و مک لالین، کِنِت (۱۳۹۵)، ازدواج‌های مورد بحث: ازدواج و وصـــلت کودکـــان در عربســـتان ســـعودی. مجلـــه ازدواج و خـــانواده. بڕوانـــە: http://dx.doi.org/10.1080/01494929.2016.1157119

اکپات بین‌المللی (۱۳۹۴)، گزارش موضوعی جدید: تعرضات جنسی شـناخته نشده کودکان در ازدواج زودهنگام و اجباری کودکان. بڕوانە:

http://www.ecpat.org/news/new - thematic - report - unrecognised - sexual - abuse - and - exploitation - children - child - early - and - forced/

(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ۱۳۹۵/۱۰/۱۰).

المو، ب (۱۳۸۶)، ازدواج زودهنگام در اتیوپی: علل و عواقب سـلامتی. مرکـز بین‌المللی تحقیق برای زنان.

اروڵکار، ای.اس و ماثنگی،ای (۱۳۸۸)، ارزیابی برهن هوان: مشکلی بـای بـه تعویق انـدازی ازدواج کودکـان در نـواحی روسـتایی اتیـوپی. رویکـرد بین‌المللـی سلامت جنسی و باروری، شماره ۳۵، صص ۶ – ۱۴.

ایزاک، اف (۱۳۹۱)، اسلام، کودکـان و مدرنیتـه: رویکـردی قرآنـی. کمبـریج. صص ۹۹ – ۱۱۸

اوریس، مایکل (۱۳۸۴)، سن ازدواج مهارجران در طول دوران انقلاب صنعتی در ناحیه لیگ. دوره ۵، شماره ۴، صص ۳۹۱ – ۴۱۳. بڕوانە:

http://www.sciencedirect.com/science/article/pii/S1081602X0000052X

امیگبـدون، او و دوگـراآ ان و اسـانف او (۱۳۹۰)، رواج و همسـویی بـا رفتـار

خودکشی در میان نوجوانـان جنـوب غـرب نیجریـه. مجلـه بین‌المللـی روانکـاوی اجتماعی، شماره ۵۴، صص ۳۴ - ۴۶.

باوکُت، اوون (۱۳۹۰)، افغانستان بدترین جای دنیا برای زنان، اما هنـد در رتبـه پنجم. بڕوانە:

https://www.theguardian.com/world/2011/jun/15/worst - place - women - afghanistan - india

(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ۱۳۹۵/۱۰/۱۰).

بارت، رزورا (۱۳۷۳)، تحول ساختاری صحرای جنوبی افریقا، بهترین صـلاح کودکان، نشر کلارندون، اکسفورد.

بانک جهانی (۱۳۹۵)، گروه بانک جهانی و واقعیات آموزشی دختران نوجـوان. بڕوانە:

http://www.worldbank.org/en/topic/girlseducation/brief/the - world - bank - group - wbg - and - adolescent - girls - education - factsheet

(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ۱۳۹۵/۱۰/۹).

بانک جهانی (۱۳۹۳)، صـدا و آژانـس. توانمندسـازی زنـان و دختـران جهـت موفقیت عموم. بڕوانە:

http://www.worldbank.org/content/dam/Worldbank/document/Gender/Voice_and_agency_LOWRES.pdf

(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ۱۳۹۵/۱۰/۹).

بانکول، ا و سینگ، اس ، ووگ، وی و ولـف، دی (۱۳۸۴)، ریسـک و مراقبـت: جوانی و ایدز در افریقای جنـوبی. نیویـورک برابـری (بـدون تـاریخ)، حفاظـت از دختربچه ها، بڕوانە:

http://www.equalitynow.org/sites/default/files/Protecting_the_Girl_Child.pdf

(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ۱۳۹۵/۱۰/۱۰).

برگّه، کیرا (۱۳۹۳)، دولت اسلامی به زنان حمله کـرده و همگـان در سـکوتند. خبرگزاری هافینگتون. بڕوانە:

http://www.huffingtonpost.com/2014/09/08/isis - attacks - on - women_n_5775106.html

(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ۱۳۹۵/۱۰/۹)

بـروس، جـی و لویـد، سـی و لئونـارد،ای (۱۳۷۴)، خانوادەهـا در راسـتمرکز:

رویکردی جدید بر مادران، پدران و فرزندان، کنگره جمعیت، نیویورک.

برهانه سلاسی، تسـه‌های (۱۳۷۲)، ازدواج زودهنگـام در اتیـوپی، گـزارش بـه کمیته درون کشوری افریقایی بر روی اعمال سنتی موثر بر سلامت زنان و کودکـان، ادیس ابِبا.

بری، باراک (۱۳۸۵)، مهریه. نیویورک تایمز.

بلام، ار و سودهیناراسِت، ام و امرسون، ام ار (۱۳۹۱)، جوانان در خطر: افکـار و اقدام به خودکشی در ویتنام، چین و تایوان. مجله سلامت نوجوانـان، شـماره ۵۰، صص ۳۷ - ۴۴.

بنیاد فورد (۱۳۹۲)، نقشه برداری ازدواج کودکان در افریقا. بڕوانە:

http://www.girlsnotbrides.org/wp - content/uploads/2014/01/Ford - Foundation - CM - West - Africa - 2013_09.pdf

(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ۱۳۹۵/۱۰/۹).

بوریگ، هیلاری (۱۳۹۴)، ریشـه کن‌سـازی ختنـه زنـان: مطالعـات راهبـردی بریتانیا. انتشارات اگیت.

بوکسال، هایلی و تامیسون، آدام و هیوم، شان (۱۳۹۳)، مرور تاریخی بر تعرض جنسی و سوء استفاده جنسـی در اسـترالیا:از ۱۷۸۸ - ۲۰۱۳، موسسـه اسـترالیایی جرم شناسی.

بونتینگ، انی و لورانس، بنجامین و رابرتز، ریچـارد (۱۳۹۵)، ازدواج اجبـاری: منازعه بر سر رضایت و اجبار در افریقا، انتشارات دانشگاه اوهایو.

بی بی سی (۱۳۹۵)، سوریه: داستان کشمکش.

بڕوانە:

http://www.bbc.com/news/world - middle - east - 26116868

(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ۱۳۹۵/۱۰/۹).

بیتنکس، مادرس (۱۳۹۲)، چه چیزی عامل ازدواج کودکان است؟

بڕوانە: http://www.bellbajao.org/what - causes - early - marriage/ :

(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ۱۳۹۵/۱۰/۱۰).

بیست و چهارمین گزارش کنگره حقوق بشر (۱۳۹۵)، بڕوانە:

http://www.ohchr.org/EN/HRBodies/HRC/RegularSessions/Session24/Pages/ListReports.aspx

(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ١٣٩٥/١٠/١٠).

بیگم، روثنا (١٣٩٣)، پرسش و پاسخ: ازدواج کودکان و انحرافات حقوق دختران.

بڕوانە:

https://www.hrw.org/news/2013/06/14/q - child - marriage - and - violations - girls - rights

(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ١٣٩٥/١٠/١٠).

پارنت، انه سیمون و همکاران (١٣٩٥)، زمان بندی بلوغ و محدوده سنی زودرسی جنسی: تنوعات در سراسر دنیا، روندهای تحقیقی و تغیرات پس از مهاجرتی: مجله مروری بر غدد، شماره ٢٤، دوره ۵، بڕوانە:

*Press.endocrine.org*

(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ١٣٩٥/١٠/١٠)

پاریخ، اس (١٣٩١)، آنها مرا به خاطر دوست داشتن یک دختر مدرسەای دستگیر کردند. قوم نگاری، ایدز و ارزیابی فمنیستی از سن رضایت بە عنوان یم مداخله ساختاری جنسیت محور در اوگاندا، مجله علم و پزشکی، شماره ٧٤، صص ١٧٧٤ - ١٧٨٢.

پِرز، المیرا (١٣٩٤)، دیده بان حقوق بشر پشتیبان قانون ازدواج مالاوی. بڕوانە:

http://www.jurist.org/paperchase/2015/04/hrw - welcomes - malawi - marriage - act.php

(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ١٣٩٥/١٠/١٠)

پیپینگ، ریچارد (١٣٨٦)، تبیین سنین فردی در اولین ازدواج در بازار اقتصادی روستایی قرن هجدهم. بڕوانە

https://www.rug.nl/staff/r.f.j.paping/ageatfirstmarriage.pdf

(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ١٣٩٥/١٠/٩).

پیشگام بین‌المللی (١٣٨٥)، توانمندسازی دختران و زنان: پیشگیری از کودک همسری.بڕوانە: www.pathfinder.org

(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ١٣٩٥/١٠/٩).

تامسون، ماریلین (١٣٨٢)، حقوق راه: اعمال آسیب زای فرهنگی و حقوق کودکان. لندن: نجات کودکان.

بڕوانە:
https://www.savethechildren.org.uk/sites/default/files/docs/Rights - of - Passage.pdf
(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ١٣٩٥/١٠/١٠).

تریسـتام، پییر (١٣٩٥)، ازدواج کودکـان: واقعیـات، علـل و نتـایج تبعـیض، سوءاستفاده جنسی و قاچاق انسان. بڕوانە:
http://middleeast.about.com/od/humanrightsdemocracy/a/child - brides.htm
(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ١٣٩٥/١٠/١٠).

توبیا، ان (١٣٧٣)، ختنه زنان به عنـوان یـک مسـاله سـلامت عمـومی، مجلـه پزشکی انگستان، شماره ٣٣١: صص ٧١٢ – ٧١٦.

تمبون، مرسی و فورت، لوسیا (١٣٨٧)، تحصیلات دختـران در قـرن بیسـت و یکم، برایری جنسی، توانمندی و رشد اقتصادی. واشنگتن دی سی: بانک جهانی.

جونز، گوین (١٣٧٦)، پویایی‌های جمعیت و اثـراتش بـر نوجوانـان در ناحیـه اسکاپ، مجله جمعیت آرام، شماره ١٢، دوره ٣.

چندرا مولی، ونکاترامن و ورجینیا کاماچو، آلما و میچاود، پییر آندره (١٣٩٢)، چه کسـی هـادیِ پیشـگیری از بـارداری زودرس و تبعـات بـاروری فقیـر در میـان نوجوانان کشورهای درحال توسعه است؟، مجلـه سـلامت نوجوانـان، شـماره ٥٢، صص ٥١٧ – ٥٢٢.

خانوم، ان(١٣٨٧)، ازدواج اجبـاری، تجـانس خانـاودگی و درگیـری اجتمـاع: یادگیری ملّی از طریق مطالعه موردی لوتون، برابری در تنوع.

خبرگزاری اسوشیتد (١٣٨٩)، ایران رشد جمعیت را تشویق می‌کند، بڕوانە:
http://www.jpost.com/International/Iran - encourages - population - growth
(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ١٣٩٥/١٠/١٠).

خبرگزاری نشر فرانسه (١٣٩٥)، مرد افغانی دستگیرشده از ازدواجش بـا دختـر شش ساله دفاع می‌کند و می‌گوید که او یک پیشکش مـذهبی بـوده اسـت. بڕوانـە:
http://www.telegraph.co.uk/news/2016/07/30/arrested - afghan - cleric - defends - marriage - to - six - year - old - girl - say/ (بـەرواری دەسـت

ڕاگەیشتن: ١٣٩٥/١٠/١٠).

دانشکده بهداشت و پزشکی لندن (١٣٩٢)، خشونت علیه زنان یک مشکل سلامتی جهانی از نسبت‌های اپیدمی. بڕوانە:
https://www.lshtm.ac.uk/newsevents/news/2013/gender_violence_report.html
(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ١٣٩٢/١٠/٧)

دبی، تیلور (١٣٧٢)، ازدواج بردگی: یک تعریف، یک پیمایش و آغاز کمپینی برای تغییر، ضدبردگی بین‌المللی، لندن.

دختران، نه عروسان (١٣٩٥)، ازدواج کودکان در کشمکش سوریه: هفت چیزی که باید بدانید. بڕوانە:
http://www.girlsnotbrides.org/child - marriage - and - the - syrian - conflict - 7 - things - you - need - to - know/
(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ١٣٩٥/١٠/٩).

دختران نه عروسان (١٣٩٤)، کنگره حقوق بشر راهکارهایی را بکار می‌گیرد تا ازدواج کودکان، ازدواج زودهنگام و اجباری را خاتمه دهد. بڕوانە:
http://www.girlsnotbrides.org/human - rights - council - adopts - resolution - to - end - child - early - and - forced - marriage
(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ١٣٩٥/١٠/١٠).

دختران نه عروسان (١٣٩٣)، چرا ازدواج کودکان شکلی از خشونت علیه زنان و دختران است؟ بڕوانە:
http://www.girlsnotbrides.org/why - is - child - marriage - a - form - of - violence - against - women - and - girls/
(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ١٣٩٥/١٠/١٠)

دختران، نه عروسان (١٣٨١)، درمورد کودک همسری. بڕوانە:
http://www.girlsnotbrides.org/about - child - marriage/
(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ١٣٩٥/١٠/٩).

دختران نه عروسان (١٣٨١)، چرا ازدواج کودکان رخ می‌دهد؟ بڕوانە:
http://www.girlsnotbrides.org/why - does - it - happen/
(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ١٣٩٥/١٠/١٠)

دمند، نانسی (١٣٧٣)، تولد، مرگ و مادرانگی در یونان قدیم، نشر دانشگاه جانز هاپکینز، صص ١٠١ – ١٠٤.

دوگـــلاس، هـــارپر (١٣٩٥)، لغـــت نامـــه آنلايـــن ريشـــه شناســـی، ورودی: چندهمسری (ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ١٣٩٥/١٠/٩)

دهامی، اس و شيخ، ا (١٣٧٩)، خانواده مسلمان: تنگنـا و اميـد. مجلـه غربـی پزشکی، شماره ١٧٣، ص ٣٥٢.

دهقان کمالی، سعيد (١٣٩٤)، اِعمال ناقص‌سازی اندام تناسلی زنـان درايـران، يافته‌های مطالعه. بڕوانه:

https://www.theguardian.com/world/2015/jun/04/female - genital - mutilation - iran - fgm

(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ١٣٩٥/١٠/٧).

دهل، جی بی (١٣٨٢)، ازدواج زودهنگام نوجوانی و فقر آينده. مجله جمعيـت شناسی، شماره ٤٧. صص ٦٨٩ – ٧١٨.

ديده بان حقوق بشر (١٣٩٥)، عراق: ازدواج اجباری، نوکيشی يزيديان. بڕوانە:

https://www.hrw.org/news/2014/10/11/iraq - forced - marriage - conversion - yezidis

(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ١٣٩٥/١٠/٩)

ديوان مرجع جمعيت (١٣٩٥)، بڕوانە: http://www.prb.org/

(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ١٣٩٥/١٠/١٠)

ديويس، ليزا (١٣٩٢)، در جستجوی اعتبار و کارايی واکنش بـه خشـونت عليـه زنان سوری: خودداری زنان در فرايندهای صلح. ميدر. بڕوانە:

http://www.peacewomen.org

رابرتسون، استفن (١٣٩٤)، کودکان و جوانان در تاريخ – قوانين سن رضـايت. دانشگاه جورج ميسون.

رشاد، هدی (١٣٨٤)، ازدواج در جهان عرب، ديوان مرجع جمعيت. بڕوانە:

http://www.prb.org/pdf05/marriageinarabworld_eng.pdf

روژانسکی، ان و برزنسکی،ای و شنکار، جی (١٣٧١)، فصل وارگی در باروری انسان: داده‌های جديد. باروری انسانی، شماره ٧، صص ٧٣٥ – ٧٤٥ .

رئيسی، حسين (١٣٩٣)، حقوق کودکان و نوجوانـان: از تولـد تـا ١٨ سـالگی، آموزشگاه الکترونيکی توانا برای جامعه مدنی ايران، ص ١٨٢.

ريد، اليزابت و بيلی، ام (١٣٧٦)، زنان جوان، مستعد بـودگی و اپيـدمی ايـدز،

شبکه سلامت زنان کانادایی. بڕوانە:

http://www.cwhn.ca/en/node/16128

(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ۱۳۹۵/۱۰/۹)

ژائو، ز (۱۳۷۶)، نظام‌های جمعیتی در چین باستان: یافته‌های جدید مطالعات اخیر. مجله انجمن جمعیت شناسی استرالیا.

ساروپ، کامالا (۱۳۸۶)، ازدواج کودکان اثرات مخربی بر زنان دارد. اخبار نیوزبلید.

بڕوانە:

http://newsblaze.com/thoughts/opinions/early - marriage - has - harmful - effects - on - women_2653/

(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ۱۳۹۵/۱۰/۹)

سازمان بهداشت جهانی (۱۳۹۲)، محدودسازیختنه زنان: وضعیت میان سازمانی *OHCHR, UNAIDS, UNDP, UNECA, UNESCO, UNFPA, UNHCHR, UNICEF, UNIFEM, WHO*، ژنو: سازمان بهداشت جهانی.

سازمان عفو بین الملل (۱۳۹۳)، عراق: زنان و دختران یزیدی خشونت‌های شدید جنسی را تجربه می‌کنند. بڕوانە:

https://www.amnesty.org/en/latest/news/2014/12/iraq - yezidi - women - and - girls - face - harrowing - sexual - violence/

(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ۱۳۹۵/۱۰/۹).

سازمان ملل زنان (۱۳۹۲)، خشونت بر مبنای جنسیت و حفاظت از کودکان در میان پناهندگان سوری در اردن، با تاکید برازدواج. بڕوانە:

http://www.unwomen.org/en/digital library/publications/ 2013/7/ syrian - refugees

(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ۱۳۹۵/۱۰/۹).

سالنامه آماری ثبت احوال (۱۳۹۳) بڕوانە:

https://www.sabteahval.ir/Upload/Modules/Contents/asset99/salnameh93.pdf

سانیوکتا، ام و گرین، ام و مالهوترا،ای (۱۳۸۲)، جوانتر از سن ازدواج: زندگی ها، حقوق و سلامت دختران جوان متأهل، ICRW، واشنگتن دی سی.

سنلاپ (بدون تاریخ)، ازدواج کودکان: روایت بنگال غربی، ص۴.

سویتمن، کارولین (۱۳۸۲)، جنسیت، توسعه و ازدواج. نشر اکسفورد

سینگ، سوشیلا و رنه، سامرا (۱۳۷۵)، ازدواج زودهنگام در میان زنان در کشورهای در حال توسعه. مجله رویکردهای بین‌المللی برنامه ریزی خانواده. دوره ۲۲ شماره ۴. بڕوانه:

https://editor.guttmacher.org/sites/default/files/pdfs/pubs/journals/2214896.pdf

(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ۱۳۹۵/۱۰/۹).

شیخ محمد صالح المونجید (۱۳۸۰)، قوانین پوشش طلا برای زنان. بڕوانە: https://islamqa.info/en/11886 (ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ۱۳۹۵/۱۰/۱۰).

صندوق جمعیت سازمان ملل (1391)، ازدواج زودهنگام: پایان کودک همسری. نیویورک: صندوق جمعیت سازمان ملل. بڕوانه:

https://www.unfpa.org/sites/default/files/pub-pdf/MarryingTooYoung.pdf

طرح بریتانیا (۱۳۹۳)، کمک کنید ازدواج اجباری و زودهنگام را الان متوقف کنیم. بڕوانه:

http://WWW;Plan - uk.org. because - i - am - a - girl out - /about - because - i - am - a - girl /violence –against –girls /violence –against girls/early –and - forced - marriage.

(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ۱۳۹۵/۱۰/۷)

ظفر، اومرا (۱۳۹۴)، اهداف توسعه پایدار: چرا ازدواج کودکان باید مورد هدف قرار گیرد؟ بڕوانه:

https://www.theguardian.com/global - development - professionals - network/2015/apr/10/sustainable - development - goals - ending - child - marriage - target

(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ۱۳۹۵/۱۰/۱۰)

عبادی، شیرین (۱۳۶۹)، توجه به حقوق کودکان در ایران، نشر روشنگران.

فرنکل، شیرا (۱۳۹۳)، دختران نوجوان سوری در ازدواج‌های اجباری برای نجات خانواده شان فروخته می‌شوند. بازفید. بڕوانه:

http://www.buzzfeed.com

فریدمن، ام (۱۳۵۹)، ازدواج یهودیان در فلسطین، جلد ۱، سمینار الهیات یهودی در امریکا.

فلور، ویلیام (۱۳۸۹)، تاریخ اجتماعی روابط جنسی در ایران، ترجمه محسن مینوخرد، استکهلم. صص ۴۸ - ۴۹.

فورد، لیز(۱۳۹۳)، نامزدهای انتخاباتی در نشست‌های برابری جنسیتی سازمان ملل از توافق استقبال می‌کنند. بڕوانە:

https://www.theguardian.com/global - development/2014/mar/23/campaigners - welcome - agreement - un - gender - csw - talks

(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ۱۳۹۵/۱۰/۱۰).

CARE، وصلت‌های فقر: گزارش ازدواج کودکان. بڕوانە:

http://vowsofpoverty.care.org/

(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ۱۳۹۵/۱۰/۱۰)

کاگیتسی باشی (۱۳۸۶)، خانواده و توسعه انسانی در طول فرهنگ ها: نظریه‌ها و مقتضیات. هیلزدیل، نیوجرسی، لورانس ارلباوم.

کلاگمن. جی ، هانمر. اس ، تویگ. اس ، حسن. جی، مک کلیری سیلز و سانتاماریا. جی (۱۳۹۳). صدا و آژانس: توانمندسازی زنان و دختران برای موفقیت عموم. واشنگتن دی سی.

کالدول و کالدول (۱۳۷۶)، نقش ریاضت جنسی زناشویی در تعیین باروری: مطالعه‌ای بر یوربا در نیجریه، ژورنال مطالعات جمعیتی، جلد ۳۱. شماره ۱.

کلارک، شِلی (زیر چاپ)، ازدواج زودهنگام و ریسک ابتلا به ایدز در افریقای جنوبی، مطالعات برنامه ریزی خانواده.

گاردنر، جودیث و البوشرا، جودی (۱۳۸۳)، زنان و صلح آوری در سومالی. در سومالی: قصه ناگفته جنگ از منظر زنان سومالی. ویرایش جودیث گاردنر و جودی البوشرا. لندن: نشر پلوتون.

فیلد، اریکا و امبروس، اتیلا (۱۳۸۷)، ازدواج زودهنگام، سن اولین عادت ماهانه و دستاوردهای آموزشی دختران در بنگلادش. مجله اقتصاد سیاسی، شماره ۱۱٦، صص ۸۸۱ - ۹۳۰.

گافنی ریس، ار (۱۳۸۹)، حقوق بین الملل به عنوان ابزاری برای مبارزه با ازدواج کودکان. مجله بین‌المللی حقوق بشر، دوره ۱۵ شماره ۳، صص ۳۵۹ -

.۳۷۳

گانگولی، جی و چنتلر، کی (۱۳۸۸)، محافظت از قربانیان ازدواج اجباری: آیا سن یک عامل حفاظتی ست؟ مطالعات قانونی فمینیستی، شماره ۱۷، صص ۲۶۷ - ۲۸۸.

گلارت، اوریل آندریاس (۱۳۹۵)، بسیاری از ازدواج‌های کودکان در میان پناهندگان سوری از اقتصاد نشات گرفته است. بڕوانە:

http://www.middleeasteye.net/in - depth/features/early - marriage - between - tradition - and - survival - 1029647734

(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ۱۳۹۵/۱۰/۹).

گودارد، رابی (بدون تاریخ)، سخنرانی/ بڕوانە:

http://Speechby Ruby Goddard Young Widows: A neglected Gender and Human Rights Issue

(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ۱۳۹۵/۱۰/۱۰)

گِیج، آناستازیا (۱۳۹۲)، همبستگی ازدواج کودکان با افکار و اقدام خودکشی در میان دختران نوجوان در اتیوپی، مجله سلامت نوجوانان،شماره ۵۲. صص ۶۵۴ - ۵۶۵. بڕوانە: www.jahonline.org

گِیج، آناستازیا (۱۳۹۲)، پیشگیری از ازدواج کودکان در منطقه امهارا، اتیوپی: انجمن ارتباطات محلی و اثرات اجتماعی بر والدین و دانش قیم‌ها و نگرش ها. مجله علوم اجتماعی و پزشکی، شماره ۹۷. صص ۱۲۴ - ۱۳۳.

گیلان، تیلور (۱۳۹۴)، بنگلادش از قانون منع ازدواج کودکان حمایت کرد. بڕوانە:

http://www.jurist.org/paperchase/2014/09/bangladesh - officials - approve - child - marriage - prevention - law.php

(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ۱۳۹۵/۱۰/۱۰).

گیمیره،آنیتا و ساموئلز، فیونا (۱۳۹۳)، تغییر و تداوم در هنجارهای اجتماعی در خصوص ازدواج و تحصیلات در نپال. بڕوانە:

Available at: https://www.odi.org/sites/odi.org.uk/files/odi - assets/publications - opinion - files/9181.pdf

(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ۱۳۹۵/۱۰/۱۰)

لاودِی، موریس (۱۳۹۴)، دولت اسلامی شهرهای سینجار را اشغال، اکراد و

یزیدی‌ها را اخراج می‌کند. واشنگتن پست. بڕوانە:
http://www.theinfolist.com/html/en/yezidis.html
(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ١٣٩٥/١٠/٩)

لامدن، راث (١٣٧٩)، مردمانِ جدا: زنان یهودی در فلسطین، سوریه و مصر در قرن شانزدهم.نشر لیدن. ص ٤٧.

لطفی، راضیه (١٣٨٩)، اثرات جـانبی ازدواج کودکـان، مجلـه سـلامت زنـان، شماره ٢.

لمون، گایله زماخ (١٣٩٣)،شرایط ناپایدار، زندگی‌های شکننده. بڕوانە:
http://www.cfr.org/global/fragile - states - fragile - lives/p33093
(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ١٣٩٥/١٠/٩).

لویزا. اس و وانـگ. اس (١٣٩١)، ازدواج زودهنگـام: پایـان کـودک همسـری. بڕوانە
http://www.unfpa.org/sites/default/files/pub - pdf/ Marrying TooYoung.

لی رایف، سوزان و مالهوترا، انجو و وارنر، ان و مک کوناگل، گلینسکی الیسـون (١٣٩١)، چـه کارهـای جلـوی ازدواج کودکـان را می‌گیـرد : مـروری بـر مـدارک. مطالعات برنامه ریزی حانواده، شماره ٤٣، صص ٢٨٧ - ٣٠٣.

لیو، ابگلیکی (١٣٦٧)، اجبار به آمیزش جنسی و ازدواج در جوامـع باسـتانی و قرون وسطایی، واشنگتن دی سی، صص ٨٥ - ١٩٠.

ICRWمرکز بین‌المللی تحقیق بـر روی زنـان (١٣٨٦)، بینش‌هـای جدیـد بـر پیشگیری از ازدواج کودکان: تحلیل جهانی عوامل و برنامه ها، ص ١٠.

ICRWمرکز بین‌المللی تحقیق بر روی زنـان (١٣٨٤)، جـوانتر ازسـن ازدواج: تحصیلات و کنش در جهت پایان کودک همسری. واشنگتن دی سی.

مطلبی، حسین و رسولی، احمد و حامـدی بهتـاش، حمیدرضـا و دسـتجردی، علی و کاظمی، بهنـاز (١٣٩٢)، عوامـل مـوثر بـر ازدواج زودهنگـام و اجبـاری در ایران. مجله علمی سلامت عمومی، دوره ١، شماره ٥، صص ٢٢٧ - ٢٢٩.

مقدم،والنتین (١٣٨٣)، مردسالاری در گذار: زنان و خـانواده در حـال تغییـردر خاورمیانه، مجله مطالعات تطبیقی خانواده، صص ١٣٧ - ١٦٢

مک لود، ساول (۱۳۸۶)، تطابق چیست؟ بڕوانە:

http://www.simplypsychology.org/conformity.html

(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ۱۳۹۵/۱۰/۱۰).

ملکوری، ا (۱۳۸۹)، در چە سنی کودکان مدرسەای بە کار گرفتە می‌شوند، ازدواج می‌کنند و بە دادگاە بردە می‌شوند؟ (چاپ دوم)، یونسکو: پروژە حق تحصیل. بڕوانە:

http://www.right - to - education.org/sites/right - to - education.org/files/resource - attachments/RTE_IBE_UNESCO_At%20What%20Age_Report_2004.pdf

منچ. بی ، جودیث. بی و گرین. اس (۱۳۷۷)، گذرگاە ناشناختە: نوجوانی دختران در جهان در حال توسعە، کنگرە جمعیت نیویورک: ۱۷

موخرجی، اس (۱۳۸۵)، استفادە از گردهمایی قانونی برای اصلاحات اجتماعی: عمل ساردا در ۱۹۲۹.

مونتگومری، هِثر (۱۳۹۲)، فرهنگ‌های مختلف، کودکی‌های مختلف. بڕوانە:

http://www.open.edu/openlearn/history - the - arts/history/different - cultures - different - childhoods

(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ۱۳۹۵/۱۰/۱۰)

میثور، اس و گرین، ام و مالهورتا،ای (۱۳۸۲)، جوانتر از سن ازدواج: زندگی، حقوق و سلامت دختران متأهل جوان. بڕوانە:

https://www.icrw.org/wp - content/uploads/2016/10/Too - Young - to - Wed - the - Lives - Rights - and - Health - of - Young - Married - Girls.pdf

(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ۱۳۹۵/۱۰/۹).

میخایل، اس (۱۳۸۱)، ازدواج کودکان و تجاوز: دو شکل از بهرە کشی جنسی، جنسیت و توسعە، جلد ۱۰ (۱) صص ۴۳ - ۴۹. بڕوانە:

http://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/13552070215896

نجات کودکان (۱۳۹۳)، جوانتر از سن ازدواج: مشکل رو بە رشد کودک همسری در میان دختران سوری در اردن. لندن. بڕوانە:

www.savethechildren.org/atf/cf/{9def2ebe - 10ae - 432c - 9bd0 - df91d2eba74a}/TOO_YOUNG_TO_WED_REPORT_0714.PDF

(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ۱۳۹۵/۱۰/۹).

نل، یولندە (۱۳۹۳)، بحران دولت اسلامی: خشم یزیدیان از مردم فراموش

شده عراق. بڕوانە:
http://www.bbc.com/news/world - middle - east - 29333327
(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ١٣٩٥/١٠/٩)

نور، نوال ام (١٣٨٨)، ازدواج کودکان: یک مساله خاموش سلامتی و حقوق بشری. مروری بر بیماری‌های زنانه: شماره ٢، دوره ١، صص٥١ - ٥٦.

نور، نوال ام (١٣٨٥)، تبعات سلامت ازدواج کودکان در افریقا. مجله شکل‌گیری بیماری‌های عفونی، دوره ١٢، شماره ١١.

واتسون، ایوان (١٣٩٣)، زنان یزیدی توسط داعش مورد تجاوز قرار گرفته و مانند احشام فروخته می‌شوند. خبرگزاری سی ان ان. بڕوانە:
http://edition.cnn.com/2014/10/30/world/meast/isis - female - slaves/
(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ١٣٩٥/١٠/٩).

والش، ام و استفنز، پی و موور، اس (١٣٧٩)، سیاست اجتماعی و رفاه. چنتلهام، انگلستان: نلسون ثورنز.

وایتسون، ا (١٣٩٥)، برای حفظ آبرویش: ازدواج کودکان در مواقع اضطرار – ابهام ناگزیر میان حفاظت از دختران و خشونت جنسی به آنها. بڕوانە:
http://insights.careinternational.org.uk/publications/to - protect - her - honour - child - marriage - in - emergencies - the - fatal - confusion - between - protecting - girls - and - sexual - violence
(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ١٣٩٥/١٠/٩).

ون دن برگ، انابل (١٣٩٥)، برای زنان سرقت شده توسط دولت اسلامی تمسخر تبدیل به ترس می‌شود. خبرگزاری گاردین. بڕوانە:
https://www.theguardian.com/world/2014/oct/19/isis - forced - marriage - syria - iraq - women - kidnapped
(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ١٣٩٥/١٠/٩).

ویتس، متیو (١٣٨٤)، سن رضایت: جوانان، میل جنسی و شهروندی. پلاگریو مک میلان. 1 - 4039 - 2173 - 3. OCLC 238887395

ویلر، الکسیس (١٣٩٤)، گواتمالا سن ازدواج را به ١٨ سال افزایش داد. بڕوانە:
http://www.jurist.org/paperchase/2015/11/guatemala - raises - marriage - age - to - 18.
(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ١٣٩٥/١٠/١٠)

هالپرین کدری، راس (١٣٩٢)، سرانجام در اسرائیل: یک دختر بـه عنـوان یـک دختر نه یک عروس، پست اورشلیم.

هاویلند، ویلیام و پرینز، هرالد و مک براید، بانی و والراث، دانا (١٣٩٠)، مـردم شناسی فرهنگی: چالش انسانی (چاپ سیزدهم). آموزش سنگیج.

هرمانسم، ام (١٣٩١)، جوانی مسـلمان و هویـت دینـی: رویکردهـای سـنتی و چالش‌های معاصر. کمبریج. صص ١١٩ - ١٣٤.

هیِس، ال و پیتنگای، جـی و جـرمین، ا (١٣٧٣)، خشـونت علیـه زنـان: مـانع سلامتیِ پنهان. مقاله مباحثه، شماره ٢٥٥، بانک جهانی: واشنگتن دی سی

یونیسف (١٣٩٥)، ازدواج کودکان. بڕوانە:
https://www.unicef.org/protection/57929_58008.html
(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ١٣٩٥/١٠/٩).

یونیسف (١٣٩٤) پروفایلی از کودک همسری در افریقا. نیویورک. بڕوانە:
https://www.unicef.pt/docs/pdf_publicacoes/UNICEF - Child - Marriage.pdf
(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ١٣٩٥/١٠/٩).

یونیسف (١٣٩٢)، بیانیـه مشـترک در خصـوص پایـان خشـونت علیـه زنـان و دختران. بڕوانە:
https://www.unicef.org/media/media_68116.html

یونیسف (١٣٩٢)، ناقص‌سازی اندام تناسلی زنان: مروری بر آمار و اکتشـافات تغییر پویا. بڕوانە
https://www.unicef.org/media/files/UNICEF_FGM_report_July_2013_Hi_res.pdf
(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ١٣٩٥/١٠/٧)

یونیسف (١٣٩٢)، ازدواج کودکان: روزانه ٣٩٠٠٠ مورد. بڕوانە:
https://www.unicef.org/media/media_68114.html
(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ١٣٩٥/١٠/١٠)

یونیسـف (١٣٩٠)، نوجـوانی سـن فرصـت هـا. نیویـورک: سـری گزارشـات وضعیت کودکان جهان. بڕوانە:
https://www.unicef.org/adolescence/files/SOWC_2011_Main_Report_EN_02092011.pdf

(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ١٣٩٥/١٠/٩).

یونیسف: گزارش پایان کودک همسری(سری ١٣٨۴ – ١٣٨۵)، برنامه مشترک زنان، دهلی نو، هند. بڕوانە:

https://www.unicef.org/rosa/earlymarriage(lastversion).doc

یونیسف (١٣٨۵)، وضعیت کودکان جهان. بڕوانە:

https://www.unicef.org/sowc06/profiles/marriage.php

(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ١٣٩۵/١٠/١٠)

یونیسف (١٣٨۴)، ازدواج زودهنگام، یک عمل سنتی مخرب. بڕوانە:

https://www.unicef.org/publications/files/Early_Marriage_12.lo.pdf

(بەرواری دەست ڕاگەیشتن: ١٣٩٥/١٠/٩).

یونیسف (١٣٨۴)، ثبت موالید در ایران: تحلیل از وضعیت قوانین مربوطه در ایران. یونیسف: سری گزارشات اطلاعات ایران . بڕوانە:

https://www.unicef.org/iran/IRN_resources_BR_eng - word.pdf

(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ١٣٩٥/١٠/٩).

یونیسف (١٣٨٣)، آموزش. بڕوانە:

https://www.unicef.org/media/media_68116.htm

(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ١٣٩۵/١٠/١٠)

یونیسف (١٣٨٠) ازدواج زودهنگام: کودک همسران. بڕوانە:

.https://www.unicef - irc.org/publications/291

ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن (١٣٩۵/١٠/٧).

یونیسف (١٣٧٩)، خشونت خانگی علیه زنان و دختران. فلورانس، ایتالیا. بڕوانە:

https://www.unicef - irc.org/publications/pdf/digest6e.pdf

(ڕێکەوتی دەست پێ گەیشتن ١٣٩۵/١٠/٩)